بەڵام بەهەر شێوەیەک بێت، بەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو کەمدارامەتی کەمەگەی ئێران و ناوچەکەو هەتا کەمێنیزمێکی رێکخراو لە ئاشتیدایە تا شەڕ، بەرژەوەندی خەڵکی ئێران لە نەبوونی گەمارۆی ئابووری و بوژاندنەوەی کەمک زیاتری هەلومەرجی ژیان و گوزەرانیانە لەوەی ئێستا کەهەیە، خەڵک لە هەلومەرجی جەنگیدا ناتوانن زۆر بیربکەنەوەو خۆیان رێکخراو بکەن، لەچاو هەلومەرجێکی ئاسایی و لەباردا، کە هەلومەرجێکی نوێ لەئێراندا فرسەتێکە بە رێکخراوبوونی زیاتری چینی کرێکارو کەمێنیزم لەکەمەگەدا.

نوری بەشیر

ئەو هەر چـــاوەڕوانە.. نەوزاد بەندی

کاتێ هەمووان ئەنوێنەوە،
دوای ئەوەی جەوری ئەژدەکی
دوور و درێژیان چەشتووە ..
ئەو بە تەنیا چاوەڕوانە..
کە هەشتا مانگ،
ئامانەتی زەوی نەداوەتە دەستی خەر،
هەشتا تاریکێ و
هەردووکیان ئاسمانیان بەجێهێشتووە،
ئەو بێ تەنیا چاوەڕوانە..
کاتێ باران لەگەڵ خۆیا
بەڵێننامەیەک مەر ئەکەن،
ووڵات لە قوڵاو هەڵکێشن،
ئەو بێ بێ چەتر و
زەر بێ باک، چاوەڕوانە ..
کاتێ گریان و پێکەنین
فەرموو لە یەکتر ئەکەن و
نازانیت کامیان لە پێش..
کاتێ تەژدەکی کەمەگا ئائبوەرن،
ئەوانی تر لەگەڵ گوزەران شەڕ ئەکەن،
پەی ناوەرن ..
ئەو بێ تەنیا چاوەڕوانە ..
وەک بەڵێی دیداری لەگەڵ شەماندەفەرەکا هەبێ ..
یاخود لەگەڵ نەفەرەکا ..
وەک بەڵێی پەیمانی لەگەڵ کەشتیێکا دانابێ و
دەریا لە پێ وشک بووبێ ..
یان شاسوارێ لە ناکاو توشی شک بووبێ ..
وەکو بەڵێی گەردەلوولە پەی وتبێ
چاوەڕێم کە
بێ کوێت ئەوێ هەڵێت ئەگرم ..

یان یادگارییەک پەیمانی پەدابە بگۆتوە،
ئەمیش پەی وتبە حازرم ..

⋆ ⋆ ⋆
کات بە بە باکیی ئەوات و
ئو بە تەنیا چاوەوانە ..
ئو ناپرسە و
کەس ناپرسە،
ئو پەیکەرە یان وەک هەمووان
دەنگدەرەکی پەشیمانە ..

نەوزاد بەندی

کـــــــورتەچیرۆک: گەلەکەم..
نووسینی: ئامانج شەروانی

ئەم خەڵکە وەکوو شارەمەروولە بەم ناوە بەاو ببوونەوە، ئەویان دارێک لە دەستی، ئەمیان بەردێک، کەس کەسی نەدەناسی، هەر هەموویان تووڕە و بێزار، هەر هەموویان دەیانقیژاند. «هەی بێئابوو»، «دەک داوەشێی لەگەڵ خەت و جلکەکانت»، «بەڵایی، بەڵایی». هیچ کەسکیان نەیان دەزانی بۆچی وا دەکەن، بەڵام هیچ گومانیشیان نەبوو کە ئەوەی دەیکەن مافی خەیانە و کارێکی دروستە.
مەردمنداڵێک داچەماوە و بەردەکی زلی هەڵگرتووە، پاڵەکی بەم وەنا، پاڵەکی تری بەوی تریانەوە وەنا و خەی گەیاندە پەشی پەشەوە، تا هەزی تەدابوو ەای وەشاند، شەپ بەر شانی لای ەاستی کەوت، هاواری هەژێنێک بەرز بووەوە. دەنگی ئەڵاهو ئەکبەر گوێیەکانی خوایە گەورەکەیانی کاس کرد.
پیرەمەردێک، وەک ئەوەی بیری چووبێتەوە کە تا چەند ساتەکیش پەش ئەستا خەی بەسەر گەچانەکەی دەستی چەماندبووەوە، گەچانەکەی خەی بەرزکردەوە و تا هەزی تەدابوو بەرەو لای هەڵدا و بە نەرمەغارەکەوە چەند هەنگاوێکی هەڵهێنا، پەش ئەوەی بیری بکەوێتەوە کە پیر و پەککەوتەیە و شەپ لە شوێنی خەی بکەوێت.

ئەم دەڤ ناسکەی وەکوو داری بیی ناو ئاو هەڵدەڕزی، تاسا بوو، تەقی بوو، ئەوە چ هەژەکی هەشە بە سەریدا هاتووە. دەبێت چی قەوما بێت. ئاخ دەبێت ئاپۆرەی ئەم خەڵکە لە چیرۆ بێت! هەر دوێنێ بوو، بە هەمان تیشرت، بە هەمان تەنووڵ، لە هەمان شوێن، لە هەمان کات، هەر هەڵ بەم هێدا تەپڵیبوو. ئاخ دەبێت جیاوازیی ئەمڕۆ لەگەڵ دوێنێ چی بێت!

ئاوەکی دواوەی داوە، سەلکە پیازەکی بینی، کە هەڵ وەک دەفرە فێوەکان بەرەو ووی دەهات، پێ ڕانەگەیشت خەی لا بدات، سەلکە پیاز هەڵ بەر چەناگەی کەوت و ناو دەم و لووتی پڕ کرد لە خوێن، بەڵێ و هاواری گەیشتە کەلەکەی ئاسمانێ! لە بەختی هەشی وی، هیچ کەسەک نەبوو هاوارەکەی ببیستە و شتەکی بە بکات! دار، بەرد، تەماتە، هەلکە، دەستکەلا، پەتاو، کەوش، تف، بەغەم، کتومت وەکوو باران بەسەری دەبارین. ئای، ئەم هەژە هەشە چەند درێژە!

پەلاقێەک لەم لاوە، بەرپەنێەک لەو لاوە، مستەک لەپشتەوە، هەر بابایە و مستەک، شەقەک، پەلاقێەکی دەخوەنتە. خەی پێ نەگیرا و کەوتە سەر زەوییەکە. مست و شەق و پەلاقە بەلەزمە دابارییە سەری. قیژەی هەژە هەیەک بەرز بووەوە. ئاسمان چاوەکانی پێ بوو لە گریان، باهەخانەکان هەترەشیان چوو، باهێندەکان بەتەوسەوە سەیری ئەم دیمەنە خوەناوییەیان دەکرد و کەوتبوونە قاژەقاژ.

بەرچاوی بەرەبەرە تاریکتر دادەهات، دەنگی ئەو خەڵکە تا دەهات نزمتر دەبووەوە و دەنگی هەناسەشی بەرزتر، هەر قامچیەک، هەر پەلاقێەک هەنگاوەک زیاتر بەرەو بووراندەوی دەبرد. هەستی دەکرد کە وەک باهێندەکان وا باە دەگرێت، وەک باهەخانەکان بە تاقی ئاسمانەوە هەڵدەفرێت، وەک خەر ئاوا دەبێت. لەسەرەوە سەیری ئەم خەڵکەی دەکرد کە کەوتبوونە گیانی لاشە خوەناوییەکەی، ئای ئەوە چ هوودەدات.

ئاسمان تا دەهات تاریکتر دەبوو، خەر پەیتا پەیتا بەرەو زەردەپەڕە هەنگاوی دەنا، ئەم خەڵکەش هەر ماندوو نەدەبوون، هەر وازیان نەدەهێنا. هاوار و قیژە نەما لە دەمی ئەم کچە دەرنەچێت، خوێن نەما لە لاشە بگەردەکەی فیچقە نەکات! ئەوە چ دەندەییەکە، ئەوە چ دواکەوتوویەکە!

لە گەرمەی ئەم گەلەکەمەیدا بووین، کە دەنگی ئەهاهوئەکبەر لە مناڕەی مزگەوتکانەوە بەرز بووەوە، هەڕەیش سپیەکیان، هەر ئەو کەسەی کە چەند ساتەک بەر لە ئێستا بەردەکی لە تەپۆی سەرکی دابوو، هاواری لە بەند بوو: «پەرتەی لە بکەن دەی، با هەژووەکەمان بشکێنین و نوژەکەمان نەچێت!»

سەبارەت بە کتێبی: ژیریی دەستکری سەرمایەداری، بەرەنگاریبیەکانی چەپ و بەدیلی گونجاو.. ڕزگار ئاکرەیی

سەبارەت بەکتێبی: ژیریی دەستکردی سەرمایەداری، بەرەنگاری چەپ و بەدیلی گونجاو، تەکنەلۆژیا لە خزمەتی سەرمایە یان ئامرازێک بۆ ئازادی؟

ڕزگار ئاکرەیی
چەپی سەربەخۆ، ئارەزوومەند بە چەپ و شۆشی تەکنەلۆژیا، شارەزا لە پەرەپێدانی سیستەم و حوکمەانی ئەلیکترۆنی.
rezgar1@yahoo.com
www.rezgar.com

کتێبەکەم " ژیریی دەستکردی سەرمایەداری، بەرەنگاری چەپ و بەدیلی گونجاو، تەکنەلۆژیا لە خزمەتی سەرمایە یان ئامرازێک بۆ ئازادی؟" بە عەرەبی، ئینگلیزی و کوردی بەاوکراوەتەوە، هەروەها بۆچەندین زمانی جیهانی تر وەرگێدراوە.
ئەم کارە بەتایبەتی باسی کۆشەی ژیریی دەستکرد و تەکنەلۆژیا بە گشتی دەکات، لە چوارچێوەی خەباتی چینایەتی لە سەردەمی دیجیتاڵدا. کتێبەکە کاریگەریبیەکانی ژیریی دەستکرد لەسەر بوارە جەراوجەرەکان، لە ئابووریبیەوە بە سیاسەت، لە کەلتوورەوە بە بیرکردنەوە، لە ژێر سیستەمی سەرمایەداری هاوچەرخدا تاوتوێ دەکات.
ئامانجی ئەم کتێبە پێشکێشکردنی شیکردنەوەیەکی چەپی ڕەخنەگرانەیە بە ژیریی دەستکرد وخستنەڕووی بەدیلی پێشکەوتووخوازیە بۆکارهێنانی تەکنەلۆژیا ، دوور لە هێژموونی سەرمایەداری کە بۆکاری دەهێنێت بۆ زیادکردنی قازانج و بەهێزکردنی کۆنترۆڵ، لەسەر حسابی کرێکاران جا چ دەستی و چ فیکری بێت.

ناوەڕۆکی کتێبەکە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
1- دابەشبوونی دیجیتاڵی نێوان چەپ و سەرمایەداری

بەشایی دیجیتاڵی لەنێوان چەپ و سەرمایەداریدا تێدایکی گەورە لە سەردەمی دیجیتاڵدا دروست دەکات، کێشەدا کەمپانیا گەورەکانی تەکنەلۆژیا و وڵاتانی سەرمایەدارەوە باڵادەست دەبن لەبواری دیجیتاڵدا. لەکاتێکدا ئەم هێزانە توانای ماددی و تەکنیکییان هەیە بۆ دەنمایی کردن و شێوە پێدانی لایەنە جەراوجۆرەکانی تەکنەلۆژیا و ژیریی دەستکرد، بەڵام چەپەکان، لە زۆربەی کاتەکاندا، لەدەخێکی لاوازیدا دەمێننەوە، بەدەست دابەشبوونێکی دیجیتاڵی هووناوە دەناڕێنن. لەم چوارچێوەیەدا، بارودۆخی ئێستای چەپ هاوشێوەی "هووبووبونەوەی مەرولێیە بەفیل"، کەناتوانێت لەم بوارە زۆبەلاح و خۆراتردا لەگەڵ زلهێزە سەرمایەدارەکاندا بگونجێت.. ئەم بەشاییە دیجیتاڵیە بەتەنیا کورتنابێتەوە لەسەر نەبوونی ئامرازەکانی تەکنینکی، بەڵکو دەڕبینی لاوازییەکی نەخوازراوی تەوانینی سیاسی و هەڵکخراوەییە بە بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە لە خزمەتی خەباتی چەپدا.

2- نەخوێندەواری دیجیتاڵی

نەخوێندەواری دیجیتاڵی تەنها نەتوانینی بەکارهێنانی ئامرازەکانی دیجیتاڵی ناگەیەنێت، بەڵکو نەتوانینی تێگەیشتن لەچۆنیەتی کارکردنی ئەم ئامرازانە و کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانە، تاک و جەماوەر دەگەیەنێت. بەشێوەیەکی گشتی، هەڵکخراوە چەپەکان زۆرجار ئامرازی تەکنیکی کەمیان هەیە یان بەکارهێنانیان تا ئێستا سنووردار و سەرتاییە و توانایان بە کاریگەری لەسەر هەشیاری گشتی سنووردارە.

خوێندەواری دیجیتاڵی لەناو هەڵکخراوە چەپەکاندا تەنها فەرکردنی ئەندامان نییە چۆن ئامێر و ئەپلیکەیشنی دیجیتاڵی بەکاربهێنن، بەڵکو هاهێنانیان دەکات بە تێگەیشتن لە پەکهاتەی سیستەمە دیجیتاڵییەکان لەڕگەی هەشیارییەکی هەڵخنگرانە لەو ئایدەلۆژیایانەی کەنتەڕیان دەکەن. ئەم پڕۆگرامانە دەبێت جەخت لەسەر پێچەککردنی ئەندامان نەک تەنها بەئامرازی تەکنیکی، بەڵکو توانای تێگەیشتن لەبواری سیاسی، ئابووری و تەکنەلۆژییەکان بکەن کەتەکنەلۆژیا پەکدەهێنن، یارمەتیدەر بن بە خزمەتکردنی ئامانجەکانی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی. نەخوێندەواری دیجیتاڵی چەپ دەخاتە دەخێکی لاوازەوە لەبەرامبەر ئەو تەحەدایانەی سەرمایەداری دیجیتاڵی دروستی دەکات و بەربەستێک پەکدەهێنێت لەبەردەم مانەوەی کاریگەری لەسەردەمی دیجیتاڵدا. بەیە پەویستە توانەکانی ئەندامان و سەرکردەکان و هەڵکخرانی هەڵکخراوە چەپ و جەماوەریەکان لەئاستە جیاوازەکاندا لەسەر ئامرازەکانی سەردەمی

دیجیتاڵی مۆدێرن ئابهێنرێن و پارێزیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی هەژموونی دیجیتاڵی ببنەوە.

3- پارێزگاری توانا و لێهاتووییە تەکنیکی چەپگەرایەکان وەک پاڵپشتییەکی خەباتی ستراتیژی

پارێزگاری توانای چەپ لە بواری تەکنیکیدا بۆتە پاڵپشتییەکی ستراتیجی هاوتەریب لەگەڵ پارێزگاری توانای سیاسی و ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەیی و میدیایی و جەماوەریدا. هەروەک چۆن هەزەکانی چەپ ناتوانن پشت بە میدیای سەرمایەداری ببەستن و لەهەمان کاتدا هەوڵدەدەن میدیای سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن، هەروەک چۆن بیروڕا و سیاسەت و ئامرازەکانی ڕێکخراوەیی خۆیان سەربەخۆ لە ئامرازەکانی هەژموونی بەرژوەزی پارێزگەدەن، هەروەها دەبێت درک بەوە بکەن کۆشکی دژی سەرمایەداریی دیجیتاڵی بە ئامرازەکانی نیارەکی ناکرێت. سەربەخۆی تەکنەلۆژیا بۆتە مەرجەکی بنچینەیی کۆتواوکاری سەربەخۆی فیکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی دێت.

ناکرێت قسە لەسەر ئازادی ئاستەقینەیان بنیاتنانی پڕۆژەیەکی سۆسیالیستی ئادیکاڵ بکرێت، لەکاتێکدا ڕێکخراوە چەپەکان دەکەونە ژێر سانسۆری ووردو کۆنتڕۆڵەوە کە لەلایەکی ئامرازەکانی ژیریی دەستکردی وەک گووگڵ و کۆمپانیا سەرمایەدارییەکانەوە بە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان پارێزیان پێدراوە. چۆن بزووتنەوەیەکی بەرنامە دادەڕێژن ، خەی ڕێکخراو دەکات، بنیاتی بەرنامە و ئامرازەکانی دەکات، لەکاتێکدا بەشوێیەکی ئاڵگۆریتمي لەژێر چاودێری نزیک ئەو ڕێکخراوانەدان کەجێخت دەکەنەوە یان لانی کەم بە لەناوبردن و سنووردارکردنی گوتارەکەی و کەمکردنەوەی بەاوبوونەوە و کاریگەرییەکەی داڕێژراون؟

نەبوونی ئامرازی چەپی دیجیتاڵی سەربەخۆ مانای ئەوەیە کەچەپ لەحاڵەتی بەرگریدا دەمێنێتەوە و پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ناشاراوە و ئاشکرای دەبێت، دەکەوێتیشە ژێر چاودێرکردن و سەرکوتکردنەوە و هەڕەشەنێتەوە. ئایا ئەوانەی بە گەورانی سۆسیالیستی دیموکراتی دەجەنگن دەتوانن ئەوە قبوڵ بکەن کە لەدوان و جووڵە و شیکردنەوەکانیان بە هەشیاری جەماوەریان لە ژێر ڕەحمەتی ئاڵگۆریتمەکاندا بێت کەخزمەت بەلۆژیکی بازاڕ دەکەن و هەژموونی چینایەتی سەرمایەداری لەفۆرماتی دیجیتاڵی پێشکەوتوودا بەرهەمدەهێننەوە؟

4- ڕۆڵی گەنجان لەگواستنەوە و گۆڕپەدانی دیجیتاڵی

گەنجان توخمەکی سەرەکین لەپێشخستنی گەورانکاری و گۆڕپەدانی

دیجیتاڵی لەناو تەکنۆلۆژیا چەپکاندا، چونکە بە هەزەکی جۆاو دادەنرێن کە دەتوانن ئامرازەکانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەردەمی دیجیتاڵدا نوێبکاتەوە. لەبەر تێشنایی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لەجیهانی دیجیتاڵدا ڕوودەدەن، ئەمڕۆ گەنجان لەکەمکردنەوەی نەخوێندەواری دیجیتاڵی لەناو پارتە چەپکاندا گرنگ بووە. گەنجان بەبەی پشتی هەر گۆڕانکاری و گەشەپەدانی دیجیتاڵی پێکدەهێنن کەبتوانێت لەنێو تەکنۆلۆژیا چەپکاندا ڕووبدات. زۆرێک لە گەنجانی ئەمڕۆ توانایەکی زۆریان هەیە لە ماماڵەکردن لەگەڵ ئامراز و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی خێراتر و کاریگەرتر لەنێوکانی پێشوو گەشەی سەندووە.

بەهەزکردنی گەنجان لەنێو تەکنۆلۆژیا چەپکاندا پێشمەرجێکە بۆ گونجاندن لەگەڵ سەردەمی دیجیتاڵی و سوودوەرگرتن لە ئامرازە تەکنیکییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی دیجیتاڵی سەرمایەداری، چونکە توانای پڕڕپەدانی ئامرازی نوێی خەباتیان هەیە کەتوانای تێکخستن، بەگژداچوون و کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی باشتر دەکات. هەروەها دەتوانن داهێنان بخەنە ناو میتۆدەکانی خەباتی چەپەوە. گەنجان دەتوانن چالاکانە بەشداریبکەن لەسەرکردایەتیکردنی ئەم گۆڕانکارییە دیجیتاڵییە لەناو پارتە چەپکاندا، ئاوڕش بەهێی توانای بەرزیان لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە زاڵبوون بەسەر بەربەستەکانی سەرمایەداری دیجیتاڵدا. پێویستە کار بۆ لابردنی هەموو بەربەستە تێکخراوەیی و سیاسییەکان بکرێت کەڕێگرن لەچوونە ناو تێکخراوە چەپەکان و مانەوە لە تێکخراوە چەپکاندا، دەبێت نەرمییەکی گەورە نیشان بدرێت لەگەڵیاندا، بەگوێرەی گەشەی مەعریفی و هۆشیاریی دیموکراسییان.

5- دیجیتاڵی چەپی نوودەوەتی

گرنگی بنیاتنانی نوودەوەتی چەپی دیجیتاڵی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ژیریی دەستکرد و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی گشتی کەمپانیا گەورەکانی تەکنەلۆژیا و وڵاتانی سەرمایەداریەوە. ئەم نوودەوەتییە دیجیتاڵیانە پێویستییەکی ستراتیژین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی سەرمایەداری لەبەشایی دیجیتاڵدا، چونکە ئەم هەزە گەورەیانە کەنتڕۆڵی خەیان بەسەر ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا دەسەپێنن و چەوساندنەوە و خەباتی چینایەتی قووڵتر دەکەنەوە. ئینتەرناسیۆنالیزمی دیجیتاڵی لەڕەدا بۆ واتای هاوپەیمانی چەپ و پێشکەوتووخوازی جیهانی، تێپەڕاندنی سنوورە جوگرافیەکان و دابەشکارییە ڕەشنبیریەکان. هەروەک چۆن چەپ و ئینتەرناسیۆنالی کرێکاری لەمڕۆودا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی

سەرمایەداری پێویست بوون، ئێستا پێویستە هاوپەیمانی چەپی دیجیتاڵی دروست بکرێت کەجەخت لەسەر ڕووبەرووبوونەوەی سەرمایەداری لە دەروازەی تەکنەلۆژیاوە بکات، کاریش بۆ یەکخستنی هەوڵکانی چەپ لەگەڵ ئامراز و پلاتفۆرمکانی سەردەمی دیجیتاڵدا بکات.
بۆپڕۆپەدانی هاوکاری نێوان ڕەکخراوە چەپکان لەسەرانسەری جیهاندا، ئەم نوونتوییانە بەشداری دەکەن لەپڕۆپەدانی تەکنەلۆژیای جەگرەوەی بەشداربووان و سەرچاوە کراوەکان کە دنیایی دەدەن کە تەکنەلۆژیا لە خزمەتی کەمەگادایە و بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی کەمەایەتی بووات. ئەم هاوپەیمانییە دیجیتاڵییە دەبێت جیاوازی ئایدیەلۆژی نێوان ڕەوتە چەپە جیاوازەکان تێپەڕێنێت، بۆتایبەتی لەم بوارەدا و جەخت لەسەر ئامانجی هاوبەش بکات: دەرهێنانی تەکنەلۆژیا لەچنگی سەرمایە و گەیینی بە ئامرازێک بۆ ئازادی بەکەمەڵ.

6- ژیریی دەستکرد لە سەبەری سەرمایەداریدا

سەرەڕای توانا گەورەکانی ژیریی دەستکرد بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤ، ئەمە بەشێوەیەک بەکاردەهێنرێت کەخزمەت بە کەمپانیا گەورەکان و وڵاتانی سەرمایەداری دەکات و ئامرازێکی کاریگەر لە سەرکوتکردن و کۆنتڕۆڵکردنی دیجیتاڵیدا بەکاردێت بۆ گەیینی ناڕاستەوخۆی هەشیاری جەماوەری، لەڕێگەی ئەلگەریتمێک کە تاکەکان لەسەر ئینتەرنێت کۆنتڕۆڵ دەکەن.
ئەم ئەلگەریتمانە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردن و ئاراستەی هۆشنبیری تاکەکان هەیە، وایان لەدەکات ئامرازێکی هەژموونی هۆشنبیری کە بیرکەی سەرمایەداری و ڕاستەو بەرز دەکاتەوە، و یارمەتیدەر لەهەڵوەشاندنەوە و سنووردارکردنی بیری چەپ و پێشکەوتووخواز.
سەرەڕای ئەوەش، AI بەکاردێت بۆ هاندانی جیاکاری بەهەموو شێوەکانی، هەم لە بازاڕی کار و هەم لە ژیانی ڕۆژانەدا، لەگەڵ بەهاکانی سەرمایەداریدا. هەروەها کاریگەری ژینگەیی خراپی هەیە، بۆ بەکارهێنانی تاوانکارانە بەکاردەهێنرێت، وەک پەرەپەدانی چەک و هەڵگیرسانی جەنگ.

7 – بەدیلی چەپ بۆ ژیریی دەستکرد

ئەو بەدیلانەی لەم کتێبەدا پێشکەش کراوە تەواوینەکەی چەپی پێشکەوتووخواز بۆ ژیریی دەستکرد، کەهەوڵ دەدات کۆنتڕۆڵی ئەم تەکنەلۆژیایە لە لایەن جەماوەرەوە بسەنتێوە و ئاراستەی بکات بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران، چ دەستی و چ فیکری بێت.. AI دەبێت نەک تەنها بۆ باشترکردنی ژیان بەکار بهێنرێت، بەڵکو بۆ

هێواشاندنەوەی هێزمووني سەرمایەداری لەجیهانگەی سەرچاوە کراوە و شەفافی چێپکانەوە.
لەم ڕوانگەیەدا، تەکنەلۆژیا دەبێتە مۆکی کۆمەلایەتی، لەژێر سەرپەرشتی دیموکراسییەکی جەماوەری، دەستبەرکردنی بەکارهێنانی بەرژەوەندی کۆمەڵگا. AI دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ باشترکردنی کاری بەکۆمەڵ، بەرەوپێشبردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی، و چارەسەرکردنی کێشەکانی وەک هەژاری، پەروەردە، تەندروستی، و یەکسانی جێندەر، دوور لە لێژیکی قازانج و چەوساندنەوە. AI دەبێت بەکار بهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان، دەستبەرکردنی دەرفەتی کاری یەکسان بۆ گوندانە باکگراوندێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری، و تەنانەت بەشداریکردن لە کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن بۆ کەمکردنەوەی کرێ. هێزەها دەتوانرێت ئامرازێکی کاریگەر بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری، چ جێندەر بێت یان نەژادی، لە ڕێگەی پەرەپێدانی سیستەمی هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای لێهاتوویی نەک لایەنگیری، و پشتیوانی لە پاراستنی ژینگە، پەرەپێدانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

8- بەکارهێنانی وریا و بیرمەندانەی AI بەردەست

بەکارهێنانی AI ئەستا لەلایەن هێزە چێپکانەوە دەبێت بەوریاییەوە و یان بێئاگاهی بێت. هەرچەندە ئەم تەکنەلۆژیایە بەرهەمێکی سەرمایەداری بەلایەنە نیە، بەڵام توانایەکی گەورەی هەیە کە دەتوانرێت بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەکار بهێنرێت، ئەگەر بە ئاگایی، ڕەخنەگرانە و بە شێوەیەکی ئامانجدار بەکار بهێنرێت. ئەمە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی زانستی کراوەیە، کە تەکنەلۆژیا وەک ئامرازێک دەبینێت کە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ پەرەپێدانی ململانێی سیاسی، گشتی، میدیایی و تەکنیکی. ئەمە دەبێت لەگەڵ دنیابوون لە شەفافییەت، پاراستنی تایبەتمەندی داتا، و سەپاندنی چاودێرییەکی توند مرۆڤ لەسەر بەکارهێنانی AI. هەر بەکارهێنانێکی چەپ لەم ئامرازانە دەبێت لە چوارچێوەی بەرەوپێشبردنی ئامانجە سۆسیالیستییەکان و پشکووتووخوازانە بێت، نەک جێگرەوەی کاری مرۆیی، بەڵکو پاپشتی و تەواوکەر بێت بۆ بنیاتنانی گەڵانکاری کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵ.

9- زمانی کتێب، بەاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی و مافی چاپ

زمانێکی سادە و ڕوون لە کتێبەکەدا بەکارهاتووە بۆ دنیابوون لەوەی ناوەڕۆکەکە بگاتە فراوانترین بەش لە خوێنەران، بۆ ئامانجی ئاسانکردنی بیرکە تەکنیکییەکان بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن لێیان

تێبگەن، چ پسپۆڕی بۆت یان ناپسپۆڕ. کتێبەکە لێکۆڵینەوەی دۆزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی جیهانی "ئەمازۆن" بڵاو دەکرێتەوە و هەروەها لە ئینتەرنێتدا بە خۆڕایی بەردەستە و بە ئەلیکترۆنی بڵاو دەکرێتەوە بە ئاسانکاری بە زەرترین خەرجی و بێ هیچ سنووردارییەک بۆ بەکارهێنانی. کتێبەکە بە هەمووان کراوەیە، دەقەکانی لێکۆڵینەوەیان پێدراوە ئازادانە بەکار بهێنرێن، لەوانە بڵاوکردنەوە یان دووبارە بەکارهێنانەوەیان، لەگەڵ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکە هەرکاتێک گونجاو بێت، بێبەرامبەر زەرملە نییە.

10- دەرئەنجام

شکۆشی دیجیتاڵی ئێستا، سەرەڕای توانا زەرەکەی، لە بەرژەوەندی قازانج و هێزمووني سەرمایەداریدا ئەندازیاری کراوە. بەبەرامبەر هەشتا بەتەواوی چاوسەر نەکراوە و سەرمایەداری جیهانێکی تەواو داخراوی دروست نەکردووە. هەشتا بوار بە بەدیلی چەپ ماوە، بە مەرجێک کارەکە بە ئاگایی و پلانی درێژخایەن بە جەنگێکی زەر سەخت و ئاڵۆز ئەنجام بدرێت. بەرگری لە سەرمایەداری، بەتایبەتی لە قەناغی دیجیتاڵیدا، تەنها ململانێ نییە بە دەسەاتی ئابووری و سیاسی، بەڵکو بە خودی هۆشیاری مرۆڤ: لەسەر ئاوەژووی کە کۆنترۆڵی لەشاوی زانیاری و زانیاری دەکات، و کە هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنێتەوە.

لە کۆتاییدا بانگهێشتتان دەکەم بە بەشداریکردن لە بەرەوپێشبردنی ئەلتەرناتیڤی چەپ بە تەکنەلۆژیا و ژیریی دەستکرد لەگەڵ دیالۆگ لەسەر مەسەلەکانی بەردەست، چونکە بیرەکە و پێشنیارەکانی ئەم کتێبە تەنیا خاڵن بە دیالۆگی بەکۆمەڵ لە نێو ڕیزەکانی چەپدا.

پەرەپێدانی ئەڵگۆرتمێکی پراکتیکی و کاریگەر پێویستی بە گفتوگۆی فراوان هەیە لە نێوان ڕێکخراوەکان و بزووتنەوەکان و کەسایەتییە چەپ و پێشکەوتووخوازەکان لە وڵاتانی جیاوازدا کە ببێتە هۆی داڕشتنی پلانێکی ووون و کارا. کاتێک ئەم بیرەکانە دەخەمە ووو، ئامانجم دابینکردنی چارەسەری ئامادە نییە، بەڵکو کردنەوەی گفتوگۆیەکی زیندووە سەبارەت بە پێشنیارەکان، گفتوگۆیەک کە دەبێت بگەڕێت بە بانگەوازێکی کراوە بە بەشداریکردن لەگەڵ پێداچوونەوەی دیدێکی چەپی دیجیتاڵی جگرەوە، بە ژیریی دەستکرد بە تایبەتی، و بە تەکنەلۆژیا بە گشتی، لە ڕێگەی هاوکێکی چەپی کەمەڵ و هاوبەش، ڕێکخراو و سنوورتێپەڕ.

- کتێبەکە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەمانەوە بەدەست بهێنرێت:
  لینکی بەخۆڕایی بە کتێبەکە لە ماڵپەڕەکەم.

عەرەب
https://rezgar.com/books/i.asp?bid=3
ئینگلیزی
https://rezgar.com/books/i.asp?bid=4
کوردی
https://rezgar.com/books/i.asp?bid=5

- لینکی کتێبەکێ بۆ زێر زمان (ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیسپانی، پورتوگالی، دەنمارکی، سویدی، نورویجی، هیندی)، لە هەگبەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەمازۆنی جیهانیەوە، بە کەمترین نرخ بڵاوکراوەتەوە:
- https://www.amazon.com/stores/Rezgar-Akrawi/author/B0DY1BMMXW



هەژی کتێب و کورد.. نەوزاد بەندی

لە هەژی جیهانی کتێبدا، لای خەمان کەمە ووتار نوسران، تێکڵایان باس لە هەیی کتێب و گرنگی کتێب دەکەن، داوا دەکەن وەزارەتی هۆشنبیری مکۆیی بکات لەسەر بڵاوکردنەوەی کتێب و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەسەر خوێندنەوەی کتێب و نوسینی کتێب و هەخنە گرتنی جدیی لە میللەتی کورد کە بۆچی ناخوێننەوە.

لە ڕاستیدا پەروەری هەر دیارییەک، پەویستی بە شڕوڤە و کڕدنی بارودۆخێکی یە، خوێندنەوەی مرۆڤکانە پێش چاپکردنی کتێبەکان. بە نمونە کاتێ مرۆڤێک نەخۆش ئەکەوێت، نابێ مامۆستای کۆسپکی تێندروستی لێگەڕدا بکەین، بەڵکو ئەبێ سەرەتا بزانین نەخۆشیەکەی چیە و هۆکاری نەخۆشیەکەی چیە و دەرمانی نەخۆشیەکەی چیە.
ئێمە لە بەردەم بارودۆخێکداین زۆر بە زۆڕی نەخوێندەواریی و واز هێنان لە خوێندن لە هەڵکشانێکی خێرادان، زیاتر لە پانزە ساڵ هەڵگری بەوانامەکانمان دامەزراندنیان لە قەدەغە کراوە، بەو جۆرە لە بەردەم زیاتر لە 120 هەزار گەنجی خاوەن بەوانامەی بێ کار و بێ داهاتوودا ین، زەربەیان پێشمانن لەو پێسەی خوێندنەی زیاتر لە پانزە ساڵی تەمەنیانی خوارد و دینارێکی نەخستە گیرفانیانەوە، بەڕە بەڕە ئینتیمایان بە خاک و نەتەوە و کولتوور کاڵ بووە و زەربەیان بیرکەی کەچکردن لە ناخیاندا هات و چوو، تاراوگە بووە تەنها فریادڕەسیان، بۆ ئەوەی بە لایەنی کەمەوە لەو خاکە دوور بکەونەوە کە بووەتە گۆڕستانی خوێن و هیوا و ئامانجکانیان.
لێرەدا چۆن داوا لەو گەنجانە بکەین لە چاوەڕوانی کارەکدا پیر بوون، کتێب بخوێننەوە؟
بە چی قەناعەت بە دەیان هەزار کچ و کوڕی لاو دەکەیت کتێب بخوێننەوە، بە بەوانامەیەکی گەورەوە لە فەرمانگەکاندا کار بە خەڵایی ئەکەن و پێیان ئەووترێت: خەبەخش ؟ سامان و داهاتی کەمەگایەک لەلایەن بەشکی کەمی کەمەگاوە قورخ کرابێ و زەرینەی لە بەبەش کرابێ، ئەبێ کتێب لە کوێدا جێی بێتەوە و کامیان بیخوێننەوە؟ ئاشکرایە جەردە کتێب ناخوێنێتەوە و ئەویشی ماڵ و ژیانی دزرا بێ ناپەرژێتە سەر کتێب خوێندنەوە. ئایا چ لەژیکێکی تێدایە لەسەر خوانی نیشتمانیی، زەرینە بیان نەبێ بخۆن و پێیشیان بڵێین بچێ کتێب نانوسن و کتێب ناخوێننەوە ؟ ئەوان بە پێش چاویانەوە خەڵکێک بێ بە ماندوو بوون ئەبێتە ملیاردەر، ئەمان بە ماندووبوونەوە نان نییە بیخۆن، کتێبی چی بخوێننەوە ؟ کۆسپک قوڕقوڕاگەی توند شێتک درابێ و پێی بووترێت بخوێنە و بنووسە، ئەبێ چی بخوێنێتەوە و چی بنوسێت لە کاتێکدا ئەو خەریکە ئەخنکێت.
ئێمە وەک ئەوە وایە بچیتە گۆڕستانێک و داوا لە مردووەکانی بکەیت هەستنە سەر پێ و یارییەکی تۆپی پێ ئەنجام بدەن،ڕاستێ تۆپی پێ وەرزشکی جوان و کەمایەتییە، کولتوور و نەتەوەکان پێک ئەناسێنێ، بەڵام ئێم داواکارییە لە مردووەکان، نالەژیکیی و گاتجاییە، وەک ئەوە وایە بێ کۆسپکی برسی و تینوو بڵێیت با بڵێین گشتکی شاخەوانیی بکەین، بێ نەخشەکی کوامای قاوشی چاودێری وورد بڵێیت هەستە گرانییەکمان بێ بڵێ.

چەن داوای خوەندنەوەی کتەب لە میللەتێک ئەکەن، گەورەترین هیوا و خەون و ئامانجی هەڵگرێکی بەوانامە ئەوپەڕ کارێکی دژوار بکەوێت و چیدی دەست لە دایک و باوکی پان نەکاتەوە پارەی پشاکێک و جوتە پێلاوی بدەنێ ؟ جێگای شەرمەزاریە داوای کتەب خوەندنەوە لە گەنجێک بکەین، دوانزە ساڵ خوەندنی تەواو کردووە هەشتا دانەمەزراوە و بە کار ئاسوودەتەوە و یەک دنیا گرفتی دەروونیی بە دروست بووە، لە پەش چاویدا کەشک و ئوتومبیلی گرانبەها بە دەست خەڵکی نەخوەندەوارەوە و ئەمیش خەو بە مافە سەرەتاییەکانەوە ئەبینێ، هاوسەرێک و دوو ژوور و کارێک ؟ ئەنگێ بوترێت بچی گەنجەکان ناچن لە کەرتی تایبەتدا کاربکەن؟ ئاگاداری کەمپانیایەکی دەرمانم داوای چوار کەسیان کردووە بە دامەزراندن، 30هەزار داواکاریان بە هاتووە تیایاندایە 5 زمانی زیندووی جیهانیی ئەزانێ، هەڵگری بەوانامەی پزیشکی دەست ودامانیان بووە وەک پاککەرەوە دایمەزرێنن، با دوور لە تانە و تەشەری دەست و دوژمن دوو دیناری لە کاری زەمین سەیندا دەست بکەوێ!

میللەتێک بانگەشتی کتەبی چی دەکەیت گەورەترین کتەبی فەرمانبەرکانی ئەوە بە هەوالی موچەی مانگ بەاوبکرێتەوە ؟

ئەمە لە بەردەم کەمەگایەکداین، باری دەروونی و کەمەایەتیی شەونخوناوە، تیرۆرکەی بافلافی لەسەر جبەجکراوە و بووە بە مرۆڤکی تاک ئەهەند، وەک چەن کاتێ بافڵف گەپەکەی دادگیرساند، لیک بە دەمی سگەکەدا ئەهاتە خوارەوە، چینی خوەندەواری کوردیش تەنها خوەندنەوەی هەواڵکانی موچە و دامەزراندن سەرقاڵی ئەکەن و کاری تە ئەکەن، تامەزرۆیی و گوە و تینی تەدا دروست ئەکەن. ناکرێت بەو خەڵکە بڵێیت بچی ئەمان و شیعر و ووتار ناخوەنن‌ەوە ؟ چونکە هەر ئەم میللەتە بوو لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا لای کتەبفرۆشکان ناوی خەیان تەمار ئەکرد بە ئەوەی دانیەکیان لە کتەبێک دەست بکەوێت کە لە ژێر چاپدا بوو، چونکە خەڵکەکە هەمووی خوەنەری جدیی بوون و کتەب بە خڕایی لە بازاڕدا نەدەما. میللەت هەر ئەو میللەتەیە کە 45 ساڵ پەش ئەستا لە هەمان ئەژدا کە گەڤاری نووسەری کورد و کاروان و بەیان و ئەشنبیریی نوێ دەردەچوون، یەک دانەی لە بازاڕدا نەدەمان. ئەی بچی ئەستا دوای ئەوەی هەزاران کتەبی دەزگاکان لە بازاڕدا تەزیان لە نیشت ، بە بارهەگری گەورە ئەوانەی کوردستانی ئەودیو کران هەتا لە کەمارکەی قازی خوەنەریان بە پەیدا بکەن، شار بە شار گەڕایانن،چەن بردیانن هەروا هەنایانناوە، پەویستە پرسیار لە خەمان بکەین ئەم میللەتە بچی بەو دەردە براە؟ ئەم خەڵکە بچی کرا بە دوژمنی کتەب؟ بچی نوسەر هەندە بە نرخ و تەنیا و پەڕاوێز خرا، کە لە ڕووی نیەت بێ من

نووسەرم؟
لە ئاستیدا،کاتی سەدام حسێن وەاتی کوێتی داگیرکرد و سزای ئابووقەی ئابووریی بەسەر عێراقدا سەپێنرا، واتا ساڵی 1991، کاتێ نان چووە قوناگی شێرەوە، کاتێ نووسەران و خوێنەران، کتێبکانیان هەرزانفرۆش کرد بە ئاوەی بە پارەکەی چەند کیلۆیەک ئارد بکڕن و نەهێڵن منالەکانیان لە برسا بمرن، کاتێ تەنانەت بیریارێکی گەورەی وەک دکتۆر عەلی وەردی، دەستنوسەکانی هەنایە سەر شەقامی موتەنەبی و هەرزانفرۆشی کردن بە ئاوەی نانێ وشکەی دوا ڕۆژەکانی تەمەنی پێ دابین بکات، هەر لەو کاتەوە ئیتر کتێب ئاو بەهایەی نەما، چونکە مرۆڤێکی عێراقیی شوێنراو هاتە گۆڕێ، مرۆڤێک کە هەوەی یەکبینەی بە کەردنەوەی خواردن و پارە بوو، ئیتر گرنگ نییە چەندێک خواردن و پارەی هەیە، بەڵکو دەخێکی دەروونیی بەکەمەڵی وای بە دروست بوو، کە پارە و خواردن ببێتە پیرۆزترین دەسکەوتی، خزمایەتیی و نیشتمانپەروەریی و ئایین و هەموو بەهاکان بوون بە قوربانی پارە و خواردن.
لەبەرئەوە ئەبێ لەلامان ئاسایی بێ لە جێی کتێبخانە فرۆشگای پیتزا و فەلافل دابنرێ، چونکە میللەتێکە ئاوەندە بە فلتەری برسێتیدا براوە، ئاو کاتەی کە تۆپ لە هەموو کاتێ زیاتر برسییە. ئەبێ ئاسایی وەریبگرین کاتێ فرۆشگاکانی کتێب ئەبن بە فرۆشگای مۆبایل،چونکە مۆبایل بە لایەنی کەمەوە هەوای موچە و هەڵی کار و پێوەندیی لەگەڵ کەسانی دوورە وەات و هەڵی کەچیان پێ ئادگەیەنێ.
ئەبێ لەلامان نورماڵ بێ کاتێ خەڵکێکی زۆر ئۆگرنەنەوە بەخواپەرستی و سەر دەکەنە سەرگۆشتی حەج و عەمرە و قورئان لەبەرکردن،چونکە تەکەایان لە دنیادا مایەپوچ کراون و هەوە بە ڕۆژی قیامەت دەدەن بەڵکو تیایدا بتوانن هاوسەرگیریی بکەن و ببنە خاوەن ماڵ و ژیانی تایبەتی خۆیان.
لە بەرامبەردا ئەبە دان بەوەیشدا بنێین خوێندەرێکی زۆریشمان هەن، بەڵام خوێندەری چۆن؟ خوێندەری کتێبی نوشتە و نوکتە و لێکدانەوەی خەون و سیحر و سێکس و ئاو کتێبانەی کە دەڵێن چۆن ئەبیتە ملیۆنێر؟ چۆن بە پاسکیلسواریی ئۆگەیتە ئەوروپا ..ئەم خوێندەرانەیش خوێندەری تەکشکاو وخەمگینن، هەوە ئەدەن کتێبی ساختە بخوێننەوە دوای ئاوەی لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەموو ڕۆگاچارێکیان بە دەستەوە نەما،بەو جۆرە بە دوای مەحاڵ وخەیاڵپڵاو و فەنتازیادا ئامادەن سەدان کتێبی بە سود و بە سەواد بخوێننەوە.
ماوەتەوە بڵێم، هەر لە ساڵانی نەوەدەکاندا، کاتێ کرێچی بووم و ماڵ و ماڵ کڵ و پڵەکانم ئۆگواستەوە، کرێکارێکی کەڵەگر کڵ و پڵەکانمی ئۆگواستەوە، پێی ووتم : مامۆستا! ئەم فەردانە بەستیان

لە بەیم، زەر قورسن، توخوا ئەوە چییان تێدایە ؟
ووتم : کتێب!
بەکی باش پێکەنی، ووتی : بریا لە جیاتی ئەو هەموو کتێبە دوو قەڵەمونت ڕاگرتایە، من شانزە ساڵ خوێندوومە و ئێستا کەهەگرم، وا دیارە تە هەشتا خەبەرت نەبێتەوە!

نەوزاد بەندی

کچێکی سانی ریتەر پیانۆژەنکی جیهانییە.. ڕۆژا شوان

پێشانگای پەرجوو (موعجیزە) سانی ریتەر، لە تەمەنی دوو ساڵییەوە دەستی بە ژەنینی پیانۆ کرد و چەژکی خۆشی لێوەردەگرد. لە ئێستادا کیژێکی شەخ و شەنگ و یەکەکە لە پیانۆژەنە بەناوبانگەکانی جیهان و بە دیان کۆنسەرتی کردووە و لە چەندین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بە موزیک، بە ژەنینی پیانۆ بەشداریی کردووە.
سانی ریتەر لە شاری (ڤێنا) ی پایتەختی نەمسا لەدایک بووە. لە تەمەنی (٦) ساڵیدا بەشداریی لە پێشبڕکێی موزیکی نێودەوڵەتی لە سەرانسەری ئەورووپادا کرد. سەرکەوتنەکی گەورە و خێراتی یەکسەری لە گرووپی هاوتەمەنیدا بەدەستهێنا و مەدالیای زێڕی بردەوە. لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنیشدا دەرکەوت و پیانۆی ژەنی و بینەرانی سەرسام کرد و خێراتیان پێبەخشی. لەو تەمەنەوە پیانۆژەنین بووە بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی و بە دوای داهێنانەوەیە لە موزیکدا.
سانی ریتەر لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا، لە موزیکدا، ڕێی: (باخ، مۆزارت، شوبێرت، سپین) ی گرتە. پارچە موزیکییەکانی ئەم موزیکژەنە جیهانییانەی بە ستایلێکی نوێ دەژەنی. لەڕووە ناوبانگەکی زۆری دەرکرد. بە منداڵێکی پەرجوو ناسرا.
سانی لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا، کۆنسەرتی تایبەتی لە ژەنینی پیانۆدا

پێشکەش کردووە.
سانی ریتەر، لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا، خوێندنی ئامادەیی لە زانکۆی موزیک و هونەرە جوانەکان لە ڤینا تەواوکرد. لە دوای وەرزێکی خوێندن لە زانکۆ، چووە پێمانگای شاهانەی موزیک لە شاری تەرینتۆ لە کانەدا، لە پاڵی دکتۆر مایکل بیرکەڤیسکی دا.
لە هەمان کاتدا، دەستی بە کاری ڕۆژنامەگەریی کرد.
سانی ریتەر، لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی (٢٠١٩) دا، ڕوویی بە کانەدا ـ دایک و باوکی بە ڕەسەن کێندین ـ پێیوەندیی بە ستدیۆی مامۆستاکەی دکتۆر (مایکل بیرکەڤسکی) لە ئاکادیمیای تایلەر، لە پێمانگای شاهانەی موزیک کرد.

سانی بە هۆی پشتگیریی ئان کەانی، سکۆلەشیپێکی (خوێندن بەخشین لە زانکۆ) تەوای ورگرت. لە ساڵی (٢٠٢١) دا لە زانکۆ مەزارتیەمی لە شاری سالزبۆرگ لە نەمسا، درۆژەی بە خوێندن داوە. لە ساڵی (٢٠٢٣) دا، بەوانامەی بەکالۆریەسی لە موزیکدا بەدەست هێناوە.
سانی بە یەکەم جار لە ساڵی (٢٠٢٢) دا، وەک پیانۆژەنێکی پێشەیی ناسرا. لە پشبڕکێی نێودەوڵەتی پیانۆی (میهایلا) لە ڕەمانیا دەرکەوت. خەڵاتی وەرگرت.
پیانۆژەنی ئەفسانەیی وەک (ئەلفرید برێندێل) کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شێوازی بەرپەدان و شارەزایی پیانۆژەن سانی رویتەر هەبووە.
سانی ریتەر لە (٣٠) پشبڕکێی نێودەوڵەتی بە موزیک لەم دەوڵەتانەدا: کانەدا، نەمسا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ڕووسیا، ڕەمانیا، پەڵەندا، ئیسپانیا، ئەمریکا
بە ژمارەیەکی پیانۆ بەشداریی کردووە، خەڵات و بەوانامەیان پێشکەشی کردووە.
سانی ریتەر، لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانی، لە پشبڕکێی نێودەوڵەتی (ئەلشتاینوای) لەگەڵ کەمەرەک موزکژەنی بە تەمەن لە خۆی گەورەتر، بەشداری کرد و خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێنا.
سانی ریتەر، براوەی پشبڕکێی کۆنسێرتۆی لاوان بوو لە نیویۆرک ـ ئەمریکا.

لە پشبڕکێی سالزبۆرگ بە موزیک ، سانی خەڵاتی مەزارتیەمی وەرگرت.
سانی لە ساڵی (٢٠٢٢) لە پشبڕکێی موزیک لە پاریس خەڵاتی

یەکەمی وەرگرت.

سانی لە (٢٤/ ئادار/ ٢٠٢٥) لەسەر شانۆی گاریباڵدی لە پارلیمە، بە سپۆنسەری هاوڕیانی موزیکی سیسیلی، کۆنسێرتێکی پیانۆژەنینی پێشکەش کرد.
سانی، کاتێک کە پیانۆ نۆژەنت، چۆژ لە خلیسکان و لە مەلەکردن و لە فیلمسازی وەردەگرت.
سانی، ژمارەی پێوانەیی (گلین گڵد) ی شکاند و خاڵاتی یەکەمی بەدەست هێنا.
سانی ریتەر، براوەی خاڵاتی (گڵدن نەت) ە، وەک باشترین پیانۆژەن لە نەمسادا.
سانی ریتەر، تا ئێستا لە چەند فیلمەدا بەشداریی کردووە و ڕۆڵی نواندنی هەبووە. ، لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا لە دوو فیلمدا بەشداری کرد. فیلمێ (پیانۆژەنی بەناوبانگ) و فیلمی (ئێستێرەکان و بەهرە) لە دەرهێنانی لیانا کەینگ.

وەک باڵیۆزێکی تازەپێگەیشتووی کەمپانیای میوزیک تراڤلەر، سانی دەرهێنەر و ڕۆڵی سەرەکیی لە فیلمی (سانی یاریی هەکی دەکات) و لە فیلمی (هاوڕێگەزبازان ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە).

(*) بە ئەم نووسینە، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.
دوبەی: ٢٠٢٥

نامەیەك بۆ باوكم.. نوسینی: ئەشرەف شاهین.. و: ڕەوا حەمەجان

سوپاس . . باوکە

باوکی ئازیز. . باوکی بەڕێز. . باوکی بەخشندە. .

سوپاس
تەنها ئەوەم هەیە پێت بڵێم سوپاس، بەڵام کام سوپاس شایەنی ئەوەیە کەتە بەمنت بەخشیوە . . مەبەستم لە خواردنو خواردنەوە نیە . . بەڵکو مەبەستم لەوەیە کە فڕت کردووم لە هزر . . لە پێشەنگی. . لە پەروەردەکردن.
ئەی باوکو پێشەنگ و نموونەی گەورەی ژیانم . .
بەوام پێ بکە لە بیرم نەکردووەو لە بیری ناکەم، بە هەمیشە لەیادمدایە . . بیرم نەچووە ئارامیەکانت لەسەر هەڵکانمو ئامۆژگاریە جوانە لەسەرخەکانت . . لە باوەش گرتنە گەرمەکانت هەرگیز لەیاد ناکەم . . هاندانەکانت هەرگیز لەیاد ناکەم . . دەست بەسەردا هێنانە جوانەکانت هەرگیز لە یاد ناکەم . . هەرگیز یاریکردنە بەردەوامەکانت لەگەڵمدا لەیاد ناکەم . . هەمیشە بەوا بوونە زۆرەکەت پێم لە یاد ناکرێت.
باوکی ئازیزم:
بەڵێ من خەشم دەوێت . . بەڵی خەشم دەوێتو دەزانم خەشەویستیم بۆتە یەکسان نیە لە گەڵ خەشەویستی تۆ بە من . . کاتێك قسەم لە گەڵ دەکەیت هەست بەوە دەکەم خەشت دەوێم . . بە دەمەوە پەدەکەنی. . دەست دەکەیتە ملم . . بەڵکو هەست بە خەشەویستیت دەکەم باوکە کاتێك ئامۆژگاریم دەکەیت . . سەیرە تەنانەت ئەو کاتانەش کە سزام دەدەیت دیسان هەر هەست بە خەشەویستیت دەکەم بەم . . هەرگیز هەستم نەکردووە، کە سزام دەدەیت وەك تۆڵە کردنەوەیەك لێم، یان وەك بۆتاکردنەوەی تووڕەیت بۆرانبەرم، بەڵکو هەست دەکەم کاتێك سزام دەدەیت ئەوە لە قازانجی خەمدایە . . بەڵێ لە قازانجمدایە.

باوك و پێشەنگ و نموونە و خەشەویستم:

ئەو چەند چرکەیەت لەبیرە، کە هەموو رۆژێك بە منت تەرخان کردبوو. . گوێت لە دەگرتم . . پرسیارت لەدەکردم سەبارەت بە رۆژەکەم چی تەدا ڕوویداوە . . گفتوگۆت لەگەڵ دەکردم سەبارەت بە چارەسەرکردنی گرفتەکانم . . پاشان بەجێت دەهێشتم و بزە ڕووتی دادەپێشی . . تۆ نازانی باوکە ئەو چەند چرکەیە لەلام چەند بە نرخ بوون . . ئەو ساتانە چ ڕۆلەکیان هەبوو لە دروستکردنو پەروەردەکردنمدا . . هەستم بە خەشەویستی و ڕێزدەکرد، سەرەڕای هیلاکیو ماندووبونت پارێزگاریت لەو چەند چرکە گران بەهایە دەکرد . . بەوام پێ بکە باوکە زۆر چاوەڕوانی ئەو رۆژە دەکەم، کە منیش منداڵم ببێت و کاتێکی تایبەتیان پێ بدەم، هەروەك چۆن تۆ کاتی تایبەتت دابوو بە من . . کەوا بوو مژدە بێت باوکە کاریگەری پەروەردەکردنەکەی تۆ

دڵگوازرێتەوە لە منداڵەکەتەوە بۆ نەوەکانت لە نەوەکانیشتەوە بۆ نەوەی نەوەکانت . . کاریگەری پەروەردەکردنەکەت درێژدەبێتەوە تاکو ئەو کاتەی کە خوای گەورە ویستی لەسەر درێژبوونەوەی ئەم خەزانەی تە هەبێت.

باوکی خەشوویستم:
لە بیرتە هەموو هەفتەیەك یاری بکسنمان پێکەوە دەکرد. . ئێستا هەست دەکەم ئەمە تەنها یاریمان نەدەکردو بوس . . بەڵکو ئەمە یاری خەشوویستیمان دەکرد . . یاری سەزمان دەکرد . . یاری پەروەردەکردنمان دەکرد.

باوکی خەشوویستم:
رێژکیان بۆ بە ئەوەی بزانیت گوم لەبوو، قسەت لە گەڵ مامستاکەم دەکرد و وپێداهەڵدانی لایەنی دەروونیمت دەکرد، لە گەڵ ئەو شتانەی کە منی پاراستووە و هانمیداوە . . ئەو رێژ سەرم سوڕما لە رەشنبیریەکەت ئەو رێژ دەخەش بووم بەوەی کە بایەخم پێدەدەیت . . ئەو رێژ دەخەش بووم بەوەی کە بەوات پێمە، هەرگیز گوم لە وشەیکی خراپ نەبووە کە پێم بڵێیت . . پێشتر و ئێستاش چ باوکەکی . . چ مامستایەکی باوکە . . چ پەروەردکارەکی باوکە . . خەشم ئەوەیت باوکە . .
باوکی خەشوویستم:
لە تەوە فێربووم تۆڵەیم بخەمەوە و جەوی خە بگرم، چۆن ئەوە فێر نەبم کە من لە یادەە باوکە کاتێك، کە تۆڵەم دەکردی، ئەگەر چی نیشانەی تووڕەبوون لەسەر دەموچاوت دەبینرا، بەڵام تووڕەیت دەشاردەوە و گفتوگەکردنت لەگەڵمدا دوادەخست بە ئەو کاتەی کە ئارام دەبوویتەوە . . هەرکاتێکیش گفتوگەمان دەکردو منت لە هەموو کەس زیاتر رازیی دەکرد . . من لە هەموو کەس زیاتر هەمن دەبووەوە . . من لە هەموو کەس زیاتر بە ئەدەبم دەبووم . . هەروەها لە تەوە فێری ئەوە بووم کە بەسەر تووڕەبووندا زاڵبم، لە تەوە فێری ئەدەبی گفتوگەبووم . . ئەمە هەرگیز لەبیر ناکەم.

باوکی خەشوویستم:
ئەی ئەوکەسەی کە هەرگیز گوم لە نەبووە جنوو سوکایەتی کردن بکار بهێنت، یان وشەی گاتە پێکردنو سوککردن بکار بهێنیت . . خەشم دەوێیت باوکە گیان . .

باوکی خەشوویستم:
ئێستا ئەو شتانەم لەبیرە، کە لەم داوا دەکردیتو تش رات

دەکردەوە بە ئاستی هەندجار تووڕەدەبووم . . بەڵام ئێستا دەزانم تۆ چەند باش بوویت باوکە، کە هەندێك لە داواکانمت ڕەتدەکردەوە . . ئێستا دەزانم، کە ژیان هەرگیز هەموو ئەو شتانەمان پێنادات، کە ئارەزووی دەکەین . . بەڵام کەئەمەم بە درکەوت تووشی خورپە نەبووم . . چونکە لەکاتێکی زۆر لە پێشترەوە ئەمەم زانیبوو . . ئەمە لە کەسێکی گەورەوە فێربووم . . باوکە دەزانی ئەو کەسە گەورەیە کێیە . . ئەو کەسە تۆیت . . بەڵێ ئێی گەورەترین باوك . . ئێی جوانترین باوك . . ئێی خۆشەویسترین باوك . .

باوکە . . خۆشم دەوێت.
(منداڵ و خزمەتکارت)

سەرچاوە: لە کتێبی (پەروەردەکردنی نموونەیی)

کانیاوی خۆشەویستیت.. کاوەی خەسرەوکاوانی

کە بەیانیان لەگەڵ گوڵدا
عەتری عیشقت بەسەرمن دا
دەباراندو دەبوویتە هاوڕێ ی جوانی…
هەشتا ڕەحی خۆشەویستیم
زامدار نەکرا بوو بەچەقێت، ناخ و گیانی…
ئەو ئەوارەی زەر جار دەیویست
لە سوچێکی ئەم گەردوونە
بە ژووانێك شادمان بکات …
ئێستا ئەویش بە ئەقڕێو
وا خەریکە هەواش هەواش
لە ناخدا لە یادمان بکات…
خۆشەویستی وەکو خەیاڵ
کەی خاوەنی سنوور بووە…
عیشقم لای تۆ ڕووناکی بوو
ئەی بۆ ئێستا چرایەکی

پەخامۆشی بە نوور بووە…
هەنگاوەکان هێزیان تێ بووی
ئیستا جولەی ڕێشتنیان بیرچۆتەوە…
لەوەکانم کانگای خەندەو پڕکەنین بوون
هەرچی هەبوو هەموو برد لەگەڵ خۆتەوە…
کانیاوی خۆشەویستیمان ڕژایە نێو
ڕووبارێکی پاش بارانی سەرشۆتەوە…
من دڵنیام نەمن نۆتە لەم گۆڕاوە ڕانەهاتووین
باجارێ تر لەگەڵ یەکەمین بارانا
لە نێو ڕەحی کانیاوەکانا بۆتەوە …
28/11/2010

ستانسلاڤسکی لە تازەترین پڕۆژەی شانۆی ڕەزدا.. نیهاد جامی

لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی سارد لە ١٩٦٤ شانۆی ڕەز لەلایان ئاریانا منەشکین دامەزرا، هەر لەو ساڵەدا شانۆگەری بەرژوازی بچوکیان نمایش کرد، ئەو سەرەتایە دەرگای بە شانۆیەکی نوێ لە کردنەوە کە لەگەڵ ڕاگوزەرو چێنەتی کارکردنەوە لەدژی دامەزراوە سونەتیەکان دەست بەکاری شانۆیی بکەن، تا دەگات بە دوا نمایشیان کە ساڵی ڕابردوو نمایشکرا، چیرۆکی دامەزراندن و قسەکردن لەتەواوی نمایشکانیان بابەتکی سەربەخۆ دەبەت و لەڕەدا ناکرێت قسەی لەبارەوە بکەین و بەناچاری هەڵیدەگرین بۆ دەرفەتی تر، ئەوەی مەبەستمانە لەم نووسینەدا لەسەر دواهەمین نمایشی ئەم شانۆیە قسە بکەین.
لەنامەیەکی شانۆی ڕەز ئاماژە بە ئەوە دەکرێت کەوا ساڵی ٢٠١٨ میوانداری دەرهێنەر ڕەبەری لیپاچ کراوە، ئەمجارەشیان بانگهێشتی شانۆکارێکی تر کرا بۆ ئەوەی لەگەڵ شانۆی ڕەز کار بکات، بانگهێشتکردنی نوسەرو دەرهێنەرێکی ئەمریکی بۆ باسکردن لەشانۆی ستانسلاڤسکی بۆ خۆی پرسێکی گرنگی شانۆیە، کارێکە جێی هەڵوەستە و پرسیارکردنە، بۆتایبەت ئەو کارە تەواو ئەو دیدە باوەی ڕانردووی

شانۆکە تەکنیکەکانی لەووی راگوزارێک لە ناو تەکستدا کەوا لەسەرەتای کارکردنی شانۆی ئاژەڵدا هەبێت ئەم شانۆیە بەپێی ساڵانی کاری لەگەڵ دەرهێنەری جیاواز کردووەو دیدی بە شانۆگەری کردووە، بایە نوسەر و دەرهێنەری ئەمریکی ڕیشارد نیلسۆن (١) میوانداری کرا تا تازەترین کاری لەگەڵ ئەکتەرانی شانۆی ئاژەڵ نمایش بکات، کارەکەش شانۆنامەیەک بوو لەژێرناونیشانی «ژیانی ئەمە لەهونەردا» (٢) لەچەندین ئاستی جیاواز جێی گرنگی و بایەخە، دەقەکە ئاریانا منوشکین وەریگێڕاوە بە سەر زمانی فەرەنسی و لەکتێبێکدا چاپکراوە (٣)
شانۆنامەکە باس لەگەشتە هونەرییەکەی شانۆی هونەری مەسکە دەکات، کاتێک ساڵی ١٩٢٣ لەسالیادی بیست و پێنجەمینی تیپەکە سەفەر دەکەن بۆ ئەمریکا، بایە کارەکتەرو ناوەکانی وەک خۆی لەشانۆنامەکەدا بەکار هێناوەتەوە، تەنانەت ستانسلاڤسکی وەک دەرهێنەر ئاوێش لەناو ڕووداوەکاندایە، لەپاڵ ئەلگای خۆشویست وهاوسەری چەخۆف و کارەکتەرەکانیتر.
شانۆنامەکە بریتیە لە شەش دیمەن، دیمەنی سێیەم دوو بەشە، بەهۆی ئاوەی لەسەر دوو بیرەکە کار دەکات، دوو نامە هەیە بە سەرەتا و کۆتایی، کە زیاتر پەیامی ئاستوخێیە بە بینەر بە تێگەیشتن لەبیرەکەی نمایش و ئەنجامی کارەکە.
ڕووداوەکان هەر هەموویان لەیەک شوێن ڕوو دەدەن، کە هۆڵی ناخواردنە، لەدیمەنی یەکەمدا هاتنی تیپەکەیە بۆ ئەمریکا، ئەمە لەوەدا وێنەیەکی ڕوونمان بۆ شانۆنامەکە لا دروست دەبێت، باس لەگرفتە ئیداری و کولتوریەکانیان دەکەن لە ئەمریکا، هەندێک لە ئەکتەرەکان کەشیان لەگەڵ خاوەنی مەیخانەی شانۆکە هەیە، دیمەنێکە خاڵی نیە لەکۆمیدیایەک کە لەشانۆنامەکانی چەخۆف دەبینین، ئاوێش گۆڕانەوەی نووسەرە بۆ ئاو دنیایە، کە چۆن کارەکتەرەکانی چەخۆف کاریگەریەکی گرنگیان لەناو ژیاندا هەیە، ووشەکان چۆن بەناخیاندا دێنگ دەداتەوە، ئاوێش جیاوازی کولتوری ئاو دوو کەلگا جیاوازە نیشان دەدات، بگشتی شانۆنامەکە دەیەوێت گشتی شانۆی هونەری مەسکە بگێڕێتەوە، لێرەدا توژینەوەیەکی ورد لەبارەی ئاو گشتە دەخوێنێوەو دەبینین، ئاوەی جیاوازی دروست دەکات ئاوە شێوازو زمانی کارەکەیە، ئەمە لەدەرەوەی توژینەوەی نووسراو و سەپاندنی دەکیەمێنت لەناو ڕووداوەکاندایە، وەک ئاوەی لەناو خودی ژیاندا بین و ڕووداوەکان وەک شانۆنامە لەگەڵماندا دێدەکەن، لەراستیدا بابەت گشتەکی هونەری ئەم شانۆیە.
گفتوگۆکان چەندە قسە لەنان دروست کردن دەکەن، چاوەڕوانی کردن بە

نان خواردن، لەهەمان کاتدا گفتوگۆکان لەبارەی کارە شانۆییەکان و شانۆنامەکانی چێخۆف و باس لەئۆکتاڤیۆکە کە لەتەمەنی هەشت سالی هاملێتی بینیووە، بۆگشتی ژیانی ئەوان بەناو شانۆدا دەسوڕێتەوە.
قسەکردن لەکۆشۆ ئیداری و هونەریەکانی ئەم تیپە و تێنانێت سوور بوونی کەسێک لەئەمریکا بۆ بینینی ستانسلاڤسکی، دەبێتە بابەتی گفتوگۆی تیپەکە، ئۆکتاڤیۆکان بڕچاو هۆنیەکی تەواو دەخەنە ڕوو، بەوپەڕی ئەمریکیەکان وا سەیری دەکەن کە ئەو دەرهێنەرێکی ڕووسیە و دەوەستێت، ئەمە لەکۆتاییەکانی دیمەنی چوارەم کاتێک لەناو ئەو گفتوگۆیەداین، هەمیشە بەنهێنی نوێ ئاشنا دەبینین، لەگێشتی ئەو تیپە بۆ شیکاگۆی ئەمریکی.
ریشارد نیلسۆن کە کارێکتەرەکانی لەئێندامانی تیپەکە وەرگرتووەو لەسەر زاری خەیان باس لەوردەکاری ئەو سەفەرە دەکەن، دیمەنێت شانۆنامەکە بکات بۆ ئارگومێنتی ئەو گێشتە هونەریە، بەدوای سەد ساڵ تێپەڕین بەسەر گێشتی ئەو تیپە، شانۆنامەیەک دەنووسێت لەبارەی سەفەری گرنگترین تیپی شانۆیی و دەرهێنەرێکی وەک ستانسلاڤسکی، کە لەم سەفەرەدا کێشە کولتوری و سیاسی و کەسێتیەکانیان چی بووە.
بەهەمان شێوەی ستانسلاڤسکی، چێخۆف کاریگەریەکی دیاری لەناو شانۆنامەکەدا هەیە، بەڵام ئەو نابینین، بەڵکو قسەکردنەکان لەبارەی شانۆنامەکان و بۆتایبەت شانۆنامەی سێ خوشکەکە، ئەوە سەرباری ئەوەی ئاڵگا بەوردی باس لەژیان و نوسینەکانی دەکات.
سەرباری ئەوەی هەندێک نهێنی چێخۆف لەڕووی پەیوەندی نێوان ژیانی خەزانی وساتەکانی نووسین دەخرێتە ڕوو، بۆتایبەت لەباسکردنی خوشکەکەی چێخۆف کە بەڵشەفیک بووە.
وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد شانۆنامەکە بە نامەیەک دەست پێدەکات و بۆ نامەیەکیش کۆتایی دێت، نامەکەی کۆتایی کە ریشارد دەیخوێنێتەوە یانزە ساڵ بەسەر ڕووداوەکانی تێپەڕیووە، نامەیەکە بۆ ئیمزای ستانسلاڤسکی ستایشی شەرشی کۆمۆنیستی ڕووسی و حکومەتەکەی دەکات، بەوەی ئەو نیشتمانپەروەرو ولات و حکومەتەکەی خەی خێش دەوێت، لەگەڵ کۆتایی نامەکە ستانسلاڤسکی لەی نزیک دەبێتەوە، بەڵام ریشارد دەڵێت «ئەو ئەمەی نەنووسیوە، بەڵام ناچار بوو ئیمزا لەسەر ئەو نامەیە بکات» نامەکە دەپچڕێتەوەو دەیخاتەوە گیرفانی خەیەوە، دەچێتەوە لای ئۆکتاڕەکان، مۆسیقا و گۆرانی شانۆگەریەکە دەست پێدەکاتەوە، شانۆنامەکەش کۆتایی دێت.
ئەو کۆتاییە وەک پاکانێک بۆ سەفەرەکەی ئەمریکاو گێشتی شانۆکەی دەرکەوتووە، بۆ ئەوەی کۆتایی بەهەموو گومان و پرسیارێک بێنێت کە شانۆگەری سێ خوشک لە شیکاگۆی ئەمریکی دروستی کرد، ئەو کاریگەریە گرنگەی شانۆگەریەکە حکومەتی شورەویی ستانسلاڤسکی ناچار بوو

دەکات، نامەیەکی ئامادەکراو لەلایان حکومەتەوە ئیمزا بکات کە ئەو نووسیویەتی، تێنگەیشتنی ئەو پرسە گرنگی تایبەتی خۆی هەبێت لەقسەکردن و گفتوگۆکانی ناو شانۆنامەکە و پارتی بەلشەفیک کە لەم شانۆنامەیەدا ئەکتەرەکان گفتوگۆی لەبارەوە دەکەن و ئاماژەکان دەبەستنەوە بە خوشکەکەی چێخۆف، (٤) بەڵام چونکە لەنمایشکەی شیکاگۆ، ستانسلاڤسکی توانیەتی ئەوە لەکردەی دەرهێنان ڕوون بکاتەوە بەپێی ئەو ژینگە ئەمریکییە دوور لەدەسەلاتی ڕووسی ئەو کات، بۆیە تەمەتەکە دەخرێتە سەر ئەو، چێخۆف وەک بگونجاوە دەردەکەوێت، بەڵام لەلای ریشارد نیلسۆن هەکارەکە بە دەخی خەزانی چێخۆف خۆی دەگۆڕێندرێتەوە.
لەڕەوە گرنگی ئەم شانۆنامەیە لەچەندین ئاستی جیاواز دەردەکەوێت، کە دیارە ئەوە یەکەم کاری نووسەرە بە فۆنەسی نمایش بکرێت، کارەکە لەبنەڕەتدا بە ئینگلیزیی نووسراوە، کاتێک لەگەڵ منداڵشکین باسی کارەکە دەکات، ڕەزامەندی لەسەر ئەوە نیشان دەدات کە میوانداری بکۆن تا بەت لەشانۆی ڕۆژ لەگەڵ ئەوان کاری تیا بکات، (٥) هەڵبەت کارەکە هاوکاتی سەد ساڵەی گەشتی شانۆی هونەری مۆسکۆیە بە ئەمریکا.
گەڕانەوەی شانۆی ڕۆژ بە ستانسلاڤسکی، نیشاندانی پاشگەزبوونەوەی شانۆی ڕۆژ نیە بە ئەزموونکانی، هەندێ گەڕانەوەیە بە گرنگی ستانسلاڤسکی لەهونەری شانۆدا، بەتایبەت کە لەم شانۆنامەیەدا دیدی ئەو دەرهێنەرە لەگەڵ ئەکتەرەکانی بە تیەری دەرهێنان و شیکردنەوەی تێکست باس دەکرێت، لەم ڕوگایەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ نیشان دەدات کە گەڕانەوەکەی ئەو گەڕانەوەیە بۆ ناو بنەما زانستیەکانی شانۆ و لەهەمان کاتدا سەرباری هەموو شتێک، ناکرێ شانۆ ڕۆلی گرنگی ستانسلاڤسکی فەرامۆش بکات.
هاودەنگی نێوان نیلسۆن و شانۆی ڕۆژ کەبونەوەیە لەسەر خوانی شانۆنامەکە، گرنگی ستانسلاڤسکی لەو کەبونەوەیەدا زیاتر لە دیمەنی سێیەمدا دەیبینین، کاتێک باسی ژنێک دەکۆن و هەمویان لەدیالۆگەکەدا بەشدارن، شێوازێکە بە شیکردنەوەی کارەکتەر، لەم دیمەنەوە تەدەگەیت ستانسلاڤسکی لەڕۆی شانۆیەکەیەوە دەیەوێت توێژینەوە لەبارەی ژیانەوە بکات، لەڕەدا گەر خاڵێک شانۆی ڕۆژ بەدرێژایی ئەزموونی کارکردنی لەڕۆی فەرمی جیاوازەوە ئەو کارە بۆئەنجام بگەیەنێت، سەرەنجام بە شیکردنەوەی کارەکتەر دەگەڕێتەوە بە ستانسلاڤسکی لەڕۆی ئەم شانۆنامەیەوە.
لەڕەدا دوو خاڵی گرنگ لەپشت نووسینی ئەم شانۆنامەیە بە نووسەر وەستاوە، یەکەمیان کاردانەوەیەکی ئەخلاقیە بەرامبەر بەو تیپە شانۆیە کە سەد ساڵ پێشتر چوونەتە وڵاتەکەی، بەپێی دەکیەمێنتەکان کە لەوتارەکدا بەدوای شانۆنامەکە نووسیویەتی و لەکتێبەکە لەگەڵ

وتارێکی منەشکین و گفتوگۆیەکی هەردووکیان بەاوکراوەتەوە، ئاماژە بە ئەو دۆکات کە چەن بینەران بە وروژم بەرەو هۆی شانۆگەریەکە هاتونەتە تا کارەکەی شانۆکارانی ڕووسی ببینن.
خاڵی دووەمیش وابەستەی ئەو ململانێ سیاسیەی ئەو دوو بلۆکی سۆسیالیستی و سەرمایەداریەی ئەو ڕۆژگارە بووە، کە دواتر ئیمزا لەسەر نامەیەک بە ستانسلاڤسکی دەکەن، لەکاتێکدا نمایشکەی وەک دەسەلاتێکی هونەری سەربەخۆ دیدی ئەوی بەرجەستە کردووە، بەڵام وەک نیلسۆن لەو گفتوگۆیەکەی وەب سایتی «کتێب و فیکرەکان» بەناوی «سەدەی ستانسلاڤسکی» بە زمانی ئینگلیزیی بەاو بۆتەوە، ئاماژە بە ئەو دۆکات کە شانۆ و سیاسەت لەیەکتر دانابڕاون، دیارە ئەو ڕوانینەی نیلسۆن بە ستانسلاڤسکیش هەر ڕاستە، بەڵام پرسەکە ئەویە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەدوای کۆتایی هاتنی، ناتوانێت ستەمی سەپێنراوی تا کۆتایی حاقیقەت بشارێتەوە، حەقیقەت لەکاری هونەریە، ئەو دەت بەدوای مەرگی بلۆکی سۆسیالیستی لەم شانۆنامەیەدا بوونی خۆی دوای سەدەیەک نیشان دەداتەوە.

نیهاد جامی- فەرەنسا

پەراوێز و سەرچاوەکان:
(١) ریتشارد نیلسۆن شانۆنوس و دەرهێنەرێکی ئەمریکیە لە دایکبوی ١٩٥٠، وەک نووسەری شانۆیی بیست و چوار خۆلاتی وەرگرتووە، پێنجا و دوو شانۆنامەی نووسیوە، هەندێکیان لەتێکستی ترۆە وەرگیراون، بەتایبەت دوو کاری لە دوو شانۆنامەی چێخۆف وەرگرتووە، پێنج شانۆنامەی بە تادیە نووسیوە، سیناریۆی بە پێنج فیلمیش نووسیوە، دواهەمین بەرهەمی سالی ٢٠٢٤ نووسیوە لەژێر ناوی «ڕۆژانەی جەنگ و شانۆ»
Notre vie dans l’art /Richard Nelson, l’avant-scène théâtre(٢) 2023
(٣) یەکەم نمایشی شانۆنامەکە لە ڕۆژی ٦ ی دیسەمبەری ٢٠٢٣، چوارچێوەی فێستقالی پایزدا نمایش کرا.
(٤) بەبۆای ئەم ئەو پرسە تا ئێستا لەنووسینی کوردیی لەبارەی سۆ خوشکەکەی چێخۆف باسی نەکراوە، بەیە هەر وتارێک لەبارەی ئەم شانۆنامەیە نووسرابێت تەنیا هەوڵدراوە، باس لەوە بکرێت کە نووسراوە، بەواتای توانای ئەوە نەبووە کە نهێنی نووسین ئاشکرا بکات.
Stanislavski’s century, an interview with Richard Nelson, (٥)

کاریگەرییەکانی شانۆ لەنێو کۆمەڵگادا.. کامەران حاجی ئەلیاس

ئەگەر ئاوەژووی لە هەوڵەوەی ژیان لە رابردوو و لە ئێستاش دا بدەینەوە هونەری شانۆ هەمیشە فاکتەرێك بووە بۆ ڕۆشنبیرو هۆشیارکردنەوەی جەماوەر،زمانێك بووە بۆ گوزراشتکردن لە هەست و سۆز وچێژ بەخشین و ستایکا و داهێنان... شانۆ هەردەم ئاوێنەی گەل بووە گوزارشتی لە ناسەریەکانی کردوە لەرگەی تیشك خستنە سەر لایەنەکانی ژیانی نێو کۆمەڵگا زەرجاریش چارەسەری بۆکێشەکان دەزیوەتەوە بۆتە هۆی هۆشیاری و هەستانەوەی کۆمەڵگا.. هونەرو ئەدەب بەپێی قۆناغەکانی ژیان کاریگەری خۆی هەبووە لە ئاراستە کردنی کۆمەڵگا لەنێو هەموشیان هونەری شانۆ چونکە هونەری شانۆ بەهۆی ئاوەژی زەربەی ڕاگەزەکانی ئەدەب و هونەر لە خەدگرتن لەهەمان کات دا راستەوخۆ ڕووبەڕووی بینەران دەبێتەوەو هەستوکەوت لەگەڵ کۆمەڵگا دەکات کاریگەری زیاترە لە هونەرکانی تر هەربۆیە شانۆ لە هەموو سەردەمکانی ئامادەیی هەبووە کەئامانجی لێی تێنیا کات بەسەربردن نیێە وەکو هەندێ کەس وای بۆ دەچن بەڵکو هەمیشە ئامانجی سەرەکی بریتی بووە لە هۆشارکردنەوەی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی وەکو ڕۆشنبیری، ئایینی، ئابووری ،رامیاری ... لەم وڕانگەوە دەرهێنەری ئەمانی بەرتەسد بریشت دەڵێت " بینەر گرنگترین و سەرەکیترین توخمی پێکهاتەی نمایشە شانۆییەکانە تەکستە شانۆییەکان بۆ ئەو نووسراون ، بۆئەوەی بیر بکاتەو تەرامانەکانی لە واقع بکات هەڵوەستی وە هەبێت لەسەر کەی کارە شانۆییەکان دا". شانۆ دەتوانێن تەوی مرۆڤایەتی نیشتیمان پەروەری لە نێو نەوەکان دا چەگەر بکات سەردەمکانی رابردووش ئەمەی بۆ سەلماندووین هەر بەهۆی ئەو کاریگەرییەی شانۆدا هەیەتی لەسەر کۆمەڵگا زەرەك لە دەسەڵاتداران لە سەردەمی کۆن و لە سەردەمی ئێستاش دا هەوڵیان داوە شانۆکاران بەلای خۆیان رابکێشن

بەئاوەی لەرگەی ئاوان جەماوەر بکەنە بەلایەنگرانی خەیان و لەبەرژەوەندی خەیان بکار بهێنن، بەڵام هەردەم بەشی زۆری هونەرمەندانی شانۆ لەبەری گەل بوونە بگرە زەرجار بوونەتە قوربانی زۆریان لە پێناو ئاو هونەرە داوە.
بەهەی ئاوەی هونەری شانۆ لایەنکی سەرکیبە بە بنیاد نانی تاك لەبەرئاوە تایبەت نەبووە بە چینك یان تەمەنکی دیارکراوی نەو کەڵگا تا ئاو رادەیەی لە بواری پەروەردەش رۆڵی کاریگەری خەی هەبووە بەتایبەتیش لەرگەی شانۆی منداڵ وشانۆیی قوتابخانە و شانۆی زانکۆ..
پەیامی شانۆ هەمیشە پەیامی لەبووردەیی و خۆشویستی بووە بەیە دەبە گرنگی زۆری پەبدرەت لەو کاتەی ئەم هونەرە رۆڵکی کاریگەری هەیە لە پەگەیاندنی تاك لە نەو هەر کەڵگایك دا… مەژووی شانۆی کورد لە سەدەیك زیاترە، بەڵام بەداخەوە ئەمەی شانۆکار تائێستا نەمان توانیوە رۆبازك یاخود رۆچکەیکی تایبەت بەشانۆی کوردیمان هەبەت هەکاریش زۆرن..لەسەری هەموشیانە نەبوونی سەنتەرکی کەکەرەوەی شانۆکاران بە ئاوەی سەرجەم شانۆکاران لەهەر چوار پارچەی کوردستان بیروڕاکان ئاوگەر بکەن بە ئاوەی ئاو پارتەوازەی شانۆکاران کەبکاتەوە .
بەهەی پەشکەوتنی تەکنەلۆژیا و سەرقاڵ بوونی خەڵك لەرەولەوە گەرانکاری بەسەردا هاتووە بە واتایەکی تر تووشی قەیران بووە بەتایبەتی لە کوردستان بەڵام شانۆ هەمیشە ئامادەبوون و کاریگەری خۆی لە دەست نەداوە خۆگەر لە ئەسادا سەیری ئاستی شانۆ لە وڵاتانی ئەوروپی و دەروەوبەری دەرەوەی کوردستان بکەین رۆژانە چەندین نمایشی شانۆیی پەشکەش دەکرێن بگرە دەبە بینەر چەند رۆژك نەرە بە نمایشکان بگرێت لە هەمان کاتیشدا سەرجەم نمایشکان بە پلیت بگرە نرخی پلیتکانیش زۆر گرانن ..بەهیوایەی لە داهاتوودا بەرپرسان ئاوەکی جدی لەو پرسە بدەنەوە شانۆی کوردیش بگاتە ئاست شانۆیی جیهانی .

کتێب\ ژیریی دەستکردی

سەرمایەداری، بەرەنگاری چەپ و بەدیلی گونجاو.. رزگار ئاکرەیی

"ژیریی دەستکردی سەرمایەداری، بەرەنگاری چەپ و بەدیلی گونجاو" بە زمانی کوردی بۆ کراوەو. کتێبێکە بەخۆایی بەردەستە و وەڵامی پرسیارێکی بنەڕەتی دەداتەوە: ئایا تەکنەلۆژیا لە خزمەتی سەرمایەیە یان ئامرازێکە بۆ ئازادی؟

دابەزاندنی ڕاستەوخۆ:
https://rezgar.com/books/i.asp?bid=5
بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە کلیکی ئێرە بکە..

RezgarAkrawi_AI_KurdiDownload

کولتووری سۆقیەت.. نەوزاد بەندی

سیستمی فەرمانڕەوایی عێراق هەتاکو کۆتایی فەرمانڕەوایی ئەحمەد حەسەن بەکر ساڵی 1979 سیستمێکی شارستانیی مۆدێرن بوو، دوور لە دەسەڵاتی خێزان و تیرە و خێڵ، بە نمونە کوڕ و کچ و برا و خوشک و ئامۆزا و زاوا و خاڵزا و مام و خاڵکانی عەبدولکەریم قاسم و ئەحمەد حەسەن بەکر، کەس نەیئەناسین و دیار نەبوون، هیچ دەسەڵات و پۆست و پلە و پایەیەکی فەرمانڕەواییان لە وەاتدا نەبوو، واتا وەک هەر سەرۆک کۆمارێکی شارستانیی مۆدێرن، کەسانێکی ئاسایی بوون، بەڵام کاتێک سەدام حسەن هاتە سەر کورسی دەسەڵات، یەکسەر خێزوور و ژن و کوڕ و کچ و زاوا و ژنبرا و خاڵ و مام و ئامۆزا و خاڵزا و پاسەوانە تایبەتەکانی سەدام لە شانی سیاسەتا قوت بوونەوە، هەر یەکەکیان پلە و پۆست و دەسەڵاتی خۆی وەرگرت، ئیدی کوڵی بکژ و ببە، ئامۆزای سەرسەریی و خێزووری چەقەکەش و جەرەها دانەدە و تاوانباری بنەماڵەی سەدام وەک گورگ بەربونە گیانی میللەتانی عێراق، یاسا و دەستوور کوتە ژێر پێاوەکانیان، بە جۆرێک هاووڵاتیانی عێراقیان وەک مەش و مێگەز تەماشا ئەکرد و بە ئارەزووی خۆیان ئەیانکوشتن و زیندان و ئەشکەنجە و بزریان ئەکردن. داهاتی ووڵات وەک میراتیی بنەماڵەکەیانی لێهات و بە بە سنوور

تەخشان و پەخشانیان دەکرد بە نمونە کەمپانیای تایبەت بە پیکەر و وێنە زبڵاحەکانی سەرەک و خزمەکانی لە ووڵاتی ئیتاڵیای سەنتەری پیکەرتاشیی جیهان، دامەزرێنرابوو، ئەوە لە کاتێکدا سەربازێکی سوپاکەی بە مانگانەی تەنها 21 دینار، پاڵکەشی بەرەکانی جەنگ گاتەجاڵیەکانی ئەکرا و ڕاحی ئەکەشرا.
لە دوای ڕوخانی ئەو ڕژێمە ترسناکە گاتەجاڵە، گەلانی عێراق بە تەمای سیستەمێکی فەرمانڕەوایی مۆدێرن و تەکنەکرات بوون، بەڵام جێگای پەکەنینە کە نەک هەر ئەو کولتوورە سەقەتەی سەدام قەناچە نەکرا، بەڵکو بە زیادەڕەویەوە پێڕەویی لێکرایەوە، بە جۆرێک ئەگەر سەدام سەدەیەک عێراقی دواخستبێ، ئەوانەی دوای خێ هەزاران ساڵ عێراقیان بە قوڵدا برد، ئەوەتا بەچاوی سەر ئەبینین لە سەرتاسەری عێراقدا، کوێ و کچ و خزم و یار و یاوەری سەرەک و سەرۆک حیزب و بنەماڵە و تیرە و هۆزەکان، هەمووێان بەیار بە دەست و بکوژ و ببەن، شازادە و ملیاردێرن، بە باکانە سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی نیشتمان بە هەدەر دەدەن، نەخوێندەوار و گەمژە و هەوەسباز و ملهوڕ، هەموو ڕۆژ و شەرم و شکێکیان لە هەڵگیراوە، ڕۆژانە دیان جار یاسا و دەستووری ووڵات وەک جووتە پێاو لە پە دەکەن، هەرچیەکیان بوێت، بە چەقۆنێک دەستیان ئەکەوێت تەنانەت بەوانامەی دکتۆرا و سەرکایەتیی زانکۆ، لە هەموو بەها ڕەوشتی و ئاینیی و مرۆڤایەتیەکان داشڕاونەتەوە، هیچ حیسابەک بە عەقڵ و لۆژیک و مێژوو ناکەن، ڕۆژنامە و بیریار و نووسەری ئەپێزیسیۆن وەک گیزەی مەشولە تەماشا ئەکەن و هەر کاتێک گیزەکە بەزاری کردن، بە سپرایەکی پف پاف لەناویان ئەبەن.
ئەم کولتوورە سەقەتەی سەدام بووەتە مەزهەب و ئاینی هەموو کاربەدەستانی عێراق، لە بەرەوبەری دەزگایەکی بچووکەوە، هەتا ئۆگات بە سەرکەکانی ووڵات.واتا ئەگەر جاران یەک سەدام هەبووبێ ، ئێستا دیان هەزار سەدام لە ووڵات بەڵاسە بوون و سمکۆ ئەکەن و جووتە ئەوشێنن، جوگرافیا و ئابووری و کەمەڵایەتیی و زانست و هونەر و ئەدەب و مێژوو و ڕەوشت و هەموو بەهاکانی مرۆڤ ئەشوێنن و باکیان نییە، لەناو غەریزە و حەزە حەیوانییەکانیاندا نوقوم بوون و بە یەک چرکەیش، بچوکترین ڕەخنە لە خۆیان ناگرن. جارکیان پیاوەکی کوێر خێ ئۆگایەنتە سەدام پێی ئەڵێ : گەورەم ! بەڵێ بەرایەتیی هات و چە مەڵەتی شۆفڕییم نادەنێ، ئەڵێن کوێریت.
سەدام حسێن یاسا و لۆژیکی لە پە کردبوو، لە لوتکەی بەڵاسە بوون و خە بە خۆا زانیندا، بە کوێرەکەی ووت : سەبەینێ بەڕێ بەڕێوبەرایەتیی هات و چە پێیان بڵێ : سەدام حسێن ئەڵێ مەڵەتی شوفڕیی بدەنێ !!..

ئەم دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە 20 ساڵ بەسەر لە سەدارەدانی سەدامدا، برادەرێک ووتی : ئوتومبیلەکم لە بەرپرسێک کڕی، تابلۆکەی هی بەغدا بوو، پێم وت میرم بۆم بە هەولێر بۆ ئەوەی سانا نەکەی بخەمە سەرخۆم ؟
بەرپرسەکە پێی وتبوو : هەولێری ناوە، بۆ هات و چۆی سلێمانی بۆ هی فانۆ، تابلۆکەت بۆ دەگۆڕن بۆ سلێمانی!
جێی پێکەنینە سەرێک خۆی وای تێدایە تابلۆی کەمۆک لە ئوتومبیلەکانی هەمان ژمارەن.. هههههه..یان تابلۆیان هەر نییە، کوێی بەر پرس هەیە کەسێکی بە بە تاوان کوشتوە، فەخامەتی باوکی نێهشتووە کۆڵە پیاو کوژەکەی تەنانەت یەک شەویش لە زیندان بە، بە بەغدا بەری زیندانی ووتوە : من لەم شارەدا نوێنەری یاسام، واتا نوێنەری یاسا هاتووە ئەم کۆڵە لە زیندان بهێنمتە دەرەوە ..هههههه .. ئەم چەند گالتەجاڕ و لە هەمان کاتدا خەمگینیشە ..چەند نمونەیەکی خەرام هەنایەوە تاکو حوکمی خۆی و لەپێکردنی یاسا لە سەردەمی سەدامەوە هەتا ئەمڕۆ، هەوونتر بکەینەوە.
گەلێک کولتووری سەقەتی تر هەیە کە بە ئاگاداریی و بە ئاگاداریی، دەسەڵات و میللەت پێکەوە پێیەوی لە دەکەن، بووە بە داب و نەریت، ناتوانن لێی لا بدەن. بە نمونە لە سەردەمی سەدامی سەرکخۆدا، لە شارەکانی کوردستاندا لە ئەوارەوە خۆکەکە دوکان و بازاڕیان چۆل ئەکرد و لە ماڵەکانیاندا جگیر دەبوون، چونکە شەوان لە زەربەی شارەچکە و شارەکانی کوردستاندا قەدەغەی هات و چۆ بوو، بە نمونە خەم زیاتر لە جارێک کاتێ ئاستەم لە کەرکوکەوە ە بە سلێمانی بووە، سەعات 5 ی ئێوارە، لە بازگەکە، ڕێگایان نەداوم و گەڕنراومەتەوە بە کەرکوک.
(٢) ئاکسێل ژا نیکی لەدایکبوی ١٩٧٢ ژنە نوسەرێکی فەڕەنسی بە نژاد کامیرۆنیە، سەرەتا وەک فۆتۆگرافەر ماوەی پانزە ساڵ کاری کردووە، دواتر هەوە دەکاتە نووسین و گۆشەی رۆژنامەوانی، دوای ئەوەش وەب سایتێکی تایبەت بە پەیوەندی سەزداری ژنانی هەش پێست داناوە، هەورەها چەندین پەدکاستی کردووە، لەبارەی تووندوتیژی دژی ژنانی هەشپێست و تووندوتیژی سێکسی دژی منالانی هەش پێست لەماڵەکاندا، هەروەها بەیەکەم کتێبی لەژێر ناوی "رۆژمێری ژنانەی رەشپێشت" خۆی وەک نوسەرێک ناوبانگی دەرکرد.

(٣) ماریا لا هیا، لەدایکبوی ١٩٧٩ ی شاری بلباوی ئیسپانیایە، لە فەرەنسا ژیاوەو کارەکانی لەپاریس ئەنجام دەدات، نوسەرو سینارێست و دەرهێنەرە، ساڵی ٢٠٢٢ بە یەکەم رۆمانی خۆلاتێکی ئەدەبی وەردەگرێت، وەک رۆمانووسێک دەبێتە جێگای سەرنجی رۆخنەگران، لە ٢٠٠٤ تا ٢٠١٥ پێنج کورتە فیلمی دروست کردووە، ئەو شانۆنامەیە تازەترین بەرهەمی ئەدەبیەتی.

(٤) کەلەمب شنێک، لەدایکبووی ١٩٦٦ ی شاری پاریس، رۆمانووس و رۆژنامەنووس و دەرهێنەری دەکەمێنتاریە، خاوەنی چوار خەڵاتە.

(٥) کلەر شەزال، لەدایکبوی 1956 فەرەنسایە، رۆژنامەنووسێکی ناسراوی فەڕەنسیە، لەبواری تەلەفزیۆن و رۆژنامە و رادیۆ ناسراوە، لەژێربەی ئەو فیلمە سینەمایانەی وەک ئەکتەر بەشداری کردووە رۆڵی بەژێری تەلەڤزیۆنی پەدراوە، خاوەنی دوو رۆمان و یادداشتێکی چاپکراوە، هەروەها کتێبی دەنگیشی هەیە، لەئێستاشدا هەموو ئەوارێیکی سێ شەممان لەکاتژمێر حەوتی ئەوارە بکاتی پاریس لەسەر

شانۆی پاریس تێکستی "جەم بهەلە" ی مارسێل سوۆژو دەخوێنتەوە، پێشتریش ئەزمونێکیتری لەو بارەیە هەبوو، کاتێک لەنێوان شوبات و نیسانی ٢٠٠٨ تێکستی " رۆژنامەی هەلین" دەخوێندەوە.
(٦) عالیە عەتایی رۆمانوسکی ئێرانی- ئەفگانیە (1980) سیناریۆی فیلم و کورتە چیرۆکیش دەنووسێت، چەندین خەڵاتی ئەدەبی وەرگرتووە، لەئێراندا بەزمانی فارسی پێنج کتێبی چاپکردووە، ئەم شانۆنامەیەی یەکەم کاریەتی بە زمانی فەرەنسی، کە پێشوازیەکی باشی لێکراو کارەکەی خراوەتە سەر شانۆش
(٧) کلەی مونس، گەرانی بەژن و ئێکتەرە، لەدایکبووی شاری لیلی فەڕەنسایە لە ١٩٧٢، خاوەنی دە ئەلبومی گەرانیە، لە ١٩٩٩ بەرەو دنیای سینەما رێیشتووە و دواتر ووی کردەتە شانۆش، لەگەڵ دەرهێنەر ئالان کلینگلەر دەستی بەکاری شانۆیی کردووە، سەرەتا لە ٢٠١٦ وەک لەنمایشکی شانۆیی میوزیکال بەشداری کردووە بەناوی "هیچ شتێکم نیە دژی شەوی سەری ساڵ" لە ٢٠١٩ لەگەڵ هەمان دەرهێنەر سەر لەنوێ لەشانۆدا بەشداری دەکات بە نمایشی "من نەرگسی نیم" کە لەچوارچێوەی فێستقال ئێڤینیۆنی شانۆیی پێشکەش دەکرێت، لە سالی ٢٠٢٣ هەمان نمایش بە ماوەی پێنج هەفتە لەسەر شانۆ بەردەوام بوو.
(٨) La Nuit neuf pièces courtes, L'avant-scène théâtre-janvier 2024, page 92.
(٩) ئەدەلین دیدەنێ، لەدایکبووی 1982 بەلژیکا، نوسەر و ئێکتەرە، براوەی خەلاتی فیدراسیۆنی والۆنیایە لە بەلژیکا بە کورتە چیرۆکێک، یەکەم کتێبی جاپکراوی نامیلکەیەک بوو بەناونیشانی "تۆنیا لەتاریکیدا" ، لەسالی ٢٠١٧ یەکەم شانۆنامەی خۆی بلاو کردەوە، سالی دواتر رۆمانێکی نووسی و خەلاتی پێ وەرگرت، دووەم رۆمانیشی لە ٢٠٢١ بلاو کردەتەوە.
(١٠) ڤیکتوار تواین، لەدایکبووی 1989 ی پاریس، نوسەر و رۆژنامەنووس, دوو کتێبی چاپکراوی هەیە، لەدووتوێی بەرنامەکانی ڕادیۆ و کارە رۆژنامەوانیەکانی بەوە ناسراوە رۆخنە لەبیرکردنەوەی پیاوبوون دەگرێت، بەر لەوەی ئیمتیازات بێت، بریتیە لە بنیاتنان، لەدیدی فەمینیستیەوە ڕۆخنە ئاراستەی توندوتیژی پیاو دەگرێت.
(١١) ژوفرین دونادیو، لەدایکبووی ١٩٩٠ فەرەنسا، نووسەرە، سالی ٢٠١٩ یەکەم رۆمانی خۆی نووسی بەناوی "چیرۆکی فەرەنسا" کە دەزگای گالیمار چاپی کرد باس لە ونبونی منداڵێک دەکات، لە رۆمانی دووەمیدا بەناوی "سەگ و گورگ" سالی ٢٠٢٢ لەلایان دەزگای گالیمار چاپکراوە، منداڵە ونبوەکەی ڕۆمانی یەکەم، لەم رۆمانەی دووەمدا دەدەزرێتەوە، خاوەنی خەلاتی فلڕایە لە ٢٠٢٢.
(١٢) ئێڤا یۆنسکۆ، لەدایکبووی ١٩٦٥ ی پاریس، بە ڕۆچەڵەک ڕۆمانیە،

ئەو بە خەی لەشانەدا زیاتر وەک ئەکتەر دەرکەوتووە، بەلام لەسینەمادا سەرباری کاری نواندن وەک سینارەست و دەرهێنەری سینەمایی ناسراوە، دایکی هونەرمەندکی بواری فۆتگراف بووە، بەو هۆیەوە لەمندالیدا ئاکەشراوەتە ناو کاری فۆتیەکانی دایکی و چەند فۆتگرافەرکەوە، ئەو منالی و هەرزکاری ئاسایی تێنەپەیووە لەلایەک لەهەندەک وێنەی فۆتگرافی جێستەی ڕووتی نیشان دەدرێت، تا لەسەرەتای هەرزکاریدا وێنەی ڕووتی وەک نمایشکار لەسەر بەرگی گۆڤارو ڕۆژنامە بلاو دەبێتەوە، سەرباری دوبارەکردنەوەی ئەو دیمەنانە لە چەندین فیلمدا، ئەوەش دەبێتە هەکاری ئەوەی کە هاوڕکانی تا ڕادەیەکی زۆری خەیانی لە بەدوور بگرن، سەرباری ئەوەی ئاودەی ماددەی بەهەشبەر دەبێت و بەو هۆیەوە لە دایکی دوور دەخرێتەوە، سەرەتای ڕاستەقینەی کاری هونەری ئەو بە سالی ١٩٨٧ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی پەیوەندی دەکات بە تیپەکی شانۆیی، لە ٢٠١١ وەکو دەرهێنەر یەکەم فیلمی سینەمایی خۆی دروست دەکات، لە ٢٠١٧ ڕەمانی پاکیزەیی دەنووسێت کە پشتی بەستووە بە تەواوی ژیاننامەی خۆی، لە ٢٠١٩ دووەم فیلمیش دروست دەکات.

(١٣) ئوریلی سادە، لەدایکبونی ١٩٧٨ ی پاریس، ئەکتەر و دەرهێنەرە، لەپاڵ ئەوەشدا گەرانی بەژەو تەکستی زەربەی گەرانیەکانیشی خۆی دەینووسێت، لە سالی ١٩٩٥ دەستی کرد بە کارکردن لەسینەمادا، تاوەکو سالی ٢٠٠٨ بەردەوام بووەو لەو ماوەیەدا لە هەشت فیلمی سینەمایی بەشداری کردووە، لە شەش بەرهەمی تەلەفزیۆنیش بەشداری کردووە، لە ٢٠٢٤ لەشانۆگەریەک وەک ئەکتەر کاری کردووە.

(١٤) La Nuit neuf pièces courtes, L’avant-scène théâtre- janvier 2024, page 99

(١٥) دەستەواژەی یاریکردن لەئەدەبی شانۆنامەی فەرەنسیدا، وەک دەرکەردن لە پەیوەندی خەشویستی دێت، ئەگەر بەهەڵەدا نەچین دەتوانین ئەوە بگەنینەوە بە ناونیشانی شانۆنامەکەی شانۆسی فەرەنسی ئەلفرەد دو موسیە لەژێر ناوی «ئەمە یاری لەگەڵ خەشویستی ناکەین” کە سالی ١٨٣٤ نووسیویەتی.

(١٦) لەڕادا کارەکتەری ژنەکە ڕەک تەواو پێچەوانەی کارەکتەری نورای «مالی بووکە شووشە» ی ئێپسنە، نورا یاخی دەبێت و مندال و مەرد لەماڵ بەجێ دەهێڵێت، بەڵام کارەکتەری شانۆنامەکەی ئوریلی تەواو بەپێچەوانەوە نایەوێت مەرد بەوات و لەگەڵ منداڵەکان بەتەنیا لەماڵ بمێنێتەوە

ئەسپەکە مردار بوو گورەکەکەش تەپی!.. سەدیق سەعید هەواندزی

کاری هونەرمەندێتی، وەک هەر بوارێکی دیکەی پیشەیی و فەرهەنگی، کە دەچنە نێو شوناسی کولتووریی و فەرهەنگییەوە، کارێکی پیشەمەند و گرنگە، چونکە گەر هونەرمەندێکی ئەکتیڤی نێو هەوداوەکانی ژیان نەبێت، بەگومان شتێك بە ناوی هەوماکردنی هەوال، هەوداو و کارساتەکان نابێت، بۆیە هونەرمەندێکی دیکەی فەرهەنگی، هەستیار و تایبەتمەندانەیە، کە وەک هەر ژانرێکی دیکەی فەرهەنگی، جۆرێك لەخاسیەتمەندی خۆی هەیە، بەو مانایەی وەک چۆن ناشێ هەموو کەس هونەرمەندێك بێت، بەو شێوەیش ناشێ هەموو کەس بکرێتە هونەرمەندێکی ئەو شوناسە پیشەیە بێت.

لە هەرەمی کوردستاندا، بە هەزاران هونەرمەند، دەزگای ئاگەیاندن، مینبەری چاپ و بڵاوکردنەوە هەن، کە هونەرمەندێکی بەردەوام هەوماڵی هەوال و بەدواداچوون و هەوداوەکانی کۆمەڵگە دەکەن، بەڵام گەر لە هەوی تایبەتمەندیی و پیشەییەوە بوانینە ئەو هەموو کەناڵ و هونەرمەندووسانە، ئەوا جۆرێك لە بە بەهاکردنی کاری هونەرمەندووسی لە کەوتەوە، بە جۆرێك کە مایك بەدەست و هونەرمەندووسی پرۆفیشنال و خاوەن ئیتیك تێکەبوونە. ئەم بگشتیکردن و بە میللیکردنەی کاری هونەرمەندووسی لە هەرەمی کوردستاندا، بە پلەی یەکەم سەندیکای هونەرمەندووسان لێی بەرپرسیارە، ئەویش لە ڕووی ئەو یاسایەی داینا و کە شوناسی هونەرمەندووسی بە جۆرێك بە هەبوونی هیچ مەرجێك دیاریکردووە، کە بشێ هەموو کەسێك بە نەخوێندەوارەکانیشەوە ببنە هونەرمەندووس. ئەم جۆرە لە بە ئاوامکردنەی کاری هونەرمەندووسی، زەمینەیەکی هەناوەتە ئاراوە، کە ئێستا لە هەرەمی کوردستاندا، خێرکی بە خێشی و توانجەوە بە هونەرمەندووسان دەڵێن مایك بەدەست! بەگومان وەک چۆن مرۆڤ بە ئەزموونکی درۆژی خوێندەوە و هەبوونی باکگراوەندکی گەورەی هوشنبیریی ناتوانێت بنووسێت، بەو شێوەیە دەبە هونەرمەندووسیش زادەی هوشنبیریەکی گەورە و زمانزانیەکی ورد و کەسکی شارەزا بێت لە هەموو بوارێك بە ئەوەی بشێ وەک هونەرمەندووس کار بکات و ئیدی بزانێت کامە گیانەوەر (مردار دەبەتەوە کامەشیانە دەتەپێت) کە بەداخەوە دەیان جار لە میانەی

ووماڵکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیدا، ئەم هەڵەیەم خوێندەوە و کۆتەتە بەرچاو. بگرە ڕۆژنامەنووس هەیە جیاوازی لە نێوان (تشرینی یەکەم) و (تشرینی دووەم) لە ووی ژمارەییەوە ناکات ! جیاوازی لە نێوان وڵاتانی (نیجەر) و (نیجیریا) نەکردووە و وادەزانێت هەردووکیان یەکن ! دەیان جار کۆتەتە بەرچاوم کە نووسیوانە وڵاتی ئۆفریقای باشوور لە کاتێکدا وڵاتێك بەو ناوەوە نییە، بەڵکو ئۆوی هەیە وڵاتی (باشووری ئۆفریقیایە). ماڵپڕێ هەیە دەنووسێت:_(بۆفر بارین لە گەرمیان مسۆگەر بووە) وەك ئۆوی ئۆوان لای خوداوە هاتبن، یان لە پێشبینیکانی گەردوونی و کەش و هەوا، زانامەندترو زانستیتر بن؟ ئاخر لە کوێ بۆفر بارین گرێنتی هەیە، چ جای ئۆوی ئۆو شوێنێ گەرمیانیش بێت؟ دەزگای ڕاگەیاندن هەیە، جیاوازی لە نێوان سەرکی (باشووری سودان) و وەزیری دەرەوەی (چاد) نەکردووە و وێنەی سلفاکەر میاردەتیان داناوە، کە گوایا وێنەی وەزیری دەرەوەی چادە. بریا ئەو هەواڵانەم دیکەمێنت دەکرد. ڕۆژنامەنووس هەیە، نازانێ سەروبنی هەواڵ، زمان، داڕشتنی هەواڵ چییەو چۆنە، کەچی هەر ڕۆژە بە پارەی زیاتر لە کۆنەکە. ئەگەر تا دوێنێ، سیاسییەکان نموونەی ناشیرینی سەنگەر گرتین و هەڵوەست فرەشی و بیرو باوەڕ فرشی بووبن لە پێناو پارەدا، ئەوا ئەمڕۆ ئەوان تەز لە دوو ڕۆژنامەنووسان ناکەن! مەگەر ڕۆژ هەیە ڕۆژنامەنووسێك نەچێتە ئەو کۆنەانەی بە پارەی خەیاڵی نەوتی ئەم میللەتە پەخشی بەرنامەکانیان دەکەن؟ سەرنج بدەن، ئەن ئارتی دەیان ڕۆژنامەنووسی نەناسراوی پێ گەیاند و دروست کردو فێری کردن هەواڵ و ڕۆژنامە و بەرنامە و کاری ڕۆژنامەنووسی چییە، کەچی دواتر ئەوانە چیان کرد؟ مەگەر خەیان نەفرەشتە کۆنەکانی سەر بە دەسەڵات؟ ئەم بە بەهایبوونی کاری ڕۆژنامەنووسی لە نەو ئەمدا، بەرهەمی ئەو هەزاران بە ناو ڕۆژنامەنووسەیە، کە گوایا خاوەن ئیتیك و پیشەمەند و کاری ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشنانەن، لە کاتێکدا جگە لە مایك بەدەستەك کە هەر ڕۆژە بە پارە لە شوێنێکن، هیچی تر نین . ئەمە وەرای سەدان هەڵەی دیکەی زەق کە نیشانەی نەبوونی هوشیاری و ڕۆشنبیرییە لای بە شێکی زەری ڕۆژنامەنووسان. کورد وتەنی لەو خەڵە، هەر ئەو قوڵە دروست دەبێت !

هونەرمەندی "ئەحمەد سالار" ئەستێرەیەکی درەوشاوەی نەو هونەر و ئەدەبی کوردی.. ن-کامەران حاجی ئەلیاس

هەرکاتێ باس لە پێشرەوانی شانۆی کوردی و عێراقی دەکرێت یەکێك لەو هونەرمەندانەی کە لە ریزی پێشەوە ناوی دەهێنرێت هونەرمەند و نووسەری دیاری کورد مامۆستا (ئەحمەد سالار)-ە بۆیە بۆتایبەتی لە نەو هونەر و ئەدەبیاتی کوردی ،لەو کاتەی باس لە دراما وشانۆی کوردی دەکەین یاخود باس لە تێکستی شانۆیی کوردی دەکەین ناکرێت باس لە هونەرمەند و زمان پاراو و داهێنەری کورد، نووسەر ئەحمەد سالار نەکەین ئەو لەرگەی نواندنەکەی لەرگەی شاکارە مەزنەکانی هەمیشە بوونی خۆی سەلماندووە یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە خاوەنی داهێنانی رێبازی(شانۆی ئاهەنگ سازی) یە ئەگەرچی ئەو رێبازە شانۆییە بە دەرهێنەری مەغریبی (عەبدولکەریم بەرشیت) دەگرێنەوە بەڵام بە راستی و دوورستی ئەمە دەڵێم لەو کاتەی هونەرمەندی گەورەی مەغربی داهێنەری شانۆی ئاهەنگ سازی (عەبدولکریم بەرشیت) ئامادەی پێنجەمین فیستیڤاڵی هەولێر بە شانۆ بوو، کەلە10 تاوەکو 14-12-2018 لەشاری هەولێر بەرەو چوو،لە لەدوانەکی تایبەت دا عەبدولکەریم بەرشیت دەڵێت" شێوازە ئاهەنگ سازییەکەی مامۆستا ئەحمەد سالار لە شێوازەکەی من زۆر جیاوازە" بۆیە دەڵیم هونەرمەند ئەحمەد سالار خاوەن و داهێنەری شانۆی ئاهەنگ سازییە.. من بەخۆم تاوەکو ئێستا نەمبیستووە شانۆکارێکی توانای داهێنانەکی لەو شێوەی مامۆستا ئەحمەد سالار لە نەو شانۆی کوریدا بوونی هەبێت هەرچەندە لەرەولەوە هەوە و کەشش هەبووە وەکو پرۆژەکەی خاتوونی شانۆکار د.نیگار حەسیب قەرداغی (لابەری شانۆی لالش) وەکو پرۆژەی شانۆی (سات) لەلایەن هونەرمەند سەدیق حسەن وە هەوڵەکانی (کەری شانۆی با)ی هونەرمەند هەرێن غەریب و هاورێکانی بەم دوایانەش (رێچکەی شانۆی سناپ)، لەلایەن هونەرمەندی شانۆکار گەران سەرگەووییە بەڵام ئەم ئەزموونانە تا ئێستا وەکو ئەزموونێکی شانۆیی سەیر دەکرێن لەوانەیە چەندین هونەرمەندی تریش هەوە و کەششیان هەبێت لە من ئاگادار نەبم..

هونەرمەند ئەحمەد سالار جگە لە تێکستە شانۆییەکانی کە زۆربەیان

باس لە مۆزووی و داب و نەریتی کوردی دەکات.. خاوەنی چەندین کتێب لە بواری شانۆ و دراماێ بەجۆرێك خزمەتێکی زۆری کتێبخانەی کوردی کردوە بەوونەتە سەرچاوە بۆ زۆرێك لە شانۆکاران سوودیان لەوەرگرتوون لە هەمان کات هەندێ لە کتێبەکانی وەکو میتەد لە نێو پێمانگای هونەرجوانەکانی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێت بۆتایبەت بۆ وانەکانی (مۆزووی شانۆ) و(دەنگ و دەموودوو).

ئەحمەد سالار و نواندن

من لەم نووسینەم دا هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر نواندن لەلای هونەرمەند ئەحمەد سالار دا..

سەرتا یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتەی نواندن بەهەر ئەکتەرێك دەنگە کە بە داینەمۆی نواندن دادەنرێت لە هەمان کات دا یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی هەموو ئەکتەرێك جگە لە نواندنی پانتەماییم نەبێت، کە زیاتر پشت بە جوڵە و هەما وئاماژە دەبەستێت مامۆستا ئەحمەد سالار خاوەن دەنگێکی تەواویی شانۆییە کەدەتوانی هەموو چینە دەنگەکانی دەنگ بە هەر نواندنێك بڕجەستە بکات بەشێوەیەك دەتوانی دەنگی خۆی لەگەڵ هەموو شێوازەکانی نواندن چ لە بواری مەرگەسات یاخود بزەساات بڕجەستە بکات وەکو زانراوە ئەکتەر پێویستی بە توانستێکی رەهای دەنگ هەیە بۆئەوەی لەکاتی ڕەبینین سەرکەوتووبێت بۆئەوەی بڕەنگاری هەموو ئەو ئاڵنگارێ ببێتەوە کە لەکاتی نواندن لەسەر تەختەی شانۆ رووبەری دەبێتەوە بەدەست هەنانی ئەمەش جگە لە بوونی دەنگێکی گونجاو باوەڕ بخە بوون خاڵێکی سەرەکیە بە هەر ئەکتەرێك هونەرمەند ئەحمەد سالار بە هەی ئەوەی خاوەن دەنگێکی شانۆییە لەهەمان کات دا خاوەن هەناسەیکی قوڵی شانۆییە دەزانێت لەکاتی نواندن چۆن دابەشی سەر دیالۆگکانی بکات کەس بەقەد ئەو لە کاتی نواندندا ماف بە وشەو پێتەکانی ناو دیالۆگکان نادات ئەو زۆر بەووردی ڕەچاوی دەربینی وشەکان بە تایبەتی لە کاتی دەموو دووی ڕستەو و وشە و پێتەکان دا ئەوەش زیاتر بە راهێنانی بەردەوام بوون و ئەزموونکی زۆر ئەو هونەرمەندە دەگەڕێتەوە بۆتایبەتی لەرووی بکارهێنانی تەکنیکی دەنگ چۆنیەتی کۆنترۆڵ کردن و دابەش کردنی هەناسەدان و هەناسەوەرگرتنەوە کە بەداخەوە بەشێك لە ئەکتەران لەکاتی نواندن دا لەسەر تەختەی شانۆدا وشە و دەموودووکانیان زۆر خراپە بۆتایبەتی لەدانان بە پیت و وشەکانی کۆتایی زۆرجاریش وشەکانیان لە کۆتایی دیالۆگکانیان یاخود ئەو وشەو دیالۆگانانەی کە بە چرپە دەموو دوو دەکرێن ون دەبن و ناگاتە بینەران بۆتایبەتی لەو کاتەی هەندێك لە وشەکان مانا کرێك و فلسەفەی ڕستەکەن یان بابەتەکانن بە داخەوە ئەویش ناگانە بینەر ئەوەش بە هەی دابەش نەکردن و نەبوونی

کەنترۆڵ لە سەر کۆئەندامی هەناسە دان و هەناسە وەرگرتنی ئەکتەر دەگەڕێتەوە. هەر لەم ڕوانگەوە دەرهێنەری نـــــاوداری جیهـــــانی ستانسلاڤسکی دەڵـــێت" لەگەڵ ڕانیبەژەکـی ئەپـڕا فـڕی نهێنییەکـی ئاهەنانی دەنگ بووم،ئەویش ئەویە کە کاتێك لە کاتی گەرانی وتن دا هەناسە دەدەینەوە پێویستە هەست بە دوو سیستەمی هەوا بکەین کەدێتە دەرەوەن، یەکیان لە دەمەوە ئەویتریان لە لـــووتەوە". هەر لەسەر گرنگی دەنگ بە ئەکتەر کاتێ لە دەرهێنەر ئیتاڵی (تۆماس سالڤینی)ی پرسی ئەکتەر لە کاتی نواندن لە مەرگەسات دا چی زەر پێویستە لە وەڵام دا دەڵێت "دەنگ، دەنگ ،دووبارە دەنگ". بەیە ئەتوانم بڵێم دەنگی هونەرمەند ئەحمەد سالار هەموو ئەوسیفاتە لە خۆدگرێت کەوبلیمەتانەی شانۆ باسی لەوەدەکەن بەجۆرێك دەنگەکە لە هی کەس ناچێت توانستی وای هەیە لە هەموو ئەو ڕەهەندەی بەرجەستەی کردووە هەست دەکەین بە تەواوەتی لە چێتە نێو قالبی کەسایەتییە کە نموونەش زۆرن کە لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە ئاماژەیان پێبدەین.
خاڵەکی تریش لە نواندن کە پێویستی هەموو ئەکتەرێك هەبێت بریتییە لە جەستەی ئەکتەرە ئەویش بنەماییەکی گرنگ وسەرەکییە لەسەر شانۆدا بێت یاخود لەسەر شاشەدا بێت جەستە کاریگەری ڕاستەو خۆی لەسەر بینەر دەبێت بە ئەوەی لەگەڵ هەموو حاڵەتەکانی بژیت چونکە زمانی جەستە واتە وەرگەرانی دەقێکی نووسراوە بە گوزراشتەکانی هەما و ئاماژە ..لەبەر ئەوە بە ئەکتەر تەنیا دەنگ گرنگ نییە لەم ڕوانگەوە ئەگەر بەوەردی سەیری نواندنەکانی مامۆستا ئەحمەد سالار بکەین درك بەوە دەکەین گرنگی زۆر بە هەموو وردەکانی نواندن هەر لە گوزارشتەکانی لە ڕووی زردەخە، پەکەنین، توڕە بوون، خەمبار …بە بە دیالۆگەکانی ئەو گوزراشتانە دەگاتە وەرگر .
لایەنێکی تری گرنگی نواندن بە ئەکتەر بریتییە لە جوڵەی شانەیی یاخود چنیەتی جوڵەی جەستە لەسەر تەختەی شانۆ کەپێویستە بە بەرجەستەکردنی هەر کارکتەرێك ئەویش لە ڕێگەی بـــوونی کەشێکی گونجاوە بە هەر ئەکتەرێك بەئەوەی بتوانێت لە ئامادە باشی دابێت بە هەموو کردار و جوڵەیەك لەسەر تەختەی شانۆ بەیە دەبێت ئەکتەر توانستێکی باشی جوڵەی هەبێت بێت لە هەمان کاتدا زۆرجار جۆری جوڵەی ئەکتەر هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت بە ناسینەوەی کارکتەر بەپێی تەمەن و ڕەگەز و کەسایەتی بگومان جلوبەرگیش تارادەیەکی زۆر هاوکارە بە بنیادنانی کارکتەر بەتایبەتیش لە نواندنی (بەدەنگ) دا .هونەرمەند ئەحمەد سالار لەو نمایشانەی کە بینومانن هەمیشە جوڵەکانی لەکاتی نواندن بە تایبەتی لەسەر تەختەی شانۆدا جیاواز دەرکەوتوو بەدورست کردنی هەر کارکتەرێك سەرکەوتووبوو هەکارەکەیش بە خوێندنەوەو لێکدانەوەی ووردی بە هەر جوڵەیەك کردوە

تەنانەت زەر بەووردی جوڵەکانی جێستەی ئەنجام دەدا ئەوەش بەهۆی خوێندنەوەی ووردی بە ئۆکسایەتییەی کە بەرجەستەی کردوون بەجۆرێك وا دەکات لەرگەی ئاماژ و هەماکانی سەرنجی بینەر بەهەموو جوڵەیەکی رابکێشێت تەنانەت هەست و سۆزو کرداری ناوەکی و دەرکی بە نموونە کرداری دڕاوکە کلایمك کاتدا هەردوو کردارەکە هەر لە رگەی جوڵە شانۆییەکانی بەبە دیالۆژ زیرکانە دگەینتە بینەر بەهەمان شێوەش لە نواندنی لە دراما و تلەفزیوندا جوڵەکانی لەرگەی گوزارشتکانی وەکو جووڵەی شەر جووڵەی سۆزو خۆشەویستی..دگاتە وەرگر هەندێك جاریش تەنیا لە شێوەیەکی دیارکراوی وەستانی بەبە هیچ دیالۆژێك لەسەرتەختەی شانۆ چەندین ماناو مەدلولی بەخشیوە ئەمەش دگەرێتەوە بە شێوەی وەستان هەما و گوزراشتکانی ئەو دەزانێت چۆن دەست و تەنانەت پەنجەکانی لە خزمەت رووی بە کار بهێنیت بە داخەوە زەر جار هەندە لە ئەکتەران دەستکانیان لە دەبەتە بەڵا نازانن چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ دا بکەن..

بەگومان زەر لایەنی تری گرنگی تری هونەرمەند نووسەری دیاری کورد مامۆستا ئەحمەد سالار هەن کە دەتوانرێت تیشکی بخینەسەری بگرێ چەندین لەکەینەوەو تۆژینەوەی لەسەر ئەزموونکانی ئەو کەڵە هونەرمەندە بکرێت وە چەندین تەزی و نامەی ماستەر و دکترا لەسەر هونەرکەی بەدەست بهێنرێت ..لە هەموو گرنگتریش ئەو هونەرمەندە خاوەن رەشنفکری زەری مەعریفییە..لەڕدا هیوای تەمەن درێژی بە دەخوازم..دەست خۆشیش لە دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە دەکەم بە تەرخاندنی بەشکی گۆڤارەکە بە ئەزموونی ئەم هونەرمەندە مەزنە هەرهەبن.

ن- کامەران حاجی ئەلیاس

خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ چەند چەمکێك.. زاهیر باهیر

1 ئیمپریالیزم باڵاترین پلەی سەرمایەداریی

ئەم چەمکە لە لایەن لینینەوە هاتە ناوەوە. لە ساڵی 1916 دا لە

سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا کاتێك کە لە سویسرا بوو بە ساڵك پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 ئەم کتێبەی نوسیو. لینین لە نوسینی ئەم کتێبەدا سوودێکی زۆری لە شیکردنەوە ئابووریەکانی مارکس بینیو.
ئەو تێزینەوانەی کە لینین کردونی و لە دووتوێی ئەم کتێبەدا ئامادەی کردوە بنەماکەی چەند خاڵ و هێداوێکی گەورە بووە لە قۆناخەکانی ئیمپریالیزم کە لای ئابووریناسان و مێژوو نوسەکان تایبەتی جیا جیای پێدراوە. بە گوێرەی پێناسەکانی ئەوان نەتەوەیەکی بەهێز یا ئاستێر دەوڵەتێکی بەهێز لە ڕووگەی کۆنترۆڵی سیاسیی، ئابووریی، یان سەربازییەوە کاریگەری خۆی بەسەر ولاتانی یا ناوچە لاوازەکاندا درێژدەکاتەوە، کە زۆرجار بریتییە لە کۆلۆنیکردن و بەکارهێنان و تاڵانکردنی سەرچاوەکان و بازاڕدەستیی بەسەر دانیشتوانی ناوخۆییدا.
ئیمپریالیزم لە مێژوویەکی درێژدا بە شێوەی جۆراوجۆر بوونی هەبووە، بەڵام ئەو زاراوەیە زۆرترین پەیوەندی بە قۆناغی سەدەی پازدە تا بیستەمەوە هەیە. لێوانێش ئیمپراتۆریەتەکانی سەرتایی وەك ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و فارس و چین بە داگیرکردنی خاکەکان فراوانتر بوون.
لای لینین ئەم وشەیە فراوانتر بووەو مەبەست لێی ڕوونکردنەوەی هۆکار ئابووری و سیاسیەکانی ئیمپریالیزم بوو و چۆن بووە هۆی ململانێ جیهانیەکانی وەك جەنگی جیهانی یەکەم. لینین دەیگوت ئیمپریالیزم پەرەسەندنەکی سەروشتی سەرمایەداریە، کە قۆرخکاری و سەرمایەی دارایی زاڵ بوون و لە ڕووگەی فراوانبوونی کۆلۆنیالیزمەوە بەدوای بازاڕی نوێدا دەگەڕان.
لینین ئیمپریالیزم بە "قۆناغی قۆرخکاری سەرمایەداری" پێناسە دەکات، کە بازرگانی و بانکە گەورەکان زاڵن بەسەر ئابووریەکاندا و بەدوای بازاڕ و سەرچاوەی نوێدا لە دەرەوەی وڵات دەگەڕێن.
لینین پێنج تایبەتمەندی سەرەکی ئیمپریالیزم دەستنیشان دەکات:
یەك : کاپیتاڵیزم چەبوونەوەی بەرهەمهێنان و سەرمایەی قۆرخکاری دروست دەکات کە کۆنترۆڵی تەواوی پیشەسازییەکان دەکات.
دوو: یەکگرتنی سەرمایەی بانکی و پیشەسازیی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئۆلیگارشییە دارایەکان.
سێ: هەناردەکردنی سەرمایە (وەبەرهێنان لە بازاڕەکانی دەرەوە) گرنگتر دەبێت لە هەناردەکردنی کاڵاکان.
چوار: پێکهێنانی قۆرخکاریی سەرمایەداریی نێودەوڵەتی کە جیهان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن.
پێنج: دابەشبوونی خاکی جیهان لە نێوان زلهێزە ئیمپریالیستەکاندا

تەواو دەبێت و ناکۆکی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.
لینین لەو سەردەمدا بە هاوکاری نوسینەکانی مارکس لەسەر پرسی ئابووریی، دەرکی بەوە کردووە کە سەرمایەداریی بەرەو مانۆپۆڵی دەچێت و بزنسە بچوکەکان لە لایەن کۆمپانیا گەورەکانەوە لووش دەدرێن، پرسی دراو و دۆزگە دراوییەکان دەبێتە کاردانەوەیەکی حەتمی دیاردەی کاپیتاڵیزم. جەوهەری کاپیتاڵیزم بریکادان و ململانێی نەوانی کۆمپانیاکان و خاوەن سامانەکانە و ئامانجیش بەرەو خولقاندنی چەوساندنەوە و جەنگی گەورەی دەبات. لینین جەنگی جیهانی یەکەمی بە بەرەنجامی راستەوخۆی ململانێی ئیمپریالیزم لەسەر کۆلۆنیەکان و سەرچاوەی کەرەسەی خاو و بازاڕ زانیوە.
ئەوانەی سەرەوە کورتەیەکن لەوەی کە لینین پێناسەی ' ئیپمریالیزم باڵاترین قۆناخی سەرمایەداریە' بەسەر کاپیتاڵیزم دا بڕیوە، پێشبینی ئۆشی کردووە کە ئامانە کۆتا قۆناخی ئابووری کاپیاڵیزمە و هەرەس دەهێنێت و سۆشیالیزم دروست دەبیت. بە کورتی تێبینییەکەی لینین ڕەخنەیە لە ئیمپریالیزمی سەرمایەداریی، کە نیشانی دەدات چۆن قەرخکارییە ئابووریەکان دەبێتە هۆی هەژموونی جیهانی و چەوساندنەوەی بە ڕەحمانە و شێ. بەم شیوەیە بیرکۆکانی لینین کاریگەرییان لەسەر بزووتنەوە دژە کۆلۆنیالیزمەکان و شۆڕشە سۆسیالیستییەکان لە سەرانسەری جیهاندا هەبوو.
بۆگومان ئۆوەی کە لینین لێرەدا وتوێتی تێبینی و پێشنیارکردن بووە بە سانایی ئایندەی پاش سەردەمی خۆی هەر وەك چۆن ئامە دەتوانین هەندێك پێشبینی گەر چی وەکو خۆشی دەقاو دەق دەرنەچیت بە ئایندە دەکەین.

ئایا ئۆو چەمکەی لینین دروست بووە؟

پێش ئۆوەی بەمە سەر وەڵامی پرسیارەکە دەبەت ئۆوە بەم مارکسییەکان وەکو دینییەکان ئایدەلۆجین ئۆوەی کە وتراوە بە سەردەمکی پێشوو لە قۆناخکی تایبەتی کەمەدا پاش ئەم هەموو سانە، ئۆوان هەر ئۆوانە دەڵێنەوە و باوەڕیان وایە کە ئستاش ئۆو پێناسەیە بە کاپیتاڵیزمی سەردەم هەر دروستە. گرفتی گەورە لای ئۆوان وەکو دینییەکان شرۆڤە، قسە و چەمك هەموی لە زەمان و لە شوێن و واقیعی خۆی دادەبڕن.
گەر تەماشای واقیع و کاپیتاڵیزمی سەردەم و ئۆو پێشوەچون و گەڕانکارییەی کە بە خۆیەوە بینیوە بکەین، هەڵەی ئۆو چەمکەی دەرخستووە و لە ئستادا کردویەتیە چەمککی مردوو. هەوڵشاندنەوەی ئەم چەمکە لە هەنووکەدا گران نیە چونکە ئۆو پاسا

و بەهانانە بۆ سەلماندنی چەمکەکەی، ئەستا دەتوانرێت وەکو راستییەك یاخود هەڵەیەك بزانرێت .
لەوانە لینین باوەڕی وابووە کە سەرمایەداریی هەرگیز دەهێنێت و سۆشیالیزم دێتە کایەوە هەر بۆیە دوای ئیمپریالیزم قۆناخێك یاخود هەنگاوێکی دیکە نییە تاکو سەرمایەداری بینێت، بەڵام ئەوە دەبینین کە سەرمایەداریی بە کردنی چەند ریفەرمیکی وەکو گرتنەبەری سیاسەتی خزمەتگوزاری و جیهانگیریی و نوێکردنەوەی تەکنیکی نوێ، دروستکردنی تەکنەلۆجیای نوێ تا ئادیەکی زۆر لە بەری هەرسهێنانی، خۆی زیاتر بینا کردووە .
پاساوێکی دیکەی لینین ئەوە بوو کە سەرمایەداریی قەرخکردنە، بەڵام هاتنی سیاسەتی نیولیبرالیزم و گۆباڵی بازرگانی و مامەڵە و ئابوری دیجیتاڵی و دروستکردنی جەرەها جەنگی کورت و درێژخایەن، نێك هەر ئەوەش بەکۆ توانی خۆی مۆدێرنایز بکات و نێك هەر سیاسەتی قەرخکردن بگرێتە بەر بەکۆ کەمپانیا گەورەکانیش لە ململانێیەکی زۆر گەورەدا بن تاکو بازاڕی نوێ دروست بکەن و بازاڕە کۆنەکانیش ئەوەی کە سوودی بمێنێت مۆدێرنایزی بکەن .
بنەمایەکی دیکەی لینین بۆ چەمکەکەی وەبەرهێنانی بیانە و فراوانبوونی بوو کە هەندێك جار بە زۆر و لە جەنگی داگیرکردنەوە بووە، بەڵام لە ئەستادا دەبینین کە هەندێك لەو مامەڵە و بازرگانیانە خەبەخشانەیە و کە جاری وا هەیە کە دەوڵەتکان لەژێر فشاری یەکدیدا ئەوە ناکەن هەر وەکو چۆن لە ئەستادا چەندەها مامەڵەی بازرگانی و گرێبەستی پیشەسازی لە نیوانی هەندێك لە دەوڵەتکاندا هەن و بەردەوامیش ئەوە روودەدات. جگە لەمانەش دەوڵەتکان بە بەکارهێنانی کەمێك فەرمیلەی وەکو بەرزکردنەوە و دابەزینی جێژەی سوود و هێئاوسانی پارە و هێروەها دانانی گومرگ (تاریف) ئەمانەش جۆرێکی خیان هەیە لە لایەك لەسەر بەهای دراویان و لە لایەکی دیکە لەسەر پرسی بەرهەمهێنا و مامەڵەی بازرگانیی.

خاڵێکی دیکەش هەیە کە هەڵچاوکردنی زۆر گرنگە لەگەڵ بوونی چەوساندنەوە و دەستی هەرزانی هێزی کار، ئەویش ئەوەیە کە ئەستا زۆربەی وەبەرهێنانەکان و دروستکردنی پرۆژە جیاوازەکان لە جەنگای گرێبەستی کەمپانیا زەبەلاحەکانەوە لەگەڵ دەوڵەتانی کە پرۆژەکانیان دەوێت، یاخود لە نەوانی خودی دەوڵەتکاندا هەن. ئەمەش هیچ وەاتێك ناتوانێت سەراپای پرۆژەکانی بە کەمپانیاکانی خۆی یاخود خودی دەوڵەتکەیەوە بکرێت، بەکو پێنا بە کەمپانیا گەورەکان یاخود دەوڵەتکانی دیکە دەبات تاکو ئەو پرۆژانە جێ بەجێبکرێن.
بە نموونە گاڵێك لە دەوڵەتکانی ئەفریقا لە جەنگای چین و کەمپانیا

چینییەکانەوە پرۆژەکانی وەکو ڕێگا و بان و پرۆژەی سەد و خزمەتگوزارییە جیاوازەکان و پرۆژەی گەورەتری دیکە دەکەن. ئەمە جگە لەوەی کە خودی دەوڵەتەکان لە ڕێگای قەرزی صندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانقی نێو دەوڵەتییەوە گەرچی گرێبەستەکانی نیوانیان زۆر سەخت و قورسە ئەمە دەکەن. ڕاستە کردنی هەندێك پرۆژە یاخود قەرزکردن ناچارییە و دەبێت بکرێت بەڵام تا ڕادەیەکی زۆریش خۆبەخشانەیە نەك بۆزۆر پێیان بکرێت و دەوڵەتێك بێت داگیریان بکات سەروەت و سامانیان بۆتاڵان ببات و ئەم پرۆژانەیان بە ئەنجام بدات .

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم ئەوەی لینین وتونی هەندێك ڕاستیان تێدایە وەکو مانەوەی هێزموونی وڵاتێ زلهێزەکان و جەنگ و چەوساندنەوە و کە تا ئێستاش ئەوانە هەر بەردەوامن لەگەڵ ئەوەشدا سەرمایەداریی خۆی گونجاندووە و گۆڕی زیاتر و زۆری کردووە، سەلماندوویەتی کە خەیاڵگرتر لەوەی لینین پێشبینی دەکرد. لە کاتێکیشدا کە هێزموونی ئابووریی هێشتا بوونی هەیە، بەڵام ئاڵۆزتر و بەهێزتر لەوەی کە لینین پێشنیاری کردووە.
بەڵای من ئیمپریالیزم باڵاترین قۆناخی سەرمایەداریی نییە ، سەرمایەداریی ئەو قۆناخەی تێپەڕاند و گەیشتە قۆناخی جیهانگیریی. جیهانگیریی و ئیمپریالیزم دوو قۆناخی زۆر لە یەکدی جیاوازن و پێناسەشیان زۆر جیاوازە هەر وەکو چۆن ڕێڕەوی گۆشەکردنشیان جیاوازە. ئیمپریالیزم قۆناخێك بووە بەڵام قۆناخی باڵاترین نەبو، کاتێك کە ئیمپریالیزم هەبوو عەوڵەمە نەبوو ، کە عەوڵەمش هات ئیتر ئیمپریالیزم وجودی نەما

2 تیۆری سێ جیهانەکە

بۆرای من ئەم تیۆرە بە تەواوی بۆچوونی سەروەڕ پێوەست دەبێتەوە، واتە بە پرسی ئیمپریالیزمەوە، گەر چی ساڵانێکی زۆر بەینیان بووە، چونکە بە بۆچوای لینین نێك ئیمپریالیزم دوژمنی سەرەکی چینی کرێکارانە، بەڵکو دوژمنی سەرسەختی گەلانی کۆڵۆنایزکراویشە بۆچوای کە داگیری کردون و ڕەنج و سامانی سروشتی و ناسروشتیانی بە تاڵان بردووە، ڕێگای هەموو جارە سەربەخۆییێك و پێشکەوتنکیان لە دگرێت. وەڵای ئەوەی کە لینین چەمکی جیهانی سێی بەکارنەهێناوە بەڵام خودی تیۆرەکە هەر ئەو ناوچە و وڵاتانە دەگرێتەوە کە کاتی خۆی بەشی زۆریان لە لایەن وڵاتە ئیمپریالیزمەکانەوە داگرکراون و چەوساونەتەوە و لە جوهەریشدا بناخەی تیۆری سێ جیهانەکەیە.
لەم بارەشدا لینین باوەڕی ئاوا بووە کە دەبێت خەباتی ڕزگاری

نەتەوەیی دەستبەکار بێت ئەو خەباتەش سەرەمە بێت و کرێکارانی خودی وڵاتیش دەبێت پایەی گەورەی ئەو خەباتە بن شانبەشانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی. بە ئەمەش لینین چەند تێکست و باسی گرنگی نوسیوە لەوانە'' مافی چارەنووسی گەلان (1914–)" ئەو لەڕدا دەڵێت گەلانی ستەملێکراو مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە جەختیش لەوە دەکاتەوە کە مارکسیستەکان پێویستە پشتگیری ئەم مافە بکەن لە هەمان کاتدا بانگەشە بە یەکێتی پرۆلیتاریا بکەن. ئەو جەختی لەسەر گرنگی پرسی نەتەوە چەوساوەکان کردووەتەوە، لەوانە گەلانی ئاسیا بووە بە بەدستهێنانی سەربەخۆیی لە زلهێزە ئیمپریالیستەکان.
لینین جارێکی تر لە نوسینی " شۆڕشی سۆسیالیستی و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان (1916)'' – لەڕدا زیاتر پەیوەندی نێوان شۆڕشی سۆسیالیستی و خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەیی ڕوون دەکاتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بژاردەی مافی چارەنووسیی مافێکی دیموکراسییە کە یارمەتی یەکخستنی کرێکاران دەدات لە سەرانسەری گەلاندا. ئەمەی لە مانگی دووی ئەو ساڵەدا نوسی . لینین لەو نوسینانەدا بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان لەسەر بزووتنەوە ڕزگاریيە نەتەوەییەکان، دژە ئیمپریالیزم و هتد.ی گەلانی ستەملێکراو لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جیهانیدا نووسیوە، لەو گەلانەش کە بەرهەمکانی لینین باسی لە خەباتی ڕزگاری خەباتی ڕزگاریخوازییانی کردووە گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و گەلانی دیکەی کەلەنایز کراو بوون.

کاتێکیش کە کتێبی ' ئیمپریالیزم باڵاترین قۆناخی سەرمایەداریيە 1917' نووسی، دووبارە باسی هتد.ی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی لە ئاسیادا کردەوە. ئەم بۆچوونەی لینین و بانگەشەکردنی بە ڕزگاری نەتەوەیی و چارەنووسی نەتەوەیی لەگەڵ زەرگ لە بزووتنەوە دژە کەلەنایزکردنی ئاسیادا هاتەوە.
دواتر لە ساڵی 1920 دا لینین جارێکی دیکە گەڕایەوە سەر ئەم باسە و لە "تێزەکان لەسەر پرسیارە نیشتمانی و کەلەنیالیزمەکان" کە لە کۆنگرەی دووەمی نۆنەتەوەیی کۆمینتستدا پێشکەش کران. لەڕدا دووبارە تەوانینی لینینیان خستەووو کە کۆمینستەکان دەبێ پشتگیری لە بزووتنەوەکانی دژە کەلەنیالیزم و ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بکەن.

ئەوانەی سەرەوە کەمەک نوسەنک بوون کە لینین لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی نوسیوەتی، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو نوسینانەشدا لەو بارەوە، کەچی هێشتا ئایدیای تیۆری ' سە

جیهانەکە' لە سەردەمی خۆیدا ئەو گۆشەیەی نەکرد بە ئەوەی ببێتە تیۆرێکی تا ڕادەیەك جیهانیی، بەڵام بناغەی بەهێزی بۆ ئەو تیۆرە دانا، تیۆرەکەش بە قۆناخ و هەوڵی جیا جیادا تێپەڕی و گۆشەی کرد بە تیۆری سێ جیهانەکە.

تیۆری سێ جیهانەکە دواتر وەکو چەمکێکی سیاسی و ئابووریی لە سەردەمی پێش و دوای جەنگی ساردا سەریهەڵدا، سەرەتا لە ساڵانی 1950 و 1960 سەری هەڵدا. تیۆرەکە سەبارەت بەو وڵاتانە بوو کە نە لەگەڵ بلۆکی ڕۆژئاوایی (ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سەرکردایەتی ناتۆ) هاوتەریب بوون و نە لەگەڵ بلۆکی ڕۆژهەڵاتیی (یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و هاوپەیمانەکانی) نەبوون، بەڵکو ئەم گۆڕانە زۆرتر کۆلۆنیەکانی پێشوو بوون لە ئەفریقا، ئاسیا، ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەوێنان دەدا ڕەوتی سیاسی و ئابووری سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن.
چەمك یا زاراوەی "جیهانی سێیەم" بۆ یەکەمجار لەلایەن ئەلفرەد سۆوڤی، دیمۆگرافیای فەرەنسی، لە ساڵی 1952دا هاتە ناوەوە. ئەو جیهانی سێیەمی بە 'ئیستێیتی سێ' (Third Estate) بەراورد کردوو. ئەم زاروەش لە فەرەنسای چەرخی نۆزدە و پێش شەش بە مانای خەڵکانی کەمەن، نەرمەڵە ، ئاسایی یاخود 'خەڵکی باو' وتراوە، ئەم وڵاتانەی بە ئیستێیتی سێ بەراورد کرد کە خراونەتە پەراوێزەوە و چەوسێنراونەتەوە پەویستیان بە ڕاپەڕین هەیە.
پاشان گۆشەسەندنی سیاسی و ئایدیۆلۆژی تیۆری جیهانی سێیەم کەوتە قۆناخێکی دیکەوە کە بە نزیکییەوە پەیوەستە بە سەرکردە و بیرمەندانی بزووتنەوەی بە لایەنکان ' (Non-Aligned Movement(NAM' و خەباتکانی دژە ئیمپریالیزم. بەم مەبەستەش سەرکردەکانی ئاسیا و ئەفریقا لە ساڵی 1955 لە کۆنفرانسێك لە ئەندونوسیا بە پشکۆتن و هاوکاری و دژایەتیکردنی کۆلۆنیالیزم کۆبوونەوە. لە ساڵی 1961دا بزووتنەوەی بە لایەنکان (NAM) بە فەرمی لە شاری بەلگراد لە یوگۆسلاڤیا دامەزرا. بەم شێوەیە جیهانی سێیەم بوو بە هەمای بەرخەدان و دژە ئیمپریالیزم و خواستی نەزمێکی نوێی جیهانی.

ڕەوتی دروستبوونی حیزبی شیوعی چینی و بزوتنەوەکەیان بە ڕابەرایەتی ماوتسی تۆنگ و سەرکەوتنیان لە ساڵی 1949 دا ناکرێت لەبەرچاو فەرامۆش بکرێت چونکە ڕەوتەی خێی هەبوو لەسەر پەیوەستبوونەوەی تیۆرەکانی ماوتسی تۆنگ بە بیرۆکەی نەتەوایەتی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم بە تێزەکانی لینینەوە. لەبەرچاو ئەم تیۆرە هاندەری گۆڕەی بزووتنەوە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی دیکە و گۆشەپیدانی

تیۆری سێ جیهانییەکە و کۆتنە قۆناخێکی نوێوە، بووش بە مانیفێستی ئۆو بزوتنەوانەی کە لە سااڵنی حەفتاکانی چەرخی ڕابووردووەوە پەیدا بوون.

کرۆکی تیۆری سێ جیهانەکە

لەو کاتەوە واتە سااڵنی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تیۆری سێ جیهانی لە فۆرم و ناوەڕۆکدا مانایەکی گەورەی پیدرا و زۆرێك لە پارتە کۆمۆنیستەکان و ئۆپۆزسیۆنی کە لەژێر ناوی دیکەدا بوون بەهۆی هەر کۆمۆنیست بوون بەم شێوەیە گوزارشتیان لە جیهان دەکردو هەر لەسەر ئەو بنەمایە تاکتیك و ئامانجی خۆیان و بزوتنەوەکەیان دیاری دەکرد. دیدی ئەمان بە جیهان مەبەستێکی دیکەی دیاریکرد و پێناسەیەکی نوێی بە جیهان کرد. جیهانی یەکەم: زلهێزەکان (ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت) کە تیۆرەکە بە دوو ئیمپریالیزمی جیهانی ناساندنی. جیهانی دووەم: وڵاتانی گۆشکردوی پیشسازیی کە وڵاتانی ئەورووپا و گەلەك لە وڵاتانی دیکە دەگرێتەوە، واتە وڵاتانێك لە نێوانی ئەو زلهێز و وڵاتانی پیشسازیی دواکەوتوو وەك وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی کە بە وڵاتانی جیهانی سێیەم دراوە قەڵەم.
بە گۆڕەی ئەم تیۆرە ناکۆکی سەرەکی لای ئەو حیزبانە بە چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە ناکۆکی نێوانی وڵاتکیانە لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە ئیمپریالیزمەدا بەسەرکی دەزانی. ئا لەم بارەشدا پێیان وابوو کە جیهانی سێیەم هێزی سەرەتایی گەیانکاری شۆڕشگێڕانەیە.
فراوانبوونی تیۆرکە و زیانی ئەو تیۆرە گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بووە پێوەرێك بە پێناسەکردنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە، کە هەر لایەك دژ بە ئیمپریالیزم خەباتی بکردایە ئەوە شۆڕشگێڕ بوو لەمەش خراپتر لەم تیۆرە خەفەکردن و لەگەڵان لە بوژوازی و دەسەاتی بەناو نیشتمانی بوو، گرنگی نەدان بەو ململانێیەی کە هەبووە یاخود هەیە لە نێوانی بورژوازی و سەرمایەدارانی ناوخۆی وڵاتدا، کە گوایە ئۆپۆزسیۆنی سەرمایەداری خۆماڵین پشتگیریکردنیان یانی گۆشکردنی ئابووری نیشتمان لەوی پیشسازییەوە ئەمەش بە واتای گرنگبوون و زۆربوونی ژمارەی کرێکاران و وڵاتبردنە بەرەو سەرمایەداریی کە قۆناخێك بە گۆڕەی ئەو تیۆرە نزیکترمان دەکاتەوە لە شۆڕشی سۆشیالیستیی.
دوو لایەنی هەر زەر خراپی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە لە هەندەك وڵاتدا حیزبە کۆمۆنیستە پرەوسیەکان پشتگیری دەسەاتدارانی وڵاتکەی خۆیان دەکرد بە هەی نزیکییانەوە لەوسیا و لەو لاشەوە کە ئەمان

وڵات بەرە و سەرمایەداری دەبن یا لە هەندێك وڵاتی وەکو عێراق دا وایان لە جەماوەرەکەیان و خەڵکی دەگەیاند کە وڵات دەتوانێت لە ڕێگای دەوڵەتی دیمەکراسی یا گەلیی یاخود دیمەکراتی گەلیی، لە ڕێگەی گۆڕکردنی ناسەرمایەداریەوە بگاتە سۆشیالیزم .

لایەنێکی دیکەی خراپی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە تا ئێستاش لەناو چەپ و سۆشیالدیمەکرات و حیزبەکانی دیکەی وەکو 'سۆشیالیست وەرکەر پارتی' کاتێك کە شێوەی نیوانی دوو دەوڵەتی وەکو عێراق و ئێرانی هەشتاکانی چەرخی ڕابوردوو هەبوو، ئەمان لایەنگری ئێران بوون بە پاساوی ئەوەی گوایە ئەمریکا ئیمپریالیزمە و ئێران بەرگریی لە خۆیی و نیشتمانی دەکات، ئەمان پشتگیری ئێرانیان دەکرد . ئەم هەڵوێستە بە ئاشکرا لە ' سۆشیالیست وەرکەر پارتی' ئەو کاتەی بریتانیادا دەبینرا.
لەم شوێنانەی ئیستاشدا وەکو شێوەی نێوانی ڕوسیا و ئۆکرانیا ، ئەم چەپانە پشتگیریی دەوڵەتی ئۆکرانیا دەکەن لەبەر ئەوەی کە ڕوسیا ناکۆکی سەرکیی و ئیمپریالیزمە . هەروەها لە شێوەی حیزبوڵا و حەماس و گروپەکانی دیکە دژ بە ئیسرائیل، چەپەکان هەمان هەڵوێستیان هەیە و لەگەڵ ئەو ڕەخنەگرانەدان و دژ بە ئیسرائیلن، لەبەر ئەوەی پایە و بنکەیەکی گەورەی سەربازیی ئەمریکایە. هاوکاتیش هەر بە گوترە ئەو تیۆرە ' تیۆری سێ جیهانییەکە' ئەمان پشتگیری وڵاتانی وەکو ڤەنزیلا و کوبا و هەندێکی دیکە لەوڵاتانی ئەمریکای لایتن دەکەن کە لەژێر دەسەڵاتی حیزبە چەپەکاندان کە ئەمریکا دژایەتییان دەکات .

بەم شێوەیە تیۆری سێ جیهانەکە بووتە پێوەرێك لای ئەم چەپانە لە بوونی جەنگی نیوان دەسەڵاتەکاندا هەڵوێستیان ئاوایە کە کامیان لەگەڵ ئەمریکادایە ، یاخود نزیکە لە ئەمریکاوە.

بەڵکردنی ئەم تیۆرە لە هەر بوارێکدا لەوانەی سەرەوە کە باسم کردن تیۆرێکە لە خزمەتی سیستەمی سەرمایەداریدایە، دابەشکردنی کرێکاران و کردن بە دوژمنی یەکدیی و لەتکردنی تێکۆشان و خەباتیان. سەرەڕای ئەمەش هەر بەکارهێنانی چەمکی ئیمپریالیزم لە ئێستادا هەڵەیە و زیانبەخشی گەورە دەدات بە بزوتنەوەی کرێکاران و جەماوەر .
لە ئێستادا هەموو جیهان سەرمایەداریی گەرچی دابەشبوون بەسەر وڵاتانی پیشەسازی گۆشکردوو وڵاتانی ناگۆشکردوی پیشەسازیی ، شێوەی نیوانی دەوڵەتەکانیشیان شێوەی پاوانکردن و لەدان لە بزوتنەوەی کرێکاران، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لەدان لە

بزوتنەوەی سۆشیالیستی ئیتر گرنگ نییە ئەو دەوڵەتانە لە ژێر هەر ناوێکدا بن و هەر حیزبێك حوکمیان بکات و ئیدیعای چی دەکەن. پاساوی پاڵپشتکردنی سەرمایەداریی بە ئیمپریالیزم و سەرمایەداریی ، کە دەکرێت لەگەڵدا ئەو شەڕڤێیەی بە بکەین کە بەشێکی سەرمایەداری کە ناوی ئیمپیریالیزمە بەش خراپکەیەتی و ئەوانی دیکەیان بەش باشکەیەتی.

لە ئاستیدا خەباتی هەمووان دەبێت لەدان بێت لە سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانی ناوخۆ، خەباتێ دژ بە قۆناغێکی سیستەمێکە کە ئەوە تاکە ڕێگەیە بۆ هەرسهێنانی خودی سیستەمەکە، نێك پشتگیریکردنی دەوڵەت لە شەڕکانیدا بۆکو یاخیبوونێ بۆ هەر شۆڕشێك کە خێکی لەسەر ئاستی تاك و کەمێ دەتوانێت بیکات. پرسی تەواوی خەباتیش یەکاکردنەوەی کۆشەی نیوانی دەوڵەتی سەرمایەداری و کرێکاران و چەوساوەکانی دیکەیە، لابەلاکردنەوەی کۆشەی کاری کرێگرتەیە و تەشکانی پایە هەرە گەورەکەی سەرمایەداریە کە دەوڵەتە .
بەداخەوە کە ماکی تیڕی سە جیهانی تا ئەمڕۆش هەر ماوە و زۆری گەورەی خەی دەبینێت لە دابەشکردن و هەڵخەڵتاندنمان بە متمانەبوون بە ڕژێمی نیشتمانی و شێوەی ڕەوا و دژ بە ئیمپریالیزم و قۆناگەورەکەی سەرمایەداریی .

بۆچی من چەمکی ئیمپریالیزم کە هەندێك لە ئانارکستەکانیش بەکاری دەهێنن هەیە. ئەوە دابەشکردنی سەرمایەداری و دەوڵەتانی سەرمایەداریە وەکو وتم بەسەر باش و خراپدا، کەرتکردنی چینی کرێکار و جەماوەر و بزوتنەوەکانیانە، شێواندنی دروستی ئەو بیرکەیە کە ناسینی کاپیتالیزمە وەکو سیستەمێکی جیهانیی و بزونتەوە دژکۆشی هەر جیهانییە. گەیانەوەیە بە تیڕی سە جیهانێکە و بەکارهێنانیشی بەرگریکردنە لە جەنگی نەوانی دەوڵەتانی سەرمایەداریی بە ڕەوایەتیدانە بە یەکێکیان و بە شەیتانکردنی ئەوی تریان. کردنی ئەمڕۆش گەر بە هەشیاریەوە بێت یا ناهەشیاریی زەرەرێکی زەر دەگەیەنێت بە بزوتنەوەکەمان هەر وەکو گەیاندوویەتی .

3 دەوڵەت- نەتەوە

پێناسەی باوی دەوڵەت-نەتەوە وا هاتووە کە زەرینەی دانیشتووان هاوبەشی زمان، کولتوور، ئیتنیکین، یان پاشخانێکی مێژوویی هاوبەشیان هەیە. خاکێك و ناوچەیکی جوغرافی هەیە کە سنورکانی دانی پێدا نراوە لەگەڵ حکومەتێك کە سەروەری (کۆنتڕۆڵ)ی بەسەر ئەو

خاکە و خۆکی ناوەڕیدا هەبێت. دەسەڵاتکی ناوەندی هەیە کە یاساکان جێبەجێ دەکات و وەکو دەسەڵاتی کۆپکی و ئاسایش دەپارێزێت. هەروەها دانپێدانان لەلایەن دەوڵەتانی تردەوە وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ لەلایەن و هێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە و بوونی نەردە و دیپلۆماسی.
سەرۆکی ئێوانی سەرەوە گوایە ئەم دەوڵەت-نەتەوەیە کۆنترۆڵی تەواوی کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی خۆی دەکات و لەو بارەوە سەربەخۆیە. هەر ئاواش ناونوس کراوە کە دەوڵەت-نەتەوە سەرکەوتنکی نەتەوەییە و قەوارەیەکی سیاسی بە هاوبەشی خێکەکەی هەیە لە شوناسی کولتووریی، زمانەوانیی، یان نەتەوەیی .
لەمانەی سەرەوەش زیاتر لەسەر دەوڵەت-نەتەوە دەوترێت کە هاووڵاتیانی لە هەکارەکانی وەك زمان یان ئێچێکی هاوبەشدا تاکادیەك یەکسانن. بیرەکەکە ئەوەیە کە سنوورە سیاسییەکانی دەوڵەت لەگەڵ سنوورە کولتووریییەکانی نەتەوەدا یەکدەگرنەوە. گوایە هەست بە خاوەندارێتی لە وڵات و حوکمڕانیدا دەکات، دەتوانێت سەقامگیری و یەکێتی نیشتمانی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بپارێزێت.

بۆچی ئایە وایە؟

ئەمە لە واقیعدا لە هەر دەوڵەت-نەتەوەیەك لە جیهاندا بوانین، پرسیاری ئەوەمان لا دروست دەکات کە ئایا ئەم چەمکە کە لە لایەن دەسەڵاتداران و پارتە نەتەوەیی و نیشتمانی و سۆشیالدیمۆکراتیەکانەوە تەنانەت لە لایەن هەندێك لە چەپەکانیشەوە بەکاردەهێنرێت ڕاستە؟ ئایا دەوڵەتێك هەیە لەژێر ناوی دەوڵەتی نەتەوەدا؟ تا کەی ئەم بیرکەیە سەبەری خۆی بەسەرماندا دەکێشێت تەنها لەبەر ئەوەی لای ئەکادیمیان و ئابووریناسان و ڕۆشنبیران کە لە خزمەتی سیستەمەکەدان باشترین بژاردەیە؟

بۆ ئەی من زەر بێگە هەن کە ئەو زاراوەیە، زاروەیەکی نادروستە بۆ بەرامبەر من لەبەردا پەنا بە سێ خاڵی گرنگ دەبەم کە بێگەن بە ناردروستی ئەو چەمکە.

یەك: هیچ دەوڵەتێك و هیچ وڵاتێك لەم سەردەمەی ئێستەدا سەربەخۆ نییە وەکو سەربەخۆیی ئابووری کە سەربەخۆیی سیاسیش دروست دەکات. تەنانەت دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئەمریکا و یابان و ئەڵمانیا و بریتانیا و هەموو ئەوانی دیکە هەر هەموویان بە جۆرێك لە جۆرەکان، زەر یا کەم پاشکۆی ئەوانی دیکەن لە ڕوی ئابووریی و تەنانەت هەندێکیان لە ڕوی سیاسیشەوە.

لەم بارەدا پێویست ناکات پێناببەرم بۆ ئامار چونکە ئێوە ئاشکرایە کە بازرگانی نێوانیان و بەشداریکردنیان لە ڕێکخراوە بازرگانی و گرێبەستە ئابووری و پیشەسازییەکان ئێوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. هەر کەسێك کە پێویستی بە کایەیەك هەبێت کە دەچێتە بازاڕ یاخود بۆ گۆڕانێك لە ئینتەرنێت بۆی دەردەکەوێت کە چەندەها جۆر لە هەمان کایە هەن و لە وڵاتانی دیکە هێنراون بۆ وڵاتەکەی ئێوە.
کێوانە نە دەوڵەت و وڵاتان سەربەخۆن و نە دەشتوانن بە سەربەخۆیی بمێننەوە، ئەمە خەسڵەت و تایبەتمەندی پێشەوچوونی سەرمایەداری و گلۆبالیزەیشنە، ئەگەر هەر دەوڵەتێکی سەردەم و هەر وڵاتێك گەر بیانوێت لەو بازنەیە بێنە دەرەوە ئێوە گەر هەرسیش نەهێنن وردە وردە دەپوکێنەوە.

دووە: دەوڵەت-نەتەوە کە بەشی گرنگ و پایەکەی کە حکومەتکەیە چیانیەتییە، کێوانە نوێنەرایەتی چینێك و توێژاڵێکی تایبەتی دەکات کە لە زەربەی ئێوە دەوڵەت و وڵاتانشدا نوێنەرایەتی کەمینەیەکی زەر کەم لە دانیشتوان دەکەن. لەگەڵ ئێوەشدا ئێوە دانیشتوان و هاووڵاتیانە مەرج نییە کە بە پێناسەیی نەتەوەیی، لە نەتەوە ئەسڵییەکەی خودی وڵاتەکە بن. لەرەشدا دەبینین کە دەوڵەت-نەتەوە پارێزگاری لە بەرژەوەند و قازانجی کەمپانیا زبەلاح و سەرمایەدار و ساماندارە گەورەکان دەکات بە جیاوازی بوونی ڕەگەزیی و جێندەیی، نێك پارێزگاری زەرینەی کەمەگە کە کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەوساوەکانن.
بە گوێرەی ئێوە سەپاندنی زاراوەی دەوڵەت-نەتەوە بەسەر دەوڵەتکاندا هەر بە هەی ئێوەی کە زمانی فەرمی زمانی نەتەوە سەرکییەکەیە هەیە. دوای ئێوەش ئەمە بە هەی گەلەیزەیشنەوە کولتوری ڕەسەنی نەتەوەکان تا ادەیەك بەرەو لاوازی و لەناوچوون ڕەیشتون و دەڕۆن.

سێ: ئێوەی کە لە پێناسەی دەوڵەت-نەتەوەدا کراوە کە خاوەنی کولتور و ڕەشنبیری زمانی هاوبەشن، ڕاستی تێدا نییە. هەموو ئێو دەوڵەتانە بە لە نەتەوە سەرکییەکەی وڵاتەکە، ئێوانەی کە لە ئێستدا لەوە بوون، کەمایەتی نەتەوەیی یاخود ئیتنیکی لێیە و لە هەندکیاندا لەو کاتەوەی کە لەو وڵاتە گیرساونەتەوە چەند وەچەیەکیان خستەتەوە. ئەم کەمایەتییانە خاوەن کولتور و نەریت و ڕەشنبیری و دین و ئایینی خۆیانن و نە لەگەڵ نەتەوەی سەردەستدا نە لەگەڵ کەمایەتیەکانی دیکەدا شێر ناکرێن، ڕەنگە ڕەز لە هی یەکدی بگرن بەڵام شێر ناکرێن.

لگەڵ وتنی ئاوەی سەرەوەشدا، نکۆلی لەوە ناکرێت کە بریتانیا زمانی فەرمی ئینگلیزییە و لە ئەمانیا ئەمانی، هەر ئاوا لە وڵاتکانی دیکەشدا کە هاوبەشو هەمووان بکارێدەهێنن، بەڵام ئەم زمانە خەڵکانی نائینگلیز بە ویست و ئارەزوی خۆیان فێرنەبوون و یا وەریان نەگرتووە، بەڵکو ناچاریی و سەپێنراوە بەسەریاندا کە دەبێت ئەو زمانە بزانن. خوێندن و نوسین و قسەکردن و کارکردن و شانە و مامەڵەی بازاڕ بە زمانە فەرمییەکەیە نەك خودی زمانی زکماکی کەمەنتییە نائینگلیزەکان.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە زۆرێك لە دەوڵەت نەتەوەییەکاندا وەکو ئێران و عێراق و هیدستان و سریلانکە و تورکیا و چین و هتد کێشەی زۆری تر توندژاڵی حوکمەانی سەرکی نەتەوەی سەردەست سیاسەتی هەڵواردی و سەرکوتکردنی ئەوانی دیکە بە کوشتن و گرتن و ئەونان و دوورخستنەوەیان و یاساخکردنی زمان و کولتور و دینیان بکارەهێنێت.

ئا لێرەدا ئەوە هوونە کە دەوڵەت- نەتەوە شێوی بنەما سەرکییەکان ناکات و ئەو چەمکانەی سەرەوە بەی پێناسە کراوە، بەسەریدا جێ بەجێ نابێت. لێرەدا دەردکەوێت کە چەمکی دەوڵەت-نەتەوە هەر وەکو ناوەکی بە ناوەرك یا ناوەکی هەڵخەڵەتێنەر نە حەقیقەتێك. سەرمایەداری بە مەبەست ئەم چەمکەی بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا دابێوە، لە زەر هووشەوە سوودمەند بووە لەوە و هاوکاتیش کردویەتییە ویردی سەرزمانی چەپەکان و بزوتنەوە نەتەوەییەکان کە لەژێر ئەو دروشمەدا بە ئەو مەبەستە خەباتی ئاشتیانە و چەکدارانە بکەن، کە لە بوونی بزوتنەوەی چەکداریشدا هەر خودی سیستەمەکە براوە و سوودمەندی یەکەم بووە . کەواتە لە بکارهێنانی ئەو دەستواژەیەدا سەرمایەداریی لە هەموو هوێکەوە قازانجی کردووە.

4 پیاوی سپیی/ پیاوی سپی پێست

چەمکی پیاوی سپی لەدیدی هەگز و کولتور و پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە وەکو زۆرێك لە چەمك و دیاردەکانی دیکە بە تێپەڕینی زەمەن و قۆناخە مێژوویەکانی مرۆڤایەتی ئاویش گۆڕانکاری تا ڕادەیەك بەسەردا هاتووە.
شارستانییە کۆنەکان (وەک یۆنانیەکان و ڕۆمانییەکان) مرۆڤکانیان بە پێی "هەگز" بە مانای مەدەرن پێناسە نەدەکرد. ئەوان زیاتر مرۆڤیان بە کولتوور و زمان و جوگرافیا جیا دەکردەوە. لەگەڵ ئاوەشدا دان نراوە بە جیاوازییە جەستەییەکان وەك ڕەنگی پێست،

هاوکاتیش ئەم لای ئەوان بە مانای پلەبەندی کۆمەڵایەتی و سیستمیی نەبوو، وەکو چۆن دواتر بەو واتایە بەکارهێنرا.

ئەوەی کە زانراوە زاراوەی "پیاوی سپی پێست" بۆ گشتی ئاماژە بووە بۆ پیاوێك کە پاڵپشتی دەکرێت وەک سەر بە گروپی ڕەگەزی سپی پێست بێت. ئەم چەمکە زۆرجار پەیوەندی بە کەسانی بە ڕەچەڵەك ئەوروپیەوە هەیە. بە تێوانینی مێژویی بەمان دەردەکەوێت کە ماناکە تەنیا بایەلۆژی نییە چونکە لە ڕووی مێژوویەکەیدا پەیوەست بووە یاخود پەیوەستە بە پلە و پایەی کۆمەڵایەتییەوە کە تێیدایە.
وەکو پرسی ڕەگەزیی، ئەم چەمکیش لە قۆناخەکانی ژیاندا مەدرین و گونجاو کراوە تاکو ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبێت لەسەر پلە و پایە کۆمەڵایەتییەکە. بە نموونە ئەم لە سەردەمی کۆنایزکردنی وڵاتان و گەلاندا و کردنی بازرگانی کۆیلە لە سەدەکانی 17 و 18 دا بیرەکەی ' ڕەگەز' دەستی پێکردووە و پڕەی سەندووە بە پاساوهێنانەوە بە کۆیلەکردنی ئەفریقییەکان و ئاوارەبوونی گەلانی ئاسیای " ڕەسەن " وەاتەکە . لەگەڵ وتنی ئەوەشدا کەچی هەشتا کەچبرانی ئەرلەندی و ئیتاڵی و ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئەمریکادا بە تەواوی بە "سپیپێست" نەدەزانران و ئەو تایتڵیان پێنەدەدرا.
زۆرجار کەڵەنی ڤرجینیا (لە ئەستادا ئەمریکا) وەك یەکەك لە یەکەم شوێنەکان ناودەبرێت کە لە کۆتاییەکانی ساڵانی 1600 دا "سپیپێستی" بە شێوەیەکی یاسایی بەکارهێنرا بۆ دروستکردنی دابەشبوون لە نێوان ئەوروپییە هەژارەکان و ئەفریقییە کۆیلەکراوەکان.
بە گومان یاسا هەمیشە ئامرازێکی کاریگەر بووە گەلان و چین و توێژاڵی باڵادەست توانیویانە بەکاریبهێنن بۆ ئەوەی کە ویستویانە، هەموو زوڵم زۆر و سەرکوتکردن و کۆیلایەتی و تاناێت لە ئەستاشدا بەکۆمگرتنی ژنان لە زۆر وڵاتاندا بۆ بەرژەوند و سوودی ئەو توێژاڵە و چینانە بە یاسایی کراون. لە کۆنیشدا یاسا و سیاسەتەکان لە شوێنەکانی وەک ئەمریکا و کەلەنیەکانی ئەوروپا، ئیمتیازاتی یاسایی بە خەڵکی "سپیپێست" بە ماڤکانیان دروست کردووە لە بەرانبەر دوورخستنەوەی ئەوانی دیکەدا. لەڕەدا بە گوێرەی ئەو یاسا و سیاسەتانە پلەبەندیی ڕەگەزیی بە پاراستنی دەسەاڵت و ڕەوایەتیدان بە نایەکسانی بڕەوی پێدرا.

بە کورتی دەکرێت بڵێم زاراوەی مرۆڤی " سپی پێست" لە بەستێنێدا بە پرسی ڕەگەزییەوە بە پلەی یەکەم لە کاتی کۆلۆنیالیزم و

کەیلایەتیدا داهێنراوە. یارمەتی جێبەجێکردنی سیستەمی ئیمتیاز و دەسەڵاتی بە ئەوروپییەکان و نەوەکانیان دا. هەگەز لە هیچ کەمایەتییەک بەو شێوەیەی کە بەکارهێنراوە لەلایەن کەمەگاکانەوە، دروستکراوە و لەسەر بنەمای بایەلۆژیانە نییە.

لەبەر هەشنایی ئەوانەی سەرەوەدا، ئایا دەکرێت ئەمە لە ئێستادا بیرکەی سپیپێستێتیی یاخود چەمکی پیاوی سپی بەکاربهێنین؟

لە کاتێکدا لەو کەمەگایانەی کە ئەو چەمکە بەکارهێنراوە پێویست بوو بە ئیمتیاز و پلە و پایەی کەمەلایەتی و سیاسی و ئابووریەوە بەکارهێنانی ' چەمکی پیاوی سپی/ سپیپێست ' لای من هەیە هەر هیچ نەبێت لەبەر دوو هۆکار:
یەک: لەناو ئەو کەمەانەی زەرینەی ' پیاوی سپی یا ژنی سپی / سپی پێست بە ملیۆنەها لە ژنان و پیاوانی 'سپی ' ، سپی پێست، هەن کە بارودۆخی ژیان و پلە و پایەی کەمەایەتییان لە کەسانی هەشپێست و هەنگی پێستکانی دیکە باشتر نییە . ئەوانیش وەکو زەرکی کەمە بەدەر لە پێست و نەتەوە و هاووڵاتیبونیانەوە چەوساوە و ستەملێکراو و پەراوێزخراون، بە هادیەک کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووریان لەگەڵ ئەوانەی دیکە کە سپی یاخود سپیپێستن لە لایەن هەمان سیستمی ئابووری و سیاسییەوە دەچەوسێرێنەوە خەباتیان یەکیان دەخات دژ بە چەوسێنەران و دەوڵەتکەیان و یاسای دەوڵەتکەیان.

دوو: لە ئێستادا زەرەك لەوانەی کە هەشپێسیتن پلە و پایەی بەرزی کەمەایەتی و ئابووری و سیاسییان هەیە و هەبووە، هەر بە نموونە هوشی سونەاك سەرکۆزیرانی بریتانیا بووە کە خۆی بە هەگەز هیندییە، یاخود یەکەم وەزیری سکۆتلەند هەمزە یوسف کە بە هەگەز پاکستانییە، سەرکی حیزبی تۆری ئێستا (موحافیزینی) بریتانیا هەشپێستە، نەدیم زەهاوی کە کوردی عێراقە ماوەیەك وەزیری دارایی بریتانیا بووە. ئەمە جگە لەوەی بە دەیەها ئەندام پەڵەمان لە پەڵەمانی وێست منستەر و سکۆتلەندە و وەێس دا کە سپیپێست نین هەن دەسەڵاتی سیاسییان هەیە و خاوەن دەنگ و هەنگن لە وەنەکەشانی سیاسەتی حیزب و وڵاتەکەیاندا .
بە گومان ئەمەی کە وتم نەك هەر بە بریتانیا بەکو بە سەراپای وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی سکەندناڤیش ەاستە.
کەواتە لەرەدا پرسی هەگەزیی و هەجەکیی ناکرێت وەکو دیاردەیەکی بایەلۆجی تەماشای بکەین بەکو دەبێت وەکو پرسەکی بادەستی و بوونی پلە و پایەی سیاسی و ئابوریی ببینین تەنانەت دەکرێت بەین ئەوانە نە هەگەزیان هەیەو نە نەتەوە و نە وڵات، پاسپۆرتی ئەوان

سەرووت و سامانکەیانە کە ئەو پێگە کۆمەڵایەتیەی بە دروست کردون. ئەم چەمکە بە تەواوی ڕەتدەکرێتەوە بەتایبەت کاتێک دەتوانێت قورسایی مێژوویی هەبگرێت، کاتێک لە چوارچێوەی داینامیکی دەسەڵات، یان چێشنە چەقبەستووەکاندا بەکاردەهێنرێت.
لەگەڵ وتنی ئەوانەی سەروەشدا ناتوانرێت نکولی ئەوە بکرێت کە ڕەگەز پەرستی و گرفتی ڕایسیزم هەشتا گرفتکی گەورەی کۆمەڵگەی ئەم وڵاتانە نییە کە لە ڕاستیدا مانەوەی و بەهێزبوونی هەکاری سیاسی و یاسایی و ئابووری خۆی هەیە کە دەوڵەت بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گۆشەی پەڕدات بە دابەشکردنی خودی هاووڵاتیان و خەڵکەکەی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا.

5 شۆڕشی چیانیەتی یاخودی شۆڕشی دەسەڵات

پێش سەدەی نۆزدەهەم بە شێوەیەکی بەرفراوان زاراوەی "جەنگی چینایەتی" بەکارنەدەهێنرا، بەڵام بیرۆکەی ململانێی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان چەند سەدەیەك بوو بوونی هەبووە. بە نموونە لە ئەوروپای سەدەی ناوەڕاستدا ڕاپەڕینەکانی جووتیاران، وەك ڕاپەڕینی جووتیارانی ئینگلیز لە ساڵی 1381 و شۆڕشی جووتیارانی ئەڵمانیا (1524- -1525)، وەك ململانێی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەیەکدا نیشان دراوە گەر چی زمان و چەمکی "جەنگی چینایەتی" بە ڕوونی بەکارنەهێنراوە.
لە فەرەنسەشدا لە سەردەمی شۆڕشی (1789 –1799)، بیرمەندان و شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمە زاراوەیەکیان بەکاردەهێنا کە نزیك بوو لە چەمکی "جەنگی چینایەتی" .

زاراوەی "جەنگی چینایەتی" بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن پیەر جۆزێف پرۆدۆنی ئەنارکست و بیرمەندی سۆسیالیستی فەرەنسی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بەکارهێنرا. ئەو یەکێك بوو لە یەکەم کەسەکان کە بە ڕوونی باسی شۆڕشی نێوان چینەکانی کرد نەك تەنها "خەباتی چینایەتی". پرۆدۆن کە لەسەر بیرۆکەی شۆڕشی نێوان چینەکان نووسیویەتی، ململانێ ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کرێکاران و سەرمایەدارەکان بە جەرەك لە شۆڕ وەسف دەکات.
بەڵام بیرۆکەی "شۆڕشی چینایەتی" وەك چەمکەکی ئاشکرای ململانێی تۆندوتیژ، یاخود شۆڕشگێڕانەی نێوان چینەکان دواتر لەلایەن مارکسیستەکان و سۆسیالیستییەکانی دیکەوە بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا فراوانتر کرا و قسەی زیاتری لەسەر کرا ، ئیتر بە ئاشکرا دەرکەوت کە شۆڕشی چینایەتی بە بیرۆکەی دەسەڵاتخوازی و دەسەڵاتدارێتی دەبینرێت.

کارل مارکس و فریدریك ئەنگڵس بە پلەی یەکەم دەستواژەی "خەباتی چینایەتی" کلاسسنکامپف بە زمانی ئەڵمانی ((Klassenkampf بەکارهێناوە نەك جەنگی چینایەتی، بەڵام لە کاتی باسکردنی هووبووونەوەی شۆشگێڕانەشدا ئاماژەیان بە شەڕی چینایەتی کردووە. ئەو زمانەش لە سەرەتادا لە کتێبی مانیفێستی کۆمۆنیست (1848)دا، دەرکەوتووە و نووسیویانە مێژووی هەموو کۆمەڵگە "مێژووی خەباتی چینایەتییە" و ئەم خەباتە دواجار دەبێتە هۆی هووخاندنی بەرژوازی لەلایەن پرۆلیتاریا. خودی ئەنگڵس لە هەندێك نامە و وتاردا لە کاتی باسکردنی شۆشدا، لەوێدا هوونتر ئاماژەی بە "شەڕی چینایەتی" داوە.

میخائیل باکونین-ش ، ئەنارکیستی هووسی، زەرجار بیرۆکەی شەڕی چینایەتی بە وەسفکردنی کردەوەی شۆشگێڕانەی تووندوتیژانە دژی دەوڵەت و سەرمایەدارەکان بەکاردەهێنا. لە سەروبەری کۆمۆنی پاریس (1871) و پاش کۆمۆنە ئیتر بە هوونی و دیاریکراوی دوای ئەو هووداوە بەکارهێنانی زمانی "جەنگی چینایەتی" لە نەو شۆشگێڕاندا چەسپاند، ئەمەش دوای ئەوەی دەسەڵاتداری فەرەنسا بە شێوەیەکی دەندانە هاپێنەکەی کۆمۆنی پاریسی سەرکوت کرد.

مارکس و ئەنگلس هەروەها بیرمەندە مارکسیەکانی دواشیان شەڕی چینایەتییان وەکو دیاردەیەکی هاستەقینە کە بارودۆخی ماددی دەجوڵێنێت دەبینی . هەموو ئەوان بە خودی مارکس و ئەنگلسیشەوە هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کە بەرژوازی (چینی سەرمایەداریی) و پرۆلیتاریا لە بنەڕەتدا بەرژەوەندی دژ بەیەکیان هەیە و ئەوەش پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناکۆکی نەوانیانی زەق کردەتەوە.
هەموو ئەوان ئامانجی پڕۆلیتاریان بەستەوە بە دەسەڵاتگرتنە دەستی سوڵتە بە بنەبڕکردنی جیاوازییە چینایەتییەکان و هەوەشاندنەوەی خودی چینەکانیش.

لە زەر حاڵەتدا تیەری شەڕی چینایەتی بە کۆکردنەوەی جەماوەر، جەماوەریبوون، بەکاردەهێنرا، بەڵام زەرجار دەرئەنجامەکەی دروستکردنی دەسەڵاتکی نوە بوو نەك هەوەشاندنەوەی هاستەقینەی چینایەتی بوو. زەرجار سەرکردە شۆشگێڕەکان پێویستیان بە پشتیوانی جەماوەریی هەبووە، بۆیە پاساودانی شەڕی چینایەتییان بەکارهێنا بۆ ئیلهامبەخشین بە کرێکاران و جوتیاران.
بۆای من پێناسەکردنی شۆڕشگێڕانەی کە لە مێژووەدا هویداوە بە شەڕی چینایەتی، شەڕی چینایەتی نەبوون بۆکو شەڕی دەسەڵات و دەسەڵاتگرتندەست بوون بەڵام هەمیشە بەرگێکیان لەو بەرگانە

یاخود نایەکسانی ئابووری و چەوساندنەوە کراوە بە بەردا و هەزی بزوێنەر بوون تاکو شۆڕشگێڕان جەماوەریی بکرێن. ئەوە ڕاستییە زۆر کەس بەشداری ئەم شۆڕشانەیان کردووە نەك هەر ئازاریان چەشتووە و کەمئەندام بوون بەڵکو قوربانییان بە گیانی خۆشیان و خزانیشیان داوە، بەڵام شۆڕشگێڕ لە جەوهەردا ململانێی دەسەڵات دەرئەنجامەکەی لە قاڵب دا، خەبات و ڕاپەڕین و شۆڕشگێڕان دەستبژێری نوێیان بەرهەمهێناوە نەك کەمەگەی بە چینایەتی ڕاستەقینە. هەر لەبەر ئەوە کاتێك دەسەڵاتیان گرتە دەست، پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لە پشینەی کارگێڕانەوە بووە لەبەری بەدەستهێنانی یەکسانی ڕاستەقینەی چینایەتی.

ئەو شۆڕش و جەنگانەی کە بەرگی دیکەی بەبەردا کراوە، زۆر جار بە جەنگی چینایەتی ناوی براوە وەکو شۆڕشی فەرەنسا (1789-1799) کە جاکۆبینەکان ئەرستۆکراسییان ڕووخاند بەڵام لە کۆتاییدا نوخبەیەکی نوێیان دامەزراند، دواتریش ناپلیۆن دەسەڵاتی وەرگرت.
شۆڕشی ڕووسیا (1917)ی بەڵشەفیەکان نموونەیەکی دیکەیە لەو شۆڕشانەی دەسەڵاتە پاش موتربەکردنی بە پرس و خۆباتی چینایەتی، ئەوە بوو لە سەرەتا وەك شۆڕشکی چینایەتی درایە قەڵەم، بەڵام لە ڕاستیدا شۆڕشی دەسەڵات بوو. بازنەی ئەو شۆڕشی دەسەڵاتە لە دوایدا ئەوەندە تەسك بووەوە دەسەڵاتی حیزبیشی لەو تێپەڕان و بووە تەنها دەسەڵاتی ناوەندی حیزبی بەڵشەفی. دواتریش شۆڕشکەی حیزبی کۆمۆنیستی چینیی، بەسەرکایەتی ماوتسیتۆنگ – کە لە سالی 1949 سەرکەوت ململانێ و خۆباتی دەستبەرکردنی خودی دەسەڵات بوو.

دەتوانین ئاماژە بە نموونەی کۆن لەم بارەیەوە بکەین وەکو شۆڕشی نەوانی ئیمپراتۆرییەتی صەفەوی و عوسمانیی، شۆڕشکانی هەندەك لە وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرئیل دا ، 1967 و 1973، شۆڕشکانی خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، شۆڕشی فڤکلەند، شۆڕشی ئێران و عێراق ، هەردوو شۆڕشکەی کەنداو و تەنانەت شۆڕشی ئیستای حەماس و حیزبوڵا لەگەڵ ئسرائیل داو شۆڕشی ڕوسیا و ئۆکرانیاش. ئەوە ئاشکرایە کە هەموو شۆڕش چینایەتییەکان، دینیەکان، قەومییەکان، شۆڕشی دەسەلات بوون تەنانەت شۆڕشی بەرگریکردن لە خۆ جەنگی دەسەڵاتە چونکە لەگەڵ نەدراوە کە دەسەڵاتی دەرەکی جێگای دەسەڵاتە ناوخێیەکە یا خەماڵیەکە بگرێتەوە.

ناکرێت هیچ کام لەم جەنگانە بە جەنگی چینایەتی دابنرێن بەڵکو جەنگی دەسەڵات و دەسەڵاتوەرگرتن بوون، ئیدی ئەوە گرنگ نییە لایەك هەڵشی کردبێتە سەر لاکەی دیکە و لاکەی دیکە بەرگری لە خۆی کردووە،

تەنانەت بەرگریکردن لە خۆ بە مانۆی ئۆو دەستپاتە بووە کە هەبووە .

وەکو لە سەرەتای ئەم خاڵەدا وتم پرۆسەی لەسەر شێوەی چینایەتی یا خەباتی چینایەتی یاخود تووندوتیژی چینایەتی قسەیان کردووە بەڵام هەرگیز قسەی ئەوان لەسەر جەنگی دەستپاتخوازیی نەبووە. هەر ئاواش کە ئەنارکستەکان گەرچی باوەڕیان بە خەبات و جەنگی چینایەتی هەیە بەڵام لە پێناوی گرتنە دەستی دەسەاتی سیاسیدا نەبووە و نییە. لای ئەوان خەباتی سیاسی نە وەسیلەیەکە و نە پرۆسەکە بە دەسەاتی سیاسی، یاخود بە باڵادەستی چینێك لە چینەکان، بەڵکو پرۆسەیەکە بە لەناوبردنی باڵادەستی هەموو چینەکان، لە پێشەڕەوشانی هەموو جۆرە دەسەاتێکی سیاسی. کەواتە دەکرێت بڵێین لە هەردوو مەیدانەکەدا، لە مەیدانی تیۆری و مەیدانی پراکتیکی تەنها ئەوان بوون و ئەوانن کە خەباتی چینایەتی و جەنگی چینایەتییان بە دەسەات بەکارنەهێناوە و نەویستووە.

بە پرسیارێك کۆتایی بە ئەم خاڵە دەهێنم و دەپرسم ئەگەر سەراپای شۆڕشگێڕانی چینایەتی بووە نێك دەسەات، دەی بۆچی هیچ کام لەو شۆڕشانە جیاوازی چینایەتی و دەسەاتی لەناو نەبردووە ؟ بۆچی پرسی چینایەتی قوڵتر و دەسەاتیشی وەکو دەوڵەت بەهێز و بەهێزتر کردووە ؟

Zaherbaher.com
Zaher Baher
نیسانی 2025

ئەردۆغان و دووفاقێتی لە سیاسەتدا.. حەسەن ئازانی

ئەردۆغان سیاسەتمەدارێکی موناڤیقە چونکە خۆی بە موسەمان دەزانێ و فرمێسکی تیمساحیی بە فەلەستینییەکان دەژێت و لە ژێرەوش لە گەئیسائیلدایە!

من نە یەکەم کەسم کە ئەو قسەیە بە سەرۆک ئەردۆغان دەڵێم و نە بوختانیشی بە هەڵدەبەستم، بەڵک و زۆرلە پێش مندا سیاسەتمەدارانی تورک لە نەوخۆی تورکیادا لە پارتە بەرهەڵستکارەکانی ناوتورکیا و بە تایبەتیش بەرپرسە باڵاکانی سەر بە پارتی جەهەپە چەندین جار لە بەکارهێنانی وشەی مونافیق واوەتر زیاتر ووتوویانە کە ئەردۆغان درۆ لەگەڵ تەواوی موسڵمانانی جیهان بە گشتی و بە تایبەتیش لە گەڵ فەلەستینیەکان دەکا! جا لە نەو فەلەستینیەکانیشدا خۆ دەکاتە چاوی خۆکی فەلەستین بە گشتی و حەماسیەکان بە تایبەتی.
ئەردۆغان لە لایەکەوە بە هاوڵات و لە بەردەی موسڵمانانی جیهان بە گشتی و ناوخۆی تورکیا بە تایبەتی فرمێسک بە منداڵانی غەزەو بە خۆکی فەلەستین دەڕژێ وهەمیشە لە بەردەم مایکرۆفونەکانی دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا بە حەماسیانە دەکەوێتە هات و هاوارو لە دژی ئیسرائیل وتاری ئاگرینیی دەدا، بەڵام لە ژێرەوەش هیچ سەروک و سیاسەتمەدارێکی موسڵمان بە قەدەر ئەردۆغان لە ئیسرائیل نزیک نیە! ئەمە ئەگەر نیفاقی سیاسیی نەبێ دەبێ چی ناولێبنرێت؟
ئەو بۆچوونانەی کە دەیسەلمێنن ئەردۆغان درۆ لە گەڵ موسڵمانانی جیهاندا دەکات!
بە نموونە: تورکیا یەکەم وڵاتی موسڵمانە کە ئێندامی ناتۆیە؛ لە تورکیادا ٢٦ بنکەی سەربازی ئەمریکاو ناتۆ هەیە؛ تورکیا یەکەم وڵاتی موسڵمان بوو کە دانی نا بە دەوڵەتی تازە دروست بووی ئیسرائیلدا لە ساڵی ١٩٤٨؛ لە تورکیادا دوو بنکەی سەربازیی ئیسرائیل هەیە یەکێکیان دەکەوێتە شاری کۆنیاو ئەوی تریان دەکەوێتە شاری ئەزمیرەوە؛ بە پێی ڕێکەوتنی ناتۆ ئیسرائیل دەتوانە سوود لە بنکەی سەربازیی ئینجرلیک کە بنکەیەکی سەربازی ئەمریکایە وەربگرێت؛ ساڵانە پێنج سەد هەزار گەشتیاری ئیسرائیلی سەفەر دەکەن بۆ تورکیا؛ تورکیا یەکەم وڵاتی موسڵمانانە کە هاوسەرگیری هاوڕەگەزبازیی بە یاسایی بکات؛ تورکیا تاکە وڵاتی موسڵمانە کە سێیرانگای بۆ لێشاووتەکان هەیە؛ لە تورکیادا نزیکەی ٢٦٥ مەیخانە هەیە.
هەروەها ئەوتە زۆر بە ڕوونی و بە دەنگەکی بوێرانە سیاسەتمەداری ناسراوی بەریتانیی جۆرج غالاوی لە بەردەم میدیاکانی بەریتانیادا بە گاڵتەجاریێکی تاڕادە دەڵێ:
"ئەنگەڵ ئەردۆغان لە دەربەدەریدا کاتێک کە دەری دەپێنن ڕێک پێوەندی بە بەشار ئەسەدەوە بکات لە مەسکە! بەڵام واقیعی ئەستا ئەوەمان بە دەردەخات کە دەرپەڕاندن و دەربەدەریی سرووشتیی ئەردۆغان بۆیە تالیبیبیان بۆیە دەحە نزیکترە! چونکە ئەوان

هەمیشە دڕگاکانیان بەووی هاوپەیمانە ئاستەقینەکانیاندا کراون. ئەردۆغان سەرکردەیەکی موسڵمان نیە، بەڵکو درۆترین تەماری پەیوەندیکانی لە گەڵ قەوارەی زایەنیدا هەیە.
ئەوە دیقەت بدەن و بە وردی لە کارکان و سیاستەکانی ئەردۆغان بڕوانن کە چ دەکا. بە نموونە :
ئەردۆغان تاکە سەرۆکی کەماری موسڵمانە کە مەدالیای"ئازایەتیی جولەکەکان"ی لە لەبی زایەنیستی وەرگرت.
ئەردۆغان تاکە کەسە کە پێنج جار سەردانی ئیسرائیلی کردووەو لە سەر گۆڕی هەرتزل، دامەزرێنەری زایەنیزم، وەستاوە بە ئەوەی بیر لە دەستکەوت بکاتەوە!
کەماری تورکیا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەردۆغان دا ٦٠ شەست هێکەوتنی لە لەگەڵ ئیسرائیل واژو کردووەو قەبارەی بازرگانیی لە لەگەڵ ئیسرائیل گەیاندەتە زیاتر لە ٩ نە ملیار دۆلار لە ساڵێکدا!
کەسێکی ئیسرائیلیی بە بە قیزا دەچێتە ناو تورکیا، لە کاتێکدا فەلەستینیەکان لە بەردەم دڕگای کونسوڵخانەکاندا زەلیل و زەبوون دەکرێن و لە چاوەڕوانیدا ئادەگیرێن!
دووەم گەورەترین کارگەی چەکی ئیسرائیل لە جیهاندا لە تورکیادایەو سەرەڕای هەموو ناڕەزایەتیکانی ئەردۆغان بە ڕواڵەت سەبارەت بە غەزە کە هەشتا بە یەک لەحزەش ئەو کارگە چەکە دانەخراوە!
لە کاتێکدا وەڵاتانی عەرەبی بەندەرەکانیان بەووی کەشتیکانی ئیسرائیلدا دادەخەن، بەڵام تورکیا لە هێگەی دەریاوە پەداویستیکانی ئیسرائیل دابین دەکاو دەیان نەرەت و تانۆو ئیسرائیل بەندیان ناکات!
ئەدی ناوخەی تورکیا بە باس ناکەن؟ ئەدی ٢٠ بیست هەزار خانوی قەحبەخانەی یاسایی لەشفرۆشیی، لەو قاحبەخانانەدا زیاتر لە سەسەد هەزار ژنی تورک کاریان تێدا دەکات. داهاتی سالانەی ئەو لەشفرۆشیە نزیکەی ٤چوار ملیار دۆلارە بە دەبە باس نەکرێت؟
هەموو ئەو شتانە لە ژێر یاساو لە بەردەمی خەلافەتی ئیسلامیدایە!
ئەمە تورکیایەو لە ژێر دەسەڵاتی گەورەترین موناڤیقدایە!
بۆیە هەرکەسێک بە بیانووی دین و ئیسلامەتییەوە چەپڵە بە ئەردۆغان لەبدات، دیارە چاوکانی لە دەست داون و نابینێت!
تێبینی: بە نووسینی ئەو زانیاریانە سوودم لە: ڤیسبووکی ئەنار کیانپوور و وتارکانی جەرج غالاوی وەرگرتووە.



INTERNATIONAL UNION FOR MUSLIM SCHOLARS

الدوحة: ٦ شعبان ١٤٤٣هـ
الموافق: ٩ مارس ٢٠٢٢ م

بسم الله الرحمن الرحيم

الموضوع: بيان الترحيب بتطوير العلاقات التركية الإسرائيلية

يرحب الإتحاد العالمي لعلماء المسلمين بالسياسات الحكيمة لفخامة رئيس الجمهورية التركية السيد رجب طيب اردوغان الرامية لتطوير العلاقات بين الجمهورية التركية ودولة إسرائيل، مما يخدم مصالح البلدين، ومصالح الشعب الفلسطيني في الأراضي المحتلة.

ونشيد بالزيارة التي قام بها رئيس الوزراء الإسرائيلي السيد نفتالي بينيت للجمهورية التركية مؤخراً والمبادرات التي قدمها لتطوير التعاون بين بلديهما وتعزيز الأمن الإقليمي والعالمي في مثل هذه الاوقات العصيبه التي يمر بها العالم اليوم.

متمنين لهما التوفيق والسداد ولبلديهما مزيداً من التقدم والامان ولكافة شعوب المنطقة.

الشيخ الدكتور
يوسف عبدالله القرضاوي

أ.د. علي محيي الدين القرة داغي
الأمين العام

حەسەن ئازانی

زلکاوی تراپیزم و ئاسەی سۆشیالیزم.. حەمید تەقوایی.. وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: هیوا ئەحمەد

چەن دەتوانرێت تراپیزم ڕوونبکرێتەوە؟ سیاسەتکانی ترامپ هەموو یاساو پەورە باوکانی جیهانی سەرمایەداری تێکشکاند، و بۆشکی زۆری بابەت و سیاسەتکانی ترامپ، بۆتایبەتی سیاسەتە ئابوریکانی ئەو، بەوونی دژایەتیی هەیە لەگەڵ بەرژەوەندیکانی چینی سەرمایەداری، تەنانەت لە خودی ئەمریکاشدا. بەڵام سەرەای ئەوە، ئیدارەی ترامپ جێخت لەسەر بردنەپێشەوە و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە دەکاتەوە. بۆچی؟ هۆکار و زەمینەکانی سەرهەڵدان و بەدەستهاتگەیشتنی ترامپ چین؟ ئایا جیهان ڕوبەڕوی سەرکەکی

ناعەقڵانی و شت بتەوە؟ ئایا ترامپ تەنها پاشکۆیەکی بەهێزی جیهانی سەرمایەدارییە؟ بەڕاچونی من بەوشێوەیە نییە. ترامپیگەری لە قەیران و دژایەتی(تناقضات) و بنەبەستەکانی سەرمایەداری سەدەی بیست و یەکەوە سەریهەڵداوە. ئەگەر ناعەقڵانیەت و شێتیەک هەبێت، ئەوە پێویستە بە سیستەمەکەوە کە چیتر ناتوانێت بە سیاسەتە هەمیشەیی و باوەکانی درێژە بە مانەوەی خۆی بدات و خەریکە جیهان لەگەڵ خۆیدا بەرەو لەناوچون ڕادەکێشێت.

پرۆژەی ۲۰۲۵ قەپاغێک بە باڵای ترامپ

خاڵی یەکەم ئەوەیە کە سیاسەتەکانی ترامپ لەم قۆناغەدا سەرتا خودبەخود و جێگیر نین. لە مانگی نیسانی ۲۰۲۳ دا پلانێکی گشتگیر لە لایەن ڕاستڕەوترین تیۆریسیەنەکانی دامەزراوەی "هێرتج" بەناوی "پرۆژەی ۲۰۲۵" بڵاوکرایەوە. ئەم پلانە کە پێکهاتبوو لە ۹۰۰ لاپەڕە، لە گۆشەنیگای سەرکەوتنی ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی ۲۰۲٤ و نەخشەگای ئیدارەی داهاتوی ئەودا نوسرابوو. سیاسەتەکانی ئێستای ترامپ، وەک دەرکردنی بەڵێشاوی کارمەندانی حکومەت و شوێنگرتنەوەیان بە کەسانی"دڵسۆزی" سەرۆک کامار، باڵادەستی هێزەکانی بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی یاسادانان، هەوڵشاندنەوەی وزارەتی پەروەردە، بینینی بودجەی توێژینەوەکانی سەبارەت بە کێش و هەواو و گەرمبونی گەی زەوی، چاندن و پاڵکەشکردنی بۆها مەسیحیەکان بە ناو حکومەت وکەمەگا، قەدەغەکردنی مافی لەباربردنی منداڵ، هەڵتکردنەوەی شوناسی کەمەگەی پاڵکەزەینە، کەمکردنەوەی بودجەی خزمەتگوزاریە تەندروستی و دەرمانیەکان(مەدیکیر و مەدیکید)، بە تاوان لەقەڵەمدانی فرەشتن و بەکارهێنانی ئامازەکانی ڕیگریکردن لە دووگیانی، بەدواداچونی "هەگزپەرستانی دژە سپی پێست"، دیپەرتکردنەوەی پەنابەرانی"نایاسایی" بەهاوکاری هێزی سەربازی و هێشتنەویان لە کەمپەکانی دەستبەسەرکردندا، پارێزبەندی ئابووری(پەڵەتیکشنیزم)، هەمویان لەسەر بنەما و بڕیاری ئەم پرۆژەیەن.
ترامپ لەسەر ئاستی جیهانی، وازهێنان و دەستشۆردنی خۆی لە دیموکرراسی لیبەرالی، بە بەرامبەرکە لەگەڵ ئەوروپا و هاوپەیمانە باوەکانی تری ئەمریکا، کشانەوە لە ڕێکەوتننامەی پاریس و هەڵتکردنەوەی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای گەی زەوی، هاتنەدەرەوە لە هێکخراوی تەندروستی جیهانی و ئەنجومەنی مافی مرۆڤی سەربە هێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، بایکۆتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

(دادگای لاهای)، بانگەشەی دەستبەسەرداگرتنی دورگەی گرینلەند، لکاندنی کەندا بە ئەمریکاوە بە ناونیشانی ویلایەتی ٥١مین، پلانی دەرکردنی فەلەستینیەکان لە کەرتی غەزە و کردنی بە کەمپگەیەکی گشتیاری، هاگەیاندنی تاریفە گومرگیەکان و باجدانان لەسەر هاوردەکردنی نزیکەی هەموو وەتانی جیهان و هتد، تەواوکرد. ترامپ لە کەمپینی هەڵبژاردنەکانی خۆیدا لەژێر فشاری ڕەخنەگران و شارەزایاندا، وە تەنانەت کۆنەپارێزەکانیشدا، کە پێیانوابوو پڕۆژەکە پێچەوانەیە لەگەڵ "سەروەری یاسا، و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، و جیایی دین لە دەوڵەت، و ئازادیە مەدەنیەکان، و لە نەویاندا مافی مەدەنی ژنان، و ڕەنگ پێستەکان و کەمەگەی ئەڵ جی بی تی کیو، ووتی کە لایەنگری ئەو پڕۆژەیە نیە، بەڵام دوای هەڵبژاردنی بە کردەوە هەموو هاسپاردەکانی ئەوانی خستە دەستوری کاری کابینەی حکومەتەکەیەوە. یەکە لە دیزاینەرانی سەرکی ئەم پڕۆژەیە "ڕۆسیە ڤەت" ە کە مەسیحیەکی موتەدینە و خەی وەک ناسیونالیستەکی – مەسیحی پەناسە دەکات، بەرپرسەکی سەرکیبە لە کابینەی پێشوو و ئێستای ترامپ و یەکێکە لە هاوڕکارە سەرکیەکانی.
بەمشێویە ڕەشنە ئەو مەیل و ڕەوتەی کە ترامپ بەشوێنیەویەتی ئاماستەیەکی بیرلەکراوە و کاربەکراوە نەک دەوانەیی و شتێکی تاکەکەسی. لە هەمانکاتدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە پڕۆژەی ٢٠٢٥ پڕۆژەیەکە ڕەک بە باڵای ترامپ دوریویانە. سەرکەوتنی چاوەڕوانەکراوی ترامپ لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکایەتیدا، هاستەوترین باڵ و تیوریسەنەکانی نوخبەی دەسەڵاتداری ئەمریکای هاندا بە داشتنی پڕۆژەیەکی لەم شێوەیە. بەڵام هەشتا ئەم نەخشەسازیەی ترامپیزم وەڵامی پرسیارە سەرکەیەکەمان نەداتەوە. هەکاری ترامپیسم و پڕۆژە سوپەر هاستەوێکەی چیە؟ زەمینەی سەرهەدان و بەدەسەڵاتگەیشتنی ترامپ چین؟ سەرەک کۆمارەک کە هەموو شارەزا و خاوەنبڕوانەکان و حکومەتەکان پەنوایە سیاستەکانی بە زیانی سەرمایەداری جیهانیە.

لە تاتچەریزمەوە تا ترامپیزم

ترامپیزم دەرئەنجامی ڕەوەندێکی پاشکۆیە کە لەدوای هوخانی سەڤیەتەوە دەستیپێکرد. لە هێی سیاسیەوە، لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی هابردودا، دەستبەرداربونی تەواوەتی لە بەرپرسیاریەتی حکومەت لەبەرامبەر کەمەگا و وەتانی خشگوزەران و خزمەتگوزاریە کەمەیەتیەکان، کە بەهەی کاریگەری پشەویەکانی بزوتنەوەی

کرێکاریی و بزوتنەوە مافخوازەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە جیهاندا بەدەستهاتبوو، بوو بە مایل و خواستی سەرکی بەرژوازی جیهانی. سەشیال دیموکراسی جەری ئەسکەندناڤیایی و پارتە سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا و فەڕانسا بەرەو پراوێز بران و ڕاستڕەوترین باڵەکانی بەرژوازی لە ئەژئاوا و هەموو جیهاندا مایدانکیان بەدەستەوگرت. سەرهەڵدانی تاتچەریزم و ڕێگانیزم لە کۆتایی ساڵەکانی پێش هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت زمینەی بۆ ئەم ئاڵاستەیە خۆشکرد.(دامەزراوەی هەرتج لەسەردەمی ڕیگاندا دامەزرا). سەربەرزکردنەوەی ئیسلامی سیاسی لە ئەژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرئەنجام و ئاکامی ئەم وەرچەرخانەی ئەئژئاوا بوو بەرەو ڕاست. لە ڕاستیدا تاتچەر و ڕیگان ئاڵاهەڵگری فەلسەفە و دیکترینکی سیاسی بوون کە لەژێر ناوی نیولیبرالیزم و نیوکۆنسەرڤەتیڤدا، هەموو جیهانی سەرمایەداری دوای سۆڤیەتی لە ئەژئاوا و ئەژهەڵاتدا گرتەوە. لە ڕوانگەی ئابوریشەوە، "فریدمانیزم" قوتابخانەی ئەم مایل و ئەوتە بوو.

ئەڵە ئەم ئەوتە لە درێژەی ئەوەندی لەژیکی خۆیدا گەیشتووە بە نکۆلیکردنی تەواوەتی لە لیبراڵ دیموکرراسی. مایپوچی و شکستی "فریدمانیزم" تەواوی سەرکی ئەم ئەوەندەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بناغەکانی جیهانی "سەرمایەداری بازاڕی ئازاد" و دکترینەکانی کە لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتنرابون هەژاند. کاپیتالیزمی دوای ٢٠٠٨ سیستمێکە کە لە ڕووی تیۆرییەوە دکترین و ئاسای سیاسی خۆی لەدەستداوە. تەواوی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤکەی بەرژوازی لە نەوچون و نەمان، بە چینی سەرمایەداری جگە لە پیرزکردنی سود و قازانجی ژمارەیەکی کەم کە هەموو ئەژێک سەروەت و سامانکیان لە زیادبوندایە و ژمارەیان کەمتر دەبێتەوە، شتکیتر نەماوەتەوە.

نەزمی نوێی دوای سۆڤیەت، هەژمونخوازی میلیتاریستی ئەمریکا، پاهەڵدان بە موعجیزەکانی سەرمایەداری بازاڕی ئازاد زەر پێش قەیرانی ٢٠٠٨ کۆتایی پێهاتبوو. بەشیزم(ڕەبازی جەرج بەش) و ئۆپراسیۆنی "شۆک و تەقاندن" شکستی هێنابوو، وە ئۆباما ناچار بوو لە ڕابەرایەتیکردنی سەرمایەداری بازاری ئازادەوە بە کورسی دواوە و "بەرەو شوێنی دروستی مێژوویی خۆی" پاشکشە بکات. ئەم دۆرەیە بەرزەخێک بوو کە خاوەنبەچون و بەاوکراوە ستراتیژیکانی جیهانی سەرمایەداری هاوشێوەی "ئیکۆنۆمیست" بە "بیماری دیموکراسی" ناویان دەبرد و بەشوێن ڕێگاچارەوە بون بۆ تیمارکردنی. ئەڵە ئەم بیمارە مردوە و ترامپیزم سەرقاڵی بەڕێوەبردنی مەراسیمی کفن و دفنیەتی. لە دوای بەخاکسپاردنی لیبرالیزم لە ڕێگەی نیولیبرالیزمەوە ئێستا کاتی بەخاکسپاردنی نیولیبرالیزمە لە ڕێگەی فاشیزمەوە. تەواوی

جومگەکانی دیموکراسی لیبرالی لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتکان و بگرە تا بازرگانی ئازاد، لە ئازادی ژنانەوە بگرە تا مافی مرۆڤ بە فەرمی و بە ئاشکرا هەڵدەکرێتەوە تا سیستمی سەرمایەداری درێژە بە مانەوەی خۆی بدات.

ئابووری سەردەمی گوزار بە فاشیزم

ترامپیزم بە پێچەوانەی فاشیزمی هیتلەری و تاتچەریزم هەڵگۆچارێیکی نییە بە دەرچون لە قەیرانی هەمەلایەنەی چینەکەی خۆی. هیتلەر توانی ئابووری داوخاوی ئەڵمانیا دوای جەنگی جیهانی یەکەم زیندووبکاتەوە، و تاتچەر و ڕیگان جەبەجێکارانی "فریدمینیزم" بوون یەعنی تیوریەک کە وەڵامی بە پێداویستیەکانی سەرمایەی دارایی دوای سەردەمی جەنگی سارد دەدایەوە. بەڵام پارێزبەندی ئابووری(پەڵەتیکشنیزم) ترامپ، نەک هەر وەڵام بە پێداویستیەکانی سەرمایەداری سەدەی ٢١ نادات‌ەوە، بەڵکو بەتەواوەتی لە دژایەتیدایە(تناقض) لەگەڵیدا. سەرمایەداری سەردەمی ئەمڕۆ ناتوانێت بە چوارچێوەی بازاڕی ناوخۆ بگەڕێتەوە. جیهانگیری "گلۆبالیزم"، بە پێچەوانەی "فریدمینیزم" یەک تیۆری یان دکترینی ئابووری نیە بەڵکو پێداویستیەکی کارکردنی کاپیتالیزمە کە مەیدانی چالاکیەکەی هەموو جیهانە. تەنانەت سەرمایەداری تازەپێگەیشتوی ئەورووپا لە سەدەی ١٧ دا کە دامەزرێنەری دەوڵەتە – نەتەوەیەکان بوو لەسەر بنەمای بازرگانی جیهانی و دەزگەوە جیهانیەکان کە بوو بەهۆی دەزگەوەی ئەمریکا و ئوستورالیا و نیوزلەند، بەدەسەڵات گەیشت. کۆلۆنیالیزم، و زاڵبون بەسەر زەوی و سەرچاوەی تری سامانی وڵاتەکان و هەناردەکردنی کاڵا و سەرمایە بە هەموو گۆشەیەکی جیهان، بنەما و دوانەی گۆشەی سەرمایەداری جیهانی هێژاوا بوون. ئەمڕۆ ئەم هێزانە گەیشتوون بە کاردابەشکردنەکی جیهانی سەرمایەداری. سەرمایە چەند میللیەتە مالیەکان قازانجی خەیاڵی خەیان، لەسەر بنەمای دەستی کاری هەرزانی کرێکاری چین و بەنگلادش و هیندستان، بە ناونیشانی بەرهەمهێرانی کاڵا وپێداویستیەکانی بەکاربردنی کرێکاران و جەماوەری خەڵک لە هەموو وڵاتەکاندا، گۆشەی فۆڵکی لە بەرهەمهێنانی هێزی کاردا بەهۆی بەکۆمپیتەریکردنی بەرهەمهێنان و شێوەسازی پیشەسازی چوارەم لەسەراسەری جیهاندا، دەسەڵاتی دامەزراوە جیهانیەکانی وەک بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەسەر کارکرد و پەیوەندی سەرمایەکان لەهەر چوار گۆشەی جیهاندا فەراهەمدەکات. سەرمایەداری سەدەی بیست و یەکەم هیچ سنورێکی نییە، و ئەگەر هوبووی قەیرانێکی درێژخایەن بەتەوە بەهۆی گلۆبالیزمەوە نییە بەڵکو بەهۆی

قیرانکاویە کە تەنها بە تێپەڕین لە گلۆبالیزم و دابەشکردنی کاری جیهانی سەرمایە دەتوانرێت چارەسەر بکرێت. وە ئەم تێپەڕاندنەش تەنها بە گوزار لە پێوەندیە سەرمایەداریەکان دەبێت.
لە دەخێکی ئاوهادا بانگەوازی ترامپیزم بە سنورەکان و دروشمی"گەڕاندنەوەی گەورەیی ئەمریکا" ڕەگەچارەی ئابووری نییە بەڵکو هەوڵدانێکە لە پەناو هاوئاهەنگکردنی سەرخانی سیاسی ئەمریکا لەگەڵ هەزی ئابووری چەند مەڵتی ملیاردێرەکی ئەمریکا.

شەک و تەقاندن" بەشەوازی ترەمپ"

سەرهەڵدانی ترامپیزم و بە دەسەڵاتگەیشتنی ترامپ لە ڕوانگەی پەکهاتەی حکومەتەوە، گەینی سیاستەمدارانی چینی سەرمایەدارە بە خودی سەرمایەداران خۆیان. لەژیەکی نەگوتراو ئەمەیە کە: ئەگەر ٣ ملیاردێر لە ئەمریکا کە بە ئەندازەی پەنجا لەسەدی کەمەگە سەروەت و سامانیان هەیە کەواتە بۆچی خۆیان یان سیاستەمدارانی هاوفکر و هاوشێوەی خۆیان کە هەنبژێردراون، بەڵکو کەدراون، نەبنە نوێنەری سیاسی کەمەگە؟ دە لە ملیاردێرە یەکەمکانی ئەمریکا کە لە ڕوی دارایێوە پشتیوانی کەمپینی بانگەشەی هەڵبژاردنی ترامپیان کرد، بە هەڵبژاردنی ترامپ ٦٤ ملیار دۆلار قازانجیانکرد. تەنها ئیلۆن مەسک کە ٢٩٠ ملیۆن دۆلاری بەخشی بە کەمپینی بانگەشەی هەڵبژاردنی ترامپ، لە دوای هەڵبژاردنی ئەو ٣٠ ملیار دۆلار چەتە سەر سەروەت و سامانەکەی. مامەڵەیەکی خراپ نییە! وە بەگومان ئەم مامەڵە شیرینە تەنها بۆئەمە کەتایی نایەت، ئەمە وەبەرهێنانێکی درێژماوەیە لە حکومەتێکدا کە کەدراوە، تا لانی کەم بە ماوەی چوار ساڵ ڕاستەوخۆ لە خزمەتی یەک لەسەدی کەمەگەدا دەبێت.
تەواوی ئەم بازرگانی هەڵبژاردنە بە بەرچاوی خەڵکی ناڕازی لە دەخی ئەستا بەڕوودەچێت. مەڵتی ملیاردێرەکان کە خۆیان دەستیان بەسەر کاروبارەکاندا گرتووە، سیاستەمدارە باوەکان(تەقلیدی) بەوە تەمەتبارەکەن کە بەرپرسیارن لە کەشە وگرفتکانیان، هەربۆم هەکارە دەنگی جەماوەری خەڵک کە بەدەست نائارامی ئابووری و بارودۆخی سەختی ژیانەوە دەناڵینن و لە سیاستەمدارانی پارتە باوەکانی چەپ و ڕاست بێئومێد بوون، بۆخۆیان ڕادیکەشن و … ئیتر بەمە حکومەتی خۆیان دەهێننە سەرکار!
ئیدارەی ترامپ حکومەتی پارت و سیاستەمدارە تەقلیدی و ئاسایی و ناسراوەکانی ئەمریکا نییە، بەڵکو حکومەتی خودی سەرمایەدارە ملیاردێرەکانە. ئەستا دیموکراتەکان سەرقاڵی شیکردنەوەی هەڵەکانیانن و کەنسەرقەتیڤەکانیش کە زەرینەی کورسیەکانی

ئەنجومەنی پیران و نوێنەرانیان بەدەستهێنا، وەک ئەو هەڕەشانەیان لەهاتوو کە ئاغاکەیان بەدەستهێنات گەیشتوە، و سەریان کزکردوە و نەخشی مارکی پلاستیکی دەبینن لەسەر بەیارەکارگێیکانی ترامپ.

بەڵام ترامپیزم نەک هەر وازی لە سیاستەمدارانی تەقلیدی و باو هێناوە، بەڵکو پەکهاتەی تەقلیدی حکومەتیشی خستەتە لاوە. ترامپ خۆی بە پاشا ناودەبات و وێنەی تاج لەسەری خۆی بەاودەکاتەوە. سوێتانەک کە لەبەردەم کامەراکاندا بەدەرکردنی فەرمانی جێبەجێکردن، بڕیارەکانی کە کاریان باشترکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵکە هەر لە فڕیۆن و پڕوردەوە تا خزمەتگوزاری تەندروستی و بیمە کۆمەڵایەتیەکان سنوردارکات یان دایاندەخات، لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان دەکشێتەوە، داب ونەریت ویاساکان پشێل دەکات و هەموو بەها و داواکاریەکان تەنها بەیەک دروشم دەگۆڕێت"زیندوکردنەوەی گەورەیی ئەمریکا"! بزوتنەوەی ماگا"MAGA" لە ڕاستیدا بزوتنەوەیەکە دژی هەموو بەها و سیاستێکە کە بەنی بەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر کۆمەڵگا و جەماوەری خەڵکدا لەبەت."ئەمریکا" لە دروشمی "زیندوکردنەوەی گەورەیی ئەمریکا" دا تەنها ناوێکی هەمزی ملیاردەرەکانی ئەو وڵاتەیە. بەڵام ئایا سیاستی پارێزبەندی(پڕۆتیکشنیزم) ئابوری بە زیانی ئەم مەیتی ملیاردەرانە نییە؟

هەموو حکومەتەکان و شارەزایانی ئابوری جیهانی هاوڕان لەسەر ئەوەی کە باج و تاریفە گومرگیەکانی ترامپ جیهان بەرەوو پاشەکشەیەکی ئابوری دەبات. لە بەرامبەردا، ترامپ بانگەشەی ئەوە دەکات کە تاریفە گومرگیەکان وەبەرهێنەران و سەرمایگوزاران ناچاردەکات کە بێن لە ئەمریکا وەبەرهێنان بکەن، بەڵام ئەمە جگەلە بانگەشەیەکی پووچ هیچیتر نییە، چونکە هەکارە ئابوریەکان مەیدان و بواری وەبەرهێنان دیاریدەکەن نەک ئیرادەی حکومەتەکان. مایکرۆسافت و ئەپڵ و جەنەراڵ مۆتۆرز و فەرد و پیشەسازی ئەلیکترۆنی و دەیان کەرتی تری بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری دەچن لە وڵاتانی تردا وەبەرهێنان دەکەن چونکە بەدوای قازانجی زیاتردا دەگەڕێن. ئەگەر بتەوێ ئەو سەرمایەی کە بە دەرەوەی ئەمریکا کۆچیانکردوە بگەڕێنیتەوە، ئەوا قازانجکانیان و سەرئەنجام توانای مانەویان لە بازاڕی کێبەکێی جیهانیدا دەخەیتە مەترسیەوە. ئەم ڕەگایە نەک هەر نابەتە هەی گەورەیی ئەمریکا، بەڵکو بە لاوازی زیاتری ئەمریکا کۆتایدێت. لە ئێستادا بازاڕی بەرسەی ئەمریکا تەنها لە ماوەی دوو هەفتەدا دوای ڕاگەیاندنی تاریفە گومرگیەکان ٦.٦ ترلیۆن دۆلار بەهای خۆی لەدەستداوە.

ترامپ لە وەڵام بە گاڵتەجاڕانیدا دەڵێت ئەم دۆخە کاتییە و بە زووبی ئابووری ئەمریکا گەشە دەکات. بەڵام لێرەشدا مەبەست لە ئەمریکا بەواتای مەیتی ملیاردێرەکانە؛ ژمارەیەک کەسی کەم کە ئامادەن ئاگر لە جیهان بەردەن تا بەرژەوەندیەکانی خۆیان بپارێزن. مەبەستی ترامپ لە "چاوەڕوانبن دۆخەکە باش دەبێ" ئەوەیە، ئەگەر چی جیهان لە ئاگری قەیران و پاشکەشدا بسوتێ، بەڵام سەرئەنجام مەیتی ملیاردێرەکانی وەک ئیلۆن مەسک و تەواوی هەرەمی دارایی ئەمریکا لەم شۆکە ئازگاریان دەبێت و دەوڵەمەندتر و قۆڵتر دەبن.
بەڵام لایەنی گرنگتری پارێزبەندی ئابووری(پۆتێکشنیزم) ترامپ، کاربردی سیاسیەتی. ئەو بەدور دەزانرێت کە ترامپ و داڕێژەرانی پڕۆژەی ۲۰۲۵ بۆ دژایەتی نەوان پلانی ئابووری خۆیان و کارکردی جیهانی سەرمایە نەزانن، بەڵام بەردەوام جەخت لەسەر پارێزبەندی ئابووری و تاریفە گومرگیەکان و هتد دەکەنەوە چونکە ئەمە کاربرد و بەکارهێنانێکی سیاسی دیاریکراوی بۆ ئەوان هەیە. ئەمە جۆرێکە لە "شۆک و تەقاندن"ی ئابووری. بۆشیزم(گەمەبازی جۆرج بۆش) بۆ هێرشی سەربازی بەسەر عێراق و ئەفغانستان دەیویست جیهان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ئەمریکاوە، ترامپیش بۆ هێرش بەسەر ئابووری جیهان دەیەوێت بەهەمان ئامانج بگات، بەڵام ئەو کلیلە بۆ ئەم قفڵە نابێت.کۆشکی ترامپییەکان ئەوەیە کە دەتوانرێت سەدام حوسێن لەناوببرێت بەڵام ناتوانرێت گەمەبالیزم لەناوببرێت."شۆک و تەقاندن" یەک کە ترامپ باسی دەکات تەنانەت لە بۆشیزم بەهودەتر و ناکامتر دەبێت.
بەمشێوەیە ئەم سیاستانە کە تەنانەت بۆ خودی چینی سەرمایەداریش هیچ لۆژیکێکی ئابوریان نییە، بۆشکۆ لە خۆبەزلزانی و زێرداری سەرمایەدارانێک کە دەیانەوێت دەسەڵاتی ئابووری خۆیان وەک ئامازێکی هێزمونی سیاسی بەکاربهێنن. ئەمریکا خاوەنی بەهێزترین ئابووری جیهانە و ترامپ دەیەوێت ئەم کاریگەری و هێزمونە بخاتە خزمەت یەک هەرەمی مەیتی ملیاردێر لە پێناو سەپاندنی سیاستێکانی بەسەر جیهان و کەمەگاکەی خۆیدا. شا ترەمپ، نێک بگەڕێ پێویستیەکانی ئابووری سەرمایەداری جیهانی و شانبەشانی هاوپەیمانەکانی، بەڵکو بەدژایەتیکردن و سڕینەوەی ئەوان، دەیەوێت قسەکانی خۆی بسەپێنێت، ئەمەش بەمانای چەسپاندنی هێزمون و هێزی ئەمریکا کە بۆشیزم بۆشوێنیەوە بوو بەڵام بۆشوێنێک نەگەیشت.
هەروەها لێرەشدا، تاکتیکی بەسەریەکداماندنی سیستمی ئابووری بەرژوا لیبڕاڵی لە خزمەت ئیستراتیژی بەهێزترکردنی مەیتی ملیاردێرەکاندا دەبێت. بەو ئومێدەی تەنانەت ئەگەر ئابووری جیهانیش داوخا، ئەوا چەند ملیاردێرێکی کەم کە لە پاشماوەی پاشکۆی

جیهان سەربەرزدەکەنەوە، دەبنە دەسەڵاتدارانی ئایندەی جیهان. بریارە پرۆتیکشنیزمی(پارێزبەندی ئابووری) ترامپ نەک گۆشەی سەرمایەداری ئەمریکا، بەڵکو دەسەڵاتی بەکابووری ملیاردێرەکان کە تەنها لە سەدا یەکی هەموو جیهان پێکدەهێنن، مسۆگەر بکات. ئەم ئاسەی ترامپ-پۆژەی ۲۰۲۵ یە بە ئایندە. وەکو ئەو قۆشانەی کە چاوەڕوانی گەیشتنی هۆزی قیامەتن تا خەیان ڕزگار ببن، ترامپ ئاگر لە جیهان بەردەدات تا ملیاردێرەکانی جیهان ببنە ملیاردێرتر.
ئەم سەرمایەدارییە بەجۆرێک گەندەڵ بووە و بە بنبەست گەیشتوە کە تەنانەت ناتوانێت بەرگەی سەرەتایترین مافی خەڵک بگرێت و سەری بە دەر ودیواردا دەکێشێت تا دەرچەیەک هەبێ بۆ پێشەوە بدزێتەوە. بەڵام جیهانی شارستانی لەبەرامبەر ئەم کارەساتەدا، ئەم سەرمایەی ئاخر زەمانەدا، ئاسەیەکیتر دەخاتەوە.

ئاسەی سۆشیالیزم

ترامپیزم، تەنانەت بەرگریکردن لە بنەڕەتیترین و سەرەتایترین داواکارییەکان و مافی خەڵک بە ئەرکی چەپ دەزانێت. وەختێک ترامپ و شاگردەکانی، جۆ بایدن و کامیلا هاریس بە کۆمۆنیست ناودەبەن، ئەوا دوژمنایەتی خەیان تەنانەت لەبەرامبەر میانەڕەوترین ئەحزاب و مەیلە لیبراڵیەکاندا دەردەبڕن. بەرژوازی هەرچی زیاتر بەرەو ڕاست وەربچەرخێت، تۆگەیشتنی کۆمەڵایەتی و مەیدانی چالاکی چەپ بەرفراوانتر دەبێت. بە تەواوینی شا ترامپ تەنانەت بەرگری لە دەستوری بنەڕەتی ئەمریکا چەپڵەویین. بەرگری لە ئازادی حەبی ڕەگریکردن لە دووگیانبون، بەرگریکردن لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتکان، بەرگریکردن لە ئازادی هۆزنامەگەری، بەرگری لە هەرشەویکی دەسەڵاتداریەتی دەستە جمعی، چەپڵەویین. ئەمە کۆمۆنیزم دەبێت نوێنەرایەتی ئەم چەپڵەویینە بێت. جیهانی شارستانی پشتیوانی بە بەرگری لە ئازادی و مرۆڤایەتی و مەدەنیەت بێتە مەیدان، وە ئەم جوڵانەوەیە هەر ئێستا دەستیپێکردوە. هۆزی پشتر خەڵکی ئەمریکا لە سەدان شار زیاتر لە ۱۲۰۰ خۆپیشاندان و کەبونەوە لەسەر شۆقامەکانیان دژ بە حکومەتەکەی ترامپ و سیاسەتکانی ئەنجامدا، و ئەم خۆپیشاندانانش زیاتر هوو لە فراوانبونە. وتارکانی "بەرنی ساندرز" و" ئەلیکساندریا ئوکاسیو کورتیز" لە شارە جیاوازەکانی ئەمریکا هەموو هۆزێک دژ بە هەرەمی ترامپیزم خەڵکی زۆرتر دەنێتە سەر شۆقامکان. هاوەڵکانی ئیلۆن مۆسک کە بە خەرجکردنی بودجەیەکی ۲۰ ملیۆن دۆلاری دەیویست زەمینە خۆشبکات بۆ

هەڵبژاردنی لایەنگرێکی ترامپ بۆ ناونیشانی دادوەری دادگای باڵای ولایەتی ویسکانسین شکستێخوارد. ئۆگرێکی زۆر کە کەماریەکانی لایەنگری ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی نیوەی دووەمدا زۆرینەی هەردوو ئەنجومەنی کۆنگرێسی ئەمریکا لە دەستبدەن، بەڵام تەنها ئەمانە بەس نیین. پاشکۆیی دەستەی دەسەڵاتداریەتی بەهێزترین هێزی ئابووری و سەربازی جیهان لە دیموکراسی لیبرالی ناتوانرێت بە ئاسەی دیموکراسی وەڵامبدرێتەوە. گەڕانەوە بۆ سیاسەتمەدارێ باو و تەقلیدیەکان هێگاچارە نیین؛ ئۆگەر ببوایە، دیاردەیەکی وەک ترامپیزم هەر لە بنەڕەتەوە جێگایەکی بۆ گۆشەکردن پەیدا نەدەکرد. ئەمریکا و جیهانی سەرمایەداری دوای سەردەمی ترامپ لە هەموو کات زیاتر ڕووبەڕووی دژایەتیەکی(تناقضات) زۆر پایەییتر و بەربڵاوتر دەبێتەوە. دژایەتییەک کە لە هەموو کات زیاتر و ئاشکراتر بێتوانایی دەسەڵاتی لەسەدا یەکەکان دەردەخات لە بەدیهێنانی تەنانەت سەرەتایترین مافەکانی لە سەدا نەوەت و نەی خەڵک وکەمەگە.

جیهانی شارستانی دەبێت دەست بە ریشە بگرێت، ڕیشش هەمان سیستمی سەرمایەداریە کە لە پێناو مانەوەی خۆیدا پەویستی بە دیماگۆجیەتێکی خەسڵەتنی وەک ترامپ هەیە. وەڵام بە گەڕانەوەی سەرمایەداری بە دەسەڵاتی هەڵەمی و دەسەڵاتی ڕەهای کەسانی وەک ترەمپ و پۆتین، تەنها دەتوانێت ڕەتکردنەوەی دەسەڵات و حکومەتی سەروو خەڵکی بێت. وەڵامی ئەم بارودۆخە تەنها بە بەشداریکردنی هەموو هاوڵاتیان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کەمەگا و ڕەکخستنی بەرهەمهێنان بەجۆرێک کە بە دابینکردنی خۆشگوزەرانی هەموان بێت نەک تەنها بە قازانجی کەمایەتیەکی موفتەخۆر.

پەویستە لەبەرامبەر پاشکۆیی دیموکراسی لیبرالیدا تێپەڕین بێت بەرەو دیموکراسی ڕاستەوخۆی خەڵک، لە بەرامبەر نکۆلیکردنی ئازادیە سیاسی ومەدەنیەکان هەڵوەشاندنەوەی زۆرەملێی ئابووری و ئازادی و ڕزگاری ڕاستەقینەی هەموو مرۆڤەکان بێت لە کۆیلایەتی بەکرێگرتە. لەبەرامبەر سنوردارکردنی دەسەڵات و بریارەکان لە دەستی یەک کەسدا، پەویستە پەرچەمی گەڕانەوەی بەیار و دەسەڵات بە مرۆڤەکان و لەبەرامبەر کەمەگەی مەدەنیەدا کەمەگەی ئینسانی بەرزبکەینەوە. هیزی بەرهەمهێنانی مرۆیی بە پاشپشتی شۆڕشی پیشەسازی چوارەم و توانایی پەیوەندیگرتنی ڕاستەوخۆی خەڵکی جیهان لەگەڵ یەکتر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، لەهەرکاتێک زیاتر زەمینەی ماددیەکانی جێبەجێکردنی سۆشیالیزمی فەراهەمکردوە. زەلکاوی ترامپیزم پەویستە و دەتوانرێت بە هیرشی سۆشیالیستی وەڵام بدرێتەوە.

٦/٤/٢٠٢٥
وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: هیوا ئەحمەد

قەشەنگترین نەفرەت.. شیعر/کاوە عوسمان عومەر

سوتان بە حەزی عیشقەکەوە و بە دەنگ بیت لەی
چی تراژیدیایەکی مەزنە بەسەر خەمانا دەنین
گارسیا لۆرکا

ئای لەو رۆژەی
دەستبەرداری گزنگ و
عیشق و زەریا بووم
ئیتر ئەی وەرزە
تەپڵەیوکانی تەمەن
بەباکم لە گریانی بە هەودای
هەورەکانی پایز، لە سوتانی
دارستانە تەنیاکانی هاوین
لە خوێی مەرگە سەوزەکانی بەهار
لە تەزینی پەنجە
نازدارو ناسکەکانی
قەدو پەلی ئەو دارانەی
وەک کریستاڵ
بەسەر چەگە بەستووکانی ڕۆژەکانما
شەبونەتەوە
دەزانم
دەکرا ڕۆژگارەکانم
قەشەنگ تر بونایە
لە خاچدام
لە بەردەم میحرابی بێزەیی
خانمێک لە گەو کەپە
بە بێزەیانە تر بوایە

لازوردی دڵ پڕمەیی ترو
زایەڵی گیتاری ڕەحم
سازگار تر بوایە
ئای !دەروازە ڕووشەنکراوەکانی
ئەو ئێوارانەی
بە نەو ڕۆژەوە بەردە مەڕەیەکان
بە چرایەکەوە
بەرەو کەنارە تەمەڵگرتوەکان ڕۆگەم ئەگرت
شەوان وەک سەفیەکی سپیپۆشی
ڕوخسار پڕ لە نوری عیشقی پیرەز
ئارامم ئەگرت
بە دوای سەراخی تارمایی
شازادەیەک
لە نێوان ڕاستی و ناڕاستی
نیوە شەوکی زومردی دەر ئەکەوت
ئای لەو ڕۆژانەی
کە ئارەزووی ئەبەدیەت
لام وابوو
وەک کانیەکی بە خوڕ
لە ناخما ووشک ناکات
گەرچی هیچ گوڵێک
وەفای بە چنگە خڵێی عاشق نەبووە
هیچ ئەفسوونێکی هەڵهاتن
بەرەو شاڵیەک
لە شادومانی ڕۆها
تا سەر نەبوو، ئەفسووس
لە تەکەای هەموو ئەو پەلکەزێڕینە بەهەشتیانەی
بزە و خەندەکانی ئەوی ئەهێنا
کوا ئاسەواری
خەوەتە غەمگینەکان
لە بەردەم نووری هەموو ئەو مانگە شەوانە
ڕوخساری خەمناکمی تارا پۆش ئەکرد
جوانی مەڵەکانی سەرگوزشتەی ژوانێکی
نەو گەژنەو سەرابی سەفەرێکی دوریش
تابلۆیەکی بەهودە بوو
چەند گەمژەیی بوو
واتەبگەیت

یاری شیعر
و حیکایەتێ بە چۆکانی منداڵی
لە نەو گژو گیای ناسکی
ژێر زیوە بارانە
تا هەتا هەتا بمێنێ
ببینێ ئەی بەخشندەیی
جێپەی پەهەورازی نەو ئاگری بریسکاوی
چیای تەنیاییم گرتوە
ئەم بەندەرە ئەرخەوانێ
دوا مەنزڵگەی وونبوونم…و
دوا مەشخەڵی زەردەپەڕەکی دەپە
بە کەچی نەورەسێ عاشقەکانم هەڵگرتوە
دەزانم ژیان جارێکی تر
هەڵەکی تری وونبوون و
سەرەتایەکی ترم ناداتێ
منیش بەباکم
بە کاتژمێرە لمینەکەی تەمەنی وەریوم
ئەوەتا، لە بەندەری تەمەچنی ئەمشەوی سەفەرا
ستایشی یەک بە یەک
لە بیرەوەریە فرمێسکاویەکان ئەکەم
دەزانم لە بە سەراخی ئەوێک
لە تەم وخەیاڵ و سەراب
سەرهەڵگرتن
مەستترین وونبوون..و
قەشەنگترین نەفرەتێ

وێنەکێ کارەکی هونەری فەتەگرافەر بەریتانی
Lee Watts – Lees Design
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خەی وەرگەراوە

شیعر/کاوە عوسمان عومەر

نەرینەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا.. نووسینی: بەکر ئەحمەد

پێشەکییەکی کورت:
ئەم نووسینەی بەردەستتان، وەڵامدانەوەی منە بە ڕۆژنامەی "هاوت" لە بڕانبەر ئەو پرسیارەدا کە بە منییان ناردبوو کە تەوەرەکی تایبەت بوو لەسەر: " ئایا ئەدەبی کوردی توانیویەتی هەژموونی زمانی نەرسالاری لە نووسینی دەق تێپەڕێنێت؟هەکارە بنەرەتییەکانی هەمژموونی زمانی نەرسالاری لە ئەدەبی کوردیدا چین؟ بە بروای تۆ چی بکرێت بۆ ئەوەی دەسەلاتی هەژموونی ئەو زمانە تێکبشکێنرێت؟

بە بروای من وەلامی ئەم پرسیارە هەروا سانا نییە. خودی زمان کایەیەکی فراوانە کە تیایدا وشە، دەستەواژە و ئاماژەکان هەنگاوەژدەکرێن بەو بەها و پەوەرە کولتوری و ئایدیۆلۆژیانەی زمان خۆی تیا دەبینێتەوە.
لە زمانی چینەکدا، یەکێک لە زمانەکانی باکوری خۆرئاوای باکوری ئەمریکادا دەربڕینێکی لە چەشنی
"ئەو پیاوە هارە، منالە فەقیرەکەی کوشت."، دەبێتە : " هارێتی پیاوەکە فەقیری منالەی کوشت". لێرەدا وشەی فەقیر ئاماژە نییە بۆ دەخێکی ئابووری کە نەبوونی ئیمکاناتە مادیی و مەعنەوییەکان دروستی دەکات. بەڵکو فەقیری بەمانای ئەو دەربڕینەی کە لە زمانی کوردیدا بە وەسفکردنی کەسێک کە سالارە و بەدەنگە و تەواو بارگاویە بە هەموو مانا پەزەتیڤەکان. "بە ڕاستی باوکی فڵانە کەس پیاوێکی فەقیرە." ئەوەی کە وشەگەلێکی وەک " هار، هارێتی، فەقیر و فەقیری" مانای دەلالاتی جیاواز لەم دوو دەستەواژەیەدا دەداتەدەست، لە جیاوازبوونی ماناکانی هارو هارێتی، فەقیر و فەقیریدا نییە لە پلەی یەکەمدا، بەڵکو لە بەکارهێنانی کەمالایەتی ئەو وشانەدا هەیە لە ناو کەش و هەوای ئەو کولتورە جیاوازانەدا کە بەهای کەمالایەتی جیاواز لەسەر هار، هارێتی، فەقیر و فەقیریدا دادەنێت. بەڵام ئەم نەرسالارییەی کە لە زمانی کوردیدا باسیلدەکرێت، کەمتر تیشکی خراوەتەسەر و زیاتر سیمای پیاوێکی دڕندەی هەیە وەک لەوەی سیستەمێک بێت کە مێیتی و نێریتی لەناو تێکی بڕینی کەمالایەتیدا بەرهەمدەهێنێتەوە. بەیە وەلامی من بۆ لەوەی لە زمانەوە دەستپێبکات، ناچارم دەکات لە خودی نەرسالارییەوە دەستپێبکەم و

دواتر بگەمەوە ناو کایەکانی دیکەی ئەدەب، هونەر، ریکلام و گرانی.
بەڵام هەرچەندەک بمەوێ دەستپێبکەم، ناتوانم "کتێبی ملوانکە"ی شیرکۆ بێکەس فەرامۆش بکەم کە تێنیشاندەرێکی گەورەی ئەم باسەیە لە کۆنتێکستێ کوردیەکەیدا.

کتێبی ملوانکە، پرۆژەیەکی کامڵی شاعیرێکە کە دەیەوێ پرسی یەکسانی لە پرۆژەیەکی سەرتاپاگیردا و لە نیشتیمانێکی دروستکراوی دیکەدا بسازێنێتەوە کە سنووری نیوان ڕەگەزەکان جێگایەکی ئاوتە لە ژیانی ڕۆژانەیادا داگیرنەکات و ئینسانبوون پێوەرو شوناسی ئەوان بێت ، نەک نێر یاخود مێ بوون.
ئەگەر شیرکۆ لە قەسیدەی "ئەستا کچێک نیشتیمانمە" بە شێوەن نیشتیمانێکی تراویە بە ژیانی ئینسانەکان کە دوورە لە پێناسە ناسیونالیستییەکان ، ئەوا لە "کتێبی ملوانکە"دا، کچێکانی نیشتیمان دەخاتەوە ئەو شوێنەی کە نیشتیمانی تازە دەخوازێ چۆن بن. شیرکۆ بەم هەنگاوەی گورزێکی کوشندە لەو درێ گوریە دەدات کە لەناو بزووتنەوە ناسیونالیستییەکانی دنیادا ڕەواجیپەیدەردە کە گوایە: تا نیشتیمان ڕزگار نەبێت، رزگارکردنی ژنان مەحاڵە. کتێبی ملوانکە چەند ساڵێک بەر لە نووسینی "ئەستا کچێک نیشتیمانمە" نووسراوە و پەیامی دەر بە دەری حەکایەتی ملوانکەکان هیچ شتێک نییە جگە لە دەستکاریکردنێکی رادیکالانەی شیعری بە پەیوەندی نیوان یەکسانی و رزگاری ژنان لەگەڵ رزگارکردنی نیشتیماندا.
سەیرێکی ئەم نەخشە ڕەنگەڕەنگەی شیرکۆ بکەن بە خوێندنەوەی ئەو سیستەمی جەندەرەی لە کوردستاندا کاردەکات.

"لەرە. لەرە. لەرە، شت ومەک بە و کەل و پەل بە و هەرچییەک بە کە بینیمن من دەزانم نەرن یان مێ: دیوار نەرە، شەقام نەرە، درەخت مێیە و کەلانی تەنگ و باریکیش زەربەیان مێ. بەهار و هاوین نیرینەن. پاییز و زستان میینەن. ڕۆژ نەرە و شەو مێ. ئاگر نەرە و خەڵمێش مێ. نهەمەکانی سەرەو نێر و ژێرزەمینیش زەربەیان مێ. شاخ نیرە و دەڵەکان مێ. لەرە. لەرە. لەرە: ئاو میینە و بەربەست نەرە. هەڵم میینە. ماسی مێیە و چەشنیش نەرە. باران مێیە. باخچەکان مێن. سپی مێیە و سووریش نەرە. سروودەکان هەموو نێر و بەستەکانیش زەربەیان مێ. دوولەسەر سەی ئازارەکان مینەن و حەرام مێیە و حەڵالیش نێر. بەشی زۆری سەبەرەکان میینەن و بەشی زۆری فەرمانەکان نێر. خودا نەرە و عەرشەکەی مێ. هەموو مافوورەکان مێن و هەموو کورسیەکان نێر.هەموو تەنافەکان مێن و هەموو گیرەکان نێر. بەفر

مێژووی ئافرەت لە ئەدەبیاتی کوردیدا
ئەم بابەتە لە ڕووی ئەدەبیاتی کوردیدا بابەتێکی نوێیە و ئەو ئەدیبانەی کە لە ڕووی ئەدەبیاتی کوردیدا لە ژنان دواون کەمن و ئەو کەمانەش زۆربەیان لە ڕووی ئەدەبیاتی کوردیدا جێگەی خۆیان نەکردۆتەوە. ئەگەر بە ڕاستی بمانەوێت ئەدەبیاتی کوردی بناسین، دەبێت ئەدەبیاتی ژنان بناسین، چونکە ئەدەبیاتی ژنان بەشێکی گرنگ و گەورەی ئەدەبیاتی کوردی پێکدێنێت. ئەگەر ئەدەبیاتی ژنان نەناسین، ئەدەبیاتی کوردی بە تەواوی ناناسین. ئەگەر ئەدەبیاتی ژنان نەناسین، ئەدەبیاتی کوردی بە تەواوی ناناسین. ئەگەر ئەدەبیاتی ژنان نەناسین، ئەدەبیاتی کوردی بە تەواوی ناناسین.
ئەدەبیاتی ژنان لە ڕووی ئەدەبیاتی کوردیدا بابەتێکی نوێیە و ئەو ئەدیبانەی کە لە ژنان دواون کەمن و ئەو کەمانەش زۆربەیان لە ڕووی ئەدەبیاتی کوردیدا جێگەی خۆیان نەکردۆتەوە. ئەگەر بە ڕاستی بمانەوێت ئەدەبیاتی کوردی بناسین، دەبێت ئەدەبیاتی ژنان بناسین، چونکە ئەدەبیاتی ژنان بەشێکی گرنگ و گەورەی ئەدەبیاتی کوردی پێکدێنێت. ئەگەر ئەدەبیاتی ژنان نەناسین، ئەدەبیاتی کوردی بە تەواوی ناناسین. ئەگەر ئەدەبیاتی ژنان نەناسین، ئەدەبیاتی کوردی بە تەواوی ناناسین.
ئەدەبیاتی ژنان لە ڕووی ئەدەبیاتی کوردیدا بابەتێکی نوێیە و ئەو ئەدیبانەی کە لە ژنان دواون کەمن و ئەو کەمانەش زۆربەیان لە ڕووی ئەدەبیاتی کوردیدا جێگەی خۆیان نەکردۆتەوە. ئەگەر بە ڕاستی بمانەوێت ئەدەبیاتی کوردی بناسین، دەبێت ئەدەبیاتی ژنان بناسین، چونکە ئەدەبیاتی ژنان بەشێکی گرنگ و گەورەی ئەدەبیاتی کوردی پێکدێنێت. ئەگەر ئەدەبیاتی ژنان نەناسین، ئەدەبیاتی کوردی بە تەواوی ناناسین. ئەگەر ئەدەبیاتی ژنان نەناسین، ئەدەبیاتی کوردی بە تەواوی ناناسین.

یەکسانی.
ئەم پەتای نەبینینی پیاوە هەر بزووتنەوە یەکسانیخوازەکانی ئەوروپای نەگرتبووەوە، بەڵکو لە کوردستانی عێراقدا کە ژنکوژی لە نەوەدەکانەوە بە جینەسایدێکی ڕەگەزیی نزیکدەبێتەوە، نەرینەیی ئینسانی کورد ناخاتە ناو هاوکێشەکانی یەکسانییەوە و هیچ خوێندنەوەیەک بۆ تایبەتمەندییەکانی ئەم نەرە ژنکوژە ناکات و وەلامی ئەو پرسیارە نادرێتەوە کە نەرینەیی لە کەمەڵگای کوردستان چۆن دروستکرواوە و چۆنیش بەرهەمدەهێنرێتەوە. بەیش لەم دەزخەدا کە پیاو بە ژنانی دروستکردووە، پیاو لە ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەی یەکسانیخوازیدا، بە تەواوەتی ونە.
بەگوومان پرسیاری من لەسەر تاوانبارکردنی پیاو نییە وەک کەسێک و دانانی نەرینەیی پیاوی کورد نییە لە قەفەسی تاوانباریدا، بەڵکو ئەم جارە لە نەرینەیی، زادەی ژەمەکی جەندەری کەمەڵگای کوردییە کە لە ناو دامەزراوە و سترکچەرە بەناو یەکسانەکانیشدا توانای دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خۆی هەیە و بە جیا لەم روخسارە ژنکوژەی ، خاوەنی دیۆها دەموچاوی دیکەیە کە کاریگەرییەکانی کەمتر خوێناوی نییە. بەڵکوو کەشفکەی بە بینینی ئەو کائینەی کە بەشکی گرنگی پرسیارەکانی کەمەڵگای لەسەر شانەو ناکرێ بخرێتە دەرەوەی بازنەکانی ئەم هاوکێشەیەوە.

جەرەکانی نەرینەیی یان پیاوەتی لای کۆنڵ

کۆنڵ قسە لەسەر ماسکەلینیتی و فەمینیتی دەکات کە وەرگێرانی بە زمانی کوردی کارێکی ئاسان نییە. لە قامووسی عەرەبیدا ماسکەلینیتی بە الذکورە وەرگێردراوە. لە فارسیدا بە نرینگی. لە سویدیدا، هەم نەرینەیی و هەم پیاوەتی بەکارهێناوە.
بەیە منیش لەم سەرگوزیەی وەرگێران و هەژاری زمانە زانستییەکان لە زمانی کوردیدا، یان لە بە توانایی خەم بە خەماندووکردنێکی زیاتر بە ئەوەی بابەتێکی سەرکەوتووانەتر پیشکەش بکەم، ناچارم دەست بە داوێنی نەرینەیی یان پیاوەتییەوە بگرم بە وەرگێرانی چەمکی ماسکەلینیتی.
بە کۆنە کە تەروانینەکەی کۆنستڕکتیڤیستی هەیە لە لێکۆڵینەوەکانیدا، "نەرینەیی و مەینەیی لە پێوەندییەکی پێکەوەیدا و لە ناو ستڕکچەری رژێمی جەندری کەمەڵگادا مانا پێدا دەکەن". واتا ناکرێ بە جیا سەرنج لە هیچ کامەکیان بدەیت و ئەوان لە بەرانبەر یەکدا و لە پێوەندییەکی پێکەوەیدا دەخوێنرێنەوە. هاوکات کۆنڵ پێیوایە کە رژێمی جەندری خەرئاوا، لەسەر پێوەندییەکی دەسەلات ڕاگیراوە کە سەردەستەیی پیاو و

ژردەستەیی ژن بناغەکەیەتی. واتا سەردەستەیی و ژردەستەیی ئەو نایەکسانییەی دەسەلاتە لە نەوان رەگەزەکاندا. کۆنەل پێیوایە کە رژیمی جەندەر هاوئاهەنگی دەکات لەگەڵ سترکچەرەکانی دیکەی وەک چین و ئەتنیەت و سێکسوالیتیتدا. بە نموونە ژنبوونی کارەکەرێکی ئیسیوپی هەژار کە پێستی ڕەشە، لە ناو رژیمی جەندەری کوردیدا، هەندەی دی ژردەستەیی ئەو قوتردەکاتەوە لەبەرانبەر هەمان ژنی ژردەستەی کورددا چەند پلەیەک لە خوارترەوەیە. بەیەش ناکرێ قسە لە جەرەک لە مەینەیی یان ژنەتی بکرێت لە کەمەلگای کوردستاندا. ئەم تێروانینە بە هەمان شێوە دروستە لە پێیوەند بەو هەمەڕەنگییەی کە نەرینەیی هەیەتی لە کەمەلگادا. بەیە کۆنەل قسە لەسەر جەرەکانی نەرینەیی دەکات لە کەمەلگادا.

لای کۆنەڵ باشترێ ئینسان لە جیاوازییەکانی نەوان نەرینییەکان یان پیاوەتییەکان وردنەبێتەوە بەکو سەرنجی بچێتە سەر پێیوەندییەکانی نەوانیان.

لە دەرئەنجامدا کۆنەل ئاماژە بە کەمەلێک پێیوەندی نەوان نەرینییەکان دەکات کە بریتین لە: نەرینییەکی هەژموەندار، نەرینییەکی ژردەستە، نەرینییەکی بەشداریکەر و لە کۆتاییشدا، نەرینییەکی لەپەڕاوێزخراو.

ئەم پێیوەندییە جەراوجەرانەی نەرینەیی، ژمەی جەندەری خەرئاوا پێکدەهێنن. من پێموایە، لە رژیمە جەندەرەکانی خەرهەلاتیشدا، جیاوازییەکی زەر بنەڕەتی لەگەڵ ئەم پێیوەندییانەی نەوان جەرەکانی نەرینییەدا نییە و دەکرێ لە هەندێک پراکتیکی بچووکدا لەیەک دووربکەوێنەوە.

با سەرنجێکی کورت لەو دابەشکرنەی نەرینەیی بدەین کە لای کۆنەل لە ناو رژەمی جەندەری خەرئاوادا دەبینرێت.

نیرینەیی هەژموەندار.

کۆنەل چەمکی هیگەمەنی لە گرامشییەوە وەردەگرێت و بە هەمان مانا بەکاریدەهێنێت. ئەو پێیوایە کە نەرینەیی لە دەوری چەمکی هیگەمەنی یان کە لە زمانی کوردیدا کۆک لە فارسییەکەی وەرگیراوە و وەک هەژموونی وەرگەردراوە، دروستکراوە. نەرینەیی هەژموەندار بە کەمەڵێک بەها و تایبەتمەندێتی سروشتی و سادە و پەزێتیف نەخشێنراوە کە جێگایەکی بایای دەداتە و دەبێتە ئامانجێک کە نەرینە دەبە پێیبگات. بەڵام ئەم نەرینەییە هەژموەندارە لە هەموو ئان و زمانێکدا دەستنیشانکەری ئەوە نییە کە نیرەنەیی دەبە چەن بێت. بەڵکوو ئەم جەرە لە نەرینەیی بە پێی شوێن و ژینگە کولتوریی و کەمەلایەتییەکەی دیاردەکرێت. ئەم جەرە لە نیرەنەیی هەمیشە بارگاویکراوە بە کەمەڵێک بەهای بەرز و پەزێتیف کە وا دەکات وەک

ئایدیالێک بەندەتەوە کە نەرینەکان چاوێلەبکەن ئاگەر نەشتوانن واهی بن. بۆیە هەژموونی لای کەنەل بە گرانەوە بە گرامشی: واتا ئاماژەدان بۆ دینامیکە کولتوورییەی کە وا دەکات گروپێک جیگاو رێگایەکی لە پشتوەیی و رابەری لە ژیانی کۆمەڵگادا داگیربکات.
لە بارەی کولتوورییەوە و لە زەمەنێکی دیاریکراودا، جۆرێک لە جۆرەکانی نەرینەیی بالادەست دەردەکەوێت لە چاو ئەوانی دیکەدا. ڕەنگە وەنەی مامەستا لە کۆمەڵگای کوردیدا، نیشاندەری ئەم جۆرە لە نەرینەیی بوونبەت لە ڕەژگارەکدا. دواتر پشمەرگە جێدەگرێتەوە و هەتا دوایی. بە زمانی کەنەل: نەرینەیی هەژموونداری تەکەڵێک لە پراکتیکی جەندەرییە کە ناوەرۆکەکەی وەامدەرەوەی پرسیاری شەرعییەتی سیستەمی پاتریارکە. بە کوردییەکەی: کاتێک فەمینیزم دژیەوێت لە نەرینەیی بالادەست حەکایەتێکی دیکە دروست بکات و ئایدیالێکی دیکەی لەبەندەتە دەر لە سوێددا، بە نموونە نیرینەییەکی ئایدیاڵ بە فەمینیزمی سوید کەسێکە کە ڕەژکانی مەرخەسی دایکانە بە قەد دایک وەردەگرێت و لە هەموو ئەو پراکتیکانەدا کە بە پراکتێکی مەییانەوە لەقەڵەمدەرێت چالاکانە کاردەکات. ئەم پراکتیکە جەندەرییەی کە فەمینیزم دژیەویت لە دەوری نیرینەییەکی ئەڵتەرناتیڤ دروستی بکات، دەبە هەمیشە بکەوێتەوە بەر پەلاماری ئەو نەرینەییەی کە شەرعیەتی پاتریارک ڕادەگرێت و دژیخاتەوە شوێنی خۆی. یانی باوکێک کە مەرخەسی دایکانە دەداتەوە دەستی دایک و پێیوایە کە وەزیفەی دایکانە لای منداڵ بەننەوە وبەرپرسیاری یەکەم ئەوە. بە کورتییەکەی جەهەشتنی کاری ناو ماڵ و چاودێریکردنی پەروەردەی منداڵان بە ژن.
سەرنجڕاکێش ئەوەیە هەمیشە ئەو کەسانەی کە هەڵگری پێیامی نەرینەییەکی هەژموونداڕن و بەرهەمهێنەرەوەی ئەم پێیامەن، مەرج نییە خۆیان خاوەن دەسەڵاتە گەورەکانی کۆمەڵگا بن و مەقاماتی بەرزییان هەبێت.
بەڵام هەژموونیش تەنها کاتێک دەخوەقنرێت کە: پێیوەندییەک هەبە لە نێوان ئایدیالێکی کولتووری و دەسەڵاتێکی ئینستیتیتیدا. قارەمانێتی ژنان و کچانی کورد لە کێبانی و شوێنکانی دیکەی ڕژئاقا، وەنەی ئایدیاڵی نیرینەیی پیاوی کورد دەخاتە ژێر پرسیار. بە تایبەت لە جومگەکانی ئازایەتی و کونەجەرگدانبوونی نیرینەی ئینسانی کورددا و ئازایەتی مەیینەی کورد دەخاتە شوینێ. بەڵام هەشتاش لە بارە گرنگەکەی دەسەڵاتی سەربازیدا، تەواوی جومگەکانی سەربازی کوردی، هەر نیرانەیە.

نەرینەییەکی بەشدار

ئەم جۆرە لە نەریتانە، ئەو لەشکرە گەورە لە پیاوانی چالاک و کارا دەگرێتەوە کە ناتوانێت وەک نەریتێکی هەژموونداری بژی و هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو لە خۆیدا بدزێتەوە، بەڵام ئەجێندای نەریتێکی هەژموونیداری پێ قبووڵ و لە هەشتنەوەی نەرم و بەهاکانی نەریتێکی هەژموونداردا چالاکانە لە بەرهەمهێنانەوەی سەردەستەیی پیاو و ژێردەستەیی ژندا کاردەکات.
بە پێی دابەشکردنەکەی کۆنێل، زۆربەی پیاوان دەکەونە ناو سنوورەکانی ئەم بازنەیەوە. کەسێک کە دیفاکتۆکی سەرسەختی یەکسانی نێوان ڕەگەزەکانیش، دەکرێ قازانج لەوە بکرێت کە کرێی کار لە نێوان ژن و پیاودا جیاوازی و ئاوی پیاو ، سوودمەندی ئەم نایەکسانییەی کرێیە کە سیستەمی جێندەری کۆمەڵگا بە پێی بڕژوەندییە جیاوازەکانی بازاڕ بڕەهمی دەهێنتەوە.
ئەم جۆرە لە نەریتەیی، بەشداربوویەکی پاسیڤی هەشتنەوەی نەرم و بەهاکانی نەریتێکی هەژموونداری کە بۆئەوەی بڕژوەندی خۆی بخاتە مەترسییەوە، لە ڕاگرتنی سیستەمدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. ئەگەرپاراستنی بەهاکانی نەریتێکی هەژموونداری کۆمەڵگا لە هەشتنەوەی تەڵاق لە دەستی پیاودا شاو و ڕۆژ خۆریکی بانگەوازی ئایینی و قانونی خۆیەتی، ئەوا لەشکری بەدەنگی پیاوانی زۆری کۆمەڵگا لە بڕانبەر ئەم پرسیاردا، ئەوان دەکاتە شەریکێکی گەورەی هەشتنەوەی ئەم مافە لە دەستی پیاودا و خۆیشیان دەبنە قازانجکارێکی باشی ئەم دۆخە چونکە پایە کولتوورییەکانی نەریتێکی هەژموونداران وەک خۆی دەهێنتەوە.
نەریتێکی ژێردەستە

وەک لە پێناسەکەی پێشەوە لەسەر هەژموونی ئاماژەی پێدرا، هەژموونی بە مانای سەردەستەیی کولتوورییە لە کۆمەڵگادا بە گشتی. لە ناو ئەم چوارچێوە کولتوورییەدا، یاسا و ڕەسای جێندەری هەیە کە لەسەر چەمکەکانی سەردەستەیی و ژێردەستەی ڕاگیراوە.
لە ناو کولتوری خۆرئاوادا، ئەم سەردەستەیە کولتوورییەی نەریتێکی هەژموونەدار، لەسەر بالادەستی نێرمی هیترۆسێکسوالێتی پیاو و ژێردەستەی پیاوانی هەمسێکسوال ڕاگیراوە.
ئەو نەریتە هەژموونەدارەی کە لە کۆمەڵگادا وەک نەرمەک و ئایدیاڵێک سەرنجی لەدەرەت، هەمیشە پیاوێکی هیترۆسیکسوڵە. لە بڕانبەردا، هەمیشە دژە وێنەیەک ئامادەیی هەیە کە تەواوی ئەو خەسڵەتانەی لە خۆدا کۆکردۆتەوە کە لە ئایدیاکنای نەریتێکی هەژموونداردا بوونی نییە. هەمسیکسوەل هەڵگری جۆرێک لە نەریتە کە لە پلەو پایەیەکی زۆر لە خوارتروەی پێوەندییەکانی

نەرینەییدا قەراردەگرێت. ئەگەر زەربەیەک بەر پەیکەری نەرینەییەکی هەژموونداری کەوتبێت و نەرم و بەها کولتوورییەکانی ئەو خرابێتە ژێر پرسیار، ئەوا لە بزووتنەوەی هەمەسیکسوالەکانی کەمالگاوە لێیدراوە. ئەوە بزووتنەوەی هەمەسیکسوالەکانە کە بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا و پەنتاگۆن فەرزدەکات کە ئینسان ئەگەر هەمەش بێت دەکرێ سەربازێک و جەنگاوەرێکی ئازا بێت لە جەنگدا. ئەو ڕێگرییە کولتووری و یاساییانەی لە بەرانبەر هەمەکاندا دادەنرێن تا لە مەقامە بالاکانی سەربازیدا وەرنەگیرێن و وردە وردە خەریکە سامیان دەڕوێتەوە، بەشێکی گرنگی بە هۆی سەرسەختی خەبات و لەسەرپێداوەستاوی بزووتنەوەی هەمەکانەوە کە مانایەکی دیکە بە نەرینەیی دەدات و لەو چەمکە هەژموونداڕی نەرینەیی، هەژموونداری دەستنێتەوە و مانایەکی دیکەی ئینسانی پێدەبەخشێت. پیاو دەکرێ جەنگاوەرێکی ئازا بێت و بە ئەوەی سەرنج بچێتە سەر ئەوەی کە ئارەزووی سیکسی ئەو بۆ ئاراستەیەکدا دەڕوا، ڕووی لە پیاوە یان لە ژن، یان لە هەردووکیان. لە کەمالگای کوردستاندا، دەرگای بە پێشمەرگە بوون لە بەرانبەر زەرەک لە گەنجانی کوردا دادەخرێت کاتێک بە منداڵی لاقەکراون و وەک "حیزە" ناسراوەکانی گەرەک چاویان لێکراوە. ئاخر ئەوانەک کە قونی خۆیان پێنەپارێزراوە، ناتوانن پارێزەری شەرەفی دایکی نیشتیمان بن. ئەگەر بەهاو نەرمەکانی نەرینەییەکەی هەژموونداڕ ئاڕاستەرناتیڤێکی دیکەی نەرینەیی لە بەرانبەردا قووتدەکرێتەوە، ئەوا لە بزووتنەوەی هەمەسێکسوالەکانەوە دێت و وەک ئەپۆزسیۆنێکی ئەم نەرم و بەها کولتووریانەی نەرینەیی هەژموونداڕ خۆی فەرزدەکات.

بەڵام ئەوە تەنها هەمەکان نین کە لە پلەیەکی زەرخواڕەوەی دەسەڵاتدا لە بەرانبەرپەوەرەکانی نەرینەیی هەژموونداڕدا قەراریان گرتووە، بەڵکە جۆرەها ناو و ڕوخساڕی دیکەی نەرینەیی هەیە کە هەمان چارەنووسی هەمەکانی کەمالگایان هەیە و لە خوارەوەی پێژەی نەرینەیی کەمالگادان. پیاوانی ترسنۆک، پیاوانی دەنگناسک، بۆچکە دەڕەمەندی بە نەستەڵە بەخۆکراو، پیاوانی لووسکەڵە، پیاوانی زیرەک کە بەس خوێندن دەزانن و هیچی دی، پیاوانێک کە گرفتی ئێندامناکارایی هەیە، ئەوەی کە لە زمانی کوردیدا بە کەمئەدام دەناسێنرێن، هەر هەموو ئەم کاتیگۆرییە جۆراوجۆرانەیش کە نەرن و بەڵام دەکرێنە دەرەوەی نەرینەییەکی هەژموونداڕ. ئەوان لەوێن تا نەرینەیی هەژموونداڕ ڕەوایەت بە حەکایەتی بالادەستی خۆی بدات و خۆی بەرهەمبێنێتەوە. ئەم کاتیگۆرییانەی سەرەوە، دەخرێنە دەرەوەی نەرینەی هەژموونداڕ، چونکە لە بەشێکی زۆری ئەو پەوەڕ و بەها کولتووریانەی کە وەک ئایدیایەکی خەناسینەوە بە نەربوون لە

کۆمەڵگادا سەرنجی دراوەتە، بەبەشن.

نەرینێیی لە پڕۆسەی ئۆزداخراو

کاتێک باس لە پەیوەندییە ناوخۆیی و دەروونییەکانی ناو سیستەمی جێندەری خێزانەوا دەکات و نەرینێیی هەژموونداری، بەشدار و ژێردەستە لە پەیوەندییەکی چالاکانەی پێکەوییدا دەبینێت، بەڵام سیستەمەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە گڕ سیستەمی جێندەردا لە کار و کردانەوەیەکی هەمیشەییدان و یەکتر ناڕەزێدەکەن.

هەر بەیەش پەیوەندی نێوان سیستەمی جێندەر و سێکسوالێتی ئینسانەکان، ، ئینتیمای چینایەتی، جۆرێکی دیکە لە پەیوەندی نێرینەیی دەخوڕقێنێ کە بە نێرینەیی لە پڕۆسەی ئۆزداخراو دەناسرێت.

لە وڵاتێکی وەک ئەمریکادا، نێرینەییەکی هەژموونداری، ڕەنگێکی هەیە کە نێرینەییەکی سپیپێستە. بەیە نێرینەییەکی ڕەش هەمیشە لە پەراوێزی نێرینەیی هەژموونداردایە و هەموو ئەو تایبەتمەندییانە وەردەگرێت، کە دژە وێنەی نێرینەیی هەژموونداڕن. کاتێکیش نێرینەیی ڕەشپێستێکی ئەمریکیی کە وەک قارەمانێکی وەرزشی دەکەوێتە سەرەوەی نێرینەییەکان، ئەوا ئەم جۆرە لە نموونەی نێرینەییەکی ڕەشی سەرکەووتوو، بەهایەکی زیاتر دەخاتە سەر بەها نێرینەییەکانی سپی وەک جۆربەزێیی و تواناییەکی فیزیکی بەرز کە نموونەی نێرینەیی خۆی پێدەباتە سەر. کەچی هاوکات پیاوانی ڕەش دەکاتە هەمای لاقەکردن و لە سیاسەتی سیکسوالێتی کۆمەڵگادا کەلکی لێوەردەگرێت.

لە کۆنتەکستە کوردییەکەیدا، نێرینەییەک کە کرێکارێکی بێنگلادیشی و شۆفێرێک و کرێکارێکی عەرەب نوێنەرایەتی دەکەن، نموونەی زیندووی ئەو نێرینەییە لە پڕۆسەی ئۆزخراوەیە کە هاوشانی نێرینەی ڕەشپێستەکانە لە مەلەکەتی سپییەکاندا.

کۆمەڵگای کوردستان و مەدەلی کۆنترۆل

بە بۆای من، ئەگەرچی هەر کۆمەڵگایەک سیستەمی جێندەری خۆی هەیە، بەڵام هەشتاش ڕژێمێکی جێندەری جیهانی هەیە کە تەواوی ئەم سیستەمە جێندەرییانەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. کاپیتالیزمێکی خێرهەڵاتی، ئەگەر چەمکێکی واهی بوونی هەبێت، تەنها بەبوونی کاردانەوەشکردنی کاپیتالیستییانەی جیهانییەوە دەکرێ بوونی هەبێ. بەیەش لە پاڵ هەر جودایییەک و لێکنەچوونێکی کە دەکرێ لە نێوان سیستەمی جێندەری خێزانەوا و خێرهەڵاتدا هەبێت، هیشتاش پەیوەندییە جێندەرییەکانی کە پەیوەندی نێرینەییەکان ڕێکدەخات، بەهەمان ناوەرۆکی خۆیەوە لە خێرهەڵاتدا کاردەکات. بەبوونی کۆمەڵێک جودایییەوە کە دەکرێ ئاماژەی پێبدرێت.

ئەو سیستەمە جەندەریەی کە نەرینەیی کوردی لەناو خۆیدا لەقاڵبداوە، نەکەوتووەتە بەر پەلامارەکی توندی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی کۆمەڵگاوە. تا بەمڕۆوە حسابکرێت، شۆڕشی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە کوردستاندا، شۆڕە بۆ ماناوەی مەیینەی کورد، نەک بۆ فراوانکردنی مافەکانی. بۆ کوردیەکەی شۆڕە لەسەر مافی ژیان نەک ئەوەی ژیان خۆی دەبێ چۆن بێت. تا ئێستاش بۆ جیا لە کۆمەڵك دەستکەوتی کەمی شۆرمئاوەر لە بارەی قانوونییەوە کە زیندانیکردنی پیاوی بکوژی ناموسییە، هیچ شتێك بەدەستنەهاتووە. بزووتنەوەی فەمینیزمی خۆرئاوا شێوەی مان و نەمانی ژن ناکات، بەڵکو شێوەی دووبارە بەدەستهێنانەوەی ئەو هووبرانەن کە سیستەمی جەندەری نێرپارێز داگیریکردووون و وردەوردە دەیداتەوە دەستی ژن و پراکتیکی یەکسانیخوازانە دەخاتە جێگای. ئەم بزووتنەوەیە تەنانەت لە دەستکاریکردنەکی بۆئاگاهانەی بۆشکی زەری ئەو بۆهایانەدایە کە نەرینەییەکی هەژموونداری دەیەویت پیاوانە پێناسەیان بکات و فەمینیزمیش دەیەوێت مانایەکی دیکەی یەکسانیخوازانەی پێببەخشێت.
لە میژە لە خۆرئاوادا بزووتنەوەیەکی هێزگرانەی پیاوان لە کارداید بە دووبارە پیناسەکردنەوەی پیاوبوون و نەرینەیی لە کۆمەڵگادا کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەتەواوەتی ونە.
لەپاڵ بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژناندا لە خۆرئاوادا، بزووتنەوەی هەمەسیکسوالەکان لە خستنەڕوپرسیاری نیرینەیی و پیاوبوون و بۆشکی زەری جومگە گرنگەکانی نەرینەیی هەژموونداری کاریگەرییەکی گەورەیان داناوە و پرسیاری یەکسانییان بە ئاستێکی دیکە گەیاندووە. بەڵام زەربەیەکی گەورەشیان لەو ئایدیاڵە ڕەسمی و نەرمدارەی نەرینەیی کۆمەڵگا داوە و کەڵێنی گەورەیان تێخستووە و ئاڵتەرناتیفێکی دیکەی پیاوبوون و نەربوونیان پێشکەشکردووە.
لە کاتێکدا هەمەسیکسوالبوون لە کۆمەڵگای ئێمەدا نەک هەر پرسیاری بزووتنەوەی یەکسانیخوازی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو ئەم پرسیارە لە جێی نەبووانە.
ئەو هەمەیانەی کە تا ئێستا لە کۆمەڵگای کوردستاندا خاوەنی دەموچاوی خەیان بوون و هەموو شار و خەڵک زانیوویانە کە فلانە کەس هەمەیە، تەنها وەک فیگارێك کە شایەنی نووکتەلەسەرکردنن، توانیویانە درێژە بە ژیانی خەیان بدەن و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر گۆڕینی ستراکتۆری نەرینەیی کۆمەڵگا نەبووە. کەریمە زڵە و عەباسی خانەقین و ڕەحیمی فلانە شاری کوردستان، لەسەر زاری خەڵکن و یەك جومگەی بچووکی سیستەمی جەندەری کۆمەڵگایان نگرێیو. نەک لەبەر ئەوەی نەیانویستووە، بەڵکو خودی سیستەمی جەندەری کۆمەڵگاش هێندە ڕەقی بە کردووەتەوە کە بە نووکتەبکرێن تا هەڕەشەیەك لەسەر

سیستەم پێکنەهێنن.
بەڵام ئایا هیچ ئاوگۆڕێک لە نەرینێیی هێزموونداری کۆمەڵگای کوردستاندا ڕووی نەداوە.
بە بەرای من لە ئاستێکی ڕووکەشدا سەفەری پیاوی ئەمە لە خاوەنسمەکی گۆڕاوە کە بە" ئەبوشوارب "دەستپەدەکات و بە "نادر ئاوێنە"دا تێدەپەڕێت و دەگات بە "واحیدی عەلیەزاد"، خۆ گۆڕین و خۆ ساف و لووسکردن بۆ شێوازێی کە ئەمڕۆ پیاوی کورد خۆی تێدا دەبینێتەوە و بە ئایدلبوونی بەشێکی زۆر لە گۆرانیبێژانی لاوی کورد ئاگەرچی موونەرمن و وەک پیاوی ڕەسمی کۆنی کورد موواڕق نین، دەرکەوتنی دەموچاوی دیکەی پیاوانە کە دەکرێ لە ڕوخساری ڕەسمی پیاوی کورددا جێنەبێتەوە، ئاماژەی ئاوگۆڕێکی هێتا بڵێ کولتووری تازەن کە سیستەمی دیجیتالی کۆمەڵگای نوێ فەراهەمی کردووە نەک پراکتیکێکی بە ئاگاهانەی یەکسانیخوازانە. بەڵام هەشتاش ئێستەرناتیڤێکی کارا و جیاوازتر لە پێناسەکردنی چۆنێتی نیربوون لە کۆمەڵگای ئەمەدا، خەریکی دەمکردنەوەیە ئاگەرچی لەڕی سووکایەتیی و گاڵتەپێکردنەوە پێی، نێت و یوتوب و فەیسبووکیان کردۆتە شوێنی ئەم لەشکرکێشیە کولتوریێیە لە بەرانبەریدا.
لە پاش ئەم ڕوونکردنەوە کورتە، با بگەڕێینەوە بۆ پرسیارە سەرەکییەکە: ئایا ئەدەبی کوردی توانیوێتی هێزموونی زمانی نەرسالاری لە نووسینی دژ تێپەڕێنێت؟
بە بۆای من، زمانێکی نەرسالارانە، یان دیدو بۆچوونێک کە نەرینێیی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە ناو چوارچێوەکانی نەرینێیەکی هێزموندارانەدا بەرهەمدەهێنرێتەوە، ئاسان لە ناو تێکستێ ئەدەبی و تابڵۆ وڵەسەرشانە و لە ناو گۆرانیێکاندا نمایشی خێدەکات و بەدەنگ تێدەپەڕێت بۆ بە کاردانەوەیەکی ڕەخنەگرانە.
من بەیارێکی ڕەها نادەم و دەکرێ لەڕ و لەوە کەسانێکی دیکە هەبن کە مەراقی یەکسانی نەوان ڕەگەزەکان، چاویلکەیەکی جێندەریان دەکاتە چاو و توانای بینینی ئەو ڕووبەڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازانە دەبێتە شوێنی نیگای ڕەخنەگرانیان تا مەملەکەتەکانی نایەکسانی پێبدەزنەوە.
بەڵام ئەم نیگایە، خود بەخود لە ئینساندا دروستنابێت و ئەوە هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگا نین کە سوودمەندی خوێقاندنی دنیایەکی یەکسانیخوازانەی نەوان ڕەگەزەکانن. کەسێک دەتوانێت ئەم نیگایە بگرێتە بەر کە پیی وا بێت پرسی نایەکسانی ڕەگەزی بەرانبەر، بە تەنها گرفتی ئەوی دی بەرانبەر نییە وتەیەکیش کە ئەم نایەکسانییە نیگرتوویتەوە، بە جۆرێک دەکەوێتە ناو داوەکانی کێلگەبوونی ئەوی دیکەوە. پرسیاری یەکسانی بەرلەوەی خەبات بێت بە ڕزگارکرنی ئەوی

نایەکسانی بەرانبەر، خەباتێ بۆ رزگارکردنی خۆ لەو هەموو پووچ و بەها و ستراکتۆرانەی کە تۆ دەکاتە سەرەکییەکەی ئاگرتنی ئەم سیستەمی کۆیلەداریە.
بۆ بەوای من، تێکشکاندنی ئەو زمانەی نەرسالاری بەرهەمدەهێنتەوە، بۆ تۆنیا کارێک نییە کە لە بواری ئەدەبدا دەکرێ بشوبهێنرێ بە تۆنگپەهێچنینیەوە بیت. نایەکسانی نەوان ژنان لە هەوادا ووناداتێ و بشکیکی دانەبراوی ئەو نابەرابەرییە پڕگیر و هەمەلایەنەیە کە سیستەتەمی ئابووری کەمەلگا دووبارە بەرهەمیدەهێنتەوە. تۆ بە ئەوەی قازانجێکی زیاتر بکەیت، دەبێت کرێیەکی کەمی مەمرێ و مژی بدەیتێ کیژۆلەیەکی بێنگلادیشی وپاساو بە ئەم کۆیلەداریە لەوەدا بدەزیتەوە کە ئەو کرێکارێکی بیانییە و ئەو کرێیەی لەرێ وەریدەگرێت، کەشێ خزانی لە بێنگلادیش پەیخودەکرێت. کەمێ بئینسافتریش بیت، ژنشبوونی ژنگی ئەو دەکرێ بەبێتێ پاساوێکی دیکەی هەرزان.
نایەکسانی نەوان ژنگزەکان، لە ناو سیستەمێکی چڕ و پڕی کەمەلایەتیدا کاردەکات کە سەرتاپای ئەو شوینانەی پەیوەندی نەوان ئینسانەکانی تیدایە دەگرێتەوە. لە ئامۆژگارییەکانی ژنامەی هاولاتیدایە لە بەشی گۆشەی خانماندا کاتێک دەنووسێ: " ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی ژووری منداڵی دوو نەفەری، چۆن دیکۆری بەڵەکەنەکێت دەکەیت.". لە تیکستی گرانی بەیتبێژەکانی گۆرانی ئەو هەرزەکارانەدایە کە بەوەزن و بە گۆڵەمارکردنیان لە پیاوێک، لە مکۆرەکانیانەوە گوچکە کەدەکات. لە ڕیپێرتاژی تەلەفیزیۆنی ووداوی "شاهێ ئەمین"دایە لەسەر ئەو گەنجانەی لە شاری جوانەی کوردستانی ئێران کاتێک دەرلەنگی شەوالەکانییان تەسککردەتەوە و بەمش حەیای جلی پیاوانەی کوردییان بردووە و دەبە نەفرەت بکرێن. لە سەربەزی ئەو مەلایەدایە کە پێیوایە لە پاسدا دانیشتن لە تەنیشتی کچێکەوە، ئەگەر عەورەتبەرزبوونەوی لەنکەوتەوە، بەرچاوبێک بە ناپیاوبوونی خەت بکەێ. لە تیکستی ئەو داخوازینامانەی کاردایە کە مەرجی وەرگرتن تیایدا لە پرسگەی ئەفیسێکی بچکۆلەیشدا، دەبە تەمەنت لە خوار 25 بێت و وکچ بیت. لە ریکلامەکانی برنجی مەحموددایە.
بە ئاوستانەوە لەبەرانبەر ئەم هەرشە سیستماتێک و هەمیشە ئامادەیە، سیاست و ستراتیژی دەولەتی دەوێت کە یەکسانی لە باخچەی ساوایانەوە بە پەروەردە وبازاڕی کار و کەرتی نیشتەچیبوون هەموو جومگەکانی دیکەی کەمەلگا دەگرێتەوە. دانانی پلانی یەکسانی گرەکە کە دەبە دەولەت بچێتە ژیر بوودجەکەی. ئاخر دەمکە ئەوە وتراوە کە یەکسانی پارەی تەدەچێت. لەم گۆشەنیگایەوە سەیری پرسیارەکەی ئەوە

بکرێت، هەستدەکرێت تێکشکاندنی هەژموونی ئەم زمانە نەرسالارییە، سەدەها جاری زمانی دیکەی دەوڵەتبەرانبەر نایەکسانی و دژکۆتە جەراوجێرکانیدا، هەژموونی بە زمانەکانی خۆی بدات.

دراما.. لە ژێر فشاری بەرهەم هێنەرو بە دەسەڵاتی دەرهێنەر.. حه یده رعه بدولرِه حمان

زۆر جاران کە هەندێ بەرهەمی دراما شکست دێنن، دەرحاز ئەباڵەکەی دەخەینە ئەستۆی دەرهێنەرەکان و ئەوان بەگوناهبار دەزانین لەو شکستە، چونکە هەموومان ئەو ڕاستیە دەزانین کە دەرهێنەرەکان سەرۆکی بەرهەمهێنانن، ئەوان خاوەنی ئەنجامدانی بەرهەمهێنانیان بەدەستەو بەرپرسن لە چارەنووسی ئەو بەرهەمانە.
بەڵام کەم لەئێمە ئاگامان لەوە هەیە، کە هەموو کارە دراميیەکان بەهۆزی پارە ئەنجام دەدرێن و پارەکانیش لەدەست لایەنێکن کە پارەکە بە تەوزیف کردنی بەرهەمەکە دەخاتە کارو بەرهەمهێنەرەکەش بە بڕ ژمێندی بەرهەم هێنەر.
لەو حاڵەتەدا بەرهەم هێنەر خاوەنی قسەی یەکەمو دەرهێنەر دەبێتە تەنیا ئامرازێکی جێ بە جێ کار بە خواستی بەرهەم هێنەر..
بە شك هەموو دەرهێنەرێك پێویستی بەپشتگیریەکی دارایی هەیە بە بەرهەمهێنانی دراما،
زۆر سەرچاوە هەن لەکوردستاندا دەبنە سەرچاوەی فەراهەم بوونی ئەو پشتگیریە،لەوانە:

1.لایەنی حکومەت ـ کە سەرچاوەکەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانە، پشتگیری لەبەرهەمی نیشتمانی دراما دەکات لەهەموو کوردستان ـ ئەو سەرچاوەیە نزیکە لە کۆر بوونەوە، بەهۆی لاوازی باری ئابووری حکومەت.
2.حزبەکان و دەسەاتە حزبیەکان .
ئەوان بە دەسەاتترین سەرچاوەن ، سانە پارەیەکی زۆر بە بەرهەمهێنانی ئەو درامایانە تەرخان دەکەن کە خزمەت بەمێژوو

ئایدۆلۆژیاو خەباتی حزبەکانیان دەکەن.
3.کەرتی تایبەتی
ئامانجی سەرەکی قازانجە، بۆ ئەوەی گرنگی بەلایەنی کولتووری نەتەوەیی یا نیشتمانی بدات، بەرهەمهێنەرکانی دەکەونە کاری لەگەڵ ئەوانی تر بەمەبەستی بەدەست هێنانی دەسکەوت.

4. دامەزراوە کولتوورییە سەربەخۆکان .
دەسەڵاتێکی دیاری کراویان هەیە لەپشتگیری کردن، بەڵکێکی دیاریان نیە لەبەرهەمهێنانی دراما.
لەدەست دانی سەربەخۆیی بوونی دەرهێنەر
کاتێ دراما سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە ئامرازێك بەدەست لایەنێك، یا بەدەست بەرهەمهێنەرو لە ژێر فشاری دارایی هەموو دەسەڵات و خواستێك لە ژێر دەسەڵاتی دەرهێنەرێك دەردێنە بە بەرژەوەندی خۆی، لەو کاتەدا، دراما لە قاوغی کارێکی درامی هونەری، دەبێتە ئامرازێکی پڕپاگەندە کردن و خیتابی لایەنێك.
هەندێ جار ئەو درامایانە، لە شێوەدا تەکنیك و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی بە بەکار دەهێندرێ، بەڵام لە ناوەرۆکدا روخاون.
کە هیچ خزمەت بەهەزرو ئامانجەکانی بینەر ناکات، جگە لەهەوەدان نەبێت بە چەواشە کردنی.
دەرهێنەر لەو نەوێندەدا دەکەوێتە ناو جەرگەی هاوکێشە هونەرییەکەو ئەو دەبێت پردی نێوان دەق و بینەر و بەرپرسی یەکەم لەگەڵینی وشە بە وێنە.
بەیە دەرهێنەر دەبێتە ئامانجی سەرەکی بەرهەمهێنەرو خواستەکانی، ئینجا ئەو بەرهەمهێنەرە دەسەڵاتێکی سیاسی بێت ، یا بازرگانی.
لەو حاڵەتەدا دەرهێنەر دەکەوێتە ژێر کاریگەری سێ بژاردە:
5. هەڵتکردنەوەی ساختەکاری و پارێزگاری کردن لەتەوانینی هونەری خۆی و بەوای تایبەتی خۆی، کە ئەمە سەختترین حاڵەتە دەرهێنەرێك دژی بەرژەوەندییەکانی خۆی بوستە و پێی وابێ دەبێت دراما ئاوێنەی ڕاستیەکان بێت،رنگ ئامرازێك بێت بە بەرجەستە کردنی خواستە ساختەکاریەکانی بەرهەم هێنەر.
بەیە ئامادەن بەتوانای دارایی کەم، بەرهەمێك ئەنجام بدەن، لە یادگەی بینەرانیاندا بمینێتەوە.
6. مل کەچ کردنی تەواو بە خواستەکانی بەرهەمهێنەر.
ئەو جۆرە دەرهێنەرانە ئامادەن بەبە مەرج کار بکەن و ببن

بەکێلیەک لەژێر دەستی بەرهەمهێنەرکانیان و بەدرێژایی کار کردنیان هیچ پرسیارێکیان نابێت، جگە لەبەجێ گەیاندنی فەرمان، بەپاساوی (شتێ لەدەست بەتاڵی باشترە) یاخود تیاری (هەڵەیەک کە هەرگیز دووبارە نابێتەوە) بەناوی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات دەبن بەئامرازێکی سووک و هەرزان بە دەست بەرهەمهێنەرکان .
3.گەمە لەسەر دوو پێت (چارەی ناوەندی)
هەندە دەرهێنەری تر هەوڵ دەدەن لەسەر دوو پێت یاری بکەن، بەشێوەیەک هەم بەرهەمهێنەرکانیان ڕازی بکەن ، هەم پەیامی هونەری خۆشیان بەزیرەکانە و لەپەنای کاری هەمادار کارکانیان ئەنجام بدەن، بە ئاوەژووی تووشی ڕەوو بوونەوە ببن لەگەڵ بەرهەمهێنەر.

دووەمیان : مل کەچ کردن بە خواستەکانی بەرهەمهێنەر.
لە دەستپێکدا ئاو فشارانەی بەرهەم هێن لە سەرخۆ هەمن دەبێت، لە شێوەی پێشنیار، بەڵام دواتر دەبێتە فەرمانێکی یەکلا کەرەوە.
لەو فەرمانەدا دەرهێنەر ناچار دەکرێت ، بە پێردە پێش کردنی ڕاستییەکان.

ئەو دەرهێنەرانە هەر ناچار ناکرێن بە دەست تێوەردان لە ناوەڕۆکی بەرهەم ، بگرە ناچاریش دەکرێن بە سپاندنی ڕێ بەخشین بە هەندێکتەرو هونەر کار.
لەپەنای هەموو ئەو دەست تێوەردانانە، دەرهێنەر کۆنترۆلی کار کردنی بەرهەمی لەدەست دەدات و لە ئەنجامدا بە شێوەیەک کۆنترۆلی لەدەست دەردەچێت نازانێ چۆن چارەسەر بە هەموو ئەو ئاڵۆزیان بدۆزێتەوە، ئیدی لە کۆتاییدا نازانێ چۆن بەرهەمەکەی ڕادەست بکات.

دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی بەئیرادەکردنی خەڵک لە

سوریا!.. عوسمانی حاجی مارف

کاتێک باسی هەیئەی تەحریر شام یان بەناو "سوپای نیشتمانی سوریا" دەکرێت، باس لە پێکهاتە سەربازیە ئایدۆلۆژیە ئیسلامیە تووندڕەوەکان دەکرێت کە لە شوێنە جیاوازەکانەوە پێوەستبون بە سوپاوە. ئەم گروپانە ئۆگەر بەبێ پشتیوانی ئاستوخێ و ناڕاستوخێی تورکیا نەبوایە نەدەگەیشتنە ئەم ئاستەی ئاگەیاندنی "سوپای نیشتمانی" کە بریتیە لە چەکدارکردنیان و دابینکردنی بژێکی سیاسی بۆیان، لە هەمانکاتدا بەکارهێنانیان وەک ئامرازێک بۆ سپاندنی نفوزی ئەحمەد شەرع و هەیئەی تەحریر بەسەر باکووری ڕۆژئاوای سوریادا.
ئەم گروپانە کە بریتین لە حەمزات و عەمشات، میلیشیای بەناو "سوێتانەکان"، نزیک دواجار کۆنترۆڵی دەستاتیان کرد لە دیمەشق، بەکو لە عەفرین و گرێ سپی و سەرێ کانیە، دەندەیەکی تواویان بەرامبەر خەڵکی سڤیل ئەنجامدا. هەروەها بەشداریان لە کەمپەینی تائیفیەکان لە کەناراوەکانی سوریادا کردووە، بەتایبەتی دژی عەلەویەکان کە تائێستا ئەحمەد شەرع لە بەدەنگیەکی گوماناویدایە، هەتا حکومەتەکەی نێویستوە بەئاگەیاندنێک ئەو تاوانانە ئیدانە بکات، یان داوای لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرەکانیان بکات.
دوای ئەو کارە دەندانێیو لەم هاوکێشە ناڕەشن و ناجۆرەی دەخی ئێستای سوریاو بەردەوامی لە پرسەی پێکهێنانی حکومەتی سوریا، شەرع و حکومەتەکەی بژاردەیەکی تریان نەبوو جگە لەوەی لە ناچاریدا بوو بکەنە تاکە هێزێکی دیسپلینکراوی وەک هەسەدە، کە خاوەنی پاشپشتیەکی نەودەوڵەتیە. ئەمەش تەنیا لەبەرئەوە نیە کە ئەم هێزانە خاوەنی توانای پاراستنی ئاسایشن، بەکو لەبەرئەوەیە کە بەهرەمەندن لە پاشپشتی نەودەوڵەتی و لەگەڵگەی ئەزموونی سیاسی خەیانەوە، نوێنەرایەتی جۆرێک لە دەستاتی دیموکراسی نیشان ئەدەن کە لێستادا زلهێزەکان پشتیوانیان لەدەکەن.
تەوگلانی هەسەدە لەم پێوەندیە و تێکگرێدانی لە بەشداریکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی سیاسی و ئەمنی، بە حکومەتی شەرع ئەو سودی دەبێت کە ڕووخسارێکی دیموکراسی بەخێی ببەخشێت! تا بەمشوێیە تەمەتی لایەنگری یان هاوکاری لەگەڵ گروپە تووندڕەوەکان لەخێی دورخاتەوە و وەک بەرپرسێکی جددی دەربکەوێت کە دیوەت سوریا دامەزراو بکات، هەر بەمشوێیش ڕێگری لە دابەشبوونی سوریا بکات!؟.
بەڵام ئەو سوریایەی کە لە هەموو لایەکەوە خوێنی لێدەڕژێت، لە ڕگەی دەخالەتکردنی ووڵاتانی زلهیزی دنیا و ووڵاتانی ناوچەکەوە،

بە پێژەکانی ئیسلامی سیاسی و ململانێ و ناکۆکیەکانیان، ڕاندنی ئاو خوێنێ نەک ناگیرسێنێتەوە، بگرە خاکی سوریا سورتر دەکات، کاتێ حکومەتەکی ئینتقالی، پارێزەرو بارمتەی میلیشیاکان بێت، هەبێتە گومانی تیانیە کە ئەم نائارامی زیاتر پێکدەهێنێت و مەترسیدارتریش دەبێت.
گومانی تیانیە کە سوریا بە پێژەیەکی تەکمەی دەخالەتی ڕاستەوخۆی خێرا لەدەسەڵاتی سیاسیدا، دەتوانێ ئارام بێتەوە و ڕزگاری بێت، بەومەرجەی کە بەدوربێت لە هەر کاریگەریەکی ئیسلامی و تائیفی و نەتەوەپەرستی، هیچ ووڵاتێک لەسەر وەرانەی مەزهەبکان و ئایدۆلۆژیای کۆنەپەرستی و دژی ئینسانی ناتوانێ بە سەقامگیری و دوور لە گۆڕاوی سیاسی دامەزرێت.
ئایندەیەکی گەش بە سوریا نابێت ئەگەر لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون حکومەت ڕانەگەیەنن، نەک تەنها لەسەر کاغەز، بەڵکو لەسەر زەوی، لە دەق، لە دەستەبات و لە سیمبولەکاندا، زەمانەتی ئەمنی دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خێرای لەدەسەڵاتی سیاسیدا، نەک دانوسان و گفتوگۆو هەڵوەتنی نێوان ئاو هەزانەی لە سەروو ئیرادەو خواستی خەڵکەوەن، ئاوجارە هەڵوەتن و ئاشتیانە لە هەر تونێدپێچ و ئاوگۆڕێک لە هاوسەنگی هێزەکاندا، ئەگەری ئاوە هەیە وەرانکاری زیاتر بەدوای خۆیدابهێنێت.
ئاوکاتە سوریا دەتوانێت لە تونێلی ئاژاوە دەربچێت کە ئاو گروپانەی بەناوی مەزهەبەوە دەکوژن و بڕدەوامن لە سەربڕینی بڕامبەرەکانیان، دەبێت دەستیان ببەسترێت و بڕیان پێبگیرێت و وەک تاوانبار دادگایی بکرێن، دەنا سوریا لەنێوان هەرەشەی ستەمکاری و پیرەزیەکاندا وەراندەبێت و لەنێوان ترسی تیرۆر و وەسوەسەی هەژموونیدا دەمێنێتەوە! بەمجۆرەش پێژەی شارستانیەت و ئاشتی لە سوریا دەبێتە وەهمێکی سادە، بە خەرمانشی دەبێت و خوێنی بێتاوانەکان پڕژ و بڵاو دەبێتەوە.
ئاوەی ڕاستی بێت پێویستە بڵێین لەنێو ئەم جەنجاڵی و وەرانکاریەدا کە زەربەی گرووپە ئیرهابیەکانی سووریا لەئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا داماون، ئاوە هەستەیە کە وەک هەڵمێک و ئەزموونێک لەدەسەڵات، لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەلماندی کە تاکە پێژەی سیاسیە هاوسەنگی خۆی پاراستووە و مەدەلێکی سەقامگیری بە حوکمڕانی و ئیدارەی خەڵیی دابینکردووە، کە پێژەی ئیدارەی خەسڕی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریایە، لەم دەخشدا تا ئێستا توانیویەتی لە بڕامبەر دەندەکاندا خۆی ڕاگرێت.!
هەکەکوتنی نێوان مەزلوم عەبدی و ئەحمەد شەرع، بەوشێوەیەی کە دەستوور نەبێتە بەگەنامەیەکی نێوان هەردوولایان، دەخێکە بە

هەواسراوی و ئایندەکی نائاشن بە سوریا دەهێنێتەوە و ئادگرێت، دەچێتە ئەو ئاستەی وەک ئاگربەستێک ببینرێت، لەهەمانکاتدا درێژەپێدەری پرسیەکە کە سوریای کردۆتە گۆڕەپانێک بۆ ململانێیەکی بێکۆتایی.
ناساندنی ئەم دەستووری ئێستا بە "کۆماری عەرەبی سوریا" و بە ئیسلامیکردنی سوریا تەنها دەربڕینێکی فۆرمی نییە، بەڵکو سڕپاندن و پیرۆزکردنی ڕەبازێکی کەمینەی ئیسلامیە بەسەر زۆرینەی دانیشتوانی سوریادا.
ئەوەی ئەمڕۆ لەگەڵی دەستەپاتی شۆرش و دەخالەتی تورکیاوە دەگوزەرێت، تەنها گۆڕانکارییەکی سیاسی نییە، بەڵکو توانەوەی زۆرملێی گەلی سوریایە بە قاڵبێکی نوێی پاوانخوازی مەترسیدار، کە دەندەتر دەردەکەوێت لە هەموو شتێک کە پێشتر هاتبێت. بەم پرسیارەک کە پێویستە بکرێت تەنیا ئەوە نییە کە "حوکمڕانی داهاتووی سووریا چۆن دەبێت؟" ئاخۆ چەند کارەسات و چەند جەستە و دەروونی تر وەراندەکرێت پێشئەوەی ئەم پاوانخوازیە بوەستێت؟.
لە دوای هووخانی ڕژێمی سوریا، ئەحمەد شۆرع، خۆی لە دەخێکی بەوەندا بینیەوە، لەناکاو بوو بە حاکمی دیفاکتۆی وڵاتێک، بەرپرسیارێتی بنیاتنانی دەوڵەتێکی لەنێوان ئاگرزیە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانی لە ئەستۆ گرت. بەڵام شۆرع کە لەناو سنگی ئایدۆلۆژیای جیهادێکی تووندڕەودا گەورە بووە، ئەمڕۆ خۆی دەبینێتەوە لەنێوان چەقی میراتی تووندڕەویەکی و پێویستی ئایدیۆلۆژی خۆی بە قاعیدە و سەنگەری واقیعێکی نوێ لە سوریادا، کە هەوڵدەدات وەها نیشان بدات خەریکە ببێتە دەوڵەتێکی "فرەیی، مەدەنی، دیموکراسی"!

شۆرع هەوڵ دەدات وەک سەرکردەیەکی سیاسی لەدوای هووخانی ئەسەد لە بەڕێوەبردنی سوریا خۆی نیشان بدات، بە تێگەیشتنی ئەوەی جیهان دەوڵەتێکی ئیسلامی ڕادیکاڵ لەدەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قبوڵ ناکات. بەم شێوەیە دەستی کرد بە سەوداوماڵێی وەنێیەکی جیاواز لە خۆی، وەنێیەک کە دوورە لە ڕابەردووی جیهادی خۆی، هەوڵ ئەدات هەم ئامادەبوانی ناوخۆیی و هەم بینەرانی نێودەوڵەتی قەناعەت پێبکات کە دەوڵەتێکی فرەیی و مەدەنی بنیات بنێت کە ڕێز لە مافەکان و یاسا بگرێت، ئەمەش لە سەردانە بەردەوامەکانی وەزیری دەرەوە بە چەندین وڵاتی عەرەبی و ووڵاتانی تر، بە دەنیاکردنەوەی کەمەگە عەرەبی و نێودەوڵەتیەکان، بەڵام لە هەمانکاتدا شۆرع ناتوانێت بە ئاسانی خۆی لە ڕەگ و ڕیشەی فیکریی خۆی جیابکاتەوە، لەو ژینگە جیهادیەی کە بە ماوەی دە ساڵێکی تەواو لە باوەشیدا بووە و

نەوەیەکی دەندەی تیا پەگەیاندووە.
شەرعە ووبەووی ئاستەنگی گەورە دەبەتەوە، لەلایەکەوە تووژە بەرفراوانەکانی دانیشتوانی سوریا کە زەر ماندوو بوون، داوای دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسی و ئازادیخوازی دەکەن کە ستەمی ئایینی لێت دەکەنەوە، لە لایەکی دیکەوە شەرع پشت بە هاوپەیمانێتیە نەوخەیەکانی جیهادیەکان و سەرکردە سەربازیە تونددەوەکان دەبەستێت، کە هەر جەرە کرانەوەیەک بەووی ئازادی و دیموکراسیدا وەک هەڕەشەیەک بە سەر پڕۆژە ئیسلامیەکەی خەیان دەزانن.
لەسەر ئاستی ناوچەیی، یادەوەری ئازاربەخشی ئەزموونەکانی دەسەڵاتی تونددەووی ئیسلامی لە ئەفغانستان، ئێران، یان نمونەی داعش و شەی تائفی لە عێراق دەننەوە یاد، کە بە ئاسانی مەدلێکی هاوشێوە لەم حوکمڕانیانە لە سوریا قەبوڵ ناکرێت.
ئەستا، لە بەواری پڕوپردەدا، زانکۆ و قوتابخانەکان دەستیان کردووە بە گرتنەبەری شێواز و ئامرازی توندی ئایینی، هەروەها داوا دەکەن ژنان جلوبەرگی ئیسلامی لەبەر بکەن و لە شوێنە گشتیەکاندا پیاوان لە ژنان جیابکەنەوە.
لەکایەی گشتیدا، شارەکانی سوریا کە لەلایەن هەیئەی تەحریر شامەوە کەنترۆکراون، ڕەساکانی جلوبەرگی گشتی تونددترکراونەتەوە، سنووردارکردن بە بانە کەلتووری و هونەریەکان دانراون و فەزای گشتی بە داکێکیکردن لە ئایین دیاریکراوە. ئێستا بازنەی بانگەوازی ئیسلامی و وتاری ئیسلامی لە گەڕەپان و شەقامە گشتیەکاندا بەاووبووەتەوە، کەشێکی گشتی دروست دەکات کە وا لە هاوەاتیان دەکات هەست بکەن کە دەوڵەت گەڕاوە بە قەوارەیەکی ئایینی، ئەو سیاسەتانەی هەیئەی تەحریری شام پەیڕەوی لەدەکەن، ڕەنگدانەوەی ڕەوتێکە بەرەو گەڕینی سوریا بە دەوڵەتێکی ئایینی تونددەو نێك دەوڵەتێکی مەدەنی!
ئەم دووفاقیە لە واقعیەتی دەسەلاتی شەرعدا، دەیخاتە دەخێکی سەختەوە، چونکە خەی دەبینەتەوە لەنەوان بەرداشکدا کە لە شوێنکی سەختدا گیری خواردووە. ئەگەر هەوڵی ئیمتیازاتی ڕاستەقینە بدات بەرامبەر بە مەدلی دەوڵەتی مەدەنی، ئەوا ڕەووبەووی یاخیبوونی ناوخەیی دەبەتەوە لەلایەن کەسانی تونددەووی ناو ڕێکخراوەکەیەوە، کە ئەمە وەک خیانەتێک لە پڕۆژەی جیهادیدا حسابی لەسەر دەکرێت، ئەگەر بەردەوام بێت لە پەیڕەوکردنی دیدگای تونددەووی ئیسلامیەکەی، ڕووبەووی دابەانی نەودەوڵەتی و ئەگەری دەستوەردانی دەرەکی دەبەتەوە بە ڕەگرتن لە بونی سوریا بە دەوڵەتێکی ئایینی سەلەفی تونڕەو.

هـ□□ـ□کـ□ستی کـورد.. نووسینی: عەلـوان حوسەین.. وەرگـ□□انی: رەزا شـوان

ئەو کوشتارەی کە نازییەکانی بەڵین لە جوولەکەکانیان کرد، ئەگەر ئەو هەموو کتێب و فیلمە سینەمایییە زۆرانە نەبوونایە، کە باسی دۆزەخی جوولەکەکان و نەهامەتییەکانیان دەکەن، خەریکبوو لە بیری مرۆڤدا بچنەوە. ئەوەبوو ئەو هەموو تاوان و کردارانەی کە نازییەکان ئەنجامیان دابوون،ە هەموو بە ئەرشیف کران و خرانە بەردەمی هەموو جیهان. لیرەوە دەبینین کە گەلانی جیهان بەزەیی و سۆزکی گەورە و تایبەتیان بۆ کۆشەی جوولەکەکان هەیە و وەکو کۆمەڵ و کەسانێک کە بوونە قوربانیی ستەملێکردن و کوشتنی بە کۆمەڵ. هەڵیەد و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەرمایەی دارایی جوولکەکان □□ـ□کی زۆر ئەکتیڤ و گەورەیان گـ□□ا، بۆ بیرهـ□نانەوەی ڕای گشتی جیهانی بۆ دۆزی جوولەکەکان و پشتگیرانیان، وەک گەلێکی بە قوربانیکراو و ستەملێکراو. ئەگەر بینە سەر گەلی کورد و ئەوەی لەسەر دەستی نازییە بەعسییەکانی عێراقی و لە لایەن فەرمانەواکانی پشوتری عێراقەوە، بەسەر کوریان هێنا. بە سەدان چیرۆکی مرۆڤایەتی دەخەنەوو، کە کارەساتەکان هێندە قوو و قێزەوەنن، ئادەمیزاد شەرمەزار دەکەن. ئەم تاوانانە هیچ جیاوازییەکیان نییە، لەگەڵ ئەوانەی کە لە لایەن سەربازەکانی هیتلەری مامۆستای یەکەمی سەدام حوسەین ئەنجامدراون. بەڵکو ئەم بوو بە مامۆستای ئەو لە لە کوشتنی بۆمبەی کوردی بۆتاوان، کە هیچ گوناهـ□کیان نییە، تەنها لەبەر ئەوەی کە سەر بە نەتەوەیەکی ترن.

دەبێ ڕاستیش بوترێت، کە شەکردن لە دژی کورد، لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا و لە سەردەمی مەلیک غازی دا دەستی پێکرد. لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم دا هێوربووەوە، بەڵام لە لایەن عەبدولسەلام عارف، سەرکی پاراو بە بیری شۆڤێنی و دژەق بەرانبەر بە کورد، شەرەکە گەڵایەوە ڕو هـ□□شی بە زۆر

ناگواستنەوەی کورد دەستی پێکرد. بە نیازی گۆڕینی باری دیموگرافیای ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کورد ڕزگار بکەن، وەک دێیەکانی جەلەولا و دیالە و پارێزگای کەرکوکیش کە لە بنەڕەتەوە کوردییە. کە بەعەسییەکان هاتن، کۆشەکەیان قووڵتر کردەوە و دەستیان بە زۆر کۆچپێکردنی کورد و چۆڵکردنی دێیەکانیان کرد و دستیانکرد بە هاوردن و نیشتەجێکردنی عەرەبی خواروووی عێراق و دەمچەورکردنیان بە پارە، کە هەر عەرەبێکی هاوردەی خواروووی عێراق بەخۆایی پارچەیەک زەوی و دە هەزار دیناری عێراقییان دەدایی، لەو کاتەدا پارەیەکی زۆر بوو ـ دوایی بۆ هەر عەرەبێکی هاوردە سی هەزار دیناری وەردەگرت، کورد بۆ عەرەبێ دە هەزارییەکان ناویانیان دەبرد.
دوای ئەوەش ئەو هەڵشانە دەستیانپێکرد کە بە (ئەنفال) ناوبران. دێیە کوردییەکان لەگەڵ زەویدا تەختکەران و سڕانەوە. بەشێکی زۆریشی دانیشتووانەکانی بۆ بیابانەکانی خواروووی عێراق بۆە زۆر گوێزرانەوە. بە هەزاران کوردیان بە بەرچاو و گۆڕی جیهانەوە، لە گۆڕی بە کۆمەڵدا زیندەبەچاڵ کردن. قێزەوەنترین تاوانیش کە دەرهەق بە کورد کردیان، ئەوەبوو کە تاوانبارعەلی حەسەن مەجید ـ عەلئ کیمیاوی ـ بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری خودی سەدام حوسەین، شاری هەڵەبجە و چەندین ناوچەی تری کوردستان بە چەکی کیمیاوی ژەهراوی بڕدوومان کرد. قڕکردنی کورد بەپێی پیلانێکی کوشندەی داڕێژرا و دەستی پێکرد. هەشەکوژی و بە کۆمەڵکوشتن، نەک هەربە تەنها پیاوو ئافرەت و منداڵانی کردن بە قوربانی، بەڵکو ئەم کوشتن و بڕینە ئاژەڵ و دار و هەواشی گرتەوە، نە دار نە چۆلەکە نە پەپوولە، تا دەگاتە شنە باش، بە ژەهری کیمیاوی تووشبوون.
ئایا دەبێ چەندین چیرۆک و ڕۆمان و فیلمی بوێت، بۆ ئەوەی بە سەدان چیرۆکی جەرگبڕ تۆمار بکرێن؟ تا جیهان و نەوەی داتوو لەوەی بەسەر کوردیان هێنا لە یادی نەکەن. ئێستا دەپرسین، ئەی جیاوازی چییە لەنێوان هێرۆکێستی جوولەکەکان و هێرۆکێستی کورد ددا؟ بۆچی هەموو جیهان لایەنگری کۆشەی جوولەکەکان بوون. کۆچی لە ئاستی کۆشەی کورد دا، خۆیان گێل کرد؟
کاتی ئەوە هاتووەکە ویژدانی مرۆڤایەتی بە ئاگابێتەوە و لایەنگری بەڕاستیی دژی هێواکوردبن و پاڵپشتی ئەم گەلە هێوشت بەرزە بن، کە لەسەر دەستی نازیيە بەعسییەکانی

عێراقدا، دووچاری ئەوپەڕی قەیزەوەنترین چەوسانەوە و کوشتن و بڕین بووون. هەڵەکەستی کورد لەیاد کراوە، لەوانەیە لە بیری مرۆڤایەتدا سڕابێتەوە. کەچی هێشتا بریندارەکان تەن و ساڵێژ نەبووونە و نەک هەر تەنها خوێنیان لێدەچۆڕێتەوە، بەکو هەست بە ئازار و مەخابین دەکەن لەم هەوڵستە دووڕوویەدا.
بۆ ئەوەی ئەم تاوانانە لەسەر کورد و خەڵکی تریشدا دووبارە نەبنەوە، پێویستە ئەم درامایە مرۆڤایەتییە تەوزیف بکرێت و بکرێتە چەندین فیلمی سینەمایی ناوخۆیی یا ئەگەر کرا لە هەڵێدیش بێت. من پێشنیاری ئەوەش دەکەم کە تایبەت بەم بابەتەوە، پێشبڕکێیەکی ئەدەبی، لە بواری ڕۆمان و چیرۆک و شانۆ و شیعردا سازبکرێت و خەڵاتی بە نرخی بۆ تەرخان بکرێت. کە بەبۆ جیاوازی هانی نووسەرانی کورد و عەرەب و تورکمان بدرێن، بۆ ئەوەی چیرۆکی ئەو کەسانە تۆماربکەن، کە لەو کوشتن وبڕینە ڕزگاریان بووە و لە ژیاندا ماون، تا لەبیرکردنەوە ڕامالی نەکردوون.
بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەموو توانایەکی داهێنان بخرێنە گەڕ و لێژنەیەک لە نووسەرانی کورد و عەرەب و تورکمان و لە کەسانێکی تر پێکبهێنرێت، لەو کەسانەی کە خاوەنی هەوڵستی پاکن و مژووەیەکی بگەردیان هەیە. بە بۆچوونی من بگومان هێنانەدیی ئەم کارە ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر دەسزی هەبێت و هەوڵبدرێت کارێکی مەحاڵیش نییە. لەسەر حکومەتی ئەمڕۆی عێراقیش وەکو چەشنێک لە پێزشهێنانەوە بۆ گەلی کورد. لەسەر هەر بەرمیلێکی نەوت یەک دۆلار باج دابنێ و بەو پارەیە بەرهەمێکی سینەمایی گەورە بەرهەمبهێنرێت. هەروەها بۆ هاندانی چاپکردنی ئەو بابەتە ئەدەبییە تایبەتییانەی دەربارەی هەڵەکەستی کورد دەنووسرێن و گوزارشت لە هاوکاری و لێ هەستی قووڵی مرۆڤایەتیمان و سەرکەنەی ستەم و تۆندوتیژیی دەکەن.

تێبینی: دەقی ئەم نووسینە، لە نووسینی نووسەر و شاعیری عەرەبی عێراقی
«عەلوان حوسەین»ەوە، کە بەزمانی عەرەبی، ڕۆژی دوو شەممە «٢٠١٠\٩\٦» لە ماڵپەڕی (کتابات) دا بڵاوی کردۆتەوە. منیش وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی. هەر لەو ڕۆژ و لەو ساڵەدا، لە چەند سایتێکدا بڵاوم کردۆوە. وا دووبارە بۆ هەڵی یادی شاڵاوکانی ئەنفالی بەدناو و قەزوونەوە، بڵاوی

دڵکەمەوە. ئەوش بزانن کە هەموو عارەبێک بەعسی و شۆڤێنی نییە.
ڕزا شوان
نەرویج: ٦/ ٩ / ٢٠١٠

بوکێ.. نەوزاد بەندی

بوکێ بریتییە لە لێستەکەکی نایلۆن یان پڵاستیک، منداڵان یاری پێ ئەکەن .
بەڵام مرۆڤ ، گیانلەبەرێکی لە بوکێدا کرد وەک هەموو شتەکانی تر بە تێپەڕبوونی کات، گیان و پێشکەوتنی تێدا ئەنجامدا، واتا لە شێوە و لە پێکهاتە و لە قەوارەدا، هێروهها لە زیادکردنی توانای جووڵە و قسەکردن، کار گێشتە ئەوەی هەندێ کەس لە ووڵاتانی ئەوروپا، هاوسەرگیریان لەگەڵ بوکێدا ئەنجام دا.
لەم دواییەدا زیرەکی دەستکرد چووە ناو بوکێکانەوە، بە جۆرێک بوکێ بوو بە بۆژار، خوێندنەوەی هەواڵکان و هەموو زانیارییەکانی تری کەوتە ئەستۆ.
بەڵام بوکێ هەر بوکێیە، واتا ئەو بوکێ نایلۆنەی کە پێنجا ساڵ پێش ئێستا بە درهەمێک بە کچۆڵەیەکی شەش ساڵان ئەکرا، لە پێنسیپدا هەر هەمان بوکێی ئەمڕۆیە کە نرخەکەی هەزاران و دەیان هەزار دۆلارە، بە گیانەوە و بە بیرکردنەوەیە، ئەبێ لە ڕێی پاتری و بازنەی کارەبایی لاواز بیجووڵێنیتەوە و بەرنامەی کار و جووڵەی بە دابنێیت، ئەگینا خۆی نە مەشکی هەیە و نە دەکە پەتکی هەیە و نە ئەسک و نە ماسولکە و نە کەئەندامی دەماری سەمپەساوی و پارا سەمپەساویی. پەویستە دەنگی مرۆڤەکی لەسەر تۆمار بکرێیت، ئەگینا خۆی نە قوڕگی هەیە و نە قوڕقوڕاگە و نە ژە دەنگییەکان.
واتا بوکێ لە بنچینەدا هەر بوکێیە، هەتا بە کەنتۆکیش و بە پێی بەرنامەیەک ئاڕاستەی نەکرێیت، ناتوانێ هیچ کارەکت بە بکات، ناتوانێ هیچ هەست و سۆز و بەرپرسیارێتییەک نیشان بدات و بگرێتە ئەستۆ، بە نمونە سەد بوکێ لە ماڵێکدا دابنێ، ناتوانن سەربەخۆ چایەکی دیزڵەمێت بە دەم بکەن، ناتوانن ماڵەکەت بە پاک بکەنەوە، ناتوانن بەیار بدەن کە هاتیتەوە پێت بڵێن بەخێربێیتەوە ئازیزم.
ئەمەیش هیچ عەیبێک نییە بوکێکانی پێ عەیبدار بکەین، چونکە لە

هەموو گەردوونـدا تەنهـا مـرۆڤ توانـای بـەیـاردان و هـاوڕێـەتی و داهـێنانی پـێدراوە، نـەک هـەر بوکـێ، تـەنانـەت گیانداری زەبـەلاح و دێندەکانی وەک نـەهـەنگی شین و فیل و شـێر و پـڵنگ، هـەر لـە ئـەزەلـەوە تا ئـێستایش یـەک ستایـێی ژیانیان هـەیە، دوای هـەزار سـاڵی تریش، فیلـەک ناتوانـێ بـەڵت ئیتر من گـەڵا ناخـەم و ئـەبـێ بیکـەم بـە یاپراخ یان شـەڵەک بـەیار بدات چیدی لـێ دارستانـێ چـەکاندا نـەژی و بـەوات تـاوەڕەک دروست بکـا و شـوقـێکی هـەزار مـەتـری نهـەمـی 54 بکـاتـێ مـەنزڵگای خـێ. هـەرگیز نـەهـەنگـەکی شین نابینیت واز لـێ خواردنی پلانگـەتـەن بـەنـەت و سـەر بکاتـێ سـەر پیتزا و فینگـەر و ئایسکرەم.
واتا بوکـەکان و هـەموو گیانداران و بـەگیانانی ئـەم گـەردونـێ بـەجگـێ لـێ مرۆڤ، تـەنها یـەک ستایـێی ژیانیان هـەیە و پـێش ناکـەون، یان گـەڵانکاریی ناکـەن، ڕاستتر توانای گـەڵانکاریی و پـێشکـەوتنیان پـێ نـەدراوە، بـەڵام مرۆڤ هـەموو توانایـەکی بـەیاردان و گـەڵانکاریی ئـەرێنی و نـەرێنیی پـێدراوە، بـێ نمونـێ کـەسایـەتییـەکی وەک جاک شیراک لـێ قاپشـەرێکی چـێشتخانـەی ناو پاپـەکانـەوە ئـەبـەتـێ سـەرکی فـەڵەنسا یان پیاوێکی قـەڵەوی بـەکار و هـەژار و تـەمـەڵی وەک ئـەنتـەنی ڕابینز، لـێ ناکاو بـەیار ئـێدا ببـەتـێ خاوەنی تاوەڕێ هـەوربـەکان، ئـەیشبـێ، سـەرتا بـە فـەڕەدانی کـەشی زیادەی لـەشی، پاشان بـێ دانانی کـەمـەکـەبی ناوازێ لـێ زانستی کـەمـەناسی و سیاسـەت و ئـەنسـەپـەڵـەجیدا وەک کـەبـەبی unlimited power (هـەڵـێ بـێ سـنووریـەکـێ) بـەو جـۆرێ ئـەبـەتـێ کـەسـێکی دەوڵـەمـەند و بـەناوبانگی وا، وانـەی سیاسـەت و کـەمـەڵایـەتیی تایبـەت بـێ سـەرک کـەمار و کـەسایـەتییـێ ناودارەکانی جیهان ئـەڵـەتـەوە.
بـێ دیوە نـەگـەتیڤـەکـەیشیدا، مرۆڤ و مرۆڤگـەڵـەک هـەن کـێ بـەیار ئـێدەن وەک بـوکـەکان بژیـن، واتـا توانـای مـرۆڤ بـێ سـنووریـێ بـێ هـەردوو دیوەکـەیدا ، ئـەتوانـێ بگـەڵـەتـەوە ناو ئـەشکـەوت و شـەڵاڵ بـەرد بکات، یان ببـەتـێ سوپـەرمان و بـەواتـێ سـەر ئـەستـێرەکانی تر، بـێ هـەرشتـێکی بـەرز یان نزم، بـنیاتنان یان تـێکدان سـەرپشکـێ و ئـەتوانـەت پـێی بگات..
ئیدی لـە کـەمـەگا نـەگـەتیڤـەکاندا سـەرکردەی بوکـەکان و میللـەتی بوکـەکان سـەرهـەڵـەدەدەن.
میللـەتی بوکـەکان، کـەمـەگایـەکـێ لـە هـەموو هـەست و سـۆزێکی مرۆڤی داهـێنـەر خـێیان بـێ بـەش و نـەبان کردووە، هـەموو جـۆرێ بیرکردنـەوە و گـەڵانکاریی و شـەڵاش و چاکسازیی و پـێشکـەوتن و بـەرهـەمهـێنانـێکیان لـێ خـێیان یاساغ کردووە، وەک کـەمـەڵـێک بوکـەکان چاوەڕوانـی ئـەوەن کـەسـێک بـەڵت هـەڵیانپـەڕێنـێ، بیانخاتـێ گـەرانی، بـێ کـەمـەکـێ برسییان بکا، بـێ کـەمـەکـێ تـریان بکا، چـێکداریان بکا، زیندانیان بکا، لـێ هـەموو مافـێک دایانبـڕێ،لـێ پـێ بیانکاتـێ کوکـەکوژیان بکا، هـەرچی ئـەیـەوێ

پەیان بکا، ئەوان تازە بوکێن و بە هەموو چاکە و خراپەیەک
ڕازامەندن، هیچ کاردانەوە و لێکدانەوە و بڕگزداچوونەوەیەکیان
تێدا نامێنێ، بە نمونە عێراقییەکی لای خەمان پێش چل ساڵ کە بە
ماوەی دە ساڵ برسی کرا، هیچ پرسیارێکی لێلا دروست نەبوو، بە گژ
ئەو سزا نالەژیکییەدا نەچوو، هەستا لە جیاتی گەنم، بڕووی هاتی،
مرمر و کەترە گسکی هاتی و نانی تاتی خوارد، نەپرسی بۆچی من
لەسەر دەریایەک نەوت، جلەکانم شۆ و وە بەن، دوای ئەوە هەمان
عێراقیی کە بە بە کار و بارهەم پارەی بەسەردا ژێنرا و بووە
خاوەنی کشک و ئوتومبیلی دوا مۆدێل، هەر هەمان عێراقیی بیرکەر
بوو، نەیتوانی وەک میللەتانی تر کارخانە و داهێنان دروست بکا،
تەکنەلەژیا ئامدیو بکا، وەک مێگەل شڕە شۆقی مەزهەبی و حیزبیی و
فەرهەنگیی ئاگەیاند و ملیۆنانیان لە نێوان کوژراو و بریندار و
ئاوارە و گۆڕبزردا، وێران بوون..تریلیۆنها دۆلاریان بەهەدەر دا.
ئەم دۆخە سەیر و سەمەرەیە، بەیارێکی میللەتە بوکێنکە خەیاتی،
کاتێ چاوەوان ئەکا بارودۆخێکە خۆی چاک بێ، باوەڕدارێکانی
چاوەوانن خوا فریشتەکانیان بە بنەرە شۆقامەکانیان بە پاک
بکاتەوە و مافە خوراوەکانیان بە بسەنێتەوە، دیکتاتۆرەکانیان بە
بکوژە و داگیرکەرەکانیان بە قە بکا، کارگەکانیان بە دروست بکا و
وەاتەکەیان بە پە بکا لە بارهەمی ناوخە و دادپەروەریی و
یەکسانیی. بە باوەڕکانیش چاوەوانن سەرکردەیەکی تەکنەکراتی
هاوشێوەی ئەوروپیەکان لە خاکەکەیاندا وەک دومێنان هێتلەر و
وەاتەکەیان بە بکا بە ووەاتێکی وەک سویسرا، بە نمونە جارێکیان
لەگەڵ هونەرمەندێکی ئەتایستی خەماندا قسەم کرد، پێی ووتم : بار و
دۆخی ئەم ووەاتە بە یەک شت چاک ئەبێ، ئەگەر چەند کریستیانێک بێن
و دەسەڵات بگرنە دەست و ئەم موسوڵمانانە لە هەموو
بڕپرسیارێتییەک دوور بخەنەوە!
ئەمە فەلسەفەی کەمەگای بوکێیە یان ڕاستتر کەمەگایەک کە
بەیاریاندەوە بوکێن بێ، فەلسەفەیەکی گاتەجاڕێ ؛ ڕووداوی مەحاڵ،
لە ناکاو وەاتەکە ببێتە پشکۆوتووترین وڵات، دادپەروەرترین
دەسەڵات.
سەرکردەی بوکێیش ئەو سەرکردانەن کە ناگەڵەن، خەیان بەیاریان
داوە نگەڵەن یان بریکاری دەسەڵاتگەلێکی داگیرکەری جیهانین، یەک
بەرنامەیان تێدا جێگیرکردوون، بەیان نییە بە مو لەو بەرنامەیە
لابدەن، بە نمونە لەم ڕۆژانەدا لە سەردانێکیدا بۆ وڵاتی میسر،
ماکرۆنی سەرکی فەڕەنسا لەگەڵ سیسی سەرکی میسردا، سەردانی
بریندارێکی شەڕی فەلەستینیان کرد لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی
قاهیرەدا، ژنەکە ڕووی کردە سەرکی میسر و پێی ووت : سەرک بە

خاتری خوا، سەرۆک فریای خەڵکی فەڕەستین بکەوێ.
سیسی بە ژنەکەی ووت : ئەوە سەرۆکی فەڕەنسایە، بەو بەڵا!
ئەمە سادەترین پێناسەیە سەرۆکێکی بوکەڵەکردبێتی بە خەی، واتا من سەرۆکێکی بوکەڵەم و هیچ دەسەڵاتێکم نییە و ناتوانم هیچتان بۆ بکەم، بەڵام سەرۆکی فەڕەنسا، سەرۆکێکی ئاستقینەیە و توانای گەورانکاریی و کار و بڕیار و کاردانەوەی هەیە، لەبەر ئەوە هەرچییەکت ئەوە، بەو بەڵا، هیچ شتێک بە من مەڵێ!
کەواتە سەرۆکی بوکەڵەکە ئەو سەرۆکەیە بە جل و بەرگ و کەشک و ئوتومبیل و سەعاتی مەچەک و عەتری گرانبەها، هیچ شتێکی لە سەرۆکی ئاستقینە کەمتر نییە، تەنانەت لە نرخی کەشک و ئوتومبیل و ئابواردنەکانیدا، زۆر لە سەرۆکە ئاستقینەکان کەشخەتر و زیادەڕەوترن، بۆ نمونە سەعاتی مەچەکی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا، جۆرج واکەر بوش، سەعاتێکی سادەی مارکەی تایمێکس بوو، نرخەکەی تەنها 20 دۆلار، بەڵام سەعاتی مەچەکی سەرۆکێکی بوکەڵە سەردەکێشێت بە ملیۆن دۆلار و زیاتریش، ئەوەیش وا دەکات ئەم سەرۆکە بوکەڵانە زۆر لە میللەتە بوکەڵەکانیان دوور بکەونەوە، هەتا ماوەی نەوانیان زیاتر بێ، ئەوان زیاتر هەست بە شکۆمەندیی و نەمریی خۆیان دەکەن، هەمان کات میللەتە کۆیلەکانیش زیاتر هەست بە کۆیلایەتیی و مەگۆلایەتیی و ڕیسوایی و سەرشۆڕیی خۆیان ئەکەن و ئەگەنە ئاستێک سەرۆکە بوکەڵەکانیان بپەرستن و نوێژیان بۆ بکەن وەک لە سەردەمی کۆنی فیرعەونی بۆ ڕەکابەری میسر و سەردەمی نوێی کیم ئۆن جون ی سەرۆکی بۆ ڕەکابەری کۆریای باکوردا بۆ ئاشکرا دیارە و ئەیبینین.
سەرۆکە بوکەڵەکان وەک پێ دەکەن لە وێنە و پەیکەری خۆیان، بۆ ئەوەی یەکەمجار بۆ خۆیان و دواتر بۆ میللەتەکانیان بسەلمێنن کە ئەوان سەرۆکی ئاستقینە و هەتاهەتایی و لە بن نەهاتوون، سەرۆکن و کەتایان نایەت، پیرەزن و نابێنەوە و مەشخەڵەکانیان ناکوژێتەوە، سەرۆکن و ئەولاتریش.
بەو جۆرە سەرۆکگەلێکی بوکەڵە و نەزان و ترسنۆک و شێت و دڕندە و گەمژە و لە خۆبایی و نەخوێندەوار و بە هونەر ئەبینیت، میللەتەکانیان بوونەتە کۆگەی مریشک و گۆنمیشیان نادەنێ، ڕەژ بە ڕەژ ناتەبایی و نایەکسانیی و نەخوێندەواریی و زوڵم و زیندان و ئەشکەنجە ووە لە هەڵکشان ئەبن، بێ بە ئەوەی هیچ گەورانکاریی و چارەسەرییەک بۆ ئەو دەرد کوشندانە، لە ئاسەی دوور و نزیکدا دیار بن، چونکە کاتە میللەتیی بوکەڵەکە و سەرکردەی بوکەڵە ئەبنە تەواوکەری یەکتریی، هەموو بەها و دیدگا مرۆڤایەتییەکان ئەبن بە هەڵەم و نامەنن.
لەڕەدا پرسیارێک یەخەمان ئەگرێ، ئایا سەرۆکی بوکەڵە میللەتی

بوکێت دروست ئەکات یان میللەتی بوکێت سەرکی بوکێت دروست ئەکەن یاخود هەردووکیان پێکەوە بەرە بەرە یەکتری دروست ئەکەن ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە نازانم.

شێشکان بە سەردەمی ئێستا چیمان پێدەکرێن؟.. نەجمەدین فارس حەسەن

چەمک و مەهامی شێش، بەپێی کاتی مژوو، جگە لەوەی تێگەشتن وخواستی جیاوازی بەپێی سەردەمکانی دیاریکراوە ،خواست و وویستی گەلانی جیاوازیشی لە خۆگرتووە. یان سپاردویەتیە دەست گروپێکی تر ، هەمان هێستی چینایەتی وبەرژەوەندخوازی و خۆپارستی لابردوویان هەبووە. سەرەتای دروست بوونی ناکۆزایەتی و شێش، بە سەرەتای دروست بونی فرماسیەنی کۆمەڵایەتی چینایەتی دەگەڵتەوە . لەبەر ئەوەی هەموو کردارێکی بە ئازارو نایکسان، پەرچەکردارێکی دژوو پێچەوانەی هەبووە و هەیە. ئەمش گەلانی لەووی چنایەتی و چندایەتیەوە بەدوای خێدا هێناوە. سەردەمی کۆنی گەیوە بە سەردەمی نوێ،وپێوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری نوێی بەرهەم هانیووە. گەلانی ماددیی مژوو ، چند فرماسیەنکی ئابووری کۆمەڵایەتی جیاوازی بەرهەم هێناوە، تا گەشتووەتە ئێستای سەرمایەداری . کرداری چەوساوەکان و ململانێی چینایەتی لە ناو پرسەی بەرهەم هێنان و شێشەوە کارەکتەری دروست بوونی هەلومەرجی نوێیە، بەردەوامیش دەبێت تا سیستەمی جیاوازی چینایەتی کۆتایان دێت.

هەکاری جیاواز جیاواز ئاگری شێشیان هەڵگیرساندووە لە مژوودا،هەکارەکانیش بەپێی سەردەمە جیاوازەکان دەگۆڕێت، بەڵام داخوازی بە یەکسانی وماف و ئازادیەکان ،خاڵی هاوبەشی هەموو شێشکان بووە. بەپێی بەواو بەچونی زۆرێک لەبیرمەندانی مژووە جیاوازەکان و بەپێی سەردەمکانیان ،ووداني شێش بە چند هەکارێک دەستنیشان دەکەن،ولەکدانەوەی جیاوازیان بەکردووە.

بیروبۆچوونەکان لەمڕووەوە لە بارەی ئەوانی شەشەوە:

ئەفلاتون ٤٠٠ساڵ پێش زایین، بەوای وایە، کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی چەوساندنەوە وئازاری بەردەوام دەبێتەوە، ئەگەرسزایەکی ئەوا بەڕووی دەسەڵاتدا شەش بەرپاناکات ، بەڵام ئەگەر زانیی قوربانی دەستی زەردارییە، ئەوا بەتووڕەییەکی پاوپڕ لە هەڵچوون وداچون شەش بەرپادەکات، تەدەکشێت لە پێناوی ئەوەی خەی پێی دادپەروەرانەیە. هەموو ناڕەحەتیەکان تەحەمول دەکات تا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.....

بەپێی بەوای ئەرستۆ کە خوێندکاری ئەفلاتون بووە، لە هەموو جۆرەکانی حکومەت ودەسەڵاتکاندا(ئەلیگارشی ،دیموکراسی ، ئەرستۆکراسی ،...) ، مرۆڤکان شەش بەرپائەکێن لەپێناوی بەدەستهێنانی یەکسانیدا. لەیەنانی کۆندا بەرزکردنەوەی پەرچەمی ئازادی و یەکسانی داخوازی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگای یەنانیەکان بووە.

لەدوای ئەو سەردەمە سەردەمی ئیسلام دێت، بەواوبەچونەکان لە ئیسلامدا لەمەڕ شەش ، هەر هاتنە دەرەوێک لەماڵ ،خێپیشاندان و ڕژانە سەر شەقامەکان و مەیدانەکانی شار،بەمانای دەربڕینی تووڕەیی ونەمانی سەبروپشودرێژی و بەرگەگرتن دێت. بەڵام لەبەرئەوەی ئاینی ئیسلام خەی بەکەتا ئاینی ئاسمانی دەزانێت، هەر هەڵسوکەوتێک کە دژ بە حوکم ودەسەڵاتی خەلیفەی مسوڵمانان بکرێت بە ناشەرعی و بەدژی ڕاسپاردەکانی خوای لەقەڵەم دەدرێن، و دژی دەوەستنەوەو وەڵامی داخوازیەکانی خەڵک نادەنەوە، وەکو ئەوەی لەمڕووی ئەودەسەڵاتانەی خەلافەتەکانی ئیسلامدا ڕوویان داوە.

بیریارانی سەدەی حەڤدەو سەدەکانی دواتر تەواینەکانیان جەراو جەرن. بە نمونە ،لەلای جۆن لەک، مافی بەرەنگاری و شەش،بە ئەوە دەگەنەتەوە ، کە دەسەڵاتدار بەشێوەیەکی ناشەرعی بەیاری مانەوەی دەدات و جێبەجێ دەکات . واتە ئەگەر دەسەڵات شەرعیەتی هەبوو ، پێویست ناکات شەش بەڕویاندا بەرپابکرێت هەتا ئەگەر دەندش بێت. شەرعیەت پێدان بەهەی دەنگی خەڵکەوە دروست دەبێت، وە مەرج نیە هەموو شەرعیەت پێدانێک ڕاست و دروستی و عەدالەتی دەسەڵات پێشان بدات .

باکەنین ،بەوای وایە ،کەتایەهێنان بە داگیرکاری وکۆمەڵگای چەوسێنەر، لەڕێگەی تەکەشانی شەشگێڕانەوە دەبێت،وە کەتایی نایەت ئەگەر هەموو سەرکردایەتیەکان لە ناوەندکاندا هەڵنەوەشێتەوە. شەش ،هاندانی هەموو شارێک و هەموو گوندێک و هەموو کۆمەڵگانە ، بە بەرپاکردنی جەنگەتایبەتیەکانی خۆیان. لەسەر مرۆڤکان پێویستە ،کەبەجگەلە بەرەنگاریکردنی سوپاکە خاوەنی یەک

سەرکردایەتییەش،شتێش بە هەچونە سەزداریە شەشگەانکە ئەبەتە سەرکەوتنکی چەسپاوو بگووماں کردن. ئەم بەچونی باکەنین ، پشت نابەستەت بە کردیکی دیاری کراوی سازدراوی ئامانج ەوون. کاری خودبەخودی وبەرهەمکی نادیارو بە ئامانجی گەینی کەمەگای سەرمایەداریە بەپیوەندیکی کەمەایەتی نادیار، ئەمش بیروکرداری ئانارکیستەکانە، لەهەر کویک بن.
بەبەوای مارکس ، جیاواز لە بەچونەکانی پەشتر، کاتک شەش وادی هات، چینی کرکار شەش بەرپادکات، بەرژەوەندی کەمەگای شەشگە(بەمانای ئەرک و ئامانجی ەوتی ماددی مەژوویی چینی کرکاربە گەانی مەژوویی کەمەگای سەرمایەداری بە سەسیالیزمی زانستی) ئەکات بەسەرچاوەی خی لەوکاتنەدا، هەموو ئەو پەوویستیە ماددیانە بەرجەستەو دابین دکات ، کە لە پەناوی چالاکی شەشدایە، بەلە ناوبردنی دوژمنکانی، وە هەموو ئەو سازاندن وپەویستیانە لەبەرچاو دگرەت،کە پەوویستیەکانی ئەو تکەشانە پەدکاتەوە، بەرەنجامی کارکانی پاڵی پەودەنەت بە بکارهەنانی دوورترین و ووردترین بیروو بچونی خزمەتکار بەشەش، وەئەمش ناچەتە سەر بابەتی توەژینەوەیکی تەووری لە هەمان کاتدا.
دروستترین بچوون بە بە ئەنجام گەیاندنی شەش لەم سەردەمەی ئەستادا، بچوونی مارکس ،لەبەر ئەوەی وەامدەرەوەیکی گشتگیری بە سەرکەوتنی شەش بەئاستەی ەوتی ماددی مەژوویی بەرجەستەدکات لە کەمەگاکاندا، ئالیەتی سەرکەوتنی بەووونی پەشانداوە ، دژبووونی خی بە کاری خبەخی و بە بەرنامەی لە سەرکەوتنی شەشدا پەشانداوە. سەرکەوتنی شەشکان بەندە بە سازاندن وبەرجەستەکردنی پەویستیەکانی هەسوانی و ئامانجی ەوون ، بەرجەستەکردنی گەانکاریە لە سیستەمی چەوسەنرانەی پەیوەندی کارو سەرمایە،وپەیوەندی کەمەایەتی و سیاسی سیستەمی سەرمایەداری .
گەانی دەموچاوک بەدەموچاوکی تر لە هەمان سیستەمدا،شەش نیە، واتای بەرپاکردنی شەش لە سیستەمی سەرمایەداریدا، بەرجەستەکردنی گەانی پەیوەندی ئابووری کەمەایەتی و سیاسی چینایەتیە ،بکەمەگایکی ئابووری کەمەایەتی بە چین و تەوژە کەمەایەتیەکان .
شەشجیاوازکان وئەنجامکانیان لەمەژوودا: ئەوانەی لەابردوودا بەشەش ناویان هاتوە، هەندکیان شەشن بەواتای گەانی پەیوەندی کەمەایەتی ئابووری، هەندکیشیان ماک و ناوەکی شەشیان پەو نیە، لەبەرئەوەی گەانی بنەمای ئابووری کەمەایەتی تیایدا ونداوە.
یەکەک لەو جوانەوانە، ەوداوی سالی ١٢١٥زی ئینگلترایە،

ناڕازایەتی و جوڵانەوەی ئەرستۆکراتەکان بوو دژی مڵیک جۆن. داوایان دەکرد پاشا دان بنێت بە مافی خۆکیشدا، مەبەستیش لەی زیاتر فراوانکردنی دەسەڵاتی ئەرستۆکراتەکان بوو،وە ئەنجامیشیاندا. واتا سیستەم نەگۆڕا ، بەڕۆوەندی چینێک سەنتەری جوڵانەوەکە بوو لەناو هەمان فرماسیۆنی سیاسی ئابووری کەمەڵایەتیدا، ئەمەش گۆڕانی شۆڕشی کەمەڵایەتی ئابووری نیە.
لەمڕوودا چەندین شۆڕشی زانستی هەیە، توانیویانە سەرجەمی تەواوینەکانی ئابردوو بەباری ڕووی ڕاستی خۆیدا بگۆڕن. یەکێک لەو شۆڕشە گرنگانە ،شۆڕشی کۆپەرنیکەس(١٤٧٣-١٥٤٣)زی بوو، بەوەی کە هەناخوارەوەی ووتەکان بوو لە ئاسمانەوە بە سەر زەوی، ئەوەش بەدەرخستنی ئەو زانستەی کە خەڵکی بریتیە لە سەنتەر و ناوەندی کەمەڵەی خۆر، زەوی ئەو ناوەندە نیە، ئەو تەوریە گەورەترین شۆڕش بوو لە مڕوووی زانست و فەلەک ناسیدا.
جووڵانەوەکانی کەمەیڵز١٦٦٦ ،دوای لە ناوبردنی پەرلەمان، لە ئینگلترادا دەسەڵاتکی دیکتاتۆریانەی دامەزراند، پێچەوانەی گەڕانەوەی پاشایەتی و لەناوبردن و دەرکردنی خەزانی ستیوارت و گوزانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بە ولیام و ماری ساڵی ١٦٨٨ز. ئەم جۆرەش لە جوڵانەوانە، نەیتوانیوە پەیوەندی ئابووری سیاسی کەمەڵایەتی بگۆڕێت،ئەم جوڵانەوانەو گەڕانی سەروچاو، ناچێتە خانەی شۆڕشەوە هەرچەندە لە مڕوودا بەشێش ناوی هاتبێت.
جۆرێکی تری ناونانی جوڵانەوەکان بەشێش، ناوزەدکردنی شۆڕشی ١٧٧٦زی ئەمریکایە. ئەم جوڵانەوەیەی خاوەن سەرمایەو زەویوو زارو کێڵەکان بوو ،دژی هەمان چین بوو لە ناو دەسەڵات ودەوڵەتی پاشایەتی ئینگلترادا .ئەم جوڵانەوەیە نەیتوانی باری گرانی ژیانی کێڵەداری کێڵەکان لە ئەمریکادا بگۆڕێت. ئەو جوڵانەوەیە نەبووە هەکاری گۆڕینی فرماسیۆنی کەمەڵایەتی ،بە فرماسیۆنێکی تر. بەکو کێڵەداری بەردەوام بوو هەتا هەمووارە سیازدەی دەستووری ئەمریکا لە ساڵی ١٨٦٥ز. ئەمەش نەیتوانی لەسەر ئەرزی واقع کۆتایی بە کێڵەیەتی بهێنێت، تەنها مرۆکەبی سەرکاغەز بوو. ئەم جووڵانەوەیە ناتوانیت بەشێشی کەمەڵایەتی بیچوێنی،تەنها وەکو ڕزگاری نیشتمانی چاولەدەکرێت، واتا تەنها ڕزگاری خاوەن زەوی و سەرمایەکان بوو لەژێر چنگی باج و خەراجی دەوڵەتی پاشایەتی ئینگلیز ، هەتا لە دواتریشدا دەوڵەتی کەماریانیش دامەزراندبێت.
لەو شۆڕشانەی کە فرماسیۆنی کەمەڵایەتی گۆڕی، شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩زی فەڕەنسی بوو، شۆڕشی بەرژوازی بوو،وەهەڵگری گۆڕانی فکری وئابووری و سیاسی و کەمەڵایەتی بوو. گۆڕانی بنەڕەتی دروستکرد لە پەیوەندی ئابووری کەمەڵایەتی وسیاسی ،پەیوەندیەکی نوێی چینایەتی

سەرمایەداریانەی هەنایە ئاراوە، سەرکەوتنی چینی ناوەند بوو بەسەر پاشاو ئەرستەکراتەکاندا، کۆتاییان بەکۆیلەی کشتوکاڵیدا هێنا، سیستەمی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی سەرمایەدارانەی چەسپاند ،هەروەها بەشێکی نیشتمانی و دەموکراسی دیاری دەکرێت. بەڵام شۆڕشی ١٨٤٨زی فەرەنسا، بەشداری پرۆلیتاریا بوو ، ئەمەش سەرەتای دەستپێکی هەوڵوبزووتنەوەی سەرمایەداران و پرۆلیتاریا بوو، شۆڕشێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی لە خۆگرتبوو ،هەرچەند پرۆلیتاریا سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست نەهێنا،و کۆماری دووەمی بەرژوازی فەرەنسای بەرجەستە کرد، بەڵام بوو بە چاوگێک بۆ شۆڕشگانی تری ئەورووپا ، وبەرجەستەکردنی بۆشک لە مافەکانی مرۆڤی بۆ شۆڕشێکی هەمەچەشنتر بۆیان کردوو شیعاری ئازادی وبرایەتی و دادوەری بۆیان دەکرد .ئەم شۆڕشەش زۆرتر لایەنداری مرۆڤانەو کۆمەڵایەتیانەی پێشان دەدات.شۆڕشی ١٧٨٩زی شکڵی شۆڕشێکی گەلیانەی لەخۆگرتبوو بەکاریگەری وهاندانی بیری بەرژوازیانەی بەرژوازی.بەڵام ئەوەی ١٨٤٨زی ململانێیەکی چینایەتیانەی لەخۆگرتبوو.

بەڵام جیاواز لە شۆڕشگانی تر، لەسەردەمی هاتنە ئارای سەرمایەداری شۆڕشێکی چینایەتی پرۆلیتاریای فەرەنسی سالی ١٨٧١زی بوو، بەکۆمۆنەی پاریس ناسراوە ، تەمەنی لە نەوان ١٨ئازار بە ٢٨ئایار ی ١٨٧١زی درێژەی کێشا، یەکەم حکومەتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار بوو. لەوکاتەدا ئەم شۆڕشە نەبووە گەڕانکاری و گۆڕانەوەی سیستەمی سەرمایەداری بە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، ئەگەر ئەمەش بەهەڵکاری کۆمەڵی تەمەنی و فرەیی لە خۆبگرتونی جیاوازی ناو کۆمەڵانی کرێکان ، وڵاتانی دەرەوەو پیلان گێڕانی دەوڵەتانی ئەورووپا دژی کۆمەڵەی پاریس لەترسی لەدەستدانی دەسەڵاتی خۆیان،تەمەنکی کورتی بەخۆیەوە بینی. بەڵام وەرچەرخانکی گەورەی لەسەر ئاستی ئەورووپاو جیهان خوڵقاند، بووە هۆکاری ئەوەی وڵاتانی ئەورووپا باشتر ماناکانی لەگەڵ کرێکاراندا بکەن لەووی ماف وکرێکانیانەوە.

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧زی ڕوسیا ،ئامێز بەیەکەک لەو شۆڕشانە هەژماردکرێت،دوا سەنگەری دەربەگایەتی و کۆیلەی کشتوکاڵی لە ئەوروپادا تەکشکاند و لە جێگەی سیستەمی پاتریارکی وکشتوکاڵی ،سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتی دامەزراند، ئابوریکی پیشەسازی و کشتوکاڵی و سەربازی پشکەوتووی خستە جێگەی ئابووری کشتووکاڵی وسیستەمی پاتریارکی ڕابردوو. ئەم شۆڕشە لەگەڵ ئەوەی بە شۆڕشی سۆسیالیستی ناویان دەبرد، بەڵام هیچ بنەمایکی ئابووری کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی پێوە دیارنەبوو ودانەمەزراند. دەسەڵاتی پاتریارکی کشتوکاڵی گەیی بە دەسەڵاتی گروپکی حیزبی وسەربازی

بەدسپلین و ڕێکخراو. هەرچیەک بوو بێت ، تەنها سۆسیالیزم نەبووە ،و ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوڵەت کەوتووەتە چنگی گروپێکی سیاسی و سەربازی حیزبیەوە.لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شێوە بە پاشەڕۆی ئەوەی شۆڕشێکی سۆسیالیستی بووە ،کاریگەری ئاستەوخۆی لەسەر شۆڕشگانی ئەوروپا وئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئاسیاو ئەمریکای لاتیندا هەبووە ، لە بەشێکی بیرکردنەوەی سیاسی و دامەزراندنی سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتی چین و کوبادا ڕەنگیداوەتەوە بەشێوەیەکی بەرچاو.
شەشی ساڵی ١٩٥٤زی چین،گەلانی کۆمەڵگایەکی دابەشبووی چەند چین وتوێژێکی کۆمەڵایەتی وئابووری دواکەوتوو بووبوو.ئەوانەش خاوەندارانی زەوی وزار،و چینێکی کۆمپرادۆر لە دێهاتکان کە وابەستەی سەرمایەی بێگانەی دژەوەی ،و ووردەبۆرژوازی کە نوێنەرایەتی خاوەن زەویە کشتوکاڵیەکان ،وپیشەسازیە دەستیەکان و توێژێکی بچوکی ڕەشنبیرو خوێندەوارکانی دەکرد ،ئەمەش توێژێکی گەورەی کۆمەڵگای پێکدەهانی . وە شەریحەیەکی تری کۆمەڵگای چین بریتی بوون لە چەشنەکانی پرۆلیتاریا، کە پێکدەهاتن لە زەرینەیەکی جوتیارانی کشتوکاڵی خاوەنانی زەویە بچوکەکان ،وجوتیارە هەژارەکان، وخاوەنانی پیشەسازی دەستی و،کرێکارانی شوێنە پیشەسازیەکان ،وفرۆشیارە گەڕۆکەکان. چینی پرۆلیتاری پیشەسازیش بەپێی کۆمەڵگای چین ژمارەکەیان کەمترە. شەشی چین ئەم پێوەندیە ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسیەی گەیی بە کۆمەڵگایەک کە سەرچاوە ئابووریەکانی خستە دەستی دەوڵەتەوە و ، سەرکردەکانی دەوڵەتیش ،ئەوانبوون کە ئەندامانی حیزبی شوعی چین بوون ،وەکو یەکەتی سۆڤیەت. هەروەها شەشی ١٩٥٩زی کوباش ،وەکو چین پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان بریتی بوون لە خاوەن زەویەکان ،و بۆرژوازی کۆمپرادۆری وابستە بە سەرمایەی ئەمریکیەوە، ئەمانە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو. شەشی کوباش وەکو شۆڕشگانی چین و ڤیەتنام ،سیا نەیانتوانی کۆمەڵگایەکی ئابووری کۆمەڵایەتی بە چین وتوێژەکۆمەڵایەتیکان دامەزرێنن. هەرسێ شۆڕشەکەو ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، گەلانی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئابووری سیاسی سەرمایەداری ،نەگەیی بە سیستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی بە چین و چەوسانەوە. تەنها گەیینی سەرمایەداری بازاڕی ئازاد بوو بە سەرمایەداری دەوڵەتی، شەشی سۆسیالیستی نەبوو وەکو هەندێک لە بیریارانی بۆرژوازی ولیبراڵی بۆیانیان دەکرد.
بەپێی بۆچوونی هەندێک لە نووسەرە بۆرژوازی و نیشتمانیەکان، کودەتاکانی ڕووياندا وە لە کیشوەرکانی ئاسیاو ئەفریقیا دا ، بە شێوەیان بردوون. وەکو کودەتای ٢٣یولیو١٩٥٢زی میسر دژی

پاشایەتی. هەروەها کودەتای ١٤تەموز١٩٥٨زی عێراق دژی پاشایەتی . وەکودەتای بەعسیەکانی سوریا لە ساڵی ١٩٦٣زی دژی دەربەگایەتی. هەروەها کودەتای ١٧-٣٠تەموزی ١٩٦٨زی بەعسیەکانی عێراق، دژی سیستەمی کۆماری عبدلڕەحمان عارف. هەموو ئەم کودەتایانەو ئەوانەشی کە ناومان نەبردوون، نیشان تواناییەوە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئابووری بگۆڕن، بەسیستەمێکی بە چین و چۆوسانەوەو بە کاری بکرێ.لەسەردەمی سەرمایەداریدا شۆڕش کاتێک پایەو مانای دەبێت کە گۆڕانی بنەڕەتی بکات لە پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵایەتی چینایەتی بە کۆمەڵگایەکی بە چین و چۆوسانەوە، بەداخەوە ئەمەش هەتا ئێستا ڕوینەداوە.
ناونانی جوڵانەوە و خەپیشاندانەکانی باکوری کیشوەری ئەفریقا ، بەشێکی بەهاری عەرەبی ، ناوو ناونیشانێکی هەڵەیە و ماکی گۆڕانی ڕیشەیی پەیوەندیەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەڵنەگرتبوو وە بەرجەستەی نەکرد لە کۆمەڵگاکانیاندا. بنەڕەتی ناوی بەهاری عەرەبی دگۆڕتەوە و ئیلهامی لە شۆڕشگانی بەهاری ١٨٤٨زی ئەوروپاوە وەرگرتبوو،یان پێیان بڵێبوو. ئەمانەش نیشان توانی سیستەمی سەرمایەداری بگۆڕن بە سیستەمێکی شایستە بۆژیانێکی سەردەمیانەی ، بە چۆوسانەوەو کاری بکرێ بە مرۆڤکان. هەر جووڵانەوەیەک و خەپیشاندانێک، گۆڕینی دەموچاوو مانەوەی هەمان سیستەمی ڕابردوو لە خەبگرێت،لە ئێستای سیستەمی سەرمایەداری، مانا و دڵالەتی ووداني شۆڕش لەدەست دەدات.

خەپشاندانەکانی ئێران لەبەر ڕۆشنایی شۆڕشگانی ڕابردودا:
لە ڕوانگەی ئەو شۆڕشانەی لە ڕابردووداڕوياندا، باسێکی کوورت لە ناوەڕۆکی جوڵانەوەو خەپیشاندانەکانی ئێران دەکەین. ئەوەی دگۆڕتەوە سەر جوڵانەوەکان و خەپیشاندانەکانی ئێران و پلاتفۆرمی (ژن- ژیان- ئازادی) ، پڕچەمێکی ئیفڕەمیستی و فمینیستانەی ناگشتگیرە، نەیتوانیوە دەربەی ناوەڕۆکی شۆڕشگێکی کۆمەڵایەتی گشتگیری هەمەلایەن بێت ولەخەبگرێت ، هەرچەندە هەموو چین و توێژکانی کۆمەڵگای ئێران بەشداری تێدابکەن. هەزکانی خەڵک لە دژەو ناوەوەی ئێران ،هەشتا نازانن بەووونی چیان دەوێت و لەدواتردا چی دادەمزرێنن، پەیوەندیە کۆمەڵایەتی وئابووریەکان چی بسەردێنن. لەئێستای سەرمایەداریدا، هەر گۆڕانێک کە سیستەم لە بنەڕەتەوە هەڵنەتەکێنێت، و سیستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی بەچین دانەمزرێت لە جێگایدا،ناچێتە خانەی شۆڕش و شۆڕشگێڕیەوە. لەخەوە هەر جوڵانەوەیەک و خەپیشاندانێک بە شۆڕش بزانرێت دەکوێنە هەڵەیەکی گەورەوە، هەروەکو ئەوەی بانگەوازدەکرێت بە پشتیوانی کردن ولەگەڵمان بن لەشۆڕشی ئێراندا، بەواش بە هەڵکخراوی چینایەتی

نەبەت ، بانکە ودووەوا. لەگەڵ بوون واتای هەڵکخراوبوونە ،کەبوونەوەیە لە چوارچێوەی ئامانجکدا . بیرکردنەوەو گرنگیدان بە کاری خودبەخود، هەمان ئەو بیرکردنەوەیە کە بە خەپیشاندانکانی ئێران بیردکرەتەوە،هەمان بیروبچونە کە هەیجانی سەزوعاتیفە ئکاتە ئامانجی سەرکەوتنی شۆڕش ، هەمان بچوونی ئانارکیانەی باکنینیان هەیە. ئەمش سەرکەوتنی شۆڕش بە خوا ئسپەرەت. لەلایکی تر کەمۆک لە بە ئامانجی و ناوونی خەپیشاندانکانی ئێران ، بەرگی کوردایەتی دکات بەبەردا، لەبەرئەوەی ئاگری ئەو خەپیشاندانە، بە پریشکی گیان لەدەستدانی کچکی کورد خۆش بوو.لەلایکی تر کەمۆک ئای شاهنشاهی ئابردووی ئێران بەرزکەنەوە. ئەم ئاکشانە ئاکشانە، بەگەی ئەوەیە کە یکگرتوویکی کەمایەتی چینایەتی لەسەر ئاستی کەمگای ئێران بوونی نیە ،خەپیشاندانکان ئامانجی ووونی سەرتاسەری شۆڕشکی کەمایەتی ئابووریان نیە. ئەو بچوونەی کە لەپەشتردا بیانمان کرد بە سەرکەوتنی شۆڕش گرنگی گەورەو گرەنتی سەرکەوتن دکات. لەبەر ئەوەی خەپیشاندانکانی ئێران لاشەیکی بە سەرە ، لەهەرکاتکدا بەت دکەوەتە چاکەوەو سەردەنتەوە. لەبەرئەوە لەسەر کەمنیستە زانستیکان پەویستە پەرە نەدەن بکاری خودبەخودیانە و داەدەی سەزداریانیان بە هیچ خەپیشاندان و جوانەوەیک بەوای پەنەهنن و نەبەت، هەرجوانەوەو خەپیشاندانک ئامانجدار بکەن بەئاستەی هەوەشانەوەی سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی کەمگایکی بچین و چوسانەوەی مرۆف لەبەرچاوبگرن ئامانجمان بەت .لاشەیک چاوی نەبەت ومشکی نەبەت ناتوانت بەئاستەی دروست ەبکات. ماركس دەەت،تکەشان دژی سەرمایەداری، بشەویکی سەردەمیانەو لە سنورکی باتەرداو بەبایەخکی ترەوە، تکەشانی کرکاری کرگرتیە دژی سیستەمی بەرژوازی(سیستەمی سەرمایەداری لیبرالی)،ئاوات وئارەزوی شۆڕشی سەسیالیستی نوێ(زانستی) بەریتیە لەسەرکەوتنی پرلیتاریا بەسەر بەرژوازیدا.ەکخستنی کەمگایەکی بشەویک کە هەموو جیاوازیە چینایەتیکان لەناوببات. وکو ئەوانەی کە لە ئابردوودا بە شۆڕش ناویان بردوو ئەوئەرکشی جبەجنەکرد. ئەوەی ئەستا لە ئێران دگوزەرت ، خەپیشاندەران هەگری شیعاری بەرژوازین کە خەی لە ناو (ژن – ژیان – ئازادی) مەاسداوە. ئازادی فەمی بیرکردنەوەی شۆڕشی بەرژوازی فەمنسی بوو، وە بیریارانی لیبرالی دایان ەشتووەو پەیدەناسرەتەوە، ئازادی لە لای لیبرالیزم ،هەسوکەوتی ئازادانەی مرۆڤ بە بەهاکانی بەرژوازی و سەرمایەداریەوەو ، خەی لەئازادی خاوەندارەتیدا دەبینەتەوە.

ئەو وتەیەی مارکس دەکەم بەکەتا تەوانین لە بارەی شەش لە سەردەمی سەرمایەداریدا،دەڵێت: کۆمۆنیزم لە هەموو بزووتنەوەکانی ئابردوو هەتا ئێستا جیاوازترە، ئەویە کە هەموو پێوەندیەکانی بەرهەم هێنان وهەڵسووکەوتەکانی ئابردوو ژێرەوژوور دەکات، هەموو مەلوومەرجە مەرجدارە سروشتیەکانی ئابردوو، کە بەرهەم هاتووی ئابردووی مرۆڤن هەتائێستا،داماڕاوە لەشێوە سروشتیەکەی و خراوەتە ژێرچنگی دەسەڵاتداران، بەهوشیاریەوە چارەسەری دەکات.

نەجمەدین فارس حەسەن
١٩کانونی یەکەم٢٠٢٢

سەرچاوەکان:

١-افلاطون :جمهورية،دار الوفاء لدنيا لطباعة والنشر.
٢-ارسطو :السياسة ،منشورات الجمل.
٣-آنجلس: آلباكونينية فى آلعمل،دار الفارابى.
٤-جون لوک:فى الحكم المدنى،اللجنة الدولية لترجمة الروائع.
٥-حنە ارنيدت:رآى فى الثورات،الهيئة العامة لقصور الثقافة.
٦-عبدالرضا الطعان:مفهوم الثورة،دار المعرفة.
٧-ماركس،آنجلس: الايديولوجية الالمانية،دار دمشق.
٨-ماركس:النظال الطبقى فى فرنسا من ١٨٤٨الى ١٨٥٠،دارالتقدم.
٩-ماركس: الحرب الاهلية فى فرنسا، دارالتقدم.
١٠-الموسوعة السياسية، مفهوم الثورة،

گەشاوە و نەخشیەکانی نووسەرانی کورد.. هەسووە بەختیار

نووسەرانی کورد، بەدەست خەیان نییە، خەیان خستەتە نەو گۆڕاوێک، ئەوان لەنووسینەکانیان فەرمان دەکەن، لەهەموو بابەتەکدا وشەی ((دەبێ)) ((پێویستە)) بەکار دەهێنن، کەچی لەدواتردا دەنووسن، ئەمە تەنیا پێشنیارێکە، چەندین شیکاری سیاسی دەکەن، یەکێک دەبێنە لووتکە، ئەوی دیکە بەنزمی سەیر دەکەن، گرنگ ئەویە بنووسن،

نووسینەکانیان ئامانجێکی کەسی و خودی بپێکێ، خەیان وەک پاڵەوان دەتە پێشچاو، سەیرە پاڵەوانییەتییان تەنیا لەچەند مەترێکی دەووبەریان تەناپەڕێ، ئەوە گەلەوەی کەمێک هەرزە نووسەری دیکە پەیدابوونە هەموو شتێک رەت دەکەنەوە، رەزیان لە دەگیرە، بەڵام خەیان رەز لەخەیان ناگرن، هەندێکیان هەن، لەهەموو کەس و کەبوونەوە قسان دەکەن بەبێ ئەوەی کتێبەکانیان خوێندبێتەوە، ئەوە وەک ئەو رۆژنامەنووسە هەرزانە وان بەبێ شتێک دەربارەی کەشکان بزانن، بەخەیان مایکەکانیان هەڵدەکەوتنە سەر کەسانی نێو رووداوەکان، لەنەوەندی کەشە ناخۆشکان بەقوربانی دەڵێن هەستت چۆن، ئایا بیر لەوە ناکەیەوە تێڕێ بکەیتەوە، قوربانی هاندەدا تاوانێک بکات، دیارە ئەوانەش سەر بەقوتابخانەی ئەو نووسەرانن دەبێ و پێویستە بەکاردەهێنن، زەربەی نووسەرانی دوێنێ گفتوگۆیکی قووڵت لەگەڵدا سازدەکا، بەبەچوونێ تێکشکاوەکانی خۆی جێخت لەبەردەوامبوون دەکاتەوە، کەچی لەبنەڕەتدا تەنیا بەرگی دواوەی کتێبەکانی خۆیندۆتەوە، کە زەر جاران تەنیا بە پێناسەی کتێبەکان دانراوە، کاتێکیش بەچوونی خێت دەڵێی گوێگرێکی باشن، کەچی لەنووسینەکدا بەناوی خۆی ئەو بابەتە بەاودەکاتەوە، دەستی خۆشبێ هەرچی بەچوونی جوانێ گواستەوە.

پێشکی هەر کتێبێکی نووسەری کورد بخوێنەوە باس لەپێشکەوتن و گۆشەسێندنی کەمەگەی دەکات، بە ئەوەی بزانێ بنەماکانی پێشکەوتن و گۆشەسێندن بەپێی شوێن و سەردەم چۆن، چەند لاپەڕەیەک بەو باسە ڕەشدەکاتەوە، وەک ئەوەی ئەو لەگەڵ ئەمەدا نەبێ و لەفەزایەکی دیکەدا هاتبێ و دەیەوێ بەپێی داشتنێ سەقەتەکانی کەمەڵ پێش بخا، لەو لاوەش لەگفتوگۆ لابەلاکانی نێو یانێ و چایخانەکان کەسانی دیکە بەنەزان سەیر دەکا، لەمەژوودا دەستێکی باڵای هەیە، لەوەی کەسایەتییەکان بەگومڕا و ناپاک لەقەڵەم بدات، ئەگەر نووسەرێکیش ئینتمای بێ حزبێک هەبێ، ئەوا لایەنگر و هەوادارانی حزبەکەی بەرامبەریان بەنەزان دەژمێرن.

سەیرە وەک ئەویەی نووسەرانی کورد (لەم هەرێمێ) کتێب نەخوێنەوە، وەک کەسانی ئاسایی تەنیا سەیری تکتێک و فەیسبووک بکەن، خەشیان وەک قارەمانێکی نێو ئەو دوو تێڕێ بزانن، بەئیمەجێی و دەستخەشیەکانیان بەرامبەر هاوڕێ لەیەکچووەکانیان، وەک ئەوەی گوێ لەهیچ گرانیەک نەگرن دەن باس لەگۆرەپی هونەری بگانێ بکەن، کەچی کاتێک گوێ لەگرانیەی دەگری، بێ ژیری دەستکرد دروستکراوە.

دەبێ و پێویستە بەشێوەیەک دونیا و مەشکی ئەوانی داگیرکردووە، دەیانەوێ دەستکاری هونەر و ئەدەبیاتی گەلانی دیکە بکەن، بەبێ ئەوەی زمانەکیان بتەواوی بزانن، ئەمجارە گۆڕاوەیە جگە لەنەخەشی

دڕوونی هیچ شتێکی دیکەی پێ ناکرێن، چارەسەرێکی تەنیا بەخوداچوونەوەیە بۆ خوێندنەوەی زیاتر، تا بزانن ئەوان لەچ گۆڕاوێکدان و دونیاش لەچ ئاستێکدا هەنگاو دەنێ، ڕاخنە لەئەفڵاتوون و هیگڵ و دانتی دەگرن، بەجۆرێک هەموو کتێبکانیان خوێندبێتەوە، دواتر دەردکەوێ، تەنیا چەند وتەیەکیان لەنەوەندی والی فەیسبووکی یەکێک لەهاوڕێکانیان بینووە، کەچی لەبنەڕەتدا کابرای نووسەری فەیسبووکەوان وتە و قسەی خەیاتی و بەناوی ئەفڵاتوون و تێستێ و حەمزاتێف کردووە.
گۆڕاوێکی دیکە و نەخشیەکی دیکەی نووسەرانی کوردی (ئەم هەرەمە) بەهیچ شێوەیەک بەرامبەرکانیان ناخوێننەوە، ئەوە جگە لەوەی لێرە و لەوێدا بەشێوەیەکی ناڕێک باسی لەبارەهەمی نووسەرکانی دیکە دەکەن، وا دەزانێ ئەگەر ئەو شتێکی جوانی نووسی بێ، ئەوا ئەو نزم دەبێتەوە، لەکۆڕ و سمینارەکاندا زەر بەجوانی دانیشتووە و خەی وەک میوانی شەرەف دەبینێ، کەچی کە دێتە دووان، هیچ ڕەشنبیریەک لەوتەکانی نابیندرێ، بەشێوەیەک ئەو جلوبەرگەی لەبەریدایە لەی خسارە، ئەوە جگە لەوەی نووسەرانی کورد لەوەاتانی ئەورووپا و دەرەوەدا بەجۆرێکی دیکە سەیر دەکەن، بەو بیانووەی نووسەرانی نەو هەرەم نگڕاون و دونیایان نەبینووە، کەچی کاتێک خەی دێتە دووان، هیچ ڕەشنبیری و کلتوورێکی جوانی ئەو ئەورووپایە لەی نابیندرێ. بەیە چارەسەری ئەم نەخشیەیە تەنیا بەتەوانین و خوێندنەوەی کتێب و گڕان و سوڕان بەنەو ئاستی پێشکەتووی ئەدەبیانی گەلانی دیکە چاسەر دەبێ، ئەو کات بە باس لەپێشکەوتنی کەمگە بکاتە.

ئیڤلیوشنی کتێب.. نەوزاد بەندی

هەبەت جاران ، واتا پێنجا شست ساڵ پێش ئێستا، خەڵک لە مەرکانەدا ئاوی ئەخواردەوە، لە زەربەی ماڵ و بەردەم مزگەوت و شوێنە گشتیەکاندا مەرکانەیەک دانرا بوو ، جامێکی فافۆنی بە لاستیکێکی تادەیەک درێژەوە بەستراوی لەسەر دانرا بوو ، هەتا ئاوی پێ بخنەوە .. دوای ئەوە تەرمەزی ئاو پێدا بوو ، مەرکانە

نەما ، ئینجا بە تەپڵە بوونی ساڵان، ساردکەرەوەی ئاو هاتە ناو ناوانەوە، ئەمە خۆک ئاوی فلتەر و دۆبی ئاوی سەرمەر ئۆخەنەوە، ئەمە ئیفیلیوشنی ئاوخواردنەوەیە، واتا پشکۆوتنی هەکارکانی ئاو خواردنەوە ، ناکرێ بڵێین لەبەرئەوەی مەرکانە نەماوە، ئیتر خۆک ئاو ناخەنەوە، یان مادام تەرمەزەی ئاو کەم بێتەوە، کەواتە مرۆڤکان تینوویانە و پێویستە بە زووترین کات کارخانەکان تەرمەز دروست بکەنەوە.
کارەبایش بە هەمان شێوە، قوتیلەی ڤەن، قوتیلەی نەوت، چرای نەوت، لەکز، گەپی سەدیی زەرد، نیەن، لید.. ئەمانە کەمەڵە قەناغی پشکۆوتنی ڤوناککەرەوەن لە مرۆڤایەتیدا، شتێکی نائاساییە خەم دامانبگرێ لەوەی خۆکەکە وازیان لە قوتیلە هێناوە ، ناتوانین بڵێین ئەو خۆکە چەن لە تاریکیدا ئەژین لە کاتێکدا لەکزی غاز و نەوت بە تەواوەتیی پشتگوێخراون.
بە هەمان شێوە زەرینەی ڕەشنبیران ئەستا، ڕەخنە لە خۆک ئەگرن کە بۆچی بەاوکراوەی کاغەز ناخوێننەوە، بۆچی ماڵەکان کتێبخانەیان تێدا کەمبێتەوە؟ بۆچی ڕەشنبیران لە بازاڕەکاندا کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارییان بە دەستەوە نییە؟ ئەم دۆخە بە ئەوە ئەگەیەنن کە کەمەگا بە لاڕەدا براوە و ڕەشنبیریی پوکاوەتەوە و کتێب کارکەنار کراوە. ئەیگەیەنن بە ئەوەی میللەت گەمژە بووە و سەرقاڵی غەریزە جەستەییەکانێتی، هەندێکی تریان دۆخەکە بە دەسەڵاتداران ئەگەیەنن کە بەهایان لە کتێب و ڕەشنبیریی سەندۆتەوە و کاریان بە خۆکی جاهیل و نەخوێندەوار ئەواوات، ئەڤن بەیە کتێبی کاغەز پڕاوەز کەووە، چونکە دەفتەرە دۆلار جگای گرتۆتەوە و دەسەڵاتداران بانگشە بە نەخوێندەواریی و گەمژەیی دەکەن، بەڵام ئەوە باس ناکەن پێش دوو سەد ساڵ ڕەمانێک دوو سێ هەزار لاپەڕە بوو، دوایی ئەوە ڕەمانی نوێ بە دوو سەد لاپەڕەدا ئەنوسرا ، بە نمونە ڕەمانی پیرەمێرد و زەریای ئەرنست هەمنگوای ناگاتە دووسەد لاپەڕە لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا خەڵاتی نۆبڵی بردەوە، لە کاتێکدا ڕەمانوسە کەنەکانی وەک مارسیل بڕۆست و هەرمان مەلڤیل و تەستەی ڕەمانکیان بە چەند هەزار لاپەڕە ئەنوسی ، ئە هەکارکەی ئیڤلیوشن بوو لە ووردەکاریی زەر بە چەبوونەوەی کورت. جاران لە کوردستانی باشوردا یەک زانکە هەبوو، ئەستا سەدان زانکە و پەیمانگای میریی و پریڤەیت هەیە، جاران لە هەموو کوردستاندا یەک کەناڵیی تەلەفزیۆنی تایبەت بە سەرەکی فەرماندە و چەند پەخشکی ڕادیۆیی و چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک هەبوون کە زیاتر باسی سەرەکی فەرماندیان ئەکرد، ئەستا هەزارها کەناڵی بینراو و بیستراو و نوسراو و پەگەی هونەریی و کولتووری و ڕەشنبیریی ئینتەرنێت هەیە، ئە ئەمە

ئیفێلیوشنێ، پێویست ناکا بە شتێکی نامۆ تەماشای بکەین.
لە ڕاستیدا وەک چۆن ئاو لە مەرکانەوە ئیفێلیوشنی کرد بە پەرداخی سەرمەر و فلتەری تایبەت، بە هەمان شێوە بادەکراوەی سەرکاغەز، ئیفێلیوشنی کرد بە سکرینی کۆمپیوتەر و پاد و مۆبایلی زیرەک، من سەدان قژمی تایبەتم هەبوو، ئێستا هەموویان لە کار کەوتوون، چونکە قژم ئیفێلیوشنی کرد بە کیبەرد، ناکرێ مادام من بە قژم نانووسم، بە خەم بژم نەخوێندەوار، ناکرێ لەبەرئەوەی من کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری کاغەز ناکڕم، گومان لە ڕۆشنبیریم بکرێ، چونکە من ئەمڕۆ لە ڕێی کەناڵەکانی یوتیوبەوە گوێ لە کتێب ئەگرم کە بە زمانێکی پاراو و خێرا بژم ئەخوێنێتەوە، تەنانەت لە گێشتە دوورەکانمدا ڕەنگە بژم گوێ لە چەند کتێبێک بگرم لە کاتێکدا پێشچەل ساڵ لەو ماوەیەدا پەنجا لاپەڕەی کاغەزم بە نەدەخوێنرایەوە. ئەو ڕەمانەی جاران لەبەردەم عەلادینێ نەوتەکەدا بە چەندەها شەو دانیەکیانم بە تەواو ئەکرا، ئەمڕۆ لە ڕێی کەناڵەکانی سینەماوە، بە بەرزترین کوڵێتی 4k و 8k لە چەند سەعاتێکدا تەماشایان ئەکەم.
40ساڵ پێش ئێستا، کاتێ خەڵکەکە سەرقاڵی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری کاغەز بوون، خەڵک لە کامەرا و سەر ستێیج ئەترسان، ڕەنگیان سوور ئەبەوە و دەمیان تەتەڵەی ئەکرد و هەناسەیان سوار ئەبوو، یان ڕایاندەکرد وەک لە دەندەیەک ڕابکەن، بەڵام ئەمڕۆ گەنجێک، منداڵێک، پیرێک لەبەردەم کامەرا و مایکی کەناڵەکاندا ئامادەیە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و ڕای خۆی دەربڕێ و ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دەگرێت، لە دەزگاندا قسەی هەیە.
کەواتە هەڵبەتە کۆشندە ئەکەین کە ئیفێلیوشنی کاغەز بە کیبەرد، کەبوونەوەی کێ و بۆنە ئەدەبییەکان، بە تێڕ کۆمەڵایەتییەکان و پەگەز ئەلیکترۆنییەکان، بە زەبری کاریگەر لە ڕۆشنبیریی پێناسە بکەین. کەوتووینەتە کۆنەپەرستیی و نوستالیژیاوە ئەگەر ڕقمان لە کیبەرد بێت و گەرانیی بە کاغەز بکەین، چونکە وەک چۆن عەرەبانەی تریشقە و دوو ئەسپیی ئیفێلیوشنیان کرد بە ئوتومبیلی کارەبایی ، بە هەمان شێوەیش قژمی پارکەر و شیفەر ئیفێلیوشنیان کرد بە کیبەردی ئایفۆن و سامسەنگ.
لەم دەقەدا کار بۆ جیاکاری و تێکشاندنی فۆرمە دووبارەکان و بەخشینی مانایەکی تازە بە دۆرەکان کراوە. (بلەم) مکوڵ بوو لەسەر ئەوەی شاعیر بەر لە هەر شت لە خۆی دەپرسێ: چۆن ئەدەبێکی جیاواز بنووسم؟ شیعرێک بە خەیاڵی کەسدا نەهاتبێت. چۆن چۆنی جیاکاری دروست بکەم؟ لە باسی (فۆرمشکاندن)دا ئەم باسە زیاتر کەوتە سەر پای خۆی و پاڵێن کرا لە تیۆرییەک لەمەڕ (میتۆدی خوێندنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی دەق). (بلەم) نووسی: ئەدەب فۆرمان دەکا لەپێناوی داهێنان و واتای تازەدا، فۆرم تێکبشکێنین.
(دێریدا)بە پێچەوانەی (ئەفلاتون)ەوە پێی وابوو هەموو وشە و نیشانەیەک پەیوەستە بە جیاکارییەکی واتادار. لە چیرۆکەکەدا جیاوازیی فیکریی کارەکتەرەکان ڕۆگر نەبووە لە بەردەم کێبوون لەسەر مەسەلەگەلێک کە تەنها لە ساتی خوێندنەوەی چیرۆکەکە هەستیان پێ دەکەین نەک لەکاتی قسەکردن لەبارەیەوە. جیاوازییەکان ڕۆگر نین لە بەردەم گەیشتن بە هاوبەشەکان، جیاوازیی بزوێنەری هاوبەشی و هاوبەشی فەزای بە زیندوو هێشتنەوەی جیاوازییە. قەشە (ئۆگەستین 354-430ز) کە بیرۆکەکانی ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان بیری مەسیحی و یۆنانی کۆن بوون، لە باسی کۆمەڵگادا کەمتر باسی

جیاوازییەکان دەکا تا هاوبەشەکان، لای ئەو کۆمەڵگا بریتییە لە کۆمەڵێک خەڵک کە بیروباوەڕی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

فەلسەفە:

هەنگە یەکێك لە کارەکانی چیرۆک وروژاندنی پرسیاری قووڵ بێت. بە نموونە: "بناغەی دروستبوونی گەردون چییە؟"
ئەم پرسیارە گرفتێکی بنەڕەتی بووە لە بەردەمی فەلسەفە و فەلسەفەکار و فەزای فەلسەفی لە دێرئاوا و ناڤەی بێ کراوە. کێشەیەکی بنەڕەتیی هەر سێ قۆناغەکەی فەلسەفەی یۆنانی بوو کە هۆکاری ئاستەقینەی بوونیان بێ هۆکاری مادی دەگەڕاندەوە. مەبەستم لە:
قۆناغی فەلسەفەی بەر لە (سۆکرات).
قۆناغی (سۆکرات) تاوەکو (ئەرستۆ).
قۆناغی دوای (ئەفلاتون) (ئەو قۆناغە تاوەکو سەرەتای چەرخەکانی ناوەڕاست درێژەی کێشا). هەر بێ نموونە:
_ تالیس (560-548پ. ز) بناغەی دروستبوونی بوونی بێ ئاو دەگەڕاندەوە.
_ ئەنکسمندریس (610 – 545پ. ز) بێ هەوای گەڕاندەتەوە.
_ هیراکلیس بێ ئاگر و پارمەندیس بێ هەبوونی دەگەڕێنەتەوە.
_ ئەنبادوکلیس دەیگەڕێنەتەوە بێ پێنج توخمی (ئاگر، هەوا، ئاو، خۆڵ و کاریگەری). ئەو توخمانەش وەکو خودای ئەفسانەیی باسیان لێوە کراوە.
فیکر لەم چیرۆکەدا بێ چەند بەشی جیاواز دابەش دەبێتەوە. دابەشبوون بە مانای پەرتەوازەبوون و شەقبوون نایەت، بەکو گەڕانەوەی فیکرە بێ بەشەکانی. ئەو دابەشبوونەی خەیاڵی خۆنەر پەیوەندییەکی ئاستەوانە و دانەبڕاوی لەگەڵ کۆبونەوەی فیکری نووسەر و یەکگرتنەوەی پارچەکانی خەیاڵی هەیە، بێ ئەوەی بکۆشن بە یەکتردا و وەکو بروسکە بگرمێنن و دەقێکی ئەدەبی بەرهەم بهێنن. بەرهەمەکە وەکو شتێکی دەستەمۆ لەسەر لاپەڕەکان خۆی ئاشکرا دەکا، خۆنەر پێویستی بەوە نییە بگەڕێتەوە بێ خەیاڵدانی (کاروان) و شرۆڤەی فیکری و مەعریفی بێ بکا. خوێندنەوەی چیرۆکەکە ڕێگاکەمان بێ کورت دەکاتەوە، وشەکان دەبنە ماسی و کۆی دەقەکەش دەبێتە دەریا نەک کۆمەڵە ماسی، چونکە وشەکان لە خەیاڵدا نوقم بوونە و مامەڵەی ئێمە بە تەنها لەگەڵ وشەکاندا نییە، بەکو لەگەڵ ئەو خەیاڵەشە کە لە پشتی وشەکاندا خۆی مەڵاس داوە و وشەکان لە ناویدا مەلە دەکەن.
لە یادمان نەچێت خەیاڵی پشت وشەکان یەکسان نییە بە خەیاڵی

نەو خەیاڵدانی چیرۆکنووس. وشەکان گرینگ نین، ماناکان گرینگن. زۆربەی ئەو وشانەی لە چیرۆکەکەدا هاتوون لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە کاریان دەهێنین، بەڵام ئەوە ماناکانن جیاوازییەکان دروست دەکەن.
دەق بەردەوام فیکر بەرهەم دێنێ و کاڵی دەکاتەوە. دەکرێ دەقی ئەدەبی ببێتە مەبەندی بەرهەمهێنانی بیرۆکەی فەلسەفی و پرسەی بەرهەمهێنانی ئایدیا و جیهانبینییەکان. (فۆکۆ) لە کتێبێکی ئەدەبی سەدەی شازدەهەمەوە چەندین تێزی فەلسەفی هەهێنا، کە (دێنکیشۆت)ی (سێرڤانس) بوو. دەقی ئەدەبی بە تەنها گوزارشت نییە لە ئەدیببوونی نووسەر, زۆرجار هەوڵێکە بۆ بەرهەمهێنانی فیکری فەلسەفی، هەندجار بارودۆخەکە دەگۆڕێ. فیکری فەلسەفی و ژیانی فەیلەسوفەکان ئاراستەمان دەکەن بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی.
بەردبارانکردنی (ژان ژاک ڕووسۆ)، دادگاییکردنی (سۆکرات)، شێتبوونی (نیتشە)، دەکرێ ببنە بیرۆکەی نووسینی چەندین ڕۆمان و چیرۆک و شیعر و بابەتی ئەدەبیی تر. خۆکوشتنی (گۆگۆل) و ژیانی (ئەکاکی ئەکاکیفیچی) نەو (پاڵتۆ)، زیندانیکردنی (مەرسۆ)ی نەو (نامۆ)ی (ئەلبێر کامۆ)، (ڕاسکۆڵنیکۆف)ی (دیستۆڤسکی)، ئەمانە فیکر بەدوای خۆیاندا دەهێنن.
گرنگترین ئەو پرسیارە فیکرییانەی چیرۆکەکە دروستیان دەکا:
– مردووەکان لە کوێی زیندووەکاندان؟
– خۆکوشتن سەرەتای ئەبەدیەتە یان ئەبەدیەت سەرەتای خۆکوشتنە؟
– دایکانمان چی ئەمە بوونە لە سەرەتادا؟ (بەر لە بوونی ئەمە).
– منداڵی یانی چی؟

بێند باجەلان

سەرچاوەکان:

- بیری پێشکەوتنخوازانە ، ئازاد حەمە، هەولێر، 2002
- لێبووردەیی و فەلسەفە, ڕیچارد سیوێلی، هیوا حاجی، نەوزاد جەمال، هەولێر ، 2009
- فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی دیاوێت, د : نبیل عبدولحەمید

عبدالجبار، هەولێر، 2010
- سەران ئازاد، کاردانەوەی هزر (فکر) لە ڕەمانی کوردیدا، دەنگەکان، 2012
- منارەی ئاوەدانی، کاروان کاکەسوور، گۆڤاری ئایینده، ژمارە نەوەد و یەک.
- مدرنیته و مدرنیسم, مجموعه مقالاتی در سیاست، فرهنگ و نظریه های اجتماعی, ترجمه و تدوین: حسین علی ، تهران 1378
- أزدواجیه العقل, دراسه تحلیلیه نفسیه, کتابات حسن حنفی, جورج طرابیشی.

بورجەکی ڕەشنایی، کەمەنیزمەکی شەشگۆڕە لە حزبەکەی ئینتەرناسیونالدا باڵا دەکات.. جەمال کەشش

(لە ڕوانگەی پۆیستی شارزابوون و ئەزمون و پەیوەندی گروپ و پارتە کەمەنستەکان، ئەم نوسینە پەرگرتنی خرایی ڕووتک بەناوی "ئینتەرناسیونالی کەمەنستی شەشگۆڕ" بەخوێنەران دەناسێنێ. هەوەمداوە دیدگا و سیاست و مەیدانەکانی تەکۆشانیان بچڕی و لە جوڵەدا بخەمڕوو، ئەمە ناساندنە و پاڵپشتی هەر ڕووتکە کە بەرگری لە مارکسیزم و خەباتی چینایەتی کرێکاران بکات و ناچێتە سەرهێڵەسەنگاندنی پلاتفۆرم و بەرنامەکیان).

پاش ئۆڤی (تەد گراند-Ted Grant) و هاوڕێکانی خیان لە [کەمیتە بۆ نێونەتەوەیی کرێکاران-Committee for a Workers' International (CWI)] جیادەکەنەوە، لەگەڵ (ئالان ودز-Alan Woods) لە ساڵی (١٩٩٢)دا (ڕووتی مارکسیستی ئینتەرناسیونال-International Marxist Tendency) دادەمەزرێنن. لە بەریتانیاش وەک ڕێکخراوی "بانگەوازی سوشیالیستی-Socialist Appeal" جیادەبنەوە لە [ڕووتی ملیتانت-Militant tendency]. (دواتر دەمەوە سەری).

بەکارهێنانی مێتۆدی مێتریالیستی و ئەرسەدەکسی مارکسیستی و گەشەپێدانەوە بە نوسراوەکانی مارکس و ئینگلس و لینین و ترۆتسکی و پەرەدان بەهەندی تیۆری لە خەباتی چینایەتی و ئابووری سیاسی و لە زانست و گەردووناسی و کەلتوور و ئایینناسیدا، هێبازی بەرجەستەی ئەم دەستپێشکەرییە بوو. بەشداری کاریگەرانە و بەردەوامانیان لەنێو هێکخستنە کرێکارییەکان و نەقابە و ئینجومەن و کۆمیتەی مانگرتنەکان و بەتایبەت لەنێو لاوانی سۆشیالیست و گەنجاندا، پێگەی چینایەتی ئەم هێوتەی پتەودەکرد و بە گرێدانی بە شۆڕشی سۆشیالیستی و دکتاتۆری پرۆلیتاریا و تێکشکاندنی سیستەمی سەرمایەوە هاستەوخۆ بەرەو پراتیکی هاستەوخۆی سروشتی چینایەتی لەکاتی بە ئەوروپایی و بە نەونەتەوەیی دەبەستەوە و تاقانەی دەکرد.

دامەزراندنی ئەرگانی هاگیاندنی حزبی بەلشەویکی و پێگەیاندنی کادری پیشەیی و کارا و بە دسپلین، خەباتشێنبیرکردنی هەمەلایەنە و کەرس و زانکۆی ئاتەرناتیف و چوونە نێو پرۆسە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکانەوە، دابینکردنی مالی سەربەخۆ و پشتبەستن بە کۆمەک و هاوپشتی ئەندامان و لایەنگرانی و فرۆشتنی بڵاوکراوەکانی، ئەم جوانەوییەی لە ماوەیەکی کورتدا گەیی بە یەکێک لە بەهێزترین هێزە سۆشیالیستەکانی نێو بزووتنەوەی کرێکاری.

بەدرێژایی ئەم ساڵانە، خەباتی نەونەتەوەییان پەرەپێدا، سەرهەڵدانی توندوتیژی و زیندانی و هاوەدونان لەلایەن دەسەڵاتداران و گروپە فاشیستەکانەوە، لە هەمانکاتدا جیابونەوە و دابەش بوون و کەرتبوون هوویدەدا، بەڵام پەیگیرانە و باوەڕبەخۆ و سوربوون لەسەر لەجیکی مێتریالیستی بە خوێندنەوەی دونیا توانیان ئەم ئەرگانە بچووکە جارێ تر و لە سەردەمێکی تردا بتەوە سەر شانەی سیاسی و لەنێو وڵاتانێک کە بە سەدە وا دەردەکەوتن کە ئارام و هەموو شت لە جێگای خۆیدایە، بومە لەرزەیەکی سیاسیان لەسویسرا، دانمارک، سوید، فنلەند، ئەڵمانیا، ئەمریکا، نایەوە و یەکسەر پەرچەمی شۆڕشی سۆشیالیستیان بەرزکردەوە و دەنگدانەوەی لە میدیا گەورەکاندا، بەرژوازی شۆڕاند.

هیچ بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە ناتوانێت بە بێ تیۆری شۆڕشگێڕانە بێت

ماڵپەڕێکی زیندوویان بەناوی "بەرگری لە مارکسیزم-In Defence of Marxism" دامەزراند، وەک ئەرگانی فەرمی لەسەر ئاستی نەونەتەوەیی، جەداڵاتێکی گرنگی تیۆری و سیاسیان بە مەبەستی پشتیوانی و ئاسەدارکردنی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنستی لەنێو دەی

ئاوگەرەکانـدا لە گەشە جیاوازەکـان و نابەردە جیاجیاکـان و هەرەمەکاندا. لەم یەکدوو ساڵەی کۆتاییدا، کۆمپانیکی فراوانی ئەندامگیری و سازمانداریان لە زەربەی ناوچەکانی دونیا بەناوی (ئایە تۆ کۆمۆنستی؟ دەی کۆواتە خۆت بکخەراو بکە- Are you a communist? Then get organised!)، بڵاوکرابەخست. لەهەندێک لەوڵاتان بەشێوەی لە سەدا سەد و لە هەندە جێگا لە سەدا سەد و پێنجا ئەندامگیریان چووە سەرە (سویسرا و نەمسا و سوید و دانمارک)، بەمجۆرە پەداویستییەکان بە هەنگاوێکی گرنگی ئاوگەبەخش هاتە بوون.

پرشنگدارترین گەشە و ئاوگەی چالاکیتی لە بزووتنەوەکۆمۆنیستیەکان لە سالانی ڕابردوودا، دامەزراندنی (ئەنتەرناسیونالی کۆمۆنستی شۆڕشگێڕ- Revolutionary Communist International) بوو. لە بەژانی (١٠) تا (١٥)ی (حوزەیرانی ٢٠٢٤) لە ئیتالیا بە ئامادەبونی ڕاستەوخۆی (٥٠٠) کەس و لە بەگای (زووم)یشەوە (٧٧٠٠) کەس لە (١٢٠) دەوڵەتەوە بەشداری دامەزراندنی حزبی کۆمۆنستی شۆشگێڕی نوێنەتەوایەیان کرد. یەکێک لە کۆنفرانسە جیهانییە گەورەکانی کە لەماوەی ئەو (٦) بەژدا، گفتوگۆی جددی بەرنامەیی و ستراتیژی و حزبی و پەروەردەیی بە (٢٥) زمان بڵاوەی چوو. هەر لەوەدا نزیک بە نیو

ملیۆن (٤٨٨.٢٨٥) ئیرە کۆمەگ کۆکرایەوە. ئەم کۆنگرەیە بەتەکەایی بەشداربوان لەسەر بەرنامە و سیاسەتی کۆمۆنستی و ووخاندنی دەسەڵاتی بورژوازی و بزووتنەی حزبی و دامەزراندنی (ئەنتەناسیونالی کۆمۆنستی شۆرشگێڕ) بەیاریاندا.

ماڵپەڕە سەرەکییەکەیان (بەرگری لە مارکسیزم) بە (٤٩) زمان بەرهەمی تەدا بەاودەکەنەوە. بەشێک لەبەرهەمەکانیان بەزمانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی لەوەدا هەن. گەڤارەکی وەرزی تیۆری سەراسەریان هەیە بەناوی (بەرگری لە مارکسیزم). زەربەی لقەکانیان بەتایبەت ئەوانەی کە حزبیان دامەزراندووە، بەژنامەیەکی مانگانەیان هەیە.

نزیکردنەوەی کامەرا بە وێنەگرتنی دوو جوگرافیا

لقی پاکستان: پاکستان یەکێک لەناوچە هەرە گەرمەکانی خەباتی چینایەتییە. بە (کەراچی)ی دەوترێت (پترۆگرادی پاکستان). (٣٢٠) هەڵسوڕاوی کۆمۆنست لە ژنان و پیاوان لە بەژانی (٧ و ٨)ی مانگی

(١٢)ی (٢٠٢٤) لەسەرانسەری شار و هەرەمەکانەوە لە لاهور کۆبونەوە، تیایدا نوێنەرانی سریلانکا، ئەمریکا، ئیتالیا، کەنەدا و نوێنەرایەتی (سکرتاریەتی کەمۆنستی شۆشگێری نیونەتەویی) بەشدار بوون. لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا لەسەر بەرنامە، لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی حزبی بەلشەویکی لە پاکستان، خەباتی کرێکاران، مافەکانی ژنان، چۆنیەتی بەاوکردنەوەی گۆڤاری مانگانەی کەمۆنست (شیعاری نان، جلوبەرگ، نەشتەجێبوون)، وە هەڵبژاردنی ئەرگانەکان بڕیاردرا. پاکستان لەنێو تەڵەکی گرنگی پێوەندیدایە، لەگەڵ سریلانکا، بەنگلادش و هیندستان، کە بەهەیەوە کەسانێک لە مانگرتنە گشتیەکانی کرێکاران و خەباتی جەماوەریی ئێو وڵاتانەوە بەشداربوون، هەروەها بەیاننامە و ڕاگەیاندنیان دەرکرد لەسەر شۆش لە بەنگلادیش. لقی پاکستانی لە بارەی مێژوویی و جوگرافیا و زمان و کلتوورەوە، یەکێک لە گرنگترین وهەستیارترینیانە.

لقی بەریتانیا: ئەم بەشە بە گرنگترین بەش و بەمەشکی ناوەندەکە دادەنرێت و مەبەندی سەرەکی ئینتەرناسیونالەکەش هەر لە لەندەنە. هەوتەی ملیتانت، سەرەتای دامەزراندنی بە (١٩٦٤) دەگەڕێتەوە، مەیلەکی تڕۆتسکی نێو [پارتی کرێکارانی بەریتانیا-Labour Party UK)] بوو، لە دەوری گۆڤاری ملیتانت کۆببونەوە. سکرتەری سیاسیەکەی (تێد گرانت-Ted Grant)، سکرتێری نیشتمانی (پیتەر تاف-Peter Taaffe) بوو. ئەم هەوتە بەتایبەت لە شاری لیڤەرپوول، پێگەیەکی جەماوەری فراوان و (٣) ئەندام پەرلەمانی هەبوو، وە ئامانجدارانە لەنێو گەنجانی حزبی کرێکاراندا خەریکی هەڵکۆستنی حزبی بوون، لەنێو حزبی سۆشیالیستی لاوانی حزبی کاردا، تەواو دەسەڵاتی ئاراستەکردنی سیاسەتیان پەیداکرد. حزبی نێو حزب بوون، لە ماوەی سااڵنی هەشتاکاندا، سەنگەرێکی یەکجار بەهێزبوون لەبەرامبەر تاتچەر، و پشتیوانی مانگرتنە گەورەکانی کرێکارانی کانە خەڵوزەکان بوون، بەڵام بەردەوام ئەم هەوتە لەژێر گوشاری دەوڵەت و بەتایبەت (پارتی کرێکاران)دا بوو، تا دەرکردنی ئەندامان و لێوانێش تێد گرانت. ملیتانت بەهەی ئاڵوگۆڕکانی جیهان و بەهەی ئەوەی ئایا هەربمێننەوە لەنێو (پارتی کرێکاران)دا، بوون بەدوو کەرتەوە، کەرتەکیان حزبی کاری ملیتانتیان دامەزراند کە زۆرینەبوون، هاوڕیانی تێدگراند و ئالان ودز، هەڵکشاوی (بانگەوازی سۆشیالیستی-Socialist Appeal)یان دامەزراند و بەاوکراوەیەکی نیومانگانەیان بەناوەوە دەردەکرد تا نەقەمبەری ساڵی پار (٢٠٢٤) کە ناوی خۆیان گۆڕی بە (پارتی کەمۆنستی شۆشگێر) کە لەسەرانسەری بەریتانیا (١٢٠٠) ئەندامی چالاکیان هەیە و لقی بەریتانیای

(کۆمۆنیستی ئینتێرناسیۆنالی شۆڕشگێڕ)ن.

لقی سویسرا: گفتوگۆیەکی کورت لەگەڵ (مادلینا یەت، کادرێکی سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ لە سویسرا

چۆن دەکخراوەکەتان/ حزبەکەتان لە سویسرا بەم شێوەیە گەشەی سەند؟

مادالینا: ساڵی (٢٠٠٨) دەکخراوی (دەر فونکە سویسرا)مان دامەزراند. گروپێکی بچوکی لە لاوان کە سیاسەت بەلایانەوە گرنگی هەبوو لە بەشی دەژئاوای سویسرا لەگەڵ خەڵکانی نەمسا پەیوەندییان پەیدا کرد، کە ئەوان پێشتر لقێک بوون لە (دەوتەی مارکسیستی ئینتێرناسیۆنال-International Marxist Tendency). لە ساڵی یەکەمکانی کارماندا ئێمە خەمان خزاندە نێو ڕیزەکانی دەکخراوی (لاوانی سۆشیالیست)ەوە، توانیمان هەندێک لە ئەندامانیان بەلای خەمان ڕابکێشین و ناوکی دەکخراوەیەکی جێگیر دابمەزرێنین. ووردە وردە توانیمان لە بەشەکانی تری سویسرا (بەشە فەرانسیەکەی "دەماندی"، بێرن، بازل، زوریخ) گروپی تر دابمەزرێنین و ژمارەمان زۆر گەشەی سەند کە لە سەرووی (٢٠٠) ئەندامی چالاک لە ساڵی (٢٠٢٣)دا، تا لە ئێنجامدا بڕیاری گەشەیەکی خێرایی ئەندامگیریەوە لە مانگی ئایاری (٢٠٢٤)دا، (حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ)مان پێکهێنا، بەمجۆرە زەمینەسازییەکی زۆرترمان بۆ ئایدیای کۆمۆنیزم دەخساند.

ئایا هۆڕ لەسەرەتاوە پەیوەندیتان بە (دەوتەی مارکسیستی نەونەتەوەیی)ەوە هەبوو، وە ئەوان چ دەڕوانە کاریگەرییەکیان لەسەرتان هەیە؟

مادالینا: بەڵێ، ئێمە هەر لەسەرەتاوە پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵ (دەوتەی مارکسیستی نەونەتەوەیی)، بەڵام پێویست بوو لەپێشدا ئێمە ئەرگانی خەمان بەستراکتووری دیمەکراتیەوە (بە نمونەی وەک کۆنفرانس) هەبێت و جێگەر بین و بە ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی ببینە بەشێکی ئەو دەوتە . دەوتەی مارکسیستی ئینتێرناسیۆنال، بەشێوەیەکی زۆر باڵا و کاریگەر مەتریالی پڕوڕدەکردن بۆ هەڵمەتەکان، کە زۆر یارمەتی ئێمە دەدات تا بەشێوەیەکی باشتر ئایدیای مارکسیسزم تێبگەین و فەربین. هەروەها ئێمە لە پەیوەندییەکی بەردەوام داین لەگەڵ ڕابەری ئەو دەوتە، وەسامی پرسیارەکانمان دەدەنەوە و لە دامەزراندنی دەکخراوەیماندا پشتیوانیمان دەکەن. ئێمە و هەروەها گرنگترینیش ئەوەیە شتێکی کۆمۆنستی تەنها دەتوانێت سەرکەوتوو بێت کە ئینتێرناسیۆنال بێت. هەر بۆیە پێویستی بەدەکخراوەیەکی

نەونەتەوەیی هەیە.

بۆچی لەم ساڵانەی دوایدا هێندە گۆشتان کردووە و سەرکەوتوبون، لەبەرچی بەتایبەت لە ئەوروپا و کەنەدا؟

مادالینا: قەیرانی سەرمایەداری چەند دەیەیە ناڕەزایەتی و تووڕەیی بەرهەمدەهێنێ. ئەزمەی کەرنا، بەشوێندا هاتنی هاوسان، فراوانبونەوەی مەیدانی جەنگەکان، ئەمانە هەمویان ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ سیستەمێک کە باشترین تێکۆشانی خۆی ژیاوە. ئەمانە خەباتکارێکی یەکجار زۆر لە سەرانسەری دونیا هەستی پێدەکەن و بەشوێن ڕێگای دەرچوندا دەگەڕێن. لەڕوانگەی مارکسیزم و حزبەکەی ئێمە، گونجاوترین وەڵامی هەیە و هەربەیە وەها سەرکەوتوبوین. وە ئێمە بەشوێیەکی گشتی دروستە هەروەک بۆ ئەوروپا و کەنەداش.

تۆ چۆن بیری لەدەکەیتەوە، کەسێک مارکسیست بێت پیویستە لە مەدا چی بکات؟

خەت پەروەردە بکە و چالاکانە لە پەروەردەکردنی هاوڕێیانت یارمەتیدەربە، ئێم حزبە و ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ دابمەزرێنە. هەروەها پێویستە ئێمە هێندە زۆر بین و هێندە وشیار بین کە بەواقعی بتوانین ئێم دونیایە بگۆڕین.

تێبینی: لە ماڵپەڕی "بەرگری لە مارکسیزم-In Defence of Marxism" لەلایەن (کامەران ئەحمەد، کاوە ئاسنگەر، کارزان عەزیز، حسێن حسێنی) بەشێک لە وتار و بابەتەکان وەرگێڕدراون بەسەر زمانی کوردی-سەرانی.

جەنگەکان درێژەپێدەری سیاسەتی چەوسانەوەی ئابووری چینایەتین!!!.. نەجمەدین فارس

ئەوەی کەلە ڕابردوودا گوزەراوە، لەئێستادا دەگوزەرێت، جەنگەکان هەمووکات هەکاری دەمەزردکردنەوەی دەسەڵات وبەرژەوەندی تایبەتی

کۆمەڵکی کۆمی باڵادەست بوون،لە فەرمە جیاوازەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی خێڵەکی و ئایینی وئەرستۆکراتی ودەموکراسی وئۆلیگارشی ودیکتاتۆریەت و ئیمپراتۆرەکان بوون.
سەرتای دابەش بوونی کۆمەڵگای سەرتایی بۆچین و توێژ بە دووچین و دووبەرژەوەندی جیاواز لەمێژوودا،سەرتای دەستپێکردنی جەنگە جیاوازو جەراوجێرەکان بوون، بەشێواز وتەکنیکی جیاواز ،لەپێناوی هێزمووڵگرایی وبەرژەوەندپەرستی باڵادەستانی خەڵە وفەرمە جیاوازەکانی دەسەڵاتداریتی و دەوڵەت. دروستکردن وبەرپاکردنی جەنگەکان لە مێژوودا بە شاردنەوەو پەردەپۆشکردن ودووڕخستنەوەی لەدەستدانی دەسەڵات و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی دەسەڵاتداران بوون،کە لە ئەنجامی جیاوازی چینایەتی و هەڵاوێردنی چینەکانی خوارەوە سروشتێکی ململانێی لەنیوانیاندادروستکردووە، وبەبەردەوامی لەململانێدابوون.

بەپێی سەردەمەکان جۆری چەک و تەچووی جەنگەکانی گەلانکاریان بەسەرداهاتووە. دواکەوتوویی و پێشکەوتووی چەکەکان گەلانکاری بەسەر ڕێژەی کوشتارووو کاولکاریدا هەناووە.لەئەنجامدا جەنگەکان هەکاری ماڵ وێرانی وخوێن ڕشتن وقات وقڕی بووەو دەبێت، بەهەرشەوێک بێت ئەوجەنگانە جەنگەکی نادادوەرانەو ناڕەوایە بە ژیانی مرۆڤایەتی،لەبەرئەوەی درێژەپێدەری هەمان هەلومەرجی ژیانە بەشەوێکی خراپتر. جەنگەکان لەڕووگەی بەیادانی دەسەڵاتدارانی خەڵە ودەوڵەتەوە بەرپا بوون و هیچ لایەنێکی خوارەوەی کۆمەڵگاکان ڕەزامەندیان لەسەری نەبووەو دەرنەبیووە. بەرژەوەند پەرستانی دەسەڵات ،بەبەرژەوەندی خۆیان جەنگەکانیان هەڵگیرساندووە. ئەگەر دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بە قازانجی خۆیان و هێشتنەوەی دەسەڵاتیان و کۆنترۆڵکردنی دانیشتوانی کریگرتەی کارو سەرمایە نەبێت، ئەیانتوانی بە تەچووی جەنگەکانیان دۆیان بەهێزاری بدایە و قاتووقڕی وبرسێتی وکێشەناوخۆیەکانیان بنج بڕوو کۆتاییان پێ بهانیایە. دەرئەنجام جەنگ بە دەسەڵاتداران لە جیهاندا هەکارە بە کۆنترۆڵکردن و چەوساندنەوەی زیاتری بەشەکانی خوارەوەی کۆمەڵگایەو ببەدەستهێنانی زیاتری دەسەڵات و بەرژەوەندیە بە دەسەڵاتداران.

جەنگەکان بەشێکی گەورەی بازرگانی وقازانج بە کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی چەک لەجیهاندا. بەپێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕیDW ی ئەمانی لەساڵی ٢٠٢١ز یدا،بڕی چەکی سەربازی فرۆشراو لەبازاڕی جیهانیدا ٥٩٢ پێنج سەدو نەوەت ودوو ملیار دۆلار بووە ،لەو بڕەش بەشی شێر بە کۆمپانیا ئەمریکیەکان بڕاوە کە زیاتر لە نیوەی ئەو

بڕی سەروەیە کە بایی ٢٩٩ دووسەد ونەوەت نە ملیار دۆلار بووەو بە ووڵاتانی فرەشتووە. بەژێی فرەشتنەکانی چەک لۆلایەن ووڵاتانی بەرهەمهێنەوە بەم شیوەیە،٣،٢% دەوڵەتانی ئەوروپا،٢%ئیسرائیل، ١،٦% ئەڵمانیا،٦،٨% بەریتانیا، ١،٢% کۆریای باشوور، ٣% روسیا، ١،٥% یابان، ٤،٩% فەڕەنسا،٢،٨% ئیتالیا،١٨% چین،٤% دەوڵەتانی تر،٥١% ئەمریکا.(١) ئەم دەسکەوتە بەشوومارەی بەدەستهێنانی دۆلار چەکی جەنگی پەیوستیان بە جەنگ وبەکارهێنانیانە ، تا لەبازاڕەکانی جیهاندا ساغیان بکەنەوە. بازرگانی چەک پە قازانجترین بازرگانیە لەجیهاندا. لەبەرئەوە ووودانی جەنگەکان هەکار دەبن بە بازاڕ گەرمی چەک. ووودانی جەنگە کان سروشتی سیستەمی بازاڕی سەرمایەداین.
سیستەمی سەرمایەداری و بەرژوازی لیبراڵی لۆوکاتۆی کە سەری لە ناو پەیوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی دەربەگایەتیدا دەرهێناوە، لەپێناو سەقامگیرکردن و هێشتنەوەی دەسەڵات و فەرم وشێوازی بەرهەمهێنان وبەدەستهێنان و چاودێری کردنی کۆنترۆڵی سەرمایەو قازانج، لەمێژووی خێدا زۆرترین جەنگ و کوشتارگەی بەرپاکردووە لەچاوو جەنگەکانی کە لەهەردوو سەردەمی فرماسێنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆیلایەتی و دەربەگایەتیدا ڕویانداوە. جەنگە دووروودرێژە داگیرکارییەکانی ئەوروپا وجەنگە ناوخێیەکان و ،دروستکردنی هاوپەیمانیە جیاوازەکان و هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم ودووەم و جەنگەکانی ناو قاڕەجیاوازەکان ،هەکاربوون بە کوژرانی سەدەها ملیۆن مرۆڤ،هەروەکو ئەو جەنگانەی کە یەنانیەکان و ڕۆمانیەکان ،پارسەکان ،ئیسلام وخاچپەرستەکان بەرپایان کردووەو خەڵکیان بەناهەق کۆمەڵ کوژ کردووە، لەپێناوی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی دەسەڵاتداران و بەرژەوەندیدا ئەنجامیانداوە. هیچ جەنگێکی ناڕەوای دەوڵەتان و دەسەڵاتداران لەمێژوودا نەبووەتە هۆی باشترکردنی ژیانی ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسی ،بەجگە لەوەی کە هەکاربووە بە کوشتارو بە ماف کردن و زیاتر هەژارکردن وبرسی کردنی زۆرترینی دانیشتوانەکەی و بەتایبەتتر کێلەی فرەشیارانی هێزی کار پشکی شێری ئەوبرسێتی و قاتووقێیەی بەرکەوتووەو بەردەکەوێت.
ئەوجەنگانەی ئێستا لەناوچەکەو جیهاندا ڕووددەن، جەنگی تورکیا دژی کوردی دانیشتوی سوریا و تورکیا و جەنگی ڕوسیا دژی ئۆکرانیا و جەنگی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان وبەتایبەت تر دژی غەزییەکان ،جەنگێکی نەگریسی خوێناویەو بەرکی بە دانیشتوانەکانیان گرتووە، ناڕەوایەو مرۆڤکی زۆری تیادا دەبێت بەقوربانی وسوتەمەنی،وە هیچ ئەندامێکی خێزانی دەسەڵاتداران و خێان تیاناچێت ، بەڵکو دەبێتە زیاتری بەدەستهێنانی قازانج بە

بازرگانانی جەنگ ،وفرەشتنی زیاتری چەک لەلایەن ووڵاتانی بەرهەمهێنەوە. هەروەکو لەپشتردا باسمان کرد ،بە تێچووی ئەوجەنگانە ئەیان توانی چارەسەری هەژاری و برسیتی ونەداری وئاوارەیی لە ناوخۆی ووڵاتەکانیاندا بکردایە کە بەربینگی دانیشتوانەکەی گرتووە. بەشداری کردنی ووڵاتانی جیهان و ناوچەکە بەشەوەی ئاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ و درێژدان بەجەنگی ئیپشکراو بە بیروبۆای جیاوازی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی، بە درێژدانە بەهەمان سیاسەتی خەسڵەتنانەی سەرمایەداری و لیبڕالیزمە ودرێژکردنەوەی سیستەمی ئابووریانە. بە پێزشی هەڵگرانی و وپشکراوی سیاسەتی جیاوازی ئاینی و مەزهەبی ونەتەوەیی جیاواز بڕو بەجەنگەکانیان دەدەن ،لەگەڵ ئەوەی مەزهەب و ئاینەکانیان لەمێژوو لە ساتەوەختی نوسرانیاندا و هەتائێستاش هەکاری چەندین جۆری کێلەیەتی وجیاوازی جنسی و ڕەگەزی بەشەکی دیاری هەڵاوێردنی مرۆڤکان بووەوبەرجەستەکردووەو بڕەوی پەداوەو هەڵبەزوشاندووەتەوە ،لەگەڵ دووبارەکردنەوەیەوە بڕەوی پەداوە لەئێستادا، لەگەڵ گەوجاندنیانەوە مرۆڤگەلەکی بەدوای خەیاندا هەڵخراندووەو وەکو کێلە خزمەتیبەرژەوەندی و سیاسەتەکانی خەیانیان پەدەکەن ،چ جای ئەوەی ئاسودەیان بکات.

لەجیاتی ئەوەی هەردوولایەنی بەیاردەری جەنگی ئیسرائیل و فەلەستینیەکانی غەزە ،چارەسەری هەژاری و ڕەشووتی دانیشتوانەکانیان بکەن بەتێچووی جەنگەکانیان ،جەنگیان بە قازانجی ماددی و هەشتنەویان لە دەسەڵاتدا بەکار دەهێنن و هێناوە. ئاماری ترسناکی هەژاری بڕەکی بە دانیشتوانی جیهان گرتووە هیچ هەوڵێکیش بە چارەسەری نیە ، بەجگە لە درووو دەڵەسەی دەسەڵاتداران و ڕێکخراوە جیهانەکان نەبەت ،کە خەیان و سیستەمە ئابووری کەمایەتی سیاسیەکەیان سەرچاوەی هەژاری وجەنگە خوێناویەکانن. هەکار چیە جەنگ بەرپادەکەن و هەوێنادەن هەژاری لەووڵاتەکانیاندا چارەسەربکەن؟؟ لە دوواتی ئیسرائیلدا ڕێژەیەکی ترسناکی هەژاری و ڕەشووتی بڕەکی بە زیاتر لە ٦٥٠٠٠شەس سەدوپەنجا هەزار خەزانی گرتووە(٢) هەروەها دانیشتوانی غەزە ڕێژەی هەژاریەکی ڕەهای هەیە کە بە لە ٧٠% لەسەدا هەقتای دانیشتوانەکەی مەزندە دەکرێت.(٣) لەگەڵ ئەوەشدا کێلە و بەکرێگیراوەکانی هەردوو دەسەڵات هەتکی کچ و کوڕانی یەکتر دەکەن، دەسەڵاتدارانیش زیاتر ئاگری جەنگەکەیانی پەخش دەکەن.
ئەمش بە لایەنەکانی هاوکاری کەری ووڵاتان بە هەڵەکانی جەنگی ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکان ،کە خەی لەهەردوو دووڕەتی

ئەمریکاو چەند دەوڵەتێکی ئەوروپا و ئەراندا دەبینەتەوە. ئەمانیش ئەیان توانی چارەسەری هەژاری و کێلایەتی دانیشتوانێکی خەیان بکردایە . کە ڕێژەی هەژاری و کێلایەتی بەپێی ڕاپۆرتی بەیاردەرێکی ڕۆکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، تیایدا هاتووە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە هەژاری و کێلایەتی بەرچاوی بە ٤١ چل ویەک ملیۆن مرۆڤ گرتووەو لەژێر هێڵی هەژاریەوە دەژین و وە لەهەر سێ کەس لەوانەش یەک دانەیان منداڵە.(٤) ئەمەش لەپەناوی باڵادەستی و هەژموونکردنە بەسەر جیهاندا. هەروەها دانیشتوانی ئەرانیش بە بەش نین لەو هەژاری و کێلە کردنە جیاوازجیاوازانە، لەم ووڵاتەدا ڕێژەی هەژاری ١/٣ یەک لەسەر سێی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنێت کە دەکاتە نزیکەی ٢٦،٦٠٠٠٠ بیست وشەش ملیۆن و شەش سەد هەزار کەس.(٥) لەپەناوی مانەوەی دەسەڵاتی تۆتالیتاریانەی جیاخوازی ئاینی و مەزهەبی و ڕەگەزی فاشیانەی بە هەوساری تیرۆریستیانە.

لایەکی تر دەوڵەتی تورکیاش وەکو سەگی هار بەچواردەوری خەیدا ئەنەنێت و پلامارەدات ،بە ناوخەی خەیەوە ناوەستێت ووڵاتانی دەوروبەری دەکاتە مەیدانی جەنگ وتیرۆرکردنی کەسانی سیاسی و نەیارانی . حاڵی ناوخەی خۆی زۆر خراپ و پشێلکاری زۆری دەوڵەتی هەیە دژ بە ئازادیکان و زۆرێک لە ڕێژنامەوان و نووسەر و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی سیخناخ و ڕاپەچی زیندانەکانی کردووە. ئەو ئەگەر باسی هەژاری و کێلەکردنی بەشێک لە دانیشتوانەکانی بکەین ئەوا بەپێی پێیمانگای سەرژمێری حکومەتی تورکیا ١٤،٤% لەسەدا چواردە کەما چواری دانیشتوانەکەی لەژێر هێڵی هەژاری و کێلایەتیدان.(٦) بەو حاڵەشەوە داەدەی تیرۆرو ڕەشکوژی دەدات و پشێلی هەموو مافێکی سەرەتایی مرۆڤ دەکات. لەجیاتی ئەوانە و تەچووی جەنگەکانی ناوخەیی خۆی و دەرەوەکانی چارەسەری ژیانی هەژارەکانییان بکەن باشترنیە ، ئەگەر جەنگەکانیان سەرچاوەی قازانجی ماددی سەرمایەو دەسەاتداریان نەبێت؟؟
دەرئەنجامی ئەوانەی سەرەوە ئەوەمان بە دەردەکەوێت ،ئەو هەزگەلانەی دەوڵەت و حیزبەکانی کەلەدەسەاتدان، جەنگ بووەتە سەرچاوەی قازانج و درێژدان بەدەسەاتدارەتیان ،چ ئەو ووڵاتانەی چەک دەفرۆشن و چ ئەوانەشی کە جەنگ دەکەن،لەسەر لاشەو خوێن و ئەسقانی هەژاران و نەدارانیان،بازرگانی و قازانج دەکەن و دەسەاتیان بەرقەرار دەکەنەو هەژموونی خەیان زیاتر دەکەن و درێژە بە تەمەنی سیاسی وئابووری خویان دەدەن . کەواتە جەنگەکان درێژە پەدەری سیاسەت لیبرال و ئابووری چەوسانەوەی چینایەتین.

نەجمەدین فارس

سەرچاوەکان:

1- حرب-أوكرانيا-ليست-كل- الأبناء-سارة-لشركات-صناعة-الأسلحة
www.dw.com/ar/a-63988700
2- تقرير-نسبة-الإسرائيليين- الذين-يعيشون
www.ar.timesofisrael.com
3- عام- الحصار-وتفاقم- الفقر-في-غزة
www.alaraby.com.uk/economy/2022
4- خبير الأمم المتحدة: فقراء أمريكا أصبحوا أكثر عوزا في عهد ترامب www.reuters.com
5www.iranintl.com/ar/202305316297.
6-معهد-الإحصاء-معدل-الفقر-في-تركيا-لم-يتغ
/www.zamanarabic.com/2023/05/08

بەکورتی8: پاساوهێنانەوە... لۆجیکیی نەبەت بەمانایە.. ئازاد حەمە

ئەگەر پاساوهێنانەوە Justificationماف بێت،مخابن ئەمە ئەم مافەمان گەندەکردووە و هیچ ڕێزکیش لە لۆجیکی بنەماکانی پاساو ناگرین،وادەزانین پاساوهێنانەوە بۆئەوەیە بۆئارەزوی خەمان چەندەیەدین و زەربەیبکەین(قەوچەقەوچ، چەنەبازیکردن). کردەی پاساوهێنانەوە ئاسایە.بەڵام ئەمە کاتێک قەزەوەندەبێت ئاسایبوونەکە تێپەڕنێت و ببێتە پیشە لە قسەکردندا. ئەمش لەسەر ئەو بناغەیەی،کە تا پاساوهێنانەوە پشتبەستوونەبێت بە بەڵگە ناماناگەیەنێتە دەرئەنجامی بەبنەما و تەکەم.

پاساو دەکرێت پەسەندکراوبێت و دەشکرێت ناپەسەندکراوبێت. پاساوی پەسەندکراو بنەمایەکی لۆجیکیی و بابەتیی هەیە، بەیە دەپرسین: پاساوهێنانەوە بۆ کێ و بۆ چی؟پێویستە کردەی پاساو کردەیەکی ئاوەزیی بێت؟کەمترخەمییەک یان تۆندوتیژییەک

پاساودەکرێت؟کاتێک درۆکان پاساودەکرێن دەبنە راستی؟چۆن پاساوی بەبنەماو بەمانا بناسینەوە؟پاساوهێنانەوە بە تووڕەبوون لۆجیکی تێدایە؟ئەی بۆ کوشتن،غەدر یان بەچوون وەک یەک وان؟پاساوهێنانەوە جیاوازی لە رووبەڕووبونەوە یان هەڕەشەکردنەوە لە پێویندیدایە بە لۆجیک و شایەتحاڵییەوە؟ئەوەی پاساودەهێنێتەوە لەژێرفشاری دەروونیدا نییە؟

پاساو چییە؟پاساو کردەیەکی بەرگریە لەخودی خۆ،هەوڵستێکی دەروونی کەسەکەشە، پەرچەکردارییەتی تایبەت بە شتێک،کە ڕوویداوە.ئەوانەی پاساودەهێننەوە پێش پاساوەکە بەدزێکی دەروونی نادروستدا تێپەڕبوون،کە پێویستییان بەم پەرچەکردارییەیە.پەرچەکردارییەکە مەرجنیە دروستبێت،زەرجاریش پاساوکار ئەوەی دەیەوێت هەنگاوەکە دەقاودەق ئەوەنەبێت،کە دەبێت بگوترێت.

پاساو هەنگاوێکە بۆ خۆدورخستنەوە لە خراپبوونێک(هەڵەیەک، شکستێک، بەهیوایەک)،لەوەی کە کراوە، گوتراوە و ڕوویداوە، کە خەتای کەسەکەی تیانەبووە.ئەمە ئەوەمان پێدەبەخشێت، پاساو بۆئەوە دەهێنرێتەوە، کە کەسەکە ئامادنییە خراپبکرێیت، لەبەرئەوە دڵنیایت:هەڵەمکرد چونکە مامۆستایان لەگەڵم باش نەبوو.

لەکۆڕان لە لۆجیک وایبەدەچن،پاساو پێویستە گونجاو و شیاو بێت.ئەمەش نەبێت پاساوەکە دروستنییە و باوەڕی ئەوی دیکە ناگرێت. لەبەرئەوە زانایانی لۆجیک پێیانوایە،پاساوهێنانەوە هەوڵێکە بۆ داهێنانی هۆکار، گوتنی ئەو هۆکارەش تەنیا بۆئەوەیە پاساوکار لە دانپێدانان نزدیکبکاتەوە.ئەمە واتە چی؟واتە پاساوهێنانەوە دەشێت بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو بەدییەیە بێت، کە پشتگوێ کراوە.

بۆنموونە:پاساوهێنانەوە بۆ درۆکانی کاتی بانگەشەکان، بۆ بەدادیی، بۆ شاردنەوەی ڕاستیی دزیینەکان، یان پاساوهێنانەوە بۆئەوەی کە تۆ بۆ نامیهرەبانیت، کە بۆ منەت خۆشناوێت، بۆ هەڵەبجەنەکرا بۆ پارێزگا، بۆ... .

بەمجۆرە،لەناو پرۆسەی پاساوهێنانەوەدا(تێبریر)دەزێک ئامادەیە،کە هەمیشە هەوڵ بۆ دەزینەوەی هۆکار دەدات. بۆواتایەکی دیکە،بۆکاربردنی پاساو واتە بۆکاربردنی هۆکار و کۆکردنەوەی هۆکاریش بۆ پاڵپشتی ئەو کردارە خراپە بۆکاردێت،کە ئەنجامدراوە، جا درێبێت یان تۆندوتیژی و...تاد. ئەوەی کراوە پاڵنەری دیکە لەپشتیەوەیە، کە شاراوەن و لەژێر فشاری دەروونیشدا کراون،ئەمەش وادەکات کەسەکە پەنا بۆ پاساوهێنانەوە ببات.زەرجاریش پاساوکان پەماننانەن چی لەپشت ئەو جۆرە کردارانەوە بوونە.

پاساو ئەو بیانووەیەexcuse کەسێک دەیهێنێتەوە بۆ

ڕەفتارەکی، گەلەکجار لەجیکیبوونەک بە بیانووەکانەوە دیارە، لە ئەوی دیگوترێت ئەوە نییە، کە مەبەستە. بەنموونە مامۆستایەک لە پۆل بەدەنگەکی بەرز لە خوێندکارەکان تووڕەبێت، دواتر پاساو بە ئەو ڕەفتارە نابەجێیەی خۆی بووەدەنێتەوە، کە سەریژانیکردووە بەیەوا ڕەفتاریکردووە.
وەک ئەوە، پاساوهێنانەوە بۆ ئەوەیە کەسەکە پاپشتی دروستبکات بە ڕاستی شتێک. ئەمە داوای لەجیکیبووندکات. پاساوهێنانەوە لەجیکیی نەبێت بەمانایە. لەبەرئەوەی پاساوهێنانەوەی لەجیکیی کەششکە تا ڕاستییەکان دەرکەون و بە بنەماشبن. هەر ئەم جۆرە پاساوە پشتگیریی لە بۆچوونگەی لەجیکیی دەکات و دەمانگەیەنێتە دەرئەنجامیش. ئەو ئاکامەی بەهۆی پاساوهێنانەوەی لەجیکییەوە پەیدەگەین پەسەند و ڕەوایە.
پاساو کاتێک لەجیکییدەبێت، کە هاوتەریبدەبێت لەگەڵ ستاندارد و بەهاکاندا. مەبەست، پاساو بە کردەیەک دەهێنرێتەوە تا دروستی ئەو کردارە نیشانبدرێت بەو مەرجەی دژەپرینسیپ نەبێت. وەکیتر، پاساو تەقەلایە بە ڕوونکردنەوە تا ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە ئەوەی گوتراوە یان کراوە هەڵەنەبووە.
ئەی دوای پاساوهێنانەوە چیدێت؟ پەسەندکردن یان پەسەندنەکردنی پاساوەکە دێت. پاساوهێنانەوە بە خۆرا لەخورین: دەزانم خۆرام، ویستم لەکاتی خۆیدا بگەم. یان وازهینان لەکارێک بەپاساوی ئەوەی لە ماڵەکەمەوە دوورە. ئەوەمان بیرنەچێت، کە زۆرجار هەندێک فۆرم لە پاساوهێنانەوە کەسەکە بۆخۆی خەڵەتاندن Self-deception دەبات. ئەوانەی ئەمدەکەن دەخوازن بشێوازێک بەنگە ئەوەی فاکتە و بۆچوونگەی لەجیکییە هەتیکەنەوە و بەمانایەکەن. ئەم جۆرە کەسانە فڵە لەخۆیاندەکەن تا ئەوەی ڕاستە ناڕاستێکەن. ئەوانەی بۆی دەڕوونیان ماندووە، ناتوانن پاساوی لەجیکیی بهێننەوە. بۆیە دەڕوونناسەکان کارێکی زۆریان لەسەر پاڵنەرە نائاگاکانی پاساوهێنانەوە کردووە.
پاساوهێنانەوە و ڕوونکردنەوە جیاوازن. ناکرێت کوشتنی کەسێک پاساوی بەبەهێنریتەوە لەو حاڵەتەدا نەبێت بە داکۆکیکردنبووە لە خودیخۆ. ئەمەش وردەکاریی یاسایی خۆی هەیە، بەڵام ڕوونکردنەوە هەوڵە بۆ باسکردنی ئەو لایەنانەی هۆکاربوون ئەو شتە بووجۆرە بکرێت. بەنموونە، کردنەوەی ماکدۆناڵدز لە هەولێر و نەکردنەوەی لە سلێمانی پەیوستی بە ڕوونکردنەوەیەک پاساوهێنانەوە. بەڵام نەبوونی ئاو لە هەولێر و بوونی لە سلێمانی پەیوستی بە پاساوهێنانەوەیە. ڕوونکردنەوە ڕووبەڕووی پرسیاری بۆچن؟ دەبێتەوە، هەرچی پاساوە بۆ پەسەندکردن یان پەسەندنەکردنی

پاساوەکەو گرێدراوە. پاساوهێنانەوەی تاوانبارەکان لە دادگا هەردەم بەرگریکردنی تاوانکارێ لەو تاوانەی دراوەتە پاڵی. بەڵام پاساوهێنانەوە بە ئەو تاوانەی بە بەرگریکردن بووە لە خودیخۆ جیایە.
کەتا سەیرکردنمان سەبارەت بە پاساوهێنانەوە و لەجیکی پاساوهێنانەوە ئەوەیە، کە پاساوکاریی فەربوونی لەجیکی دەوێت. بەیە خوێندنی لەجیک لە دایەنگەوە بۆرەو زانکۆ پەروەردەیەکی لەجیکی لەگەڵ خۆی دەنێت، کە دواتر تاکەکانی کۆمەڵگە دەزانن چۆن بەڵگە و پاساو، بیانوو و پاساو، لێکدانەوە و پاساو لەیەکترجیابکەنەوە. کۆمەڵگەی بە لەجیکیش کۆمەڵگەی بیرسا و بەپرینسیپ و بەستاندارت، کە ئەمانەش لە کۆمەڵگەدا ونبوون هەڵەمەکیی،خواروخێچی لە گوتن و لێکدانەوە جێگایاندەگرێتەوە. وەکیتر، بەردەوام پاساو گوزارشت نییە لە دزێوی لە قسەکردن و کردار، بەڵام پاساو لە کۆمەڵگەی نوێدا بەچەشنێک تەشەنەی سەندووە، کە لەکەوتەی جەراوجێری یاسایی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی هەیە. ئەمەو پاساوهێنانەوە دەتوانێت بارگرانی کەسەکان کەمبکاتەوە، بەڵام کەتا شیکاری یان چارەسەر نییە.

ئازاد حەمە
پرۆفیسەر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

ترسی جێگرتنەوە.. نەوزاد بەندی

ئەم ترسە، لە کۆمەڵگایەکەوە بە کۆمەڵگایەکی تر ئاگەڵە هەروەها لە سەردەمێکەوە بە سەردەمێک، لەهەقەکەوە بە هەقەک، دواجار پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری و دانایی و زانایی و هەستیارییەوە هەیە.
ترسی جێگرتنەوە چییە ؟ کاتێک سەرکردەیەک ئەبینە کەسێکی لە خۆی سەرکردەتر پەیدا ئەبە، یەکسەر ئەو ترسە دروست ئەبە، ترسەکە گەورە ئەبە، ئەبە بە شاخێک، ئەویش وا دەکات جەنگە نهێنیی و تیرۆر دراماتیکییەکان سەر هەڵبدەن، بە نمونە کاتێ سەدام حسێن ئاو دەکاتە ژێر ئەحمەد حەسەن بەکر و خۆی دەبێتە فەرمانڕەوایەکی تەتالیتار، یەکسەر ترسی جێگرتنەوەی بەرامبەر هاوڵاتیانی بە دروست

ئەبێ و لە دراماێکی سیاسیدا هەموویان بێ خائین لە قەڵەم دەدا و خۆی دەبەستە دادوەر و بەیاری کوشتنیان بێ دەردەکات. پاشان هەمان ترس بەرامبەر ئەفسەرێکی نزیکی وەک عەدنان خێروەای ژنبرای بێ دروست ئەبێ، کاتێ ئەبینێ کاژ بێ کاژ جماوەر و پێگەی زیاد ئەبێ، لەرەدا ئیتر ترسی جێگرتنەوە هەموو ناخی سەدام داگیر ئەکا و لەناکاو لە دراماێکی تیرەریستیدا، عەدنان فەکەکەی ئەکەوێتە خوارەوە و کوتایی دێت..

وەهمی جێگرتنەوە نەخشیێکی دەروونییە، تەڵ و وشک ئەسوتێنێ، عەقڵ و داهێنان ئادەگرێت، هەستکی کاڵ و پێنەگەیوی مندالانەیە، وەک چۆن منداڵێک یاریێکی بێ دەستەوێە و منداڵێکی تر ئەبینێ، یاریێکەی ئەشارێتەوە یان باوەش ئەکا بێ یاریێکەیدا و کاتێ منداڵێکەی تر لێی نزیک ئەکەوێتەوە، هەڕەتی بێ دەنگ و شڵەی لێگەڕدا ئەکات، بێ بێ هیچ هەکارێک بێ شڵەکردن تەنها لێبڕئەوەی یاریێکەی لێ نەسێنێت، یان وەهمی لەسێندنی یاریێکەی و جێگرتنەوەی، وای لێدەکات شڵەی لێگەڕدا بکات، لەوەدا ئیتر یاریێکە ئەبێتە هەی شڵە .

ئەم وەهمەی منداڵیی، وەهمکی ئاسایێ و پێویستە هەموو مناڵێک هەیبێ، بەڵام ئەگەر درێژە بکێشێ بێ تەمەنکانی تر، ئاسایی نییە، کاتێ سەرێک ئەو وەهمەی هەبێ و هەر کەسکی لە خۆی زیرەکتر و داناتر ببینێ، باوەش بکات بێ کورسییەکەیدا و لێگەیدا بشڵێ بێت و لەناوی ببات، کارەسات ئەمایێ، چونکە ئەو جێگایە لە هەکەوتکی مێژووییدا، لە میراتکدا، لە غەدر و کودەتایکدا دەستی کەوتووە و ئامادە نییە بێ هیچ نرخێ دەرستبەرداری ببێ، ئەو جێگایە لەو کەمگا دواکەوتووانەدا واتا هەموو شتێ، واتا خاوەنداریەتیی بێ قەید و شەرتی هەموو نیشتمان بێ هاووەاتییەکانیشیەوە، ئیتر چۆن وەهمی جێگرتنەوە، شێت و دەهریی ناکات؟ ئەوەتا قەزافی سەرکی لیبیا کاتێ وەهمی جێگرەوەی کورسییەکەی ئەبێ بێ هاست، داوا لە دار و دەستە بەڕێزەکەی ئەکا کە ماڵ بێ ماڵ و کەسان بێ کەسان بگەڕێن و کەمکۆزیی بکەن، هەتا سارکوزی سەرکی ئەو کاتەی فەڕەنسا ئەوەی پێ قبوڵ ناکرێ و فەکەی میراجکانی هەڵدەستێنێ و دار و دەستکەی قەزافی تەفر و تونا ئەکا، دوای ئەوێ ئیتر ئەم عاشقەی کورسی دەسەڵات، دوا پەیامی بێ بەڕێزییەکانی (دار دار زەنگێ زەنگێ الی الامام) ئەکرێتە گۆرانییەکی گاڵتەجاڕ و بێ دونیادا بڵاو ئەبێتەوە، وەک چۆن چارلی چاپلن، دەسەڵاتپەرستیەکەی ئەدۆلف هیتلەر ئەکاتە فیلمکی گاڵتەجاڕ.

مەکیاڤیللی لە کتێبی میردا، ئامۆژگاریی سەرکەکان ئەکات هەر

کەسێک دژ بە ئاوکێی جڤگرتنەوە و لەسەندنەوەی کورسیيەکەی لە لا دروست بکات، پەیوستە لە ناوی ببەن. ئەم دژ بە ئاوکێیەی سەدام حسێن بە نمونە لە هاوکێکانی و لە سیاسەتمەدار و فەرماندە سەربازییەکانی، وایکرد دڤیان و سەدان کەسی زانا و بلیمەت و دەسز لە بواری دەوڵەتداریدا بە سیناریۆی جیا جیا لە ناو بچن.
شایانی باسە ئێستالن جۆزێف ستالینی دیکتاتۆری ڕوسیای بە ناو بۆشڤیک و ئەدۆلف هیتلەر و تەنانەت سەدام حسێنیش، کتێبی میری مەکیاڤیللی تاکە کتێبی دڵخوازیان بووە و تەنانەت ئێستالن ستالین ئاو کتێبەی لە ژێر سەرینی جێخەوەکەیدا داناوە، بە ئاوەی هەمیشە پێش خۆتن، ناڤە و پێڤەی لەسەر بکات.
ئەم پەتای جڤگرتنەوەیە، کارەک دەکات کەمێگای سەرەک ببنە کەمێگایەکی درەزن و دوو ڕوو و کێلە و کاسڵەس و دەست سپی، تاکە بازرگانیی تیایدا مەرایی و کلکە لەقە بە بە سەرەک، هەر سەرەکیان بینی بکەونە گەرانی ووتن بە قەد و باڵایدا، وەسفکردنی و خە بچووککردنەوە لە ئاستیدا و دەست و پێناو ماچکردنی بە ئاوەی ئاو وەهمی جڤگرتنەوەی بە دروست نەبە و لەناویان نەبات. ئیتر کەمێگا ئەبە بە پەرستگایەکی گەورە و هەمووان ئەکەونە سەر چەک بە سەرەک، سەد و یەک ناوی بەرز و دڤگمەنی بە دادتاشن و وڵات پە دەکەن لە پەیکەر و تابلۆی سەرەک و پەی دژێن زێ و باوک و دیاردەی دڤگمەن و بە وێنە، لە هەڵبژاردنەکاندا لە سەدا سەد دەنگی هاووڵاتیان بە دەست دێنە، ئەگەر نەیارەک بە حکوومەت پەیدا بە، هەزاران ناپەرتی سیخوڕیی پەلکێشی دادگا نیشتمانییە کارتۆنییەکانی ئەکەن و قیژەی ئەبەن. ئەم نیفاقە هەمە لایەنەیە، کەمێگا ئەکات بە مەزرای مریشک، بیر و باوەڕ و ئایین و نەتەوایەتیی و نیشتمانپەروەریی و پشکۆتن و گەشانەوەی تەدا ئاپوکۆتەوە، ئەدەب و هونەر ووشک ئەبن، ڕۆژنامە ئەبە بەمینبەری دڤعا و نزا و پاڕانەتییەکانی سەرەک، نوسەری سەفسەتە کون و کەڵەبەری وڵات پە دەکەن، هەمووی بە خاتری ئاوەی سەرەک لە شەرپەنجەی جڤگرتنەوە چاک بێتەوە و وەک سەگی هار بەر نەبێتە لاشەی خەڵکەکە، لەگەڵ ئاوەیشدا ئەم وەهمە کەتایی نایەت، ئەگەڕێ بە شتی جیاواز، بە نمونە سەرەک بیار دەرئەکات هەر کەسەک دڵاری پە بگیرێت، ئەبە لە سەدارە بدرێت، وەهمی پارەی بیگانە!! بە نمونە سەرەک لە پە ئەدا بەسەر فەرمانگەیەکدا کەمێک جنۆ باران ئەکا و بەناوی نیشتمانپەروەرییەوە کەمێک ئەکوژێ و کەمێک نانبەاو و کەمێکی تریش زیندان ئەکا، بە ئاوەی وەهمەکەی چارەسەر بکات کە بە هیچ شێ چارەسەر ناکرێ.
نزار قەبانیی لەو بارەیەوە لە شیعری شمشێروەشێنی عەرەبیدا ئێستە:
خودێ لەسەرەک وەکو خوای ئاسمان،

هەموو شتێک بە کێلەکان ئەکات،
هەڵیانئەپەڕێنن، سەریان ئەپەڕێنن، ئەیانهاژێ …
ئەمانە هەمووی لە ڕاستیدا لە ژێر کاریگەریی وەهمی جەگرتنەوەدا ئەنجام دەدرێن. دەزینەوەی ڕەگای نوێ بە کوشتن، بە نمونە سەدام حسێن مەکینەیەکی قیمەکردنی گۆڕەی هێنابوو، دوژمنە وەهمیەکانی ئەخستە ناوی و قیمەی دەکردن و گۆشتەکەیانی ئەخستە ناو ئاوی دیجلەوە بە ماسییەکان، تی ئێن تی لە قوربانییەکانی ئەبەست، بە ئاوەی ببێن بە تەپ و تۆز، یان توانەوەیان لە حەوزی تۆزابدا، وەهمەکە وای لەدەکات لە گەڵی نەیارە وەهمییەکانی بترسێ و گەڕێ بزریان بکات، دەیان هەزار قوربانیی لە ووڵاتێ دیکتاتۆرەکاندا گەڕێ بزرن، کوژراون و لاشەکانیان بزر کراون، هەزاران دایک و باوک تا دوا هەناسەیان بە دوای لاشەی جگەر گۆشەکانیاندا گەڕاون بە ئاوەی بیدۆزنەوە.
ئینجا بزانن، وەهمی جەگرتنەوە چ کارەساتێکی مرۆیی و مەڵەیی دروست ئەکات، کەمەگا ئەکات بە مەیدانی پشبڕکێی سەرشەیی و کێلایەتیی، بە ئاوەی بار بومەلەرزەی ئاو دەڵاوکێیەی سەرەک نەکەون، لەڕادا ئیتر هەموو شتێکی سەرەک جیاوازن و ئاوەی بەخاویش بیر لە لاساییکردنەوەیان بکاتەوە، خراپترین سزا دەدرێت، ئیتر ئوتومبیلەکانی سەرەک تایبەتن، ڕەنگی ئوتومبیلەکانی، ئاو کانزایی ئوتومبیلەکانی لە دروست ئەکرێن، ئەبە گوللە و ڕەکێت نەیانبڕێت، کەشکەکانی،سەعاتەکانی مەچەکی، گەردوێیەکانی،ئاو کلێنکسانەی چەمیان پێدا ئەسڕێت، وەک موفەڵەک هەڵدەگیرێنەوە و نرخەکانیان لە زێڕ و گەوهەر گرانتر ئەبن، ئاو کچانەی کە لاقەیان دەکات، چاویلکەکەی، جگەرەکەی، تەنانەت دەستشۆر و جێگای پیسایکردنەکەی لە ئاڵتون و ئەڵماس بە دروست ئەکرێ بە ئاوەی لە هەموو شتێکدا ئاو تاک و تەنها وبە وێنە و جیاواز و بەجێگرەوە بە.ئەم وەهمە وای لەدەکات بڵێ من نامرم، سەدام حسێن ئەیووت: باپیرم لە تەمەنی سەدوبیست ساڵیدا ئەسپی تاوداوە، بە ئاوەی قوربانییەکانی لەو حاڵی بکات، ئەم لە دەرەوەی بازنەی فەوتان و مردن و پیربوونداین.
ئاوەی لەو دەخەی سەرەک کارەساتبارترە، داچەانی ئەم وەهمی جەگرتنەوەیەیە بە ناو تەواوی کەمەگا، بە تایبەت لەبەر ئاوەی هەموو بڕیارەس و کاربەدەستەکانی ئاو کەمەگایە دەستبژێری ئاو سەرەکە نەخشێن و بە فلتەرەکانی ئاودا ڕەیشتووون، هەر بۆیە لە بازنەی کاربەدەستیی خۆیاندا هەمان وەهمی جەگرتنەوەی سەرەک دەچێتە وێژیان و هەر کەسێک لەی بە شک بن، ئەیخەنە بەر زەبری کاریگەری سزا و دوورخستنەوە و جۆرەها هەڵوەستی نامرۆڤانەی تر، بە جۆرێک زانایەکی وەک ئەحمەد زوەیل کە بە ئاگایە لەم دەردە کوشندەیەی

وەهمی جەگرتنەوە ، ئەگەر : (لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا هەر کەس سەرکەوتنە بە دەست بێنێت، هەمووان لە هەوڵی ئەودا ئەبن شکستی پێبێنن، بەڵام لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا هەر کەس بکەوێ و شکست بێنێ، هەمووان یارمەتی دەدەن و هەیدەستنێوە)
ئەحمەد زوەل لەبەر ئەوەی زانایەکی کیمیا بووە و زۆر ئاگای لە سیاسەت و کۆمەڵناسیی نەبووە، ئاگای لەوە نییە لە ڕۆژهەڵاتدا شتێک نییە بەناوی سەرکەوتن و پێشکەوتن، ئەوەی کە بە ناوی سەرکەوتن و پێشکەوتنەوە لە هەندێ کەسدا ئەبینرێ، هەمووی سەرێک بەیاری لەسەر داون و ئیمزای بە کردووەن، بە قبوڵ خاس و بەیاری تایبەت فەراهەم کراون، تەنانەت پلە بەرزکانی خوێندن، بەخششی سەرکەن، لەبەرئەوە هەمووان لە ناخەوە ڕقیان لەوانەیە سەرکەوتنە درزنکانیان بە دەستهێناوە و حەز ئەکەن شکستیان پێبێنن، ئەم حاڵەتە تراژیدییە، شڵەژێکی ترسنکانە و نهێنییە بەسەر سەبەرکانی دیکتاتۆردا، کاتێ کەسێکی تەماح و تەوزەل لە ڕێی سەرکەوە بەوانامەی دکتۆرا بە دەست دێنێت یان چەندین پڕۆژە و زەوی و داهاتی بە تۆرخان دەکرێت و لە ناکاو دەوڵەمەند ئەبێ و هەئیئاوسێت، ئەمە ئەبێتە هەی تووڕە بوونی نهێنیی خەڵک، چونکە ئەزانن ئەمانە هیچ سوودێکیان بە میللەت نییە و ئەوەی سەرێک دەستی پێنەگەیشتووە دایزنێت، ئەمان دایدەزنێنن. بەڵام لە ئەوروپا و سیستەمە تێکنەکراتەکاندا، مرۆڤ بە پێی زانست و کارامەیی خۆی پلە و پێست و داهات بەدەست ئەهێنێت، هەر بۆیە ئەوروپییەکان بە نمونە ڕقیان لە ستیف جۆبس نییە، لەبەر ئەوەی ستیف جۆبز داهێنەر و کۆمپانیای ئەپڵی داناوە و ئایفۆن و ئایپادی و ئایپۆدی بە خەڵکەکە دابینکردووە. بەگومان خەڵکی زانا و دانا و خاوەن ماف و سامان، کە بە شێوەیەکی تەندروست و سروشتیی ئەو زانست وماڵەی دەستدەکەوێت، خەڵکێکی بەخشندە و بەبڕێین و ئامادەن دەستی یارمەتی بە هەژاران و کەسانی شکستخواردوو درێژ بکەن، شتێکی ئاسایی خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، بل گیتس زۆرینەی سامانەکەی بە پڕۆژەی ئاو و کارەبا لە کیشوەری ئەفریقیادا تەرخانبکات.
واتا فەلسەفەی یارمەتی و کۆمەک لەگەڵ فەلسەفەی ئەریی و ملی یەکترشکاندن، لە بنچینەی مرۆڤکانەوە سەرچاوە دەگرن، کاتێک خەڵکێکی کاسە لەس و خۆپەرست و گەمژە و نەزان، دەوڵەمەند دەکەن و دەکرێنە پڕۆفیسۆری کارتۆنیی، ئەمانە دینارێک ناخەنە سەر گۆڕی باوکیشیان، چ جای یارمەتیی هەژار و هووت بدەن هەر بۆیە ئەبێنە جێی ئەریی و تووڕەیی خەڵکەکە، بەڵام خەڵکێک کە بە داهێنان و زیرەکیی و دانایی خۆیان ببنە خاوەن سامان و پلە و پێست، بەگومان خەڵکێکی بەخشندە دەردەچن و جێی ڕێز و متمانەی خەڵکیشن.

ئەگەر تەماشایەکی چوار دەوری خەمان بکەین، دیاردەی ترسی جەگرتنەوە لە هەموو کایەکاندا دیارە ، لە سەری سەرەوە هەتا خواری خوارەوە .. برا و برا، برا و ئامۆز لە ترس و وەهمی جەگرتنەوەی کورسی دەسەلات، یەکتری شار بە دار ئەکەن، یان ژار بە ژار، شیر و تیر لە یەکتر ئەسوون و هەوڵی حەیابردن و پاوانزخستنی یەکتر دەدەن. دیاردەی جیابوونەوە و حیزبی تازە دروستکردن، دارهاویشتەیەکی ترسی جەگرتنەوەیە، یەکەکی بە توانا لە حیزبەکدا پەیدا ئەبە، پەگە و جەماوەری هەیە و بواری کوشتن و گۆبزرکردنی نییە، ئە خە کورسییەکەیش بقەیە و نابە لەی نزیک بەتەوە، هەر بەیە جیا دەبەتەوە و ئەشمالی حیزبەکی تازە هەڵدەدات و کۆخایەکی تری هەتا هەتایی دەتە مەیدانەوە. زیاد بوونی لیست و حیزب و دەستە و ئەکخراو، کاردانەوەی ئەو وەهمەیە کە ئەبەتە هەی پارچە پارچە بوونی میللەت، وای لە دە ئەوەندە حیزب و کەمەڵە و دەستە و کەنار و ئەژنامە دەنە ئاراوە، کەس ئاگای لە کەس نامێنە و هەر یەکەی خەریکی ئاواز و هەڵە و سروود و پەیڕەوی ناوخە و کار و چالاکییە دەنکیشەتییەکانی خەی دەبە، هەر یەکەی پەڕەی دەوڵەتداریی تایبەتی خەی دەکا و هەزاران حوکمەتی خەیاڵپڵاوی ناو قات و بەینباخ و فڕۆکەی تایبەت و ڤێلای دوورە دەست و ئوتومبیل و جلی گوللەنبە و بودجە و بازگە و ئەندام سەرکردایەتیی دەنە ئاراوە، کە وەک خەیاڵپڵاوکانی دەنکیشەت، پڵاماری پڕۆکەی ئاش و سەر و گوڵاکی یەکتری دەدەن و ئیشیان شکاندن و عەیبدارکردن و لە قوڵا گەوزاندنی یەکترییە.

ئیتر ئەم دەردە لەسەرەوە بە خوارەوە دادەچەڕێ، لەو ماوەیەدا داوەتکرام بە کەی پیاوەکی نیشتمانپەروەر، منیش هەندە قسەم کرد، پیاوە نیشتمانپەروەرەکە ئارامیی لە هەڵگیرا، ووتی ئەو قسانەی تە بە ئەرزشن!

تەنانەت لەناو هونەرمەنداندا، لەناو شاعیران و نووسەران و وەرزشکاراندا، لە بازاڕی سپی و ڕەشدا، ئەم وەهمی جەگرتنەوەیە زەر بە ئاشکرا دیارە، لەم شارەی خەماندا چەند هونەرمەندێک دەرمانێک (کە ناوی ناهێنم) لەگەڵ خواردندا دەرخواردی هونەرمەندەکی تازە و بەتوانا دەدەن بە ئەوەی ژەکانی دەنگی تەک بچن و جارەکی تر نەوەرە توخنی گورانی ووتن بکەوە ببەتە جەگرەوەی ئەوان.

دوو وتار ئەنریت بە ئەژنامەیەک، یەکسەر ترسی جەگرتنەوە هەراسانیان دەکات، ووتاری سەیمت پشتگوێ دەخەن، هەمان کات بە فەیلەسوفەکی خزمیان یان به بیریارەکی عەشرەتەکیان ئەڵێن : ئادەی بە زنجیرە ووتارەک قوماچەی بکە!

ئەویش ئەڵێ خەمتان نەبە، واتان بە لەدەکەم، جارەکی تر لە ڕووی

نەیەت دەست بداتەوە قەڵەم!
نووسەری بەناوبانگمان هەیە، لە ترسی پێگە و کورسیەکەی، هەر دەم ئەکاتەوە میللەت سوک و ڕیسوا ئەکا و جنێوگەلێکی دیپلۆماسیی وایان پێ ئەدا، مەگەر هەرخۆکی ئەمە قبوڵی بکەن.
پزیشک هەبووە هەتا مردووە قسەی لەگەڵ پزیشکەکەی هاوتایبەتمەندیی نەکردووە، نەک زانیارییەکی لە ببات و پێگە و ئاستی زانستیەکەی لێق بە و ببێتە جێگرەوەیان برابێشی.
تەنانەت لە نێوان هاوسەرەکاندا ئەم کێبڕکێ و وەهمی جێگرتنەوەیە هەیە و کورسەکە لە نێوانیاندا دێت و دەچێت، هەتا خەزانەکە تیا ئەچێت، کەمەڵە منالی نەخۆش و خەمکیی و دژ بە یەک و ناڕازییان لێوە سەرچاوە ئەگرێت.
ئەمە حاڵ و ئەمە مەسەلە، ئیتر بە ڕاستی ئەم دەردی وەهم و ترسی جێگرتنەوەیە نازانم چارەسەرەکەی چۆنە و چەندی تە ئەچێ و کە پێی هەڵئەسە، ئەوەیش هیمەتێکی بە بکەن …

نەوزاد بەندی

لە دەروازەی پەیامەکەی ئۆجەلانەوە.. نادر عەبدوڵەمید

پێشەکی
پەیامەکەی (عەبدوڵا ئۆجەلان) کە (٢٧-٢-٢٠٢٥) لە میدیاکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهاندا بڵاوکرایەوە، چوار مانگ بەدوای دەستپێشکەرییەکەی (دەوڵەت باخچەلی)دا دێت، کە سەرەکی (حزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی - مەهەپە)یە لە تورکیا و لە مانگی ئۆکتۆبەری (٢٠٢٤)دا ڕایگەیاند با (عەبدوڵا ئۆجەلان) "بێتە پەرلەمان و هەوڵشاندنەوەی پەکەکە ڕابگەیەنێت".
دیارە لەم چوار مانگەدا ژمارەیەک گفتوگۆ و دانوسان لەئارادا بووە و ئەم پەیامەی (ئۆجەلان) ئەنجامی ئەوەیە لە چوارچێوە گشتییەکەیدا هاوڕایەک هاتبێدی لەنێوان دەوڵەتکی دەسەڵاتدار لە تورکیا؛ پەکهاتوو لە دوو حزبی (ئاک پارتی ئەردوگان و مەهەپەی باخچەلی) لەگەڵ دەوڵەتی ئەپزسیۆنی نەتەوەیی کورد لە تورکیا؛ (دەم پارتی) بە

ناستوخیی کە حزبەکی ناو پەرلەمانی تورکیایە و بە ناناستوخیبش لەگەڵ (پەکەکە)دا.
ئەم پەسیە لە دانوسان و گفتوگۆ لەنوان ئەم دوو لایەندا، دەشە تەمەنی لە چوار مانگ زیاتر بێت و خودی لەدوانەکەی (باخچەلی)یش، وەک دەستپێشکەریی بۆ ئاگربەندنی پەسەکە بە ئای گشتی، ئاکامی لەک تێگەیشتنەکی ژێربەژێری پێشووتر بێت.
کەمەگەی دیموکراتی ئۆجەلان و پەرەپێدانی سەرکوتی ئەردوگانی
ئایە ئەم دانوسان و گفتوگۆیە ئاکامی گرتنەبەری سیاسەت و ستاتیژی پەرپێدانی ئازادی و دیموکراسییە لە لایەن دەسەاتی سیاسی هەردوو حزبی فەرمانەوا (ئاک پارتی و مەهەپێ)؟ ئایە ئاکامی پەرسەندنی هەرچی زیاتری دیموکراسییە لە ناوخۆی تورکیا؟
بە زانینی ئەوەی کە ئایە ئەم پەسەی دانوسان و گفتوگۆیە بێشکە لە پەسەیەکی گشتی تری دیموکراتیزە بوونی دەسەات و دامەزراوە فەرمانەواییەکانی تورکیا، وەیا ئایە بێشکە لە سیاسەت و ستاتیژێک بە پەرپێدانی دیموکراسی؟ پێویست ناکات بگەینەوە سەر مەژووی زیاتر لە دوو دەیەی ابردووی دەسەاتی ئەردوگان و هاوتەکەی کە چەن تا هاتووە سەرکوت و کۆنەپەرستیی سیاسی و ناوندیەتی دەسەات و هەتا تیرۆری دەوەتی و میلیتاریزەکردنی پەرپێداوە، بەڵکو هەر لە ئێستاشدا دەبینین کە چەن لە کاتی ئەم دانوسانەدا هەژانە خەیکە شارەوانییە هەبژێردراوەکانی سەر بەخودی (دەم پارتی)ش لادەخات و (قەییوم) لە شوێنیان دادەنێت، تا ئەوەی لەم هەژانەدا (١٩-٣-٢٠٢٥) دەسیەی گەندەڵی و تیرۆر سازکرا بە سەرکی شارەوانی ئێستانبوڵ (ئیمام ئۆغلۆ) کە کاندیدەکی بەهێزی (حزبی جمهوری)ییە بە هەڵبژاردنی داهاتوو، بەو تەمەتانەوە گرتیان و خستیانە کونجی زیندانەوە، هەروەک پێشووتریش لە (٢٠١٦)ەوە (سەلاح دەمیرتاش)یان خستۆتە زیندانەوە. ئەم جگە لەوەی هەژانەش بەردوومانی کوردستانی عەراق دژ بە (پەکەکە) و سوریا دژ بە (پەیەدە) دەکات و پاپشتی سەربازی زەمینی و هەوایی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان دەکات بە هەرشکردن بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەاتی (پەیەدە).
بەم شێوەیە زۆر سادە و ڕوون و ئاشکرا دیارە ئەم گفتوگۆ و دانوسانە نەک هەر هیچ پەیوندییەکی بە دیموکراتیزەکردنی ئەم وڵاتە و دامودەزگا فەرمانەواییەکانیەوە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کەشکردن و بەشداری پێ کردنی ناناستوخیی بێشک لە ئۆپۆزسیۆنی تورکیایە کە بەرژوا ناسیونالیستی کورد لە فەرمی ەوتی ئۆجەلانیزمدا بە ناو پەسەی قایمکردنی جێ پەی ئەردوگانیزم، تا بتوانێت ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری پاشکۆی پێ بکات، قەیرانەکانی

ناوخۆ سنوردار بکاتەوە و سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی داهاتوو بە ئەردوگان و حزبی سیاسییەکەی مسۆگەر بکاتەوە.
گۆشە و پەرەسەندنی سەرمایەداری لە تورکیا وەک هی تەواوی وڵاتان؛ لەوانە لە ئەوروپا و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پێویستی نەک هەر بە دیموکراسی نەماوە کە باڵەڕەی پێوە لە بدات، بەڵکو پێویستی بە مەیدانداڕکردنی حزبی نیو-نازییەکانی وڵاتانی ئەوروپی و فاشیزمی ترامپ و ئەردوگان-باخچەلی هەیە، کە حزبەکانی جیهانییە لە گەندیدگی سیستمی سەرمایەداری و بەربەریەتی دەسەڵاتی بورژوازی.
حزبی ئاجەلانیزمی ناوخۆی تورکیا، بە (دەم پارتی) و هەموو بزکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کلتووری سەر بە حزبەوە، وە هەموو ئینسانێکی سادەی کۆمەڵگە لە کوردستانی تورکیا، بە ئاسک و پێستی خەیانەوە، خەڵزانە هەست بە تەنگبەڕکردنەوەی ئازادیخوازان و سەرکوت و شۆفێنیزمی نەتەوەپەرستیی تورکی و حزبفتاری فاشیستانەی سوپا و پۆلیس دەکەن، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە تیاری و تەزکانی (ئاجەلان) پێدادگرت لەسەر خەبات بە هێنانەدی "کۆمەڵگەی دیموکراتی" کە تیایدا مافە نەتەوەییەکانی میللەتان و ئایینەکان و ...هتد دابین دەبن و یەکێتی و برایەتی گەلان و ئایین و مەزهەبەکان دەتەدی. نە (ئاجەلان) و نە هیچ کەسێکی سەر بە حزبی ئاجەلانیزم ئەم ملهوڕییەی دەسەڵاتی سیاسی ئەردوگان-باخچەلی بە دەسەڵاتێکی دیموکراسی دانانێن، هەتا پەیامێکی (ئاجەلان) جەڕەک لەوبەر ناسیونالیزمی تورک و بە دەسەڵاتی سیاسی ئێستای تورکیا، دەڵێت: کۆماری تورکیا دوای سەد ساڵ، ئەگەر بیەوێت لە سەدەی دووەمیدا ببێتە خاوەن یەکێتییەکی بەردەوام و هەمیشەیی، ئەوا تەنها لە حزبی تاجدارکردنی دیموکراسییەوە دەتەدی. جا پرسیارەکە ئەوەیە ئایە (ئاجەلان) و حزبەکەی ئەم دانوسان و گفتوگۆیە دادەنێن بە پێسەیەک بە هێنانەدی ئەگەر نشتین ئەو دیموکراسییەی کە جگە مەبەست و ئامانجیانە، ئەوا لانی کەم دیموکراسییەک بێت کە تورکیا بە یەکگرتووی بهێڵێتەوە لەبەرامبەر دووژمنەکانیدا کە هەزە هیژموونگەراکانی "مەدەرنیتەی سەرمایەداری"ن و لە سەد ساڵی ڕابردوودا یەکێتی نەوان کورد و تورک و میللەتانی تری ناو کۆماری تورکیایان تێکداوە؟
(ئاجەلان)، بە پێچەوانەی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و نەخشەندی ئابووری لەسەرەوە بە خوارەوە، ئەو تیاریزەی بە دیموکراتیکردنی کۆمەڵگە و ڕزگاکردنی ئابووری و سیاسی لە خوارەوە دەکات، بەبێ ئەوەی بانگەوازی شۆشێک بکات لەسەرەوە دژ بە دەسەڵاتی سیاسی کۆنەپەرست و دژە ئازادی و دژە دیموکراسی فەرمانڕەوا لەناو دەوڵەتی تورکیا

(ئەبوبەکر هەمان شتیش بۆ جمهوری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی عێراق و سوریا و وڵاتانی تری جیهانیش ...)، دەکرێ ئەمڕۆ وەک بنەمای فکری ئەم سازانە لۆگۆی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای ئێردوگان-باخچەلی و سازانی (پێیدەڵێ) لۆگۆی دەوڵەتی تازە دەستبەکاربووی (دەستەی ڕزگاری شام) و دوو هێزی تریش سازانی (پژاک) لۆگۆی (جمهوری ئیسلامی ئێران) دابنرێت.

دیارە بیرکردنەوەیەکی زۆر قوڵی ناوێت تا بزانرێت لەژێر سایەی هێزەم بورژوا قەومی و ئیسلامییەکانی تورکیا و جمهوری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی تازە دەست بەکار بووی (دەستەی ڕزگاری شام) لە سوریا، ناتوانرێت لە ژێرەوە کەمەندگای ئەو وڵاتانە دیموکراتیزە بکرێن. پێش مەرجی هاتنەدی وەها ئاوگۆڕێک، ڕووخان و وڵانانی ئەم هێزەم سیاسی و دەسەڵاتە چینایەتییانەی بورژوازییە لە میانەی خەباتێکی چینایەتی شۆڕشگێڕانەوە، یا لانی کەم لاچوونی کاتی دەسەڵاتیانە لە گۆشەیەکی وڵاتێکدا، وەک کوردستانی سوریای دوای (٢٠١١)، یان پێشووتری هەرێمی کوردستانی عێراق لە (١٩٩١)، کە بەشاییەکی سیاسی دەسەڵاتداڕێتی دێتەدی و بوار دەڕەخسێنێت تا بزووتنەوە و هێزە کەمەڵایەتییە سیاسییەکان لەو گۆشە لەوێ وڵاتێکدا ئۆجیندای خۆیان پیادە بکەن.

دژە لای (ئۆجەلان) و هێوتکەیەوە بەگۆ و ئارگومێنت بەهێندرێتەوە بە سەلماندنی ئەوەی کە ئەم دانوسان و گفتوگۆیە کۆشمکەشکە و تیایدا بوار هەیە هێکخراوکردنی دیموکراسیانەی کەمەندگە لە خوارەوە بەسەر ئەم دەسەڵاتانەدا و بەدژی ئیرادەیان بسەپێندرێت، بەڵام نهێنی ئەم پڕۆسەی گفتوگۆ و دانوسان و دەست تێکەڵاو کردنە لەگەڵ دەسەڵاتدا لە ئێستای تورکیا و سوریا و دوو هێزی تر لە ئێراندا، لە لێکدانەوە و شیکاری فکری و ئایدیۆلۆژیدا نییە، بەڵکو لە جەوهەرێکی واقعی عەمەلیدایە کە ئەویش ناوەڕۆکی چینایەتی و ناسیونالیست بوونی ئەم هێوتایە کە بە بەدەستهێنانی ئازادی نەتەوەیی لە شکۆ و فەرمی مافی فەرهەنگی و کلتووریدا ئامادەیە ببێت بە بەشێک لە پڕۆسەی بەهێزکردن و پارسەنگ ڕاگرتن بە هێوتی ئێردوگان-باخچەلی کە هێزانە خزمەتی هێڵپچانی دیموکراسی و داسپاندنی سەرکوتی سیاسی و چەوسانەوەی چینایەتین لە سەراسەری تورکیادا. ئەبوبەکر بە سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی (ئەحمەد ئەلشەرع) لە سوریا و (جمهوری ئیسلامی ئێران)یش ئامادەن.

گفتوگۆ و دانوسانێک کە دەریچەیەک دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی مافە دیموکراتییە نەتەوەییەکان، لای خەڵکانێک لە کوردستانی تورکیا کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا نەوەی لەدوای نەوە لەژێر نکۆڵیکردن لە بوون و زمان و فەرهەنگ و لەژێر زەبروزەنگ و چەوسانەوەیەکی

ڕۆگەزپەرستانەی نەتەوەییدا بوون، دیارە مایەی خۆشحاڵی و مایەی هەستکردنیانە بە ئازادی، و لەم ڕۆژانەدا و بە بۆنەی ئاهەنگگێڕانی نەورۆزەوە، ئەم هەستکردنە بە سەرفرازی و ئاسایەک بە ڕۆژگاربوون لە زوڵم تەواو دەبینرێت، بەڵام لە درێژماوەدا، بە قایمکردنی پایەکانی ئیستیبداد و کۆنەپەرستیی دەوڵەتی بەرژوا ناسیونالیستی تورکیا، باجی ئەم خۆشحاڵی و هەستکردن بە ئازادییە کاتییەی ئێستا دەبڕێت کەت و بەندێکی سەختتر بە سەر ژیان و چارەنوسی زووربەی هەرەزەری خەڵکە زەحمەتکێش و ڕەنجدۆستەکەی لە ئایندەدا، هەروەک لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئەزموونی دەکەین.

واوەتر لە ئاوگۆی جیهانی و قەیرانی فەرمانڕەوایەتی

پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە چ شتێک هەکاری بابەتی هاتنەئارا و سەرهەڵدانی ئەم پەسایەیە لە گفتوگۆ و دانوسان و ڕاگەیاندنی بە ڕای گشتی لە ئێستادا؟

زۆرێک لە نوسەران لە لەکەینەوە و شیکاریدا، باس لەو دوو هەکاری ئاوگۆی جیهانی و بنبەست و قەیرانی فەرمانڕەوایەتی دەکەن، وەک بنەمای ئەم دانوسان و گفتەیە. بەدڵنیاییەوە ئەم هەکارانە ڕۆڵیان هەبووە و هەیە کە دواتر ئاماژەیان پێدەدەم، بەڵام پەسایەکی مێژوویی و ڕیشەیی تر لە ژێرەوە ئەمەی کردەتە پۆیستییەکی لەچار نەهاتوو، بەر لەم ئاوگۆ و قەیرانانە، کە ڕۆڵی خەیانی تێدا دەبینن.

ئەم پەسایەی گفتوگۆ و دانوسانە بەر لەوەی ئاکامی ترس و نیگەرانی دەوڵەتی تورکیا بێت لە ئاوگۆی جیهانی و ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەر لەوەی ئاکامی قەیرانی فەرمانڕەوایەتی و مانەوەی دەسەڵاتی ئەردوگان و هەوە و تەقەلا بێت بە دەربازبوون لەیان، بەرهەمی پەرەسەندنی سەرمایەداری تورکیایە بە ئاستێک کە کردوویەتییە زلهێزێکی ئابووری سەربازی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دەرفەتی بە ڕەخساندووە تا سیاسەتی فراوانخوازی و میلیتاریستی و داگیرکاری پیادە بکات.

ئیفڕەمە ئابووریەکانی تورکیا لە دەیەی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیست، بە ڕووهێنان بە سیاسەتی ئابووری نیولیبرالیزم، بنەمایەکی ڕەخساند بە پەرەسەندنی ئابووری و هاتنەئارای بورژوازییەک کە وەڵی پێداکردنی بازاڕی دەرەکی بێت؛ بە ساغ کردنەوەی بەرهەمهێنان و دابینکردنی سەرچاوەکانی کرێستەی خاو و هێناردەکردنی سەرمایە واتا وەبەرهێنان لە دەرەوەی وڵاتدا. دامەزراندنی چەندین بنکەی سەربازی لە دەرەوەی تورکیا لە وڵاتانی ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەوەدان بە ئەندمەتی (یەکێتی ئەوروپا) و پێکهێنانی

جەڕەها پەیوەندی و دامەزراوەی ئابووری و فەرهەنگی و سیاسی نێوان وەڵاتانی تورکی-زمان بە دەستپەشکەری دەوڵەتی تورکیا، وەبەرهێنانی کەمپانیاکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق و پێکردنی بازاڕەکانیان بە کاڵای بەرهەمهاتووی تورکیا، ... بەشێک لە دیاردە و واڵەتەکانی ئەو واقعە مێژوویین.
ئەم پڕۆسەیە دەبوو لە ئاستی فکری و ئایدیۆلۆژیشەوە ناسیونالیزمی تورکی عەلمانی لە قاڵب و لە چوارچێوەی بەرتەسکی سنورەکانی دەوڵەتی تورکیا دەربازبکات و پشت ئەستووری بکات بە ئایدیۆلۆژیایەک کە لە سنورەکانی تورکیا واوەتر بڕوات. بەم پێیە زیندووکردنەوەی کۆنەپەرستێیی ئیمپراتۆریی عوسمانی و گۆشەی ئیسلامی سیاسی و بە دەستهێنانی گەشتنی ئەو هەوتە، زەرورەتێکی ئەو پڕۆسەندنە ئابووریە بوو، وە ئەگەر ناسیونالیزمی تورکی ئەم نوێبوونەوە و وەرچەرخان (شیفت)ەی لەخۆیدا هەونەدابا نەیدەتوانی نوێنەری بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی کۆمپانیاتی و دەستهاتی بورژوازی بێت، بەمانایەک ڤەرژنی تازەی ناسیونالیزمی تورکی، واتا ناسیونالیزمی (نیو-عوسمانیزم) زەرورەتێکی پڕۆسەندنی سەرمایەداری تورکیا و پەلهاویشتنیەتی بە دەرەوەی سنورەکانی خۆی، نەک گەڕانەوە بە دواوە بە سەردەمی عوسمانی.
جا پێ بە پێی ئەو پڕۆسەندنە ئابووریە، کەشمەکەشی فکری و سیاسی و حکومی لەنێوان هێزە ناسیونالیستە جەراوجەرەکانی تورکی ناو تورکیا و دامەزراوەی سەربازی و سیخوڕی ئەو وڵاتە پڕی سەند و لە دوا ئاکامدا ئیسلامی سیاسی توانی وەک ڤەرژنی تازەی ناسیونالیزمی تورکی و نوێنەری ئەو گرایش و مەیل (ترێند)ەی سەرمایەداری و نیولیبرالیزم بادەست بێت، وە لە پڕۆسەیەک لە کەشمەکەشی جەرەها گرایش و مەیلی ناکۆک و دژ بەیەکی ناوخۆی هێزی ئیسلامی سیاسی و هەتا ناوخۆی حزبی (ئاک پارتی)ش، ئەردوگانیزم توانی سەرکەوتوو بێت و ببێتە هێزی زاڵ و نوێنەری ستراتیژی ئابووری و سیاسی و میلتاریزمی دەوڵەتی تورکیا.
لە بارودۆخێکی جیهانیدا کە باڵادەستی لیبرالیزمی بورژوازی جیهانی و پاشکۆیی کرێکار و چەپ و سۆشیالیزم بوو، ئەم پڕۆسەندنی سەرمایەداریە لە تورکیا، لە بەشی کوردستانیشدا هاوەڵی پڕۆپەدانی شارنشینی و فراوانبوون و بەهێزبوونی بنکەی ئابووری سەرمایەدارانی کوردی، نەوەیەکی نوێی خوێندەوار و دەستڕاگەیشتووش بە میدیا و سەرچاوەی هۆشنیری جیهانی هاتئاراوە، کە بوونە پایە و بنکەی کۆمەڵایەتی هەڵگرتنی ناسیونالیزمی کورد، وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی بەرفراوان و بەهێز لەناوخۆی شارە گەورەکانی تورکیادا، نەک هەر لە بەشی کوردنشینەکەیدا، بەڵکو لە شارەکی

سەروو پانزە ملیۆنی وەک ئستانبوڵیشدا.
بزووتنەوەی چەکداری (پەکەکە) سی چل ساڵ لەرەوپێش خەی چەقی قورسایی و نوێنەری ناسیونالیزمی کورد بوو لە تورکیا، بەڵام بەو ئەندازەیەی کە توانی میکانیزمێک بێت بۆ گۆشەپێدانی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ناسیونالیستییەی کورد لەناو شارە گەورەکانی تورکیادا و وەک (ڕووی دووەمی دراو)ی خەی لە بکات، ئیتر خەی ئەو ڕەوتەی جارانی نەماوە و بگرە دەستوپێگیری بزووتنەوە ناوخۆییەکەی شارە گەورەکانیشە. ئەمەش بەدروستی لە پەیامەکەی (ئۆجەلان)دا هاتووە کە (پەکەکە) سەردەمی بەسەرچووە و پەیامە مێژوویەکەی خەی هێناوەتەدی و پێویستە خەی هێوەشێنێتەوە.
کێشەی ئەسەڵاتی دەوڵەت و ڕژێمە سیاسییەکەی تورکیا، (پەکەکە) نییە، بەڵکو (پەکەکە) بەکاردەهێنێت تا لەژێر پەردەی بەرنگاربوونەوەی تیرەردا هەوێبەدات لەمپەر بخاتەبەردەم ئەو بزووتنەوە ناسیونالییستییە کوردییە بەهێزەی ناوخەی شارە گەورەکانی تورکیا و لە پەرەسەندنی بخات، لە قاڵبی بدات و پاشکۆشەی بەسەردا بسەپێنێت و بیکاتە پاشکەی ستراتیژی خەی.
پەرەسەندن و گۆشەی سەرمایەداری لە تورکیا، وەک پەسەیەکی مێژوویی و ناکۆک لە هێناوی خەیدا، خوێقێنەری ئەم ناکۆکییە کۆمەڵایەتییە سیاسییەی نێوان ئەم دوو ڕەوتە بورژوا ناسیونالیستەی تورکی و کوردییە. دیارە کێشمەکێش و ململانێی ئەو دوو ڕەوتە دگەڵتەوە بە کۆتاییەکانی سەدەی نێزدە و سەرەتای سەدەی بیست، بەڵام لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا ڕووبەڕووی ئاسۆکی تر و حاڵەتێکی جەرایەتی تر لەو کێشمەکێش و ناکۆکییەین، کە پەرەسەندنی سەرمایەداری نیولیبرالیزم لەو وەاتە هێناوێتە ئاراوە، وە دیسان هەر ئەم پەرەسەندن و گۆشەی سەرمایەداریەشە کە ئەم دوو ڕەوتە کێش دەکات بە یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکییە بە گفتوگۆ و دانوسان، بە هێنانەدی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سیاسی ناوخۆ و سەقامگیریی ژێمی سیاسی تا هەرچی زیاتر بردنەپێشەوەی ئەم ڕەوندە لە پەلهاویشتن و فراوانخوازی سەرمایەداری تورکیا پەرە پێ بدات.
بەمانایەک بەرەوپێشچوونی هەرچی زیاتری سەرمایەداری تورکیا و پەلهاویشتنی بە دەرەوەی وەات و فراوانخوازییەکەی، بە هەموو قەیرانکانییەوە، بنچینەیی ترین خاڵ و زەرورەتی دانوسان و گفتوگۆی نێوان ئەم دوو ڕەوتە ناسیونالیستەیە لەناو دەوڵەتی تورکیادا. هەردوو لا لە پەسەیەکی مێژوویی کێشمەکێش و بەئامادەبوونی زەمینە مادییەکانی گفتوگۆ، لە ئێستادا ئامادەیان هەیە بۆ دانوسان، و پاکانەی فکری و ئایدیۆلۆژی خۆشیان هەیە بۆی. (ئۆجەلان) باس لە هاوپەیمانەتی و (پەیوەندی نێوان کورد و تورک؛ بە

درێژایی زیاتر لە هەزار ساڵ) دەکات کە هێزە هیژموونگەراکانی "مۆدێرنیتەی سەرمایەداری" وەک تانی ئیمپریالیستی ڕۆژاوا بەدرێژایی دوو سەد ساڵی ڕابردوو ئامانجیان تێکدانی ئەم هاوپەیمانێتییە بووە. وەباس لەو گۆڕانکارییە جیهانیانە دەکات دوای ڕووخانی (بلۆکی ڕۆژهەڵات- سۆڤیەت) کە ئاوێش پەرەسەندنی ئازادی بیروڕایە لەناو تورکیا و کابووندەوە و چوونەدواوەی نکۆڵی کردنە لە شوناسی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، بۆیە زەمینە لەبار بووە و ئێستا کاتی ئاوێیە کە یەکێتی میللەتانی ناو کەماری تورکیا لە دژی هێزەکانی هیژمونگەرای "مۆدێرنیتەی سەرمایەداری"، بە زیندووکردنەوەی هاوپەیمانێتی و پەیوەندی هەزار ساڵەی تورک و کورد پتەو بکرێت.

واوەتر لە تاکتیکی سیاسی

لە دۆخگەلێکی ڕابردووەدا هاوکات لەگەڵ ئاوگۆڕە جیهانی و ناوچەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەوڵدانی دەوڵەتی تورکیا لە ئارادا بووە بۆ گفتوگۆ و دانوسان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی نەتەوەیی کورد لە تورکیا لە ژێرناوی کێشەیەکان بە تیرۆر و بە کۆشەی چەکداری (پەکەکە).

بەدرێژایی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی بیست ژێربەژێر گفتوگۆ لەئارادا بووە و (پەکەکە) چەند جارێک یەک-لایەنەش شکۆی ڕاگرتووە، تا ئاوەی بەدوای شکۆشکانی باکوری ئەفریقیا، گفتوگۆیەک لە (٢٠١٣)دا هاتەئاراوە و ڕای گشتی لە ئاگادارکرایەوە، بەڵام ژەمە سیاسییە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا، لەوانەش ژەمەی (ئاک پارتی)ی ئەردوگان لە چوارچێوەیەکی تاکتیکی سیاسیدا مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە بە کەمکردنەوەی کاریگەری ئاوگۆڕە دەرکییەکان لەسەر تورکیا و وڵامدانەوە بە قەیران و کێشەناوخۆییەکانی دەسەڵات.

بەڵام لە ئێستادا، وەڵای ئەو بنەمایە لە پەرەسەندنی سەرمایەداری بە هەناوئارای ناکۆکییەکە و بە فشاردانان لەسەر هەردوو ڕەوتی ناسیونالیستی کوردی و تورکی بە چارەسەرکردنی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، بەڵام وەڵای ئەم بنەمایە، ئاوگۆڕە جیهانی و ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش زۆر ڕیشەییتر، قووڵتر و بەرفراوانترن لەوەی کە لە دۆخگەلێکی ڕابردووەدا لە ئارادا بوون، وە چوارچێوەیەکی گشتی جیۆپۆلەتیکی تازەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەناوەتە ئاراوە کە لە ئێستادا ئەم پرسەی دانوسان و گفتوگۆیەی ناوخۆی تورکیا لەناویدا لە ئاراداید، ئەمەش دەبێتە پاڵپشتی ئەو پرسە ئابووریەی کە زۆرەتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکەی پێویست کردووە، بۆیە لە ئێستادا ئەم ئاوگۆڕانە وادەکات کە دانوسان و

گفتوگۆ بەتەواوەتی کەشێکی جدی تری کێشەکە و واوەتر بەوات لە مەسەلەیەکی تەنها تاکتیکی، بەتایبەت دوای هووخانی ژەمی ئەسەد لە سوریا، کە نزیک هەر بووە پشتگوێی هیژموونی تورکیا لە ناوچەکە، بەڵکو سنووری هیژموونیەکەشی نزیک کردووە لە سنووری هیژموونی دەوڵەتێکی فراوانخوازی ئایدۆلۆژیرست و فاشیستی ئایینی وەک (ئیسرائیل)، کە مایەی بەریەککەوتنی هەرچی زیاتری بەرژەوەندیەکان و ستراتیژی سیاسی و سەربازی ئەو دوو زلهێزەیە لە ئایندەدا؛ نزیک هەر لە ناوخۆی سوریادا، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، کە تیایدا (ئسرائیل) دەتوانێت کارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بکاربهێنێت لە کێشمەکێشدا دژی هاوکارە ناوچەییەکانی وەک تورکیا، کە دیارە ئامێش هەستیاری و نیگەرانی بە دەسکەوتی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژئاوا.

یەکانگیربوونی دوو فاکتەر

لایەک ئەوە پەرەسەندنی سەرمایەداری تورکیایە کە زەمینەی مادی هەناوەتەئاراوە بۆ فراوانخوازی و پێلهاویشتن و ڕۆبینینەکی چالاکانەی سیاسی و سەربازی لە ئاوگەڕە ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لایەکیش ئاوگەڕەکان چۆن لە ناوخۆی ئەم وەتەدا هەنگدانەوەیان دەبێت و پێویستە چ بکرێت تا بەربەستەک بهەندەرەتەئاراوە لەبەردەم نیگەرانی و مەترسییەکاندا. لەڕووی هەردوو بزووتنەوە بەرژوا ناسیونالیستە تورکیی و کوردییەکە، وە حزب و هێزە سیاسییەکانیان، (ئاک پارتی و مەهەپە) لە لایەک و (دەم پارتی و پەکەکە)ش لەلایەکی تریشەوە دەکەونە پێسەیەکی دانوسان بۆ پاشکشەکردن بەیەکتری بۆ جەنگ و شۆڕشێک کە بتوانن سازش لەگەڵ یەکتر بکەن و بەیەک بگەن، پاشان پەکەوە ئەم پێسەی گۆشەی سەرمایەداری نیولیبرالیزم و سیاسەتی ئیمپریالیستانەی دەوڵەتی تورکیا و فراوانخوازییەکەی بەرنەپشتەوە و ناسیونالیزمی کوردیش پشک و بەشی خۆی لە وەرگرێت.

بەدنیاییەوە لە حاڵەتی بەیەک گەیشتن و لێک تێ گەیشین و بەمانایەک سەرکەوتنی ئەوەی پێی دەڵێن "پێسەی ئاشتی" کێشمەکێشی ئەو دوو هێزە ناسیونالیستە هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام لە چوارچێوەیەکی سیاسی مۆزوویی تر و لە ئاستێکی تردا، هەروەک چۆن لە عەقیدا هەردوو هێزی بەرژوا ناسیونالیستی کوردی و عەرەبی؛ بە سوونی و شیعەکەیەوە، بەیەک گەیشتوون و لە دەساتدا هاوپشکن و پرسەیەکی هاوبەش بەدژی کرێکار و زەحمەتکێشی سەراسەری عێراق بەگشتی دەبن، بەڵام هەموو ڕۆژێکیش لە کێشمەکێش و دانوساندان لەسەر پچینی بەش و پشکی ئابووری و سیاسی زیاتر بە هەر لایەکیان،

وە کرێکار و زەحمەتکێشی کورد و عەرەب و شیعە و سوننەش دەکەنەوە بەگژیەکدا بە ئاو مەبەستە. بەهەمان شێوەش لەوانیە لە تورکیا (وە دوو هێزی تریش لە سوریا و لە ئێران) ئەم سیناریۆیە بەهێز بچێت.
بەڵام لە ئێستادا ناسیونالیزمی تورکی زۆر لە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدای دوای هووخانی هێزمی بەعس (٢٠٠٣) و ئێستای دەسەڵاتی ناوەند لە (دیمەشق)، بەهێزترە و چاوەڕوانی پێدانی ئیمتیازی بەشداری دەوڵەت بە ناسیونالیزمی کورد لە تورکیا لە شوێنی خۆیدا نییە، چوونکە لە لایەنی هەردوو حزبی دەسەڵاتەوە بە فەرمی شتێک لە ئارادا نییە بەناوی گفتوگۆ و دانوسان، بەڵکو داوایەکی ئاوان لە ئارادایە بە کۆتاییهێنان بە تیرۆر و چالاکی سەربازی (پەکەکە) و هەڵوەشاندنەوەی. دیارە ژێربژێر لە دانیشت و یەکتربینینەکانی شاندی (دەم پارتی) لەگەڵ هەردوو حزبی دەسەڵات (ئاک پارتی و مەهەپە) وادە و پەیمانێک لە ئارادایە، بەڵام لانی کەم لە هەنگاوی یەکەمیدا ئەم وادە و بەڵێنانە لە کرانەوە بەووی هێندە مافی فەرهەنگی و کلتووری نەتەوەیی، و ئازادکردنی (ئۆجەلان) لە زیندان زیاتر تە ناپەڵێت، کە پێ دەچێت هێوتی بەرژوا ناسیونالیستی کورد لە کودستانی تورکیا وەک هەنگاوی یەکەم پێی ئازی بێت و لە پێناویدا ببێتە بەشێک لە پڕۆسەیەکی درێژدان بە دەسەڵاتی هێوتی ئەردوگانیزم بە پاراستن و پشخستنی سەرمایەداری نیولیبرالیزمی تورکیا بە سیاسەتی فراوانخوازی ئیمپریالیستانیەوە. … ماویەتی …
کۆتایی مارسی ٢٠٢٥

کتێب\ لە کۆتایی چاوەڕوانیدا..
نووسینی عومەر سەید

بابەت\ چیرۆک..

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن..

OmarSaeid- ChirokDownload

نووسین کائینکی کۆمەڵایەتییە.. بەختیار محەمەد

نووسین کارێکە بۆ بەدیهێنانی خودیشە (خودی نووسەر)، هەر تەنها بۆ چێژ و مەعریفەی ئەوی دیکەی خوێنەر (وەرگر) نییە. ئەم کاری خۆبەدیهێنانە میکانیزمێکی کۆمەڵایەتیشە لە نێوان دەق (نووسەر) و ئەوی دیکەی خوێنەردا. واتە نووسەر لەڕێی ئەم میکانیزمەوە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی مەعریفی – ڕۆشنبیریی لە نێوان خۆی (دەق) و خوێنەردا دادەمەزرێنێ. لێرەوە هەموو دەقێك (چ ئەدەبی بێ، چ سیاسی بێ، چ فەلسەفی بێ، چ هونەری بێ...) خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە. هیچ نووسەرێك نییە تەنها بۆ خۆی بنووسێ، ئەگەر وایە با بۆاوی نەکاتەوە؛ هەر کە دەق بۆاو کرایەوە، ئەوا دەبێتە خاوەنی خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی.

دەق، ئەگەر خەسڵەتێکی (مەبەستێکی) کۆمەڵایەتی نەبێ، ناخوێنرێتەوە. لێرەوە دەق ناوەندێکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا. هەر بۆیەشە منی خوێنەر، نووسەر دەناسم. واتە خوێنەر لەڕێی پێوەندی کۆمەڵایەتی دەقەوە نووسەر دەناسێ. واتە ئێمە لەڕێی دەقەوە پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ نووسەر دادەمەزرێنین. لەمەوە هەموو خوێنەرێك هاوڕێ و دۆستی نووسەرە.(1) ئەوەی سیفەتی کۆمەڵایەتیش بە دەق دەبەخشێ، هەڵبەت کردەی خوێندنەوەیە. لێرەوە خوێنەر لەڕێی پرسەی خوێندنەوەوە، هەم پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ نووسەر دەبەستێ، هەم لەگەڵ دەقیش. دیارە هەموو پێوەندییەکیش لە دەرەوەی خود، پێوەندییەکی کۆمەڵایەتییە. لێرەشەوە پێوەندی لەگەڵ (دەق = نووسەر)دا پێوەندییەکی کۆمەڵایەتییە. ئەدی ئێمە نزیکترین و بەهێزترین پێوەندی کۆمەڵایەتیمان لەگەڵ کتێبەکانمان و لەگەڵ کتێبخانەکانمان نییە؟ ئەدی هەر وەك دۆست و هاوڕێیەکی گیانی بە گیانیش ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ناکەین؟ تەنانەت ئەوەندەش خۆشمان دەوێن، کە وەك بەشێك لە بوونی خۆمان سەیریان دەکەین. ئا هەر ئەمەشە، کە لووتکەی پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان خود و ئەوی دیکە دیار دەکا و بەرجەستە دەکا؛ ئەو پێوەندییەی، کە لە نێوان خود و کەسێکی دیکە، یانیش لە نێوان خود و شتێکی دەرەوەی خود سەر هەڵ دەدا و پەیدا

دەبێ. لێرەوە دەق پێوەندییە خودییەکەی دەگۆڕێ بۆ پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی بابەتەکیی (مەوزوعی).
لەمەوە، هەموو دەقێکی زیندوو، کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی زیندوو و چالاکیشە: باشترین و زۆرترین پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوی دیکەی خوێنەردا دروست دەکا و دادەمەزرێنێ. هەبەت پردی دامەزراندنی ئەم پێوەندییەش، پرسەی خوێندنەوەیە. ئاستییەکەی خوێندنەوە ئەو جیهانەیە، کە دوو کارەکتەر دەخوڵقێنێ و بە یەکتریان دەناسێنێ؛ ئەوانیش نووسەر و خوێنەرن. لێرەوە هیچ دەقێك نییە، کە کارەکتەرێکی چالاکی کۆمەڵایەتیش نەبێ؛ ئەم چالاکبوونەش پرسەی خوێندنەوە پێی دەبەخشێ.
دەق پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی مۆژوویی نەمریش لەگەڵ خوێنەر دادەمەزرێنێ. واتە لە ناو هەموو سەردەمەکاندا کارەکتەرێکی مۆژوویی زیندوو و چالاکیشە. ئەمە خەسڵەتی هەموو دەقە داهێنراوە زیندووە نەمرەکانە. بەنموونە: ئیلیادە و ئۆدیسە و شیرین و فەرهاد و قورئان وتەورات وئینجیل... دەخوێنینەوە و پێوەندی کۆمەڵایەتی گەرمیان لەگەڵ دەبەستین و دادەمەزرێنین. هەبەت دەق هەرچەند زمانیشی پاراو و ڕەوان بێ، هێندەش باشتر دەتوانێ پێوەندی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو لەگەڵ خوێنەری هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا دامەزرێنێ. دیارە پێوەندی کۆمەڵایەتی دەقیش لەگەڵ کارەکتەری خوێنەرە، لەگەڵ هیچ کەسێکی دیکە نییە. ئێ خۆ هەموومان دەزانین، کە پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان خوا و مرۆڤیش هەر لەڕێی خوێندنەوەی (یا گوێگرتنی) دەقەوەیە: ئینجیل، تەورات، قورئان، ئاڤێستا... تاد. لێرەوە پێوەندی نێوان نووسەر (پەروەردگار) و خوێنەر (پەرستگار)، لەڕێی دەقی پیرۆزەوە، پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی پیرۆزیشە؛ کەواتە هیچ دەقێك نییە لە دەرەوەی پێوەندی کۆمەڵایەتی بێ، مادەم دەخوێندرێتەوە ؛(2) مادەم دەشخوێندرێتەوە، کەواتە دەق خەسڵەتی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەم خەسڵەتەش – وەك گوتمان – پرسەی خوێندنەوە دروستی دەکا و بەرهەمی دەهێنێ؛ کەواتە هاوکێشەی پێوەندی نێوان: نووسەر – دەق – خوێنەر، سەد لە سەد خەسڵەتی کۆمەڵایەتی بە دەق دەبەخشێ. لەم ڕوانگەیەوە دەمەوێ بڵێم: من پتر لە دوو هەزار ساڵە هاوڕێی ئەلیادە و ئۆدیسە و ئینجیل و تەورات و ئاڤێستام؛ پتر لە هەزار ساڵیشە هاوڕێی قورئانم (هەموو نووسەرەکانیشیان دەناسم). چەند سەد ساڵکیشە هاوڕێی خانی و شکسپیرم (دەزانم کە ئەوانیش کۆن)... تاد.
لێرەوە بەدەردەکەوێ، کە نووسین لە هەر ژانر و لە هەر بوارێکدا بێ، خەسڵەتی کۆمەڵایەتی هەیە. واتە دەق هەم ناوەندێکی

کۆمەڵایەتییە بۆ بەستنی پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان نووسەر و خوێنەر، هەم خۆیشی کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتییە، کە زۆرترین پێوەندی لەگەڵ خوێنەری هەمەجۆردا دەبەستێ و دادەمەزرێنێ؛ کەواتە هەموو دەقێك، دەقێکی کۆمەڵایەتیشە. ئەم خەسڵەتەش، وەك گوتمان، کاری خوێندنەوە پێی دەبەخشێ. واتە دەقێك هەرچەند بخوێندرێتەوە، هێندەش دەقێکی کۆمەڵایەتییە و زۆرترین پێوەندی کۆمەڵایەتی (مەعریفی – ئەدەبی – ڕۆشنبیریی) هەیە.

ئاشکرایە دەقە پیرۆزەکان زۆرترین پێوەندی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ خوێنەردا هەیە (خوێنەری ئیماندار). ئەوان کە خاوەنەکانیان خوایە، پێوەندییەکی دەستایەتی ڕاستەخۆ لە نێوان هەردوولایاندا هەیە. واتە هەم خوا هەموو خوێنەرەکانی خۆی دەناسێ، هەم خوێنەرەکانیشی ئەو دەناسن. ئەمە پێوەندی بەوە هەیە، کە دەقی پیرۆز ڕەهەندێکی میتافیزیکیی هەیە. واتە دەقێکی گەردوونییە، بۆ هەموو مرۆڤێکە بە خوێندەوار و نەخوێندەواریشەوە. ئەم دەقانە پەرستگایان هەیە، وەك دەقی ئاسایی نین؛ بۆیە زۆرترین خوێنەر و گوێگریان هەیە. ئەم دەقانە دوو جۆر پێوەندی لەگەڵ خوێنەر دەبەستن: پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی واقیعی و پێوەندییەکی میتافیزیکی ڕۆحانیش. دەبێ بزانین، پێوەندی خوا لەگەڵ خوێنەرەکانی، وەکو هەر هەموو نووسەرانی دیکەی ئاسایی، ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو لەڕێی دەقەکانیەتی. واتە دەق ناوەندی پێوەندی کۆمەڵایەتی (ڕۆحانی و میتافیزیکی) نێوان خوا و هەموو خوێنەرەکانیەتی (یاخود گوێگرەکانیەتی). ئێستا تێدەگەین، کە دەق پردی پەیوەندی خودە (خودی نووسەر و دانەرە) بۆ لای خودی ئەوی دیکە (خودی ئەوی دیکەی خوێنەر و گوێگر). واتە دەق دوو جۆرە خود بە یەکتر دەناسێنێ: خودی نووسەر و خودی خوێنەر. دەشێ بڵێین: دەق وەك ((پلکە پێناوی)) ناو حەیرانی عەشقی کوردییە، کە ئاشقە و ماشقە، نووسەر و خوێنەر بە یەکتر دەناسێنێ و دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان هەردوو خود: خودێك گوتاری پێیە و قسە دەکا، خودێکیش ئەم گوتارە وەردەگرێ و گوێ دەگرێ و دەخوێنێتەوە. هەردوو خودەکەش لەڕێی عەشقێکەوە یەکتر دەناسن: عەشقی نووسین و عەشقی خوێندنەوە. لێرە دەق وەك ((پلکە پێناو)) ئەو دوو عاشقە بە یەکتر دەگەیەنێ: عاشقی نووسەر و عاشقی خوێنەر. ئایا هیچ ئیمانارێك هەیە، کە عەشقی خوا و عاشقی دەقەکانی نەبێ؟ ئەی چەند خوێنەر هەیە، کەمێ عاشقی فانە نووسەر و فانە دەقە؟ هەروەها نووسەریش، ئەگەر عاشقی خوێنەر نەبێ، نانووسێ. لەمەوە وەك بڕیی دەق جێژوانێکە بۆ ژوانی نێوان نووسەر (خوا) و خوێنەر: نووسەر لەڕێی دەقەکانیەوە (واتە دەق دەبێتە ڕەمز و نوێنەری ئامادەبوونی ئەو) دەچێتە لای خوێنەر و هەردوولا لە

جۆرانی دەقدا یەکتر دەناسن و پرسەی خوندنەوەش دەبتە تاکە بەردی بناغەی پتەوی پوەندی نوان هەردوولایان. بەم شوەیە دەق (نووسین) کائینکی زمانەوانیی کمەایەتییە لە نوان نووسەر و خونەردا.

پەراوزەکان:

1- استە نووسەر استەخ زربەی خونەرەکانی ناناس، بەام دەقەکەی – کە پاژکە لە خی – استەوخ دەیانناس. هەبەت ئەمە دەقە پیرزەکان ناگرتەوە، کە خودا خاوەنیانە و هەموو خونەرەکانیان دەناس.

2- واتە خوندنەوەش هەرچەند پرسەیەکی خودییە، هندەش پرسەیەکی کمەایەتییە.

3- پلکە پناو = پناو: واتە نوەندگیری (وسیط) ی نوان دوو ئەقیندار.

بەختیار محەمەد

پیامکی عبدواڵا ئجلان و ئایندەی مسلەی ستمی نتویی لە کوردستان.. موئید ئحمد

گفتوگی شمای عڵی لگ موئید ئحمد لە کنای هیوا

ووڵنکردنوەی ژنامەی وت:

لە برنامەی (کنای هیوا)ی یوتیوب تی ڤی، ئیواری (٣) مارسی (٢٠٢٥) گفتوگیکی هاوی شمای عڵی لگ هاوی موئید ئحمد پشکشکرا بناونیشانی: پیامکی عبدواڵا ئجلان و ئایندەی مسلەی ستمی نتویی لە کوردستان.

لبر گرنگی باسکان ژنامەی (وت) هەمان ناوڕکی ئم

گفتووگۆیەکی بەکەمێ ئیدیتۆڕیاڵ ئامادەکردووە و هەر ئستێیەکیشمان زیادکردبێ بووبێتەوەی باسەکە لە نیوان دوو کەوانەی گەورەدا دامان ناوون.
شەماڵ عەلی: هەکارەکانی پەیامەکەی ئۆجەلان و ئۆو فاکتەر و پاپۆنەرانەی بوونە هۆی هاگیاندنی بە تایبەت لەم کاتەدا (٢٧-٢-٢٠٢٥) چین؟
موئەیەد ئەحمەد: لە هەردوو لایەنی ژەمی ئەردوگان و ئۆجەلانەوە چەند هەکار و فاکتەرێکی تازە لە ئاراداین، بەتام سەرجەم ئەم جارە دەستپێشخەریە بە ئاشتەوایی (صلح)ی نیوانیان شتێکی تازە نییە چونکە لە چەند ساڵی هابردووشدا لە فۆرم و شێوازی تەردا هەوێناوە.
بە دەوڵەتی تورکیا و ژیمەکەی ئەردوگان بەشێکی هەکارەکان پەیوەندیان بە کەشمەکەشی سیاسی ناوخۆی تورکیاوە هەیە و بەشێکی تریان پەیوەندی بە ئاڕاوگۆ و پێشهاتەکانی ناوچەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستەوە کە پاش (١٦) مانگ لە جینوسایدی ئیسرائیل لە (کەرتی غەززە) و کەوتنی ژەمی سوریا و پاشکۆشەی ژەمی ئەران لە ناوچەکە بەتایبەت پاش چوونە دواوەی (حزبوڵا)ی لوبنان، فەراهەم هاتووە.
"بەتام هەکاری پایەییتر لەهەر هەموو ئەمانە مەسەلە و کێشەکانی کۆپیتالیزمە لە تورکیادا، مەسەلەی سیاسەت و نەخشە و ستراتیژێ بە بەیەکبردنی و ئیدارەکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ناوچەیی و نیودەوڵەتییەکانی خودی (سەرمایەی نەتەوەیی تورکیا) و ئەم سیستمە سەرمایەدارییە و ئەم هێزانەی ئابووری و سیاسییانەی کە لە ناو تورکیادا لە ئاراداین"
ئەمە جگە لە بەرژەوەندییەکانی ئەردوگان بە مانەوەی خۆی و ژەمەکەی و ئامادەکاری بە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٨) و پیوەستی بە دەنگدەرانی ناوچەکانی کوردستانی تورکیا کە هەمووی فاکتەری سیاسیین و هێزیان هەیە بە ئەم دەستپێشخەریە.
بەتام لە هەمووی گرنگتر و لە دڵی هەموو ئەم ئاڕاوگۆیانەدا؛ "تورکیا وەک دەوڵەتێکی کۆپیتالیستی ناوچەیی بەهێز و تەنانەت وەک هیزیکی نیودەوڵەتی، و دەوڵەتیکی میلیتاریستی ئیمپریالیستی، ئایەت نەخشی خۆی بگێڕێت لە ناوچەکەدا، و هەر سیاسەتێکیش کە لەم فەرمایەدا ئیگەرێتەبەر، لەدواشیکردنەوەدا، پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە هەیە؛ بە بەرژەوەندیە ئیمپریالیستییە ناوچەییەکانیەوە …"
شەماڵ عەلی: سەبارەت بە فاکتەری ئاڕاوگۆییەکانی ئەمەی جیهان لەم هەکەوتنەدا چی دەڵێت؟
موئەیەد ئەحمەد: سەرهەڵدانی ترامپیزم و نیو فاشیزم و هەگزپەرستی

و گرتنەبەری ئەم سیاسەت و ستراتیژە بوونە واقعی سیاسی لە زەربەی وەتانی ئۆژاوادا، بەڵام ئۆمێدی ئەردوگان ناتەبا نییە لەگەڵ ئەم پێشهاتانە و هەڵکشانی کۆنەپەرستی سیاسی جیهانی ئەمڕۆ، ئاوێش لەبەرئەوەی کە هاوتەی ئەردوگان، ئیستێبدادی و ئیسلامیستە، و لە هەوڵی بەهێزکردنی هەرچی زیاتری دەوڵەتی بورژوازی تورکیایە و لە بواری جەراوجەردا سیاسەتی نیوفاشیزم پەیڕەو دەکات و باس لە زیادکردنی دانیشتوانی تورکیا و بەهێزکردنی "ئیمپراتۆرکەی" دەکات.
دیارە لە هەمان کاتدا ئۆیمێی ئەردوگان هووبڕووی قەیرانی ئابووری تورکیا و قەیرانی (سیاسی دەسەڵات و ئۆمۆکڕیەتی)، بەڵام هەموو وەتان بە پلەی جەراوجەر قەیرانیان هەیە و لە هەماکاتدا ستراتیژیان هەیە، باسکەمان لەردا لەسەر ئەم ستراتیژیە. ئەم ستراتیژیە کە بەخەی توخمەکانی، قەیران و تەماحکاری ئیمپریالیستی و جیۆپۆلیتیکسی بە هیژمۆنی ناوچەیی تەدایە بە دەوڵەتێک کە هیزەکی سەربازی گەرورەیە و فڕۆشیاری درێنز و چەکی ترۆ و سوپاکەی لە جەنگەکی بەردەوامدا مەشقی پێکراوە.
بە تورکیا هەم سیاسەتی ئاشتیەوایێکەی و هەم سیاسەتی ناوچەییکەی، بەردنە پێشەوەی تورکیایە وەک دەوڵەتیکی یەکەم و بەهێز لە ناوچەکەدا لە هەولومەرجەکدا کە ئۆمێی ئیران پاشکشەی کردووە و لە ژێر فشاری ناخەیی و فشاریکی زەری ئەمریکادایە، و سوریاش ئاوگەڵەی تیا فەراهەم هاتووە بە قازنجی تورکیا. هەر بۆیە زیاتر لە جاران ئۆژەمی ئەردوگان لە هەوڵدایە دریژکراوەیی ناوچەیی هەبێت نەک هەر تەنها وەک فیکری ئیخوانی و ئیسلامیزم، بەڵکو وەک هێزێکی ناوچەیی و دەسەڵات. دیارە هەموو ئەمانە لە پشتی دەستپێشخەریکەی ئەردەگان و ئۆمۆکڕیەتی بە ئاوەی کە ئەم بوارە بە ئاجەلان بدەن تەنانەت بە ئاگاری گەیشتن بە یەکەوتن لە گەل (پ ک ک)ش، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ستراتیژ و سیاسەتە پڕ لە ناکۆکی و کارەکی ئاسایی و سادە نییە.
شەماڵ عەلی: بۆچی ئیستا ئەم پێیامە دەنەردرێت؟ دیارە ئاوەی لە نامەکەی ئاجەلاندا هاتووە شتێکی تازە نیە و دەستپێشکڕیەکەی هی تورکیایە بەڵام بۆچی لە ئیستادا ئەم دەستپێشکڕیە ئەکات؟
موئەیەد ئەحمەد: ئاوە هوونە کە بەرژەوەندیی سیاسی و ستراتیژی ئیستای تورکیایە کە ئەم مەسەلەیەی هێناوەتە پێشەوە (و ئەم دەستپێشکڕیە ئەکات). بە ئاجەلانیش (ئەم پرۆژەیە) شتیکی تازە نیە و هەنگاوێ تەنها هەڵوەشاندنەوەی پ ک ک تازە بێت لە پێیامەکەیدا. هەروەها، [پ ک ک] لە ژێر فشاریکی گەورەدایە و ئەم پێیامەی ئاجەلان لە پێگەیەکی بەهێزەوە نییە هەم لەبەرئاوەی کە تورکیا زەر

بەهێزترە لە جاران و فشارێکی گەورەی سەربازی دروستکردووە بۆ (پ ک ک) و کادرگەلێکی زۆر لە [پ ک ک] کوژراوە. بەڵام لە لایەکی ترەشەوە [پ ک ک] بەهێزە هەم لە باری ئابووریەوە و هەم لە باری نفوزی سیاسی و فیکری و کەلتوری لە ناو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، بە تایبەت لە تورکیا و سوریا و کاریگەری بەجێهێشتووە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەم فاکتەرانە یارمەتیدەرن کە گەر واز بهێنێ لە هێزی چەکداری ئەتوانی دریژە بدات بە کاری سیاسی خۆی بە شیوازی تر.

بەڵام ئەو نامەیەی ئۆجەلان بڵاوکرایەوە لە ناوەڕۆکێکی فیکری و سیاسی و مەسەلە و پلانیک کە تیایدایە لەبەرامبەر بەو واقعەی کە لە دەرەوە هەیە، دوو شتی جیاوازن. مەرج نییە ئەم پەیامە ببێت بە کردار و تەنانەت [پ ک ک]ش پێی ڕازی بێت لەگەڵ هەموو نفوزێکی فیکری و سیاسی کە ئۆجەلان هەیەتی.

شەماڵ عەلی: ئۆگرەکانی شکستی زیاترە یا جێبەجێکردنی؟

موئەیەد ئەحمەد: توخمەکانی شکستی زۆر تیایە، بە ڕای من، چونکە دوو لایەنی زۆر نابەرامبەر و نایەکسان لەم ڕێکەوتنەدا هەن، مەرج فەرزکراوە بە سەر لایەکیاندا، نەک ئەوەی ئوردوگان هاتبێتە پای ئەوەی کە ئاشتەواییەکی جیدی بکات. و لەلایەن [پ ک ک]شەوە بواری ئەوەی تیایە کە گەر ئەم پرسیە سەر نەگرێت، ئەو دریژە بە کاری خۆی بدات و ژەمی ئیران هەیە کە دەتوانێ یارمەتیدەری بێت و لە هەماکاتیشدا هێزی هەیە و هێزەکانی [هەسەد] هەیە بۆیە من باوەر ناکەم کە ئەم پرسیە بە سادەیی بچێتە پێشەوە.

هەروەها ژەمی ئوردوگان لە ژێر فشارێکی ناوخۆیی ئازادیخوازانەی ئۆوتەدا نییە تا ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکات دیارە ئەمەش بە هۆی شەر و پێکدادان و درز و قەڵشت لە نیو چینی کرێکار لە ناخی تورکیا و بەشی کوردستانەکەیدا، کە نفوزی فیکری ناسیونالیستی لە هەر دوو تەرەفەوە دروستی کردووە.

شەماڵ عەلی: بەڵام لە ژێر فشارێکی ئابووری گەوردایە تورکیا و ئەبێ ئەو ڕاستیە بزانین و فشاری ئابووری هەیە لەسەر ژەمەکەی.

موئەیەد ئەحمەد: ئەم پرۆژەیەی ئوردوگان مەرج نییە وەک سیاسەت و ڕێگە چارەی ئابووری هاتبێتە ئاراوە، چونکە چارەسەری قەیرانی ئابووری سیاسەتی موشەخەستری ئابووری دەوێت و تەنانەت هەر ئیستا توانیویەتی کەمەک، بە گۆڕینی سیاسەتی لەو بواردا، گرانی بهێنێتە خوارەوە. بەروام وا نییە کە ڕێگە چارەی ئابووری لە پشتی ئەم دەستپێشکەرییەی تورکیاوە بێت، بەڵکو زیاتر ئەوەیە کە سیاسەتێکی هەیە ژەمی تورکیا و ستراتیژیکی هەیە بە ئیدارەی کۆپیتالیزم و بەرژوەندە ناوچەییەکانی و تەماحکارییە ئیمپریالیستییەکانی وە

ئەم لە پشتی ئەم پرۆژەی ئاشتەوایەوەیە.
ئوردوگان پێش باخچەلی ئاماژەی دا کە بارودۆخی ناوچەکە گۆدراوە و ئێبی تورکیا جگە و شێنی خۆی و ستراتیژی لەم هەلومەرجەدا دیاری بکات، نەک هەر ئەمەش بەڵکو ئەم ئاوگۆیانە فرستەکە کە ئوردوگان و ژەمەکەی ئو بەرژوەندیە ستراتیژیانە بەرو پێش ببن و ئەم دەست پێشخەریش هەر لەم ئاستایدایە.
شەماڵ عەلی: تە باسی ئیمراتەریەتت کرد، ئوردوگان دەیەوێت خۆی پێناسە بکاتەوە، و یان چی؟
موئەیەد ئەحمەد: ئوردوگان خۆی باسی ئو مەسەلەیە ئەکات و بەڵام هەر دەربرین و کونسێپتێکی سیاسی لە سەر زەمینەی ئەمڕۆی سەرمایەداری وواقعی جیوپۆلیتیکسی ئەتوانی مانای هەبێت. تورکیا ئەیەوێت ببی بە هێزیکی ناوچەیی گەورە و ئیستا ئو دۆرە ئەبێنێت وکۆنسێپتی ئیمپراتوری ئو ئەم مانایەی هەیە.
شەماڵ عەلی: بەشێک لە چەپەکان بۆیان وایە کە ئەجەلان و تورکیا ناتوانن چارەسەری مەسەلەی نەتەویی بکەن لە کوردستانی تورکیادا؟ تە ئەڵەی چی؟
موئەیەد ئەحمەد: مەسەلەی نەتەویی، مەسەلەیەکی سۆشیالیستی نییە تا نەتوانری لە چوار چیوەی کەمپگەی بورژوازییدا چارەسەر بکرێت. هەر بۆیە بۆ شیوە ڕەها (مطلق)یە نییە، کۆشەی نەتەویی مەسەلە و پرسەیەکە و لە ڕەچکەی خۆیدا و ڕەنگە لە ڕەوەندی پرسەندنی ناکۆکییەکانی کەمپگای سەرمایەداری و خەباتی چینایەتی ناو ئەم وڵاتەدا ئەم مەسەلەیە چارەسەر ببێ.
شەماڵ عەلی: کاریگەری ئەم پرسەیەی ئوردوگان لەسەر جوڵانەوەی ناسیونالیستی چی دەبێ؟ و لە سەر جوڵانەوەی سۆشیالیستی چۆن دەبێ؟
موئەیەد ئەحمەد: ئەم پرسەیە کاریگەری هەیە لە سەر کوردستانی تورکیا وعەراق و زەر شێنی تر، و لە سەر باڕ جیا جیاکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی بە نمونە، ئەوەی کە هەتا ئیستاش پابەندە بە شەری چەکداریەوە، ئەم سیاسەت و ستراتیژ و ئەم پرسەیە کاریگەری نەرینی لە سەر دائنێ.
ناسیونال ڕادیکاڵەکانی ناو بزووتنەوەی نەتەویی هەر ئیستا تۆشی نائومێدی بوون کە هەموو مەسەلەیەکی ئەو بوو کە چەند بە دژی (پارتی)یە، بەڵام ئیستا سەیر دەکات کە (پارتی) و (پ ک ک) پێکەوە پرۆژەیەک دەبەنە پێشەوە.
کاریگەری لە سەر بزوتنەوەی سۆشیالیستی و کرێکاری لە کوردستانی سوریا و تورکیا و شۆنکانی تر جیاوازە. چینی کرێکار لەم ناوچانەدا دەرگیری کۆتی فکر و (ئاسەی سیاسی) ناسیونالیستییە و هەر پاشکۆیەک لە کۆنترڵی سیاسی و هیژمۆنی فکری و سیاسی

ناسیونالیزم، فزایک دکاتوە لە بەردەمیان و لە بەردەم خەباتی چینایەتییان. بەم مانایە ئەوە ئەرکنیە گەر شۆڕش و پکدادان نەبێت و لە پرسەیکی سیاسیی و فزایکی ئاوەڵای سیاسی و ئارامدا کشمکشکانیان بەرەوپش بەرن.

شەماڵ عەلی: با بچینە سەر شیکردنەوەی ناوەڕۆکی نامکەی ئۆجەلان.

موئەیەد ئەحمەد: پەیامکەی ئۆجەلان هەر هەمان ئەو سیستمەیە کە ئۆجەلان هەیەتی کە پاش ڕووخانی [یکێتی سۆڤیەت] دەریبەیوە و کە بەوای بە دەوڵەت نەتەوە و فیدراڵیەت و حوکمی زاتی نەماوە. هەروەها ئەوە سنووربندی کردووە لەگەڵ سۆشیالیزمی ڕاسەمی و ستالینیزمدا.

یەکێک لە کێشە بناغەییەکانی ئۆجەلان ئەوەیە کە ناچیتە سەر چین و سۆشیالیزم، و ئەو دوو مەسەلەیەی بەجێهێشتووە. ئەو سنووربندییەی لەگەڵ سۆشیالیزمی دامەزراودا (الاشتراکیة المشیدة)دا، مانای هەیە بە ئۆجەلان و سنووربندییە لەگەڵ هەر جۆرە سۆشیالیزمێکدا ڕەنگە ئەمەی خەی بە سۆسیالیزم دابنی، بەڵام وەکو سیاسەت و ئۆجیندە لە سیستمی فیکری ئۆجەلاندا سۆشیالیزم بەو مانا چینایەتییەی نەماوە و ئەمە لە نامەکیدا ڕوونە.

شەماڵ عەلی: بەڵام ڕیبازی ئۆجەلان کە پە ئەوترێت بەرەوبەریی دیمکراسی تزی (بوکچین)ە کە مانیسیپاڵیەتییە کە لەم ڕێگەیەوە سۆشیالیزم ئەنجام دەدات بەڵام وایە باسی چین و خەباتی چینایەتی لە فیکری ئۆجەلاندا نەماوە.

موئەیەد ئەحمەد: جگە لە وەش ئۆجەلان باسی کپیتاڵ ناکات، باسی کپیتالیزم وەکو سیستم ناکات، بەڵام ڕەخنەی لە دەوڵەت نەتەوە هەیە. سۆشیالیزم یانی ڕزگاربوون لە سەرمایە، لە خاوەنداریەتی تایبەت بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئەم کۆنسێپتە نەماوە لە لای ئۆجەلان.

هەر خودی ئەم سیستمە فیکری و سیاسییەی ئۆجەلان گەر سەیری بکەیت لە دیدگای سۆشیالیستەیەوە، دەبینی کە ئەمە ئەڵقەیەکی میانەیی [وسطی] و ڕەگوزارە بە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی، بەڵام ئەم ئەڵقەیە ماناکەی ئەوە نییە کە دەگاتە شەوە چارەسەری سۆشیالیستی بە کشمکش، بەڵکو ئەڵقەیەکی میانەییە کە ئەوی تریان واتە ئەو چارەسەر سۆشیالیستییە لەبار دەبات و ئیحتوای دەکات.

ناسیونالیزمی تقلیدی کورد وەک ئەوەی [بەرزانی و پارتی] کە باسی دەوڵەتی کوردستان و تانانت ئیفراندومیان بەرپاکرد بۆی و [مەسعود بەرزانی] دەیویست کاتێک کە خەی سەرکە ئەو مەسەلەیە ئەنجام بدات، ئەو ستراتیژیان هەیە، بەڵام ئۆجەلان هاتووە لە شوێنکی ترەوە باس لە مەسەلەکە دەکات. ئەم لە پایەوە و لە کەمینەتییەکان کە شوناسی

جیاوازیان هەیە دەست پێ دەکات. ئەجێلان پرسی چینەکان و ڕووخاندنی سەرمایە و دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆشیالیستی و بەرقەرارکردنی یەکسانی نیوان ئینسانەکان لەسەر بنەمای دامەزراندنی سیستمیکی ئابوری -کۆمەڵایەتی بەرزتر کە (کۆمۆنیزمە) لە دەستوری کاری خێی وەلا ناوە، و لە سیستمی فیکری [پ ک ک] و هیچ لایەنێک لەو لایانەنەی بەرگریکار لە ئەجێلانیشدا نییە.
ئەو سنوربەندییەی کە ئەجێلان کردوویەتی لە بەرامبەر "سۆشیالیزمی واقعیدا" هەر سنوربەندی نییە لەگەڵ ئەو جۆرە شۆشیالیزمەدا، بەڵکو سنوربەندییە لەگەڵ خودی سۆشیالیزمی شۆرشگێڕانە و مارکسیزمدا.
ئەگەر لە ڕوانگەی میژوویی و سیری بکەین ئەبینین کە ئەم تێۆرەی ئەجێلان تێۆرەکی میانەیی و ڕێگوزارە بە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی و هەز و لایەنکی ناسیونالیستیە، و هەر بەو پێیەش بە لەباربردنی ڕێگەچارەی سۆشیالیستیە بە مەسەلەی نەتەوەیی.
شەماڵ عەلی: ئەوەی کە ئەجێلان ئێستا بیهێنی هەر ئەوەیە کە ئیستا لە ڕۆژئاوای کوردستاندا هەیە. من ناتوانم ئەجێلان ئیتهام بکەم بەوەی کە لە هەولێردا هەیە چونکە ئەجێلان بە هەموو تیزکانیەوە بە دژی ئەو پرسیەیە.
موئەیەد ئەحمەد: من وتم تەرەکانی ئەجێلان مەسەلەیەکی ڕێگوزارە [انتقالی]ە، و ئەوەی بەجیهیشتووە کە لە هەولێرە، بەڵام من باسی شتیکی واوتر دەکەم. تە خەشت باست لە هەندە ناکۆکی کرد تەنانەت مەسەلەی پێشمەرگایەتی ئازادی سیاسی و دەوری هەزەکانی [هەسەد]. ئەمانە هەمووی کێشەدارن، و ئاوا نییە بە سادەیی بەوات و کۆمەڵگە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بتوانی کۆنسێپتی چینایەتی لە سیستمی بیرکردنەوەتدا دەر بکەیت و بەڵی من شتیکی جیاواز دەهێنمە دەرە لە (بەرژەوەندی جەماوەری نەدار)، و ئەوە ئەزمونی هەموو دنیایە.
ئەمەی ئەجێلان کۆمەڵێک شتی باشی تیایە هەم لە سەر مەسەلای ئازادیەکانی ژنان و تیپڕاندنی سنووری نەتەوە و چاکسازی بواری ژینگە و هەموو ئەمانە جگەی [تەئییدن]، بەڵام باسەکە لەوە واوترە.
شەماڵ عەلی: دیموکراتیزمی کۆنفیدرالی وئەم ستراتیژە چۆن لەبەرامبەر تەرحی سۆشیالیستیدا وەستاوە؟ ئەوانە چین کە یەگە چارەی سۆشیالیستی بە مەسەلەی نەتەوەیی کارسازتر ئەکەن؟
موئەیەد ئەحمەد: کێشەیەک هەیە کە ستەمی نەتەوەیە وە ئەمەش بەپلەی سەرەکی لە سەری خەڵکی کریکار و زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی ستەملێکراودا دشکێتەوە، و خەبات و بەرەنگاری هەیە بەرامبەری، بەڵام کە دێتە سەر سیاسەتی ئەم بەرنگاربوونەوەیە لە لایەن ڕەوتی بورژوا ناسیونالیستی کوردەوە، دیارە بورژوا ناسیونالیستی عەرەب و

فارس و ئەوانی تریش هەر وەهایە، لەبار دەبردنت و فەرمانکی دەداتە و شیواز و شێوەکارێکیشی بە دەهێنێ و بە میکانیزمێک ئامانجەکانی خۆی دەباتە پێشەوە و هێگەل بە بەرەوپێشچوونی (بزوتنەوەی چینایەتی سەربەخۆی کرێکاران) دەگریت.
لە بیری ئەوەی سیاسەتی دژی ستەمی نەتەوەیی لە پێوەندیە بە کەمەگەکەوە و بە خۆدی ئەو چینەوە کە بەدەست ئەو ستەمە نەتەوەییەوە دەنالێنێ بەرجەستە بکرێتەوە و بە ئەنجام بگات، هێوتی ناسیونالیست یەکسەر دێبات و ناو کێشمەکێشی ناوچەیی و جیە سیاسییەوە، و ئەم فەرمەی دەداتە، و دیارە لە هەمانکاتدا بە هەزی چەکداریەوە ئەم کارە دەکات و بەجارێک پرسەکە کۆتایی پێ دەهێنی و ئەمش دەبێتە بەشیک لە کۆنترڵی بورژوا ناسیونالیست بە سەر بزوتنەوەی سۆشیالیستی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا و هەردەم دووبارە دەبێتەوە وە (پ ک ک)ش هەمان کار دەکات.
بەشیک لە ناسیونالیزمی چەپ و تەنانەت هەندی لە سۆشیالیستەکان کە چەپی ناسیونالیستن دژن بە هەمان شیوە ئەم کلتوور و ترادسیۆنە و شیوە کارە ئەنجام دەدەن، و لەدوا شیکردنەوەدا وەکو باقکی تری ناسیونالیزم دەور دەبینن و هێگری بە بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دادەنرێن کە (بەهەڵە ببیت وەک بزوتنەوەیەکی سەربەخۆی چینایەتی) و سیاسەتی سەربەخۆی خۆی لە بواری وەلانانی ستەمی نەتەوەیی بەئەنجام بگەیەنێ، و ئەگەر چارەی سۆشیالیستی بە مەسەلەی نەتەوەیی خۆی بەرجەستە بکاتەوە. بەم پێیە هەر زوو چینی کرێکار و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی سەرکوت دەکرێن و (ناهەڵلن ئینتیرناسیۆنالیزم و هاوخەباتی چینایەتی نیوان کرێکارانی نەتەوە جیاوازەکان) گۆشە بکات.
خەمان لە هەموو ئەم کێشمەکێشەدا ژیاوین و دیومانە. لە ساڵی (١٩٨٤) و لە کاتی ناکۆکیەکانی ناو هێکخراوی "یەکێتی تێکۆشانی کارگەران" و سەرەتای دروستبوونی هێکخراوی "هێوتی کۆمۆنیست"، بەیاننامەیەکمان دەرکرد لەبارەی دانوسانەکەی [مفاوەزاتەکەی] [یەکێتی نیشتمانی کوردستان] لەگەڵ ژەمی [بەعس]دا، و بەیاننامەکەمان هەر بەناوی "کۆمۆنیست" وە دەرکرد. لەوەدا وتمان کە بە ئیمەی کۆمۆنیست ئەوە فەرق ناکات [یەکێتی] دانوسان دەکات یان شەڕ دەکات، چونکە هەردووکی یەک سیاسەتە و کاری یەک هێوتە کە ئیمە لە دژەوەی ئەوین و لە بەرامبەریداین. ئیستاش بە ئەم پێیامەی ئەجەلان و (پ ک ک) هەمان شتە گەر شەڕ بکات یان ئاشتی هەر هەمان سیاسەتە و هەمان هێوتە.
تەرحی ناسیونالیستی کلاسیک ئەوەیە کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست ببێ، وە دروستبوونی ئەم دەوڵەتە [لە دیدگای بەشیک لە

چەپەکان] هەقی نییە بەسەر ئەوەی کە بوژروازی ئیدارەی دەکات، یا [پارتی]، وەیا هەر لایەنیکی تر. تەنانەت لە یەفراندەمەکەی (۲۰۱۷)دا زۆر ووون بوو کە بەشیکی زۆری چەپەکان و سۆشیالیستەکان کوتنە شوێنی ئەو مەسەلەیە. تیوریەکیان ئەوە بوو کە کێشە نییە [بازارزنی] باسی یەفراندەم دەکات و"گرنگ ئەوەیە" کە ئەو یەفراندەمە سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام دەدات و ئیمە ئەبە بەین لە گۆیدا لەبەرئەوەی مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەر دەکات، و ئەمە تیۆریەکیان بوو و دیارە ئەم باس و تیوریە نا سۆشیالیستیە. وەک کۆمۆنیستیک زۆرورە بە موشەخەسی باسی مەسەلەی نەتەوەیی بکەیت و (بەرژەوەندی خەباتی ژگاریخوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ستراتیژتدا بێت).

مافی دیاریکردنی چارەنوس و تا ئاستی دوانەتی سەربەخو، وەک کۆمۆنیستیک پێرەوی دەکەیت، بەڵام ئەم مەبدەئە گشتیە لە واقعی ئەمڕی سەرمایەداری و پارسەنگی هێزە چینایەتیەکانی دەروونی و لەم هەلومەرجەی پەلاریزبوونەوەی چینایەتی ئەمڕدا کە جیهان تا داو پلە چینایەتی بووەتەوە، مانی خۆی هەیە، و ناتوانی بە ئاسانی بەیی ئاگەر [پارتی] بچێت یەفراندەم بکات یانی مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەر دەکات و ئیتر تەواو [وەک ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە سەربەخۆ بێت و هیچ لایەنێکی چینایەتی و مەرکی کێشمە کێشی چینایەتی پیوە نەبێت]. پارتی مەسەلەی میللی بە فۆرمێک چارەسەر دەکات کە بە بورژوای و ناسیۆنالیزمە، بەڵام بە چینی کرێکار هەمان کێشە هەر ماوە بە شێوەیکی تر و گواستنەوەی (چەوسینەرایەتی لە بورژوازی دەروەی کوردستانەوە بە بورژوازی ناوخۆی کوردستان).

لە بینی (لە دەرەوەی) ئەم تەرحە کلاسیکە و ئەوەی ئەجەلاندا بە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی تەرحی سۆشیالیستی هەیە کە جیاوازە لە هەردوکیان. تەرحی سۆشیالسیتی وەک وتم، یەکەم، چینایەتیە و لەسەر بنەمای چینەکەوە دەست پێ دەکات و بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی لەبەرچاو دەگرێت، و دووەم سۆشیالیزم و خەبات بە سۆشیالیزم پرەسەسکە و شتیک نییە و بەیت کاتیک بۆئەنجام دەگات کە هەر دەبە تە داینەیت بە سەربەخۆیی نەتەوەییدا تێپەڕێت و بروات، گوایا ئینجا دەگەیتە سۆشیالیزم. زۆر کەس لە چەپەکان وسۆشیالیستەکان ئەوە دەخەوو و ئەڵێن با سەربخۆیەکە ئەنجام بدەین ئینجا سۆشیالیزم لە کوردستاندا بۆئەنجام دەگات، لە وەڵامدا دەیم بەڵام سۆشیالیزم پرەسەسە و خەباتکی چینایەتیە، و ئاگەری ئەوە هەیە لەم پەسەسەدا کرێکارانی تورک و عەرەب و فارس و کورد زمان کە بەرژەوەندیەکی هاوبەشی چینایەتیان هەیە سۆشیالیزم ئەنجام بدەن پێش هەر سەربەخۆییەک و (خەیان فۆرمکی دیارکراو بە چارەسەری

هەمان کۆشکی نەتەوەیی ئەنجام بدەن). دیارە ئەم تەرحە زەر زەری فەرقە لەگەل ئەو تەرحی تریاندا و دوو تەرحی چینایەتی جیاواز و دوو مەنهەج و تیوری جیاوازن.
ئەمەی ئەجەلان بە ەای من و بەدەر لە ووردە کاری خاەکانی ئەلقەی میانەییە لە نیوان تەرحی کلاسیک و تەرحی سۆشیالیستی، بەلام ئەم ئەلقە میانەییە ئیحتوای تەرحی سۆشیالسیتی دەکات و ەگەگرتنە لەی نەک گۆشەسەندنی تەرحی ئەجەلان بە تەرحی سۆشیالیستی.
٢٠٢٥-٣-٣١

ئەران.. بەرەنگاربوونەوە نەک دانوستان لەگەە دیکتاتەریییەت!.. ەبەدوەحمان گەورکی

پێشکی
رژەمی ویلایەتی فەقیهی کە زیاتر لە چل ساە دەسەتدارە لە ئەران، بناغەکانی خەی لەسەر سەرکوتکردن، توندوتیژی، تەقاندن و سیاسەتی فەبازانە لە ناوخە و دەرەوەدا بنیات ناوە کە ئەمەش درێژەی رژەمە دیکتاتەریییەکانی پێشووە و خەکی ئەران نایانەوێت. ئەم دەسەاتە دیکتاتەرە نەک هەر ئازادییەکانی خەکی سەرکوت کردووە، بەکو بە سیاسەتی فراوانخوازی و پشتیوانیکردن لە گروپە نیابەتییەکانی لە ناوچەکەدا، هەەشە لە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەکات. ئەزموونەکان دەریانخستووە کە ئەم رژەمە چاکسازی هەناگرێت و تاکە رێگە بە کۆتاییهەنانی، گرتنەبەری سیاسەتیکی قاتع و بەە و تونەدە کە ئەمەش بە خەەک و موقاوەمەتی ئەران دەکرێت و پشتیوانیکردنی لە لایەن کۆمەگەی نێودەوەتییەوە.

سەرکوتی ناوخەیی، بەردی بناغەی مانەوەی دیکتاتەریییەت
لە یەکەم رۆژەکانی دەسەاتی ویلایەتی فەقیهیەوە، سەرکوتکردنی دەنەدانەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، ژنان، کەمینە نەتەوەیی و

ئایینییەکان و ڕۆشنبیران لە بەرنامەی کاری ئەم ڕژێمەدا بووە. زیندانە پڕ لە زیندانییە سیاسییەکان و ئەعدامی بەکۆمەڵ و سنووردارکردنی توندی ئازادیی قسەکردن و گردبوونەوە، هەموویان ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتی ئێستای ئێرانە کە بە تیرۆر و تۆقینەوە و هەناردەکردنی کۆنەپەرستی بە دەرەوەی سنووریشکانی ئێران تەواوکراوە.
بەهۆی سەرکوتکردنی خەڵک لە ناوخۆی ئێران تەنیا بەشێکە لە ئامرازەکانی مانەوەی ئەم دیکتاتۆرییەتە. ڕژێمی ویلایەتی فەقیهی هەمیشە بە فەڕە و بەڵێنی درۆ، هەوڵی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی داوە. خەڵکی ئێران زۆر جار نیشانیان داوە کە بەو تاکتیکانە فریو نادرێن. خەڵک نێک هەر دەستیان بە ڕاپەڕین کردووە لە دژی ئەم دەسەڵاتە و قوربانییەکی زۆریان داوە، بەڵکو دەستیان لەسەر دەست دانەناوە و بەردەوامن لە بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆرییەت. چونکە نایانەوێت دیکتاتۆرییەت لە وەاتەکەیاندا حوکم بکات. ئەوان خوازیاری ئێرانێکی ئازاد، دیموکراتیک و سەربەخۆن کە لە ئاشتی و پێکەوە ژیان و ئاسایشدا بێت لەگەڵ وەاتانیتر و بەتایبەت لەگەڵ دراوسێکانی.

سیاسەتی ناوچەیی و هێرشە جیهانیەکان!

ڕژێمی ئێران جگە لە سەرکوتی ناوخۆیی، سیاسەتی دەستوەردانگەرانەی لە ناوچەکەدا پەیڕەو کردووە. پشتیوانیکردنی لە تاقمە تیرۆریستییەکان، پارەدارکردن و پێچەککردنی هەزی بە وەکالەت لە وەاتانی دراوسێ و هەوڵدان بە تێکدانی سەقامگیری ناوچەکە، لەو سیاسەتانەن کە ئەم ڕژێمە بە فراوانکردنی نفوزی خۆی بەکاری هێناوە. ئەم ڕەوشونانە نێک هەر وەاتانی ناوچەکەی خستووەتە مەترسییەوە، بەڵکو بەرژەوەندییە نەوەوەتییەکانیشی خستووەتە ژێر هێرشەوە.
هەوڵستێکی توند و قاتع، وەک پێویستییەک لە بەرامبەر ڕژێمی ئێراندا
ئەزموونەکان دەریانخستووە کە سیاسەتی سازان لەگەڵ دیکتاتۆرییەتی ویلایەتی فەقیهی تەنیا یارمەتیدەر بووە بە بەردەوامبوونی سەرکوتکردن و تاوانکانی ئەم دەسەڵاتە لە دژی خەڵکی ئێران. هەر هەوڵێک بە چاکسازیی لەم دەسەڵاتەدا مەحکومە بە شکست. چونکە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی هەر لە بنەڕەتدا دژە دیموکراسییە و دیکتاتۆری. بۆیە تاکە ڕێگای کاریگەر بە کۆتاییهێنان بەم دیکتاتۆرییەتە، گرتنەبەری سیاسەتێکی چارەنووسساز و توند لەلایەن خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی نەوەوەتییەوە. سیاسەتێکی ڕاست و

درووست، پەیوستە پشتیوانیکاری کردەیی بێت لە هێزە دەموکراتیکەکان و بەرخەدانی رێکخراو.

جیاوازیی نێوان سیاسەتی دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری
یەکێک لەو هەڵە ستراتیژییانەی هێندەک کەس و لایەن دەیکەن، بەراوردکردنی دانوستانی هێزێکی ئازادیخواز لەگەڵ رژێمێکی دیکتاتۆر یان دانوستانی وەاتێکی دژەکی لەگەڵ ئەم رژێمە. ئەم دوو دانوستانە تەواو جیاوازن و نابێت وەک یەک دابنرێن. ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر روونە کە دانوستانی هێزێکی ئازادیخواز لەگەڵ رژێمی ویلایەتی فەقیهی (هەڵەی سوور)ە. چونکە میتۆدێکی لەو شێوەیە، شەرعیەتدانە بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی ئایینی. لە کاتێکدا دانوستاندنی وەاتان و دژبەرتان لەگەڵ دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی دەتوانێ هەکاری جیاوازی هەبێت. هەر هێز و لایەنێکی ئازادیخواز ئەم بەراوردکردنە بکات یان لاسایی بکاتەوە، زەرەرمەندە. ئەمەش هەکارێکە بە ئەوەی لە بەرچی (عەلی خامنەیی) نێک هەر لە بارودۆخی ئێستادا پێشوازیی لە دانوستان لەگەڵ وەاتێکی وەک ئەمریکای نەکردووە و نایکات، بگرە هەمیشە خۆی لە دوور خستووەتەوە!
ئامانجی دانوستانی رژێمی ویلایەتی فەقیهی، ئەوەندە کاری دانوستاندنی بە دانوستانخوازانی ناوخۆی ئێران قورس کردووە کە ناتوانن ئەم شێوازە بکەنە "هەڵەی سوور"ی خۆیان و ڕێخنە لە رابردووی خۆیان بگرن! لەکاتێکدا رژێمی ویلایەتی فەقیهی نێک هەر "دانوستان" وەک ئامرازێک بە کۆینی "کات" لە بەرژەوەندی و سەروەری خۆیدا بەکاردەهێنێت، بگرە بە فریودانی نێیاران و بە لادابردنی بیروڕای گشتی بکار هێناوە بە سەپاندنی دووبارەکی و پڕشوبڵاوی بەسەر ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دوورکەوتنەوە لە گرتنەبەری سیاسەتێکی توند و بڕیار. کە ئەمەش زەر کوشندە بووە. ئەو لایەنانەی بۆئەوەی روبەڕووی لێپرسینەوەی خۆک نەبنەوە کە لەمڕۆ دانوستان لەگەڵ رژێم، دانوستانکانی حکومەتێکی دژەکی لەگەڵ رژێمی ویلایەتی فەقیهی وەک پاساو بکار دەهێنن کە خۆی هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە.

دژە ئەنجام!
رژێمی ویلایەتی فەقیهی تەنیا بە "سیاسەتی توند و بڕ" دەوخێنرێت. هەشتەوەی زەمینەی دانوستان لەگەڵ دیکتاتۆریەت، یارمەتیدەر بووە بە مانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ئێراندا. خۆکی ئێران زەر جار بە راپەڕین و دژبینی ناڕازایەتی، ئازایەتیی خۆیان لە دژی دیکتاتۆری نیشانداوە و ئامادەن ئەم دەسەڵاتە فڕ بدەنە زبڵدانی مێژووەوە. هەربۆیە پەیوستە کەمەگەی

نەودەوەتی سیاسەتی سازان لەگەڵ دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی رابگرێت و پشتیوانی بکات لە ئازادیخوازانی ئێران. ئازادی و دەموکراسی لە ئێران، نەک بە دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتکی دیکتاتۆری، بەکو بە خەباگری و خەبات و تێکۆشانی توند و بەر لە دژی دیکتاتۆریەتی ئایینی بەر دەگرێت و بە ئامانج دەگات، کە ئۆش بە دانپەدانانی مافی ڕەوای بەرخەدان بە خەکی ئێران دەگاتە لوتکە!

عەبدوەهمان گۆورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

شتێک هەیە.. شیعری شەهلا نوری

چ ئاوازێک
بە نێتە ووە لە دەرگای ژەنگاوی
سینە وەرانم دەکا
زەمزەمەی سەبام لە نەوی دەکا
بانەرم و ناسک پەروازە دەدەن
لەخەڵا بە لەڕی ژەی کەمان
ڕوحم یاری دەکا
لە گوڵاڵە سوورەی دەشتی دەمدا هەڵاژیان ئاوازی نەرگزی چاومەستی
شیعرم
شەمزان
لەسەر شەستەی وەهم،
بەیانێ
بە خەخاشەی دەم
ئاوازی ئاواتەکانم دەکەشن...
مینا کتێبی بەرگ جوانێ،
چاو ڕاکێشێ، گورج دەفڕشا...
بەردی ڕەشەن تەنگی گەی چەم
جەم بکەن
گەزێ بشکێنن ، ئاو بژێنن .

دارێ تووم بتەکەنن
مەزەی شەخیم، لالەزارم بەچ دەوەرەن
یادەوەریم بقرتەنن
بیرەکەم ماندوو مەکەن !
لەسەر یادەوەرییەکانم
هامکشەن
شتەک هەیە ماندووم دەکات
لایە لایەی خەمکانم
نوێ دەکاتەوە
بەزارم دەکا
لەم هەوار بە ئەو هەوار
لەم گرد بە ئەو چاەم دەبا
شتەک هەیە ئازارم
دەدەات
شتیک هەیە

شەهلا نوری

ئازیز.. شیعری نەوزاد بەندی

کە لەم ونبوویت ،
ئەوەندە بە دواتا گەڕام ،
هەموو ئەو شتانەی
ساڵەها ونم کردبوون ،
دەزیمنەوە ..
بەس تەنها تەم نەدەزیەوە ..
وەک ئەو پاشایەی
نقەمی موستیلەکەی ئەکەوێت و ..
دەست و پەوەندەکەی
لەگەڵاندا ،
هەزاران نقەم و تاج و
مەدالیای ئازایەتیی و
بزمار و فیشەک و تیر و

ملوانکە و ئەقڵ و موستیلە ئەڵزنەوە ،
بەجگە لە نقەمی پاشا ..
زانیم چەند کەس
ناوی تەیان هەڵگرتووە و ..
چەند کەس
پیشکەی تە ئەکەن ..
چەند کەس تەیەتا کرلای
هایبردیان هەیە و
چەندیشیان
حەزیان لە قاوەی سادەیە و
لای پەنجەرەکەدا نەبە،
دانانیشن ..
سەفەر ناکەن ..
بەم دەرکەوت چەندیان دووشەممان ،
وون ئەبن و ..
لە کەشکەکی داوخاوی باپیرەدا ،
تەماشای تەنیایی و
گەڵای کەڵ ولای
درەختەکان ئەکەن و ..
چاوەڕێن ، بەکو ..
ابوردوو ،
بە قاتکی ڕەش و
کراسکی سپی و
بەینباخکی تاریکی
کونج کونجەوە ،
لە دەرگا بات و بەتە ژوور ..
شەوکەوت ڕەشید بە کلارنتەکەوە ،
بە ئازاد مەولود بەڵ ئای هاوڕێ
چەن خزمەکەی دەی دە ڕەگات پە بگرە ..
ئەویش بەڵ
دە پارچە قوماکی سوورە ،
چیت بوە لەی دروست ئەکرە ..

دەم پێگەی عەشقی تۆیە.. کاوە خەسرەو کاوانی

دەم هەردەم پێگەی ئازادیخوازان بوو
کەچی ئێستا کەیلەیەو بن دەستی تۆیە
تەکەخت ڤینەسی جوانیت، چەن دەی من
دەسوتێنی، کە دەزانی مەستی تۆیە
* * *
هەرچی هەمە دەیدەم بەتۆ، بەگومان بێ
ئەم دڵی من بەعیشقی تۆ دەستەمۆیە
نەك تەنیا خەندەی سەرلەوان، ئێشکەکانیش
سەرچاوەکەی کانیاوەکەی عیشقی تۆیە
* * *
رقم لەداگیرکاری یە، بەڵام خەزگێ
هەتا ماوم بەدەستت داگیرکراوبم
کە تەنیا بیت، وجودی من شەوزەنگێ
سودی چیە لەبەرتیشکی خۆرتاوبم

20/12/2009
kawa_kiwiny@yahoo.co.uk